**کۆماری فیدڕاڵی عێراق**
**حکومەتی هەرێمی کوردستان**
**وەزارەتی خوێندنی باڵاوتوێژینەوەی زانستی**
**زانکۆی کۆیە**

# فرەئەرکی لە زمانی کوردیدا

**نامەیەکە پێشکەش بە ئەنجومەنی فاکەڵتیی پەروەردە، لە زانکۆی کۆیە کراوە، وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زمانی کوردیدا.**

**لـــەلایـــەن**
**شــنۆ عەولا حەمەدئەمین**

**ساڵی (٢٠٠٥) لە کۆلێژی پەروەردە/کۆیە-زانکۆی سلێمانی بەکالۆریۆسی لە (زمانی کوردی) دا وەرگرتووە.**

**بەسەرپەرشتی: پ.د. بەکر عومەر عەلی**

**(٢٧١٤)ی کوردی** **(٢٠١٤)ی زایینی**

کۆماری فیدراڵی عێراق
حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵاوتوێژینەوەی زانستی
زانکۆی کۆیە

# فرەئەرکی لە زمانی کوردیدا

نامەیەکە پێشکەش بە ئەنجومەنی فاکەڵتیی پەروەردە، لە زانکۆی کۆیە کراوە، وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زمانی کوردیدا.

لــەلایــەن
شــنــۆ عــەوڵا حــەمــەدئــەمیــن

ساڵی (٢٠٠٥) لە کۆلێژی پەروەردە/کۆیە-زانکۆی سلێمانی
بەکالۆریۆسی لە (زمانی کوردی) دا وەرگرتووە
.

بەسەرپەرشتی: پ.د. بەکر عومەر عەلی

(٢٧١٤)ی کوردی (٢٠١٤)ی زایینی

## پێشکەشە بە:

- بینایی چاوانم (دایك و باوکم) .
- هاوڕێ هەمیشەییەکانم (خوشك وبراکانم).
- ئەوکەسەی لەگەڵ یەکەم هەنگاودا هاوڕێی هەنگاوەکانم بوو (م بەشدار).
- ئەوانەی هەردەم خامەکەیان لە پێناو خزمەتی زمانی کوردیدایە.

## ڕەزامەندیی سەرپەرشت

من (بەکر عومەر عەلی) ڕایدەگەیەنم، ئەم ماستەرنامەیە، کە بەناونیشانی (فرەئەرکی لە زمانی کوردیدا)یە، بە سەرپەرشتی من لە(بەشی زمانی کوردی)، فاکەڵتیی (پەروەردە)ی زانکۆی(کۆیە) لەلایەن(شنۆ عەوڵا حەمەدئەمین)ەوە، وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی بەدەست هێنانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردیدا ئامادەکراوە .
من ئەم کارەم خوێندۆتەوە و پێیداچوومەتەوە، دڵنیاتان دەکەمەوە ئەوەندی من بزانم، ئەمە کارێکی سەربەخۆیە.

ناو و واژوی سەرپەرشت
ناو: د . بەکر عومەر عەلی
نازناوی زانستی: پرۆفیسۆر
پیشەی ئەکادیمی: مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی
ڕێککەوت: / / ٢٠١٤

---

## ڕەزامەندیی سەرۆکی بەش

لەسەر پێشنیازی سەرپەرشتی نامەکە، کە ناو و واژوی لەسەرەوە هاتووە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی گفتوگۆ دەکەم بۆ تاوتوێکردن.

واژو:
ناو: عومەر مەحمود کەریم
نازناوی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
پیشەی ئەکادیمی: مامۆستا لە زانکۆی کۆیە
سەرۆکی بەشی زمانی کوردی
ڕێککەوت: / / ٢٠١٤

# ڕەزامەندیی لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، جەخت دەکەینەوە، ئەم ماستەرنامەیەمان بە ناونیشانی (فرەئەرکی لە زمانی کوردیدا) خوێندۆتەوەو، لەگەڵ خوێندکار (شنۆ عەولا حەمەدئەمین) لەسەر هەموو لایەنەکانی نامەکە گفتوگۆمان ئەنجام داوە، بەڕای ئێمە هەموو مەرجەکانی ماستەرنامە و بەدەستهێنانی ئەم پلەیە لە (زمانی کوردی)دا لەخۆ دەگرێت.

ناو:پ. ی. د. شهاب طیب طاهر
نازناوی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
پیشەی ئەکادیمی: مامۆستا لە زانکۆی ڕاپەڕین
ئەندام
ڕێکەوت: / / ٢٠١٤

ناو:پ. د.فەرەیدون عبدول محمد بەرزنجی
نازناوی زانستی: پرۆفیسۆر
پیشەی ئەکادیمی:مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی
سەرۆکی لیژنە
ڕێککەوت: / / ٢٠١٤

ناو:پ. ی. د. عومەر محمود کریم
نازناوی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
پیشەی ئەکادیمی: مامۆستا لەزانکۆی کۆیە
ئەندام
ڕێککەوت: / / ٢٠١٤

ناو:د. بەکرعومەرعەلی
نازناوی زانستی: پرۆفیسۆر
پیشەی ئەکادیمی: مامۆستا لەزانکۆی سلێمانی
ئەندام وسەرپەرشت
ڕێککەوت: / / ٢٠١٤

---

لەلایەن ئەنجومەنی فاکەڵتیی (پەروەردە)وە، ڕەزامەندی لەسەر دراوە و پەسەندکرا.

پ. ی. د. سەعید ساڵح حەمەدامین
نازناوی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
پیشەی ئەکادیمی:مامۆستا، ڕاگری فاکەڵتی پەروەردە
ڕێککەوت: / / ٢٠١٤

# هێمـــــــاو و کورتکــراوەکـــــــان

| | |
|---|---|
| /– / | پاشگر |
| / –/ | پێشگر |
| / / | وشە |
| ∅ | نیشانەی دەرنەکەوتن |
| * | نارێزمانی |
| ← | دەبێتە |
| ف | فرێز |
| ن | ناو |
| ڕ | ڕستە |
| ن. ت | ناوی تایبەتی |
| ن. گ | ناوی گشتی |
| ج. س | جێناوی سەربەخۆ |
| ج . ل | جێناوی لکاو |
| ئا. چ | ئاوەڵناوی چۆنییەتی |
| ئك. ش | ئاوەڵکرداری شوێنی |
| ڕ.ك | ڕەگی کردار |
| م | مۆرفیم |
| و.ن | وشەی نوێ |
| ك.د | کرداری داخوازی |
| ك.ڕن | کرداری ڕانەبردوو |

# لیستی زاراوەکان

| | |
|---|---|
| Adjective | ئاوەڵناو |
| Function | ئەرك |
| Functional | ئەركی |
| Object | بەركار |
| Obligatory | بەخورتی |
| Subject | بکەر |
| Complement | تەواوکەر |
| Suffix | پاشگر |
| Prefix | پێشگر |
| Preposition | پێشبەند |
| Postposition | پاشبەند |
| Structure | پێکهاتە |
| Noun | ناو |
| Sentences | ڕستە |
| Number | ژمارە |
| Prepositional phrase | فرێزی بەند |
| Adverbal phrase | فرێزی ئاوەڵکرداری |
| Adjective phrase | فرێزی ئاوەڵناوی |
| Verb phrase | فرێزی کرداری |
| Noun phrase | فرێزی ناوی |
| Inflexional morpheme | مۆرفیمی وشە گۆڕ |
| Dervation morpheme | مۆرفیمی وشەداڕێژ(هەڵگواستن) |
| Multi | فرە |

## ناوەرۆک

**بابەت** **لاپەرە**


| بابەت | لاپەرە |
|---|---|
| پێشەکی | XVII |
| ٠/١) ناونیشان و بواری نامەکە | XVII |
| ٠/٢) هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە | XVII |
| ٠/٣) سنور و کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە | XVII |
| ٠/٤) گرنگی کارەکە | XVII |
| ٠/٥) ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە | XVII |
| ٠/٦) گرفتی لێکۆڵینەوەکە | XVII |
| ٠/٧) ناوەرۆکی نامەکە | XVII |
| بەشی یەکەم: فرەئەرکی بەشەئاخاوتنەکان لە پێکهاتن و بەکارهێنانیاندا | ١-٥٩ |
| سەرەتا: | ١ |
| ١/١) ئەرکی ناو لە پێکهاتەی وشەکاندا | ٢ |
| ١/١-١) ئەرکی ناو لە پێکهاتەی ئاوەڵناودا | ٢ |
| ١/١-١-١) ڕێگەی داڕشتن | ٢-٣ |
| ١/١-١-٢) ڕێگەی لێکدان | ٤-٥ |
| ١/١-١-٣) تایبەتمەندییەکانی ناو لە پێکهاتەی ئاوەڵناودا | ٥ |
| ١/١-٢) ئەرکی ناو لە پێکهاتەی ئاوەڵکرداردا | ٦ |
| ١/١-٢-١) ئەرکی ناو لە پێکهاتەی ئاوەڵکرداری داڕێژراودا | ٦-٨ |
| ١/١-٢-٢) ئەرکی ناو لە پێکهاتەی ئاوەڵکرداری لێکدراودا | ٨-٩ |
| ١/١-٢-٣) تایبەتمەندییەکانی ناو لە پێکهاتەی ئاوەڵکرداردا | ٩-١٠ |
| ١/١-٣) ئەرکی ناو لە پێکهاتەی چاوگدا | ١٠ |
| ١/١-٣-١) ئەرکی ناو لە پێکهاتەی چاوگی داڕێژراودا | ١٠-١١ |
| ١/١-٣-٢) ئەرکی ناو لە پێکهاتەی چاوگی لێکدراو | ١١-١٢ |
| ١/١-٣-٣) تایبەتمەندییەکانی ناو لە پێکهاتەی چاوگدا | ١٢-١٣ |
| ١/٢) ئەرکی ئاوەڵناو لە پێکهاتەی وشەکاندا | ١٣ |

| | |
|---|---|
| ١/٢-١) ئەركی ئاوەڵناو لە پێكهاتەی ناودا | ١٣ |
| ١/٢-١-١) ڕێگەی داڕشتن | ١٥-١٣ |
| ١/٢-١-٢) ڕێگەی لێكدان | ١٦-١٥ |
| ١/-١-٣) تایبەتمەندییەكانی ئاوەڵناو لە پێكهاتەی ناوی ناسادەدا | ١٦ |
| ١/٢-٢) ئەركی ئاوەڵناولە پێكهاتەی ئاوەڵكرداردا | ١٧ |
| ١/٢-٢-١) ڕێگەی داڕشتن | ١٨-١٧ |
| ١/٢-٢-٢) ڕێگەی لێكدان | ١٩-١٨ |
| ١/٢-٢-٣) تایبەتمەندییەكانی ئاوەڵناو لە پێكهاتەی ئاوەڵكرداردا | ١٩ |
| ١/٢-٣) ئەركی ئاوەڵناو لە پێكهاتەی چاوگدا | ١٩ |
| ١/٢-٣-١) ڕێگەی داڕشتن | ٢٠-١٩ |
| ١/٢-٣-٢) ڕێگەی لێكدان | ٢١-٢٠ |
| ١/٣) ئەركی كردار لە پێكهاتەی وشەكاندا | ٢١ |
| ١/٣-١) ئەركی كردار لە پێكهاتەی ناودا | ٢١ |
| ١/٣-١-١) ئەركی كردارلە پێكهاتەی ناوی بكەردا | ٢١ |
| ١/٣-١-١-١) ڕێگەی داڕشتن | ٢٤-٢٢ |
| ١/٣-١-١-٢) ڕێگەی لێكدان | ٢٥-٢٤ |
| ١/٣-١-١-٣) تایبەتمەندییەكانی كردار لە پێكهاتەی ناوی بكەردا | ٢٦ |
| ١/٣-١-٢) ئەركی كردارلە پێكهاتەی ناوی بەركاردا | ٢٦ |
| ١/٣-١-٢-١) ڕێگەی داڕشتن | ٢٧-٢٦ |
| ١/٣-١-٢-٢) ڕێگەی لێكدان | ٢٨-٢٧ |
| ١/٣-١-٢-٣) تایبەتمەندییەكانی كردارلە پێكهاتەی ناوی بەركاردا | ٢٨ |
| ١/٣-١-٣) ئەركی كردار لە پێكهاتەی ناوی چاوگدا | ٢٨ |
| ١/٣-١-٣-١) ڕێگەی داڕشتن | ٢٩-٢٨ |
| ١/٣-١-٤) ئەركی كردارلە پێكهاتەی ناوی شوێندا | ٣٠-٢٩ |
| ١/٣-١-٥) ئەركی كردار لەپێكهاتەی ناوی ئامێر | ٣٠ |
| ١/٣-١-٥-١) ڕێگەی داڕشتن | ٣١-٣٠ |
| ١/٣-١-٥-٢) ڕێگەی لێكدان | ٣٢-٣١ |
| ١/٣-١-٥-٣) تایبەتمەندییەكانی كردارلە پێكهاتەی ناوی ئامێردا | ٣٢ |
| ١/٣-٢) ئەركی كردار لە پێكهاتەی ئاوەڵناودا | ٣٣ |
| ١/٣-٢-١) ڕێگەی داڕشتن | ٣٣ |
| ١/٣-٢-٢) ڕێگەی لێكدان | ٣٤ |
| ١/٣-٢-٣) تایبەتمەندییەكانی كردار لە پێكهاتەی ئاوەڵناودا | ٣٤ |

| | |
|---|---|
| ١/٣-٣-) ئەركی كردار لە پێكهاتەی ئاوەڵكرداردا | ٣٤ |
| ١/٣-٣-١) ڕێگەی داڕشتن | ٣٥ |
| ٤/١) ئەركی ژمارە لە پێكهاتەی وشەكاندا | ٣٦-٣٥ |
| ١/٤-١) ئەركی ژمارە لە پێكهاتەی ناودا | ٣٦ |
| ١/٤-١-١) ڕێگەی داڕشتن | ٣٧-٣٦ |
| ١/٤-١-٢) ڕێگەی لێكدان | ٣٩-٣٧ |
| ١/٤-١-٣) فۆڕمی ژمارە لە پێكهاتە سادەكاندا | ٤٠ |
| ١/٤-١-٤) تایبەتمەندییەكانی ژمارە لە پێكهاتەی ناوی ناسادەدا | ٤١-٤٠ |
| ١/٤-١-٥) ئەركی ژمارە لە پێكهاتەی ناوی تایبەتیدا | ٤١ |
| ١/٤-٢) ئەركی ژمارە لە پێكهاتەی ئاوەڵناودا | ٤٢ |
| ١/٤-٢-١) ڕێگەی لێكدان | ٤٣-٤٢ |
| ١/٤-٣) ئەركی ژمارە لە پێكهاتەی چاوگدا | ٤٣ |
| ١/٤-٣-١) ئەركی ژمارە لە پێكهاتەی چاوگی لێكدراودا | ٤٣ |
| ١/٤-٤) ئەركی ژمارە لە پێكهاتەی ئاوەڵكردار | ٤٣ |
| ١/٤-٤-١) ڕێگەی داڕشتن | ٤٤ |
| ١/٤-٤-٢) ڕێگەی لێكدان | ٤٥-٤٤ |
| ١/٤-٤-٣) تایبەتمەندییەكانی ژمارە | ٤٦-٤٥ |
| ٥/١) ئەركی ئاوەڵكردار لە پێكهاتەی وشەكاندا | ٤٦ |
| ١/٥-١) ئەركی ئاوەڵكردار لە پێكهاتەی ناودا | ٤٦ |
| ١/٥-١-١) ئەركی ئاوەڵكردار وەك ناوی سادە | ٤٦ |
| ١/٥-١-٢) ڕێگەی داڕشتن | ٤٨-٤٦ |
| ١/٥-١-٣) ڕێگەی لێكدان | ٤٩-٤٨ |
| ١/٥-١-٤) تایبەتمەندییەكانی ئاوەڵكردار لە پێكهاتەی ناودا | ٤٩ |
| ١/٥-٢) ئەركی ئاوەڵكردار لە پێكهاتەی ئاوەڵناودا | ٥٠ |
| ١/٥-٢-١) ڕێگەی داڕشتن | ٥٠ |
| ١/٥-٢-٢) ڕێگەی لێكدان | ٥١-٥٠ |
| ١/٥-٢-٣) تایبەتمەندییەكانی ئاوەڵكردار لە پێكهاتەی ئاوەڵناودا | ٥١ |
| ١/٥-٣) ئەركی ئاوەڵكردار لە پێكهاتەی كرداردا | ٥١ |
| ١/٥-٣-١) ڕێگەی لێكدان | ٥٢-٥١ |
| ١/٥-٣-٢) تایبەتمەندییەكانی ئاوەڵكردار لە پێكهاتەی كرداردا | ٥٢ |
| ٦/١) فرەئەركی بەشەئاخاوتنەكان لە بەكارهێنانیاندا | ٥٢ |
| ١/٦-١) ناو لە ئەركی ئاوەڵناودا | ٥٣ |
| ١/٦-٢) ناو لە تایبەتییەكانی ئاوەڵناودا | ٥٤ |

| | |
|---|---|
| ٣-٦/١) ناو لە ئەركی كرداردا | ٥٤ |
| ٤-٦/١) ناو لە ئەركی ئاوەڵكرداردا | ٥٤ |
| ٧/١) ئاوەڵناو لە ئەركی بەشەئاخاوتنەكاندا | ٥٥ |
| ١-٧/١) ئاوەڵناو لە ئەركی ناودا | ٥٦-٥٥ |
| ٢-٧/١) بەكارهێنانی ئاوەڵناو لە تايبەتييەكانی ناودا | ٥٦ |
| ٣-٧/١) بەكارهێنانی ئاوەڵناو وەك ئاوەڵكردار | ٥٦ |
| ٨/١) هاوئەركی هەندێك لە بەشەئاخاوتنەكان | ٥٩-٥٧ |
| بەشی دووەم: فرەئەركی مۆرفيمی بەند | ١٣٩-٦٠ |
| سەرەتا | ٦٠ |
| ١/٢) مۆرفيم | ٦١-٦٠ |
| ٢/٢) تايبەتييەكانی مۆرفيم | ٦٢-٦١ |
| ٣/٢) جۆرەكانی مۆرفيم | ٦٤-٦٢ |
| ٤/٢) فرەئەركی مۆرفيمەبەندەكان | ٦٥-٦٤ |
| ٥/٢) فرەئەركی مۆرفيمی يەك ئاست | ٦٥ |
| ١-٥/٢) فرەئەركی پێشگرەكان(prefixes)/پێ-، تێ-، لێ-، ڕا-، هەڵ-، هاو-/ | ٦٨-٦٥ |
| ٢-٥/٢) فرەئەركی ناوبەندەكان(Infixes) /-ەو-، -او-/ | ٦٩ |
| ٣-٥/٢) فرەئەركی پاشگرەكان (Sufixes)/-كەر،-ەوان،-وان،-ەوانی،-گەر،-چی، -دار، -باز، -بەند، -مەند، -ساز، -ەر، -يار، -(ايەتی، يەتی، ەتی، ێتی)،<br>-ێنی، ايی، -يی، -انە، -انی، -ەوار، -ەوەر، -ەوەری، -ەوا، -گا، -ەڵان، ڵان، ەڵێن، -جار، -ەجاڕ، -دان، -دێن، -ستان، -ەن، -خانە، -زار، -اوا، -ەوا، -ێن، -ێنە، -ينە، -ەوانە، -وانە، -انێ، -وانكە، وێنكە، -گار، -ئەمەنی، -اك، -ك، -وور، -ەكی، -ار، -ارە، نياز، نيار، -ناك، -ۆك، -ۆكە، -نۆك، -يلە، -يل، -ڵ، -يلێ، -وولە، -ەڵ، -ەڵە، -ۆڵ، -ۆڵە، -وڵە، -وكە، -ولكە، -يك، -ينگە، -وك -ۆلكە، -يلكە، -چە، -يچە، -ۆچە، -چك، -ۆچە، -چك، -چكە، وچكە، -ۆچكە ،-وچك، -يچكە، -يژە، -ژە، -ژۆڵە، -ژيل، -يژگە، -ێژە،كيلە، -ۆكی، -يلانە، كەلانە، -ۆڵ، -ۆڵە، -ەواڵە، -ميچ، فيچكە، -لك، -ەلە، -كۆ، -يتە، -تە، -بار،-زار، -سار، -ندە، -ەناو، -ەڵۆك، -مە، -ست، -شت... ./ | ٩٧-٧٠ |

| | |
|---|---|
| ٩٨ | ٦/٢) فرەئەركی مۆرفیمی دوو ئاست |
| ١٢٦-٩٨ | ٦/٢-١) فرەئەركی مۆرفیمی پاشگر:/-ە، -ی، -ان، -ین، -وو، -ێ،-ۆ،-ن، -ەك،-مان، -كە، -ا، -ش، -دە، -ات، -گە، -ەوە، -اندن، -تر، -ترین، -وا، -وە،... ./ |
| ١٣١-١٢٧ | ٦/٢-٢) فرەئەركی مۆرفیمی پێشگر/نە-، -نا، -ب، -دا،-ڕۆ، -وەر.../ |
| ١٣١ | ٧/٢) پێشبەندەكان |
| ١٣٧-١٣١ | ٧/٢-١) فرەئەركی پێشبەندەكان |
| ١٣٧ | ٧/٢-٢) تایبەتمەندی پێشبەندەكان |
| ١٣٨ | ٨/٢) فرەئەركی مۆرفیمی هاوبەش |
| ١٣٨ | ٨/٢-١) ناو |
| ١٣٨ | ٨/٢-٢) ئاوەڵناو |
| ١٣٩ | ٨/٢-٣) چاوگ |
| ١٣٩ | ٨/٢-٤) ئاوەڵكردار |
| ١٩٨-١٤٠ | بەشی سێیەم: فرەئەركی فرێز و ڕستەكاندا |
| ١٤٠ | سەرەتا |
| ١٤١-١٤٠ | ١/٣) فرێز |
| ١٤١ | ٢/٣) جۆرەكانی فرێز |
| ١٤٢-١٤١ | ٢/٣-١) فرێزی ناوی |
| ١٤٤-١٤٣ | ٢/٣-٢) فرێزی كرداری |
| ١٤٥-١٤٤ | ٢/٣-٣) فرێزی ئاوەڵناوی |
| ١٤٥ | ٢/٣-٤) فرێزی ئاوەڵكرداری |
| ١٤٧-١٤٥ | ٢/٣-٥) فرێزی بەند |
| ١٤٧ | ٣/٣) فرەئەركی هەندێك لە جۆرەكانی فرێز |
| ١٥٠-١٤٧ | ٣/٣-١) فرەئەركی فرێزی ناوی |
| ١٥٣-١٥٠ | ٣/٣-٢) فرەئەركی فرێزی جێناوی |
| ١٥٥-١٥٣ | ٣/٣-٣) فرەئەركی فرێزی ئاوەڵناوی |
| ١٥٧-١٥٥ | ٣/٣-٤) فرەئەركی فرێزی ئاوەڵكرداری |
| ١٥٨ | ٤/٣) جۆرەكانی دیارخەر |
| ١٥٨ | ٤/٣-١) دیارخەری بكەر |
| ١٥٨ | ٤/٣-٢) دیارخەری نیهاد |
| ١٥٩ | ٤/٣-٣) دیارخەری بەركار |

| | |
|---|---|
| ٣/٤-٤) دیارخەری بەرکاری ناڕاستەوخۆ | ١٦٠-١٥٩ |
| ٣/٤-٥) دیارخەری تەواوکەرە(ئاوەڵکردارییەکان) | ١٦٠ |
| ٣/٤-٦) دیارخەری تەواوکەری کرداری ناتەواو | ١٦١ |
| ٣/٤-٧) دیارخەری دیارخەر | ١٦٢-١٦١ |
| ٣/٥) پەیوەندی نێوان فرێز و ڕستە | ١٦٣-١٦٢ |
| ٣/٦) ڕستە لە ڕووی دروستییەوە | ١٦٣ |
| ٣/٧) کەرەستە پێکهێنەرەکانی ڕستە | ١٦٤ |
| ٣/٧-١) کەرەستە پێکهێنەرە سەرەکیەکان | ١٦٧-١٦٥ |
| ٣/٧-٢) کەرەستە پێکهێنەرە لاوەکییەکان | ١٦٨-١٦٧ |
| ٣/٨) جۆرەکانی ڕستە لەڕووی پێکهاتنەوە | ١٦٨ |
| ٣/٨-١) ڕستەی سادە | ١٧٠-١٦٨ |
| ٣/٨-٢) ڕستەی ناسادە | ١٧٠ |
| ٣/٨-٢-١) ڕستەی لێکدراو | ١٧١-١٧٠ |
| ٣/٨-٢-٢) ڕستەی ئاڵۆز | ١٧٢-١٧١ |
| ٣/٨-٢-٢-١) تایبەتمەندییەکانی ڕستەی ئاڵۆز | ١٧٢ |
| ٣/٨-٢-٢-٢) فرەئەرکی لە ڕستەی ئاڵۆزدا | ١٧٧-١٧٣ |
| ٣/٩) کەرەستەی قرتاو و کاریگەری لەسەر لایەنی ڕێزمانی ڕستە | ١٧٧ |
| ٣/٩-١) قرتاندن لە ڕستەی سادەدا | ١٧٩-١٧٧ |
| ٣/٩-٢) قرتاندن لە ڕستەی ناسادەدا | ١٨١-١٧٩ |
| ٣/١٠) گۆڕینی ئەرکی ڕێزمانی بە هۆی جێگۆڕکێی کەرەستەکان | ١٨٤-١٨٢ |
| ٣/١١) فرەئەرکی ڕستەکان | ١٨٤ |
| ٣/١١-١) ئەرکی هەواڵگەیاندن | ١٨٥ |
| ٣/١١-١-١) جۆرەکانی هەواڵگەیاندن | ١٨٥ |
| ٣/١١-١-٢) تایبەتمەندییەکانی هەواڵگەیاندن | ١٨٦-١٨٥ |
| ٣/١١-٢) ئەرکی پرسیارکردن | ١٨٧-١٨٦ |
| ٣/١١-٢-١) شێوازی پرسیارکردن | ١٨٨-١٨٧ |
| ٣/١١-٢-٢) تایبەتمەندییەکانی پرسیارکردن | ١٨٩-١٨٨ |
| ٣/١١-٣) ئەرکی فرمان دان | ١٨٩ |
| ٣/١١-٣-١) تایبەتمەندییەکانی ئەرکی فرمان دان | ١٩٠ |
| ٣/١١-٤) ئەرکی داخوازی | ١٩٠ |
| ٣/١١-٤-١) تایبەتمەندییەکانی ئەرکی داخوازی | ١٩٠ |
| ٣/١١-٥) ئەرکی هەست دەربڕین (سەرسوڕمان) | ١٩١ |

| | |
|---|---|
| ٣/١١-٥-١) تایبەتمەندییەکانی ئەرکی هەست دەربڕین | ١٩١-١٩٢ |
| ٣/١١-٦) ئەرکی هەست وروژاندن | ١٩٢-١٩٣ |
| ٣/١١-٦-١) تایبەتمەندییەکانی هەست وروژاندن | ١٩٣ |
| ٣/١١-٧) ئەرکی جێبەجێکردن (ڕاپەڕاندن) | ١٩٣ |
| ٣/١١-٧-١) تایبەتمەندییەکانی ئەرکی ڕاپەڕاندن | ١٩٤ |
| ٣/١١-٨) ئەرکی کۆمەڵایەتی | ١٩٤ |
| ٣/١١-٨-١) تایبەتمەندییەکانی ئەرکی کۆمەڵایەتی | ١٩٥ |
| ٣/١١-٩) ئەرکی پاڕانەوە | ١٩٥ |
| ٣/١١-٩-١) تایبەتمەندییەکانی ئەرکی پاڕانەوە | ١٩٦ |
| ٣/١١-١٠) ئەرکی دوعاکردن (نزاکردن) | ١٩٦ |
| ٣/١١-١٠-١) جۆرەکانی دوعاکردن | ١٩٦-١٩٧ |
| ٣/١١-١٠-٢) تایبەتمەندییەکانی ئەرکی دوعاکردن | ١٩٧ |
| ٣/١١-١١) ئەرکی داوای لێبووردن کردن | ١٩٨ |
| ٣/١١-١١-١) تایبەتمەندییەکانی ئەرکی داوای لێبووردن کردن | ١٩٨ |
| ئەنجام | ١٩٩-٢٠٠ |
| سەرچاوەکان | ٢٠١-٢١١ |
| ملخص الرسالة | I |
| Abstract | III |

# پـــــێـــشــــەكــــی

## ١/٠) ناونیشان و بواری نامەکە

(فرەئەرکی لەزمانی کوردیدا) ناونیشانی ئەم نامەیەیە، نامەکە بۆ باسکردن و لێکۆڵینەوەی دیاردەی فرەئەرکی لە زمانی کوردیدا تەرخانکراوە، ئەم لێکۆڵینەوەیە لە (ئاستەکانی مۆرفۆلۆجی و سینتاکس و سیمانتیك)دا، ئەنجام دراوە .

## ٢/٠) هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە

بە پێی ئەو زانیارییانەی تاکو ئەو ساتەوەختەی لەبەردەست دایە، هیچ لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ و گشتی دەربارەی دیاردەی فرەئەرکی لەزمانی کوردیدا ئەنجام نەدراوە، ئەم کارەش هەوڵێکە بۆ پڕکردنەوەی هەندێك لەو کەلەبەرانەی کە تا ئێستا لێکۆڵینەوەیان لەسەر نەکراوە دەربارەی فرەئەرکی لەزمانی کوردیدا.

## ٣/٠) سنور و کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە

سنوری ئەو لێکۆڵینەوەیە لە چوارچێوەی شێوەی کرمانجی ناوەڕاستی زمانی کوردی دایە، نمونەکانی ئەو لێکۆڵینەوەیە لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەی ئێستای قسەپێکەرانی ئەم شێوەیەی زمانی کوردی و سەرچاوە نووسراوەکانی وەرگیراون.

## ٤/٠) گرنگی لێکۆڵینەوەکە

گرنگی ئەم کارە لەوە دایە کە دەبێتە سەرچاوەیەك بۆ نووسینەوەی ڕێزمانی کوردی، هەروەها بەشێك لە گرفتەکانی کێشەی پڕۆگرامەکانی خوێندن چارەسەر دەکات، دەبێتە سەرچاوەیەك لە نووسینەوە و دانانی کتێبە پڕۆگرامییەکان لە هەموو ئاستەکانی خوێندندا بە زانکۆکانیشەوە.

## ٥/٠) ڕێبازی لێکۆڵینەوەی

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە چوارچێوەی ڕێبازی وەسفی شیکاریی گشتیدا ئەنجام دراوە، بە شێوەیەکی بابەتییانە کەرەستەکانی لێکۆڵینەوەکە شیکردنەوەیان بۆ کراوە.

## ٦/٠) گرفتی لێکۆڵینەوەکە

گرفتی لێکۆڵینەوەکە، بە نەبوونی فەرهەنگێکی کوردی- کوردییەوە پەیوەستە، هەروەها فرەزاراوەی زانستی لە هەندێك بابەتدا لە گرنگترین گرفتەکانی بە ئەنجام گەیاندنی لێکۆڵینەوەکە بوون.

## ٧/٠) ناوەرۆکی نامەکە

جگە لە پێشەکی و پوختە بە زمانی کوردی نامەکە لەسێ بەش پێکهاتووە.

**بەشی یەکەم:**

بەناونیشانی (فرەئەرکی بەشەئاخاوتنەکان لە پێکهاتن و بەکار هێنانیاندا) کە بریتییە لە خستنەڕوو، پیشاندانی فرەئەرکی و هاوبەشی کردنی بەشەئاخاوتنەکان بە پێی یاساکان، سیما و ئەدگارەکانیان و فرەئەرکی و بەکارهێنانیان لە ڕستەدا.

**بەشی دووەم:**

بەناونیشانی (فرەئەرکی مۆرفیمی بەند) بریتییە لە خستنەڕوو، دابەشکردنی مۆرفیمەبەندەکانی زمانەکە، پیشاندانی ئەرکی مۆرفیمەبەندەکان، جیاکردنەوەیان، تایبەتمەندییەکانیان لە هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆژی و سینتاکسدا، دەستنیشانکردنی مۆرفیمی هاوبەش لە نێوان (سەربەخۆ، بەند) دا.

**بەشی سێیەم:**

**بەناونیشـــانی (فرەئەرکی فرێز و ڕســـتەکان) بریتییە لە گرنگی دان بەفرەئەرکی کەرەســـتەکان لە ڕستەدا، دەستنیشانکردنی بەشە سەرەکی و ناسەرەکییەکانی ڕستە، پێکهاتەی ڕستە و فرەئەرکی فرێزەکان و جۆری دیارخەرەکان، جۆری ڕســـتە لە ڕووی پێکهاتنەوە، فرەئەرکی ڕســـتەکان و تایبەتمەندییان، لە کۆتاییدا ئەنجام و پوختە بە هەر دوو عەرەبی، ئنگلیزی، لیســـتی ســـەرچاوەکان خراونەتەڕوو.**

**سوپاس و پێزانین بۆ:**

- ✍ سەرۆکایەتی زانکۆی کۆیە کە هەلی خوێندنیان بۆ ڕەخساندم.
- ✍ ڕاگرایەتی فاکەڵتی پەروەردە، سەرۆکایەتی بەشی زمانی کوردی.
- ✍ بەڕێز پرۆفیسۆر (د. بەکر عومەر عەلی)، کە ئەرکی سەرپەرشتی کردنی لێکۆڵینەوەکەی گرتە ئەستۆ و بەڕێنماییەکانی لێکۆڵینەوەکەی دەوڵەمەندکرد.
- ✍ هەموو ئەو مامۆستا بەڕێزانەی کە لە کۆرسەکانی خوێندنی باڵا بە زانست و زانیارەکانیان بەهرەمەندیان کردین بەتایبەتی (پ.د.وریاعومەرئەمین، پ. ی. د. عومەرمەحمود کەریم، پ.د. فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی ) .
- ✍ مامۆستای بەڕێز (پ. ی. د. سەباح ڕەشید قادر) کە هاوکاری بەردوامی کردووم.
- ✍ بەڕێز مامۆستا (ڕێژنە مەعروف) کە لە دەستخستنی سەرچاوەکان هاوکاری کردم.
- ✍ بەڕێزان (م.محمد، عبدالرحمان، کاکە) کە بەردەوام هاوکارم بوون.

# پــوخـتــه

نـاونیشـــانی لێکۆڵینەوەکە (فرەئەرکی لە زمـانی کوردیدا)، زمـان لە چەنـد ڕێگەیەکەوە دەتوانێت فەرهەنگ و دەربڕینەکانی زەنگین بکات، یەکێك لەو ڕێگە کاریگەرانە ئەوەیە، لە ڕێگەی بەشەکانی ئاخاوتن یان لە ڕێگەی مۆرفیمە بەندەکان کە زیاتر لە ئەرکێکیان پێدەسپێرێت.

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە سێ بەشێکهاتووە:

بەشی یەکەم: فرەئەرکی بەشەئاخاوتنەکان(Category) لە پێکهاتن وبەکارهێنانیاندا، بە شێوەیەکی گشتی فرەئەرکی بەشەئاخاوتنەکان و یاسای پێکهاتنیان و تایبەتمەندیەکانیان باسکراوە.

بەشـی دووەم: فرەئەرکی مۆرفیمی بەند (Bound morpheme)، بریتییە لە پیشـاندانی ئەرکە جیاوازەکانی مۆرفیمی بەندی وشەداڕێژ و وشەگۆڕەکان لەگەڵ تایبەتمەندیەکانیان.

بەشـی سـێیەم: فرەئەرکی ڕسـتە و فرێزەکان، لەم بەشـەدا فرەئەرکی فرێز و ڕسـتەکان باسـکراوە، فرێزەکان و جۆری فرێزەکان و ئەرکیان لەڕسـتەدا، بەشـەسـەرەکی و ناسـەرەکییەکانی ڕسـتە، جۆرەکانی ڕستە لەڕووی پێکهاتنەوە، فرەئەرکی ڕستەکان خراوەتەڕوو.

لەکۆتایدا ئەنجام و لیسـتی سـەرچاوەکان، پوختەی باسـەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتە ڕوو.

# بەشی یەکەم

## فرەئەرکی بەشەئاخاوتنەکان لە پێکهاتن وبەکارهێنانیاندا

# فرەئەرکی بەشەئاخاوتنەکان لە پێکهاتن و بەکارهێنانیاندا

## سەرەتا:

چەمکی فرەئەرکی (**Multi functional**) لەزمـانـدا، (**Multi**) بە واتـای (زۆر، فرە) دێـت، لە بنەڕەتدا وشـەیەکی یۆنانییە، (**Multus**) بە واتای (زۆر، فرە، هەمەجۆر) هاتووە، (**Function**) بە واتای (ئەرك، کاردەکات، ئەرکی وایە)، (**Functional**) بە واتای (ئەرکی، کارەکی) دێت، چەمکی فرەئەرکی لە زماندا واتا کەرەســـتەیەکی زمان بتوانێت زیاد لە ئەرکێك ببینێت، بەشـــی هەرە زۆری بەشـــەئاخاوتنەکان فرەئەرکن و زیاد لە ئەرکێك دەبینن، لە ئاســـتی مۆرفۆلۆجیدا بەشـــەئاخاوتنەکان بەشـــداری پێکهێنان و دروســـتکردنی پێکهاتەکان دەکەن. ((بەشـــەکانی ئاخاوتن لە هەموو زمانێکی زیندووی سەرگۆی زەوی دا هەیە، ئـــــەم بـــــەشـــــانـــــەش کـــــەرەسەی هەرە گرنگی زانستی (وشـــەســـازی)ن))، (عەبدولواحید موشـــیردزەیی:٢٠١٢: ٦٥). ئەوەی گرنگە ئەوەیە لە ئاســـتی مۆرفۆلۆجیدا مۆرفیمە ســـەربەخۆکان پێویســـتیان بە مۆرفیمە وشـــەدارێژەکان دەبێت، بۆئەوەی لە پێکهاتەکاندا ئەرکی جۆراوجۆر ببینن، هەندێکجار لە ئاستەکانی تری زمان بەشەئاخاوتنەکان بە سادەیی و بەبێ یـارمەتیی مۆرفیمی بەنـد فرەئەرکی خۆیـان بەرجەســـتە دەکەن، ئەمەش دەکەوێتە بواری بەکارهێنانەوە، بەتایبەتی لە هەردوو ئاســـتی ســـینتاکس و ســـیمانتیکدا، بەڵام لە ئاســـتی مۆرفۆلۆجیدا هەردوو جۆری مۆرفیمەکان (سـەربەخۆ، بەند) بە تەواوکەری یەکتری دادەنرێن، ئەمەش لەبەرئەوەیە مۆرفیمە ناسـادەکانی زمانەکەمان لەم ئاسـتەدا پێکدێن، فرەئەرکیان بە دیاردەکەوێت، زمان دیاردەیەکی زیندوە و بەردەوام لە گۆڕاندایە، هەموو شەپۆلێکی گۆڕانی زمانیش چەندان ئەرکی تازە بە دوای خۆیدا دەهێنێت، تا ئێستا لە هیچ کام لە ئاستەکاندا نەتوانراوە سنور بۆ فرەئەرکی زمان دابنرێت، لەم بەشـەدا فرەئەرکی بەشـەئاخاوتنەکانی (ناو، ئاوەڵناو، کردار، ژمارە، ئاوەڵکردار) وەك نمونەی بەشـەئاخاوتنی چالاك وەردەگرین.

## ١/١) ئەركی ناو لە پێكهاتەی وشەكاندا:

ناو هاوبەشی دەكات و ئەركی پێكهێنانی وشەی ناسادە لە ڕێگەی داڕشتن و لێكدانەوە دەبینێت:

### ١/١-١) ئەركی ناو لە پێكهاتەی ئاوەڵناودا:

ناو یەكێكە لەو بەشەئاخاوتنانەی كە لە دروستكردنی ئاوەڵناودا ئەرك دەبینێت، بەیارمەتی مۆرفیمەكانی تر لە ڕێگەی هەڵگواستن و لێكدانەوە، ئاوەڵناو دروست دەكات. ناو بەهۆی كەرەستەی وشەڕۆنانەوە بە ئاسانی دەبێت بە ئاوەڵناو، لە ڕستەشدا لە ڕێگەی بەكارهێنانیەوە لە بارێكی تایبەتدا دەبێت بە ئاوەڵناو (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٩١: ٦٣).

### ١/١-١-١) ڕێگەی داڕشتن:

بەیارمەتیی مۆرفیمی وشە داڕێژ كە وەك پاشگر و پێشگر دەچنە سەر بەشەئاخاوتنی ناو، ئاوەڵناوی داڕێژراو دروست دەكەن، ئەمەش واتای پۆل گۆڕینە لە ناوەوە بۆ ئاوەڵناو، لە ناو پۆلە كراوەكاندا تاڕادەیەك بێسنورییەك هەیە، بۆ پۆلگۆڕین ئەمەش لە ڕێگای بەكارهێنان و ناونان، یان لە ڕێگەی داڕشتن و لێكدانەوە دەبێت (عەبدولواحید موشیر دزەیی: ٢٠١٢: ١٠٧ ).

<u>**أ- پێشگر+ناو= ئاوەڵناوی داڕێژراو**</u>

ئەم دوو پێیشگرە /بە-، بێ-/ دەچنە سەرناو و دەیكەن بە ئاوەڵناوی داڕێژراو، هەر دوو زمانەوان (نەسرین فەخری، كوردستا موكریانی) لە بارەی دروستكردنی ئاوەڵناو بەهۆی (پێشگر+ناو) مۆرفیمی/بە-، بێ-/ یان وەك پێشگر بۆ دروستكردنی ئاوەڵناوی داڕێژراو دەستنیشانكردووە.

وەك: /بێ-/+ناو= /بێهۆش، بێهێز/ ئەم پێشگرە /بێ-/ یارمەتیی ناو دەدات بۆ داڕشتنی ئاوەڵناو، واتای نەبوونی جۆرە خاسیەتێك ڕادەگەیەنێت (نەسرین فەخری، كوردستان موكریانی:١٩٨٢: ٧٧، ٧٨).

وەك: /بە-/+ناو= /بەتام، بەڕێز/ پێشـــگری /بە-/ یارمەتیی ناو دەدات بۆ داڕشـــتنی ئاوەڵناو، واتای بوونی جۆرە خاسیەتێك نیشان دەدات لەهەمان کاتدا دژ واتای پێشگری/بێ-/ یە .

وەك: بەکار×بێکار، بەهۆش × بێهۆش (ئەورەحمانی حاجی مارف : ١٩٩١: ٧٦، ٧٧) .

## ب- ناو+پاشگر= ئاوەڵناوی داڕێژراو

کۆمەڵێك مۆرفیمی تر وەك پاشـــگر لە زمانەکەدا یارمەتیی ناو دەدەن، بۆ دروســـتکردنی ئاوەڵناوی داڕێژراو/-ی، -ین، -ن، -ۆڵ، -ەوەر، -انە، -انی، -مەند، -گین، -ێ، -ەکی، -ناك، -دار،-ە، باز.../

وەك: ناو+/-ی/= ئاوەڵناوی داڕێژراو/ جیهانی، بەهاری،.../ (-ی) پاشـــگری ســـیفەتی نیســـبییە، ئەم پاشگرە یەکێکە لە پاشگرە سەرەکییەکان کە لەگەڵ ناودا ئەرکی پێکهێنانی ئاوەڵناو دەبینێت.(ئەورەحمانی حاجی مارف:١٩٩١: ٧٧)

وەك: ناو+/-ین/= ئاوەڵناوی داڕێژراو /زێرین، زیوین،.../

وەك: ناو+/ن-/= ئاوەڵناوی داڕێژراو /تووکن، گۆشتن،.../

وەك: ناو+/ۆڵ-/= ئاوەڵناوی داڕێژراو /کرمۆڵ،.../

وەك: ناو+/ەوەر-/= ئاوەڵناوی داڕێژراو /بەختەوەر،.../

وەك: ناو+/انە-/= ئاوەڵناوی داڕێژراو /ژنانە، پیاوانە،.../

وەك: نـاو+/انـی-/= ئاوەڵناوی داڕێژراو /کوڕانی، شەڕانی،.../

وەك: ناو+/مەند-/= ئاوەڵناوی داڕێژراو /سودمەند، بەهرەمەند،.../

وەك: نـــاو+/یـن-/= ئاوەڵناوی داڕێژراو /ڕەنگین، زەنگین،.../

وەك: نــــاو+/ێ-/= ئاوەڵناوی داڕێژراو /کرمێ،.../

وەك: نـاو+/ەکی-/= ئاوەڵناوی داڕێژراو /دەشتەکی، خێڵەکی،.../

وەك: نـــاو+/ناك-/= ئاوەڵناوی داڕێژراو /غەمناك، سامناك،.../

وەك: نـاو+/دار-/= ئاوەڵناوی داڕێژراو /ساماندار، سۆزدار،.../

وەك: نـاو+/باز-/= ئاوەڵناوی داڕێژراو /فێڵباز، مەکرباز،.../

وەك: نـاو+/ە-/= ئاوەڵناوی داڕێژراو /زستانە، بەهارە،.../

## ١/١- ١-٢) ڕێگەی لێكدان:

لە ڕووی مۆرفۆلۆجییەوە ناو بەیارمەتی مۆرفیمێكی تری سەربەخۆ ئەركی پێكهێنانی ئاوەڵناوی لێكدراو دەبینێت، هەندێكجار مۆرفیمێكی بەندیش بەشداری ئەم پێكهاتنە دەكات:

**أ- ناوی بەرجەستە+ناوی بەرجەستە= ئاوەڵناوی لێكدراو**

وەك: ناو+ناو= ئاوەڵناوی لێكدراو /باڵاچنار، گەردنبلور،.../

**ب- ناو+ئاوەڵناو= ئاوەڵناوی لێكدراو**

وەك: ناو+ئاوەڵناو= ئاوەڵناوی لێكدراو /چاوشین، دڵپیس،.../

**پ- ناو+ناوی بەركار= ئاوڵناوی لێكدراو**

وەك: ناو+ ناوی بەركار= ئاوەڵناوی لێكدراو /زگسووتاو، دڵهەڵقرچاو،.../

**ت- ناو+رەگی كردار= ئاوەڵناوی لێكدراو**

وەك: ناو+ڕەگی ڕانەبردوو= ئاوەڵناوی لێكدراو /ئاشتی خواز، دەستبڕ، مەلابەزێن،.../ ناوی واتایی و ناوی بەرجەستە وەك یەك لە ئەركی پێكهاتەی ئاوەڵناودا بەشداری دەكەن گەر مەسەلەی ڕێژەنەبوایە (مەبەست ئەوەیە ڕێژەی ناوی بەرجەستە زیاترە لەناوی واتایی)، دەمانتوانی بڵێین هەردووكیان وەك یەك چالاكن .

**ج- ئاوەڵناو+ناوبەند+ناو= ئاوەڵناوی لێكدراو**

وەك: ئاوەڵناو+/-ە-/+ناو= ئاوەڵناوی لێكدراو /كورتەباڵا، شۆڕەسوار،.../

**چ- ژماره+ناو= ئاوەڵناوی لێکدراو**

وەك: ژمارە+ناو= ئاوەڵناوی لێکدراو /چوارچاو، دوودڵ،.../

**ح- ئاوڵکردار+ناو= ئاوەڵناوی لێکدراو**

وەك: ئاوەڵکردار+ناو= ئاوەڵناوی لێکدراو /ژێردەست، ژێرچەپۆك،.../

**خ- ئاوەڵناو+ناو= ئاوەڵناوی لێکدراو**

وەك: ئاوەڵناو+ناو= ئاوەڵناوی لێکدراو /خۆشباوەڕ، سپیپێست،.../

**د- ناو+ناوبەند+ناو= ئاوڵناوی لێکدراو**

وەك: ناو+/-بە-/+ناو= ئاوەڵناوی لێکدراو /لێوبەبار، ڕووبەخاڵ،.../

### ١/١-١-٣) تایبەتمەندییەکانی ناو لە پێکهاتەی ئاوەڵناودا:

١- لەگەڵ گۆڕینی پۆلی ناو بۆ ئاوەڵناو تایبەتییەکانی ئاوەڵناو لەسەر ناوە پۆلگۆڕاوەکە جێگیردەبێت، زۆربەی کات ناوە پۆل گۆڕاوەکە مۆرفیمەکانی پلەی بەراورد و پلەی باڵا /-تر، -ترین) وەردەگرێت وەکو ئاوەڵناوێکی پلەی چەسپاو مامەڵەدەکات: /فێڵبازتر، فێڵبازترین/

٢- ناوە پۆل گۆڕاوەکە لە چوارچێوەی پێکهاتەکەدا لەگەڵ ئەو مۆرفیمانەی پێکهاتەکەیان دروستکردووە ئەرکی ئاوەڵناوێکی بنچینەیی دەبینن.

٣- بە ئاسانی جێگۆڕکێ بە مۆرفیمە پێکهێنەرەکانی پێکهاتەکە ناکرێت، چونکە وشە و مۆرفیمەکان بە یاسا چونەتە پاڵیەك.

٤- هەندێکجار پێکهاتەی ئاوەڵناو لە دەرەوەی سنوری پێکهاتەکە پۆلی خۆی دەگۆڕێت بۆ (پێکهاتەی ناو و پێکهاتەی ئاوەڵکردار) ئەمەش زیاتر لە بەکارهێناندا دەردەکەوێت.

## ٢-١/١) ئەركی ناو لە پێكهاتەی ئاوەڵكرداردا:

ناو بەشێكی چالاكە لە پێكهاتەی پۆلە فۆرمە دارێژراوەكان و پۆلە فۆرمە لێكدراوەكاندا، ئاوەڵكرداریش وەك هەربەشەئاخاوتنێكی تر چەند بەشەئاخاوتنێك بەشداری لە پێكهاتەكەیدا دەكەن ((لە زۆربەی زمانەكاندا ناو، كردار، ئاوەڵناو پۆلی كراوەن...هەندێك زمان چوار پۆلی سەرەكی كراوەیان هەن چوارهەمیان ئاوەڵكردارە كە دەكرێت بە ڕێگای یاسابەندی/regular / فراوان بكرێت))، (نەرمین عومەر ئەحمەد: ٢٠١٠: ٣٣).

## ١-٢-١/١) ئەركی ناولە پێكهاتەی ئاوەڵكرداری دارێژراودا:

ناو بەیارمەتیی مۆرفیمێك، یان زیاتر ئەركی پێكهێنانی ئاوەڵكرداری دارێژراو دەبینێت .

### أ- پێشگر+ناو= ئاوەڵكرداری دارێژراو

ناو بە یارمەتیی پێشگر، چەند مۆرفیمێك وەك پێشگر لەگەڵ ناودا ئاوەڵكرداری دارێژراو پێكدەهێنن، ئەم مۆرفیمانە فرەئەركن ((بێ، بە، لە، لە بنەڕەتدا پێشبەندن. بەڵام كە لەگەڵ وشەكانی (گومان، شك، چارە...) دا هاتوون لەبەرئەوەی ئەركی وشەسازیان بەجێهێناوە بوونەتە پێشگر و وشەی دارێژراویان دروستكردووە))، (ئەوڕەحمانی حاجی مارف :١٩٩٨: ١٥٥).

وەك: / بێ-/+ناو= ئاوەڵكرداری دارێژراو /بێگومان، بێشك،.../

وەك: /بە-/+ناو= ئاوەڵكرداری دارێژراو /بەشك، بەگومان،.../

ئەم جۆرە ئاوەڵكردارانەی سەرەوە كە ناو ئەركی پێكهێنانی بینین لە جۆری ئاوەڵكرداری چۆنیەتین تایبەتمەندی ناو لەگەڵ ئەم جۆرە مۆرفیمانە لەوەدایە زۆربەی كات ئەركی پێكهاتەی ئاوەڵكرداری چۆنیەتی دەبینن و لە ڕووی ڕوودانەوە چۆنیەتی دیاری دەكەن.

## ب- ناو+پاشگر= ئاوەڵکرداری داڕێژراو

ناو بەیارمەتی مۆرفیمی وشـەداڕێژی پاشـگر ئاوەڵکرداری داڕێژراو پێکدێنێت، زمانەوانان کۆمەڵێك مۆرفیمیان دەستنیشـانکردووە، کە وەك پاشـگرێکی وشـەداڕێژ کاردەکەن، دەچنە سـەر ناو بۆ پێکهێنانی ئاوەڵکرداری داڕێژراو. (ئەورەحمانی حـاجی مـارف ) لەلای خۆیەوە ئەم مۆرفیمانەی دیاریکردوون: ((-ێ،-ان، (-ێ،-ەك،-ێك)،-انە،-ەکی،-ئاسـیی))، (ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٩٨ : ١٥٦،١٥٧). هەندێك لەم مۆرفیمانە وەك /-ێ، -ەك، -ێك/ مۆرفیمی نەناسـراوی و تاکن هەروەها /-ان/ مۆرفیمی کۆیە، بەڵام کە دەچێتە سەر ناوی کات وەك پاشگرخۆی دەنوێنێت دەیکات بە ئاوەڵکرداری داڕێژراو.

وەك: ناوی کات+/-ێ/= ئاوەڵکرداری داڕێژراو /پایزێ، بەهارێ،.../

وەك: ناوی کات+/-ەك/= ئاوەڵکرداری داڕێژراو /ڕۆژەك، ساڵەك،.../

وەك: ناوی کات+/-ێك/= ئاوەڵکرداری داڕێژراو /ساڵێك، مانگێك،.../

وەك: ناوی کات+/-ان/= ئاوەڵکرداری داڕێژراو /ڕۆژان، شەوان،.../

مۆرفیمی /-ێ/ لەگەڵ ناوێ شوێن ئەرکی پێکهێنانی ئاوەڵکرداری داڕێژراو دەبینێت.

وەك: ناوی شوێن+/-ێ/= ئاوەڵکرداری شوێن ((سەرێ))، (لیژنەی زمان وزانستەکان:٢٠١١: ٢٤٢). ناوی کات و ناوی شوێن لەگەڵ ئەم مۆرفیمە /-ێ/ ئەرکی پێکهێنانی ئاوەڵکرداری کات، ئاوەڵکرداری شوێن دەبینێت.

ناوی (گەل) بەتەنیا واتایەکی سـەربەخۆی هەیە، گوزارشـت لە ڕادە ناکات، بەڵام کاتێ کە مۆرفیمی (ێك)ی ڕادە، نەناسراوی دەچێتە سەر وشەیەکی نوێ پێکدەهێنێت (چیاعەلی مستەفا :٢٠٠٨: ٣٣).

وەك: ناو+/-ێك/= ئاوەڵکرداری داڕێژراو /گەلێك/

وەك: نـــاو+/-انـە/ ئاوەڵکرداری داڕێژراو /شێرانە،.../

وەك: نـــاو+/-ەکـی/ ئاوەڵکرداری داڕێژراو /شەوەکی،.../

وەك: ناو+/-ئاسایی/ ئاوەڵکرداری داڕێژراو /شێرئاسایی،.../

## پ- پێشگر+ناو+پاشگر= ئاوەڵکرداری داڕێژراو

ناو بەیارمەتی هەردوو جۆری مۆرفیمی وشەداڕێژی پێشگر، پاشگر ئەرکی پێکهێنانی ئاوەڵکرداری داڕێژراو دەبینێت .

وەك: /بێ-/+ناو+/-انە/= ئاوەڵکرداری داڕێژراو /بێشەرمانە، بێباکانە،.../

وەك: /بێ-/+ناو/-ی/= ئاوەڵکرداری داڕێژراو /بێرێزی،.../

وەك: /بە-/+ناو+/-ەتی/= ئاوەڵکرداری داڕێژراو /بەپیاوەتی،.../

وەك: /بە-/+ ناو+/ی-/= ئاوەڵکرداری داڕێژراو /بەئاقڵی،.../

وەك: /بە-/+ناو+/-ایەتی/= ئاوەڵکرداری داڕێژراو /بەدوژمنایەتی،.../

وەك:/لە-/+ناو/-ێ/= ئاوەڵکرداری داڕێژرا، ((لەسەرێ، لە ژوورێ))، (لیژنەی زمان و زانستەکان: ٢٠١١: ٢٤٢).

وەك: /لە-/+ناو+/-ەوە/ = ئاوەڵکرداری داڕێژراو /لەپشتەوە، لەژوورەوە،.../

ئەم وشانە (تەنیشت، ژوور، پشت،...) لە بنەڕەتدا ناوی شوێنن کاتێك بەم شێوەیە دێن، دەبن بە ئاوەڵکرداری شوێن (لیژنەی زمان وزانستەکان: ٢٠١١: ٢٤٢).

## ١/١-٢-٢) ئەرکی ناو لە پێکهاتەی ئاوەڵکرداری لێکدراودا:

ناو لەگەڵ وشەیەکی تری سەربەخۆ، چەند مۆرفیمێکی بەند ئەرکی پێکهێنانی ئاوەڵکرداری لێکدراودەبینن:

## أ- ناو+ناوبەند+ناو= ئاوەڵکرداری لێکدراو

وەك: ناو+/-ەو-/+ناو= ئاوەڵکرداری داڕێژراو /شاخەوشاخ، بانەوبان،.../

وەك: ناو+/-او-/+ناو= ئاوەڵکرداری داڕێژراو /دۆڵاودۆڵ،.../

وەك: ناو+/-بە-/+ناو= ئاوەڵکرداری داڕێژراو /ساڵ بەساڵ،.../

**<u>ب- ئاوەڵناو+ناوبەند+ناو= ئاوەڵکرداری لێکدراو</u>**

وەك: ئاوەڵناو+/-بە-/+ناو= ئاوەڵکرداری لێکدراو /پڕبەدەم،.../

وەك: ئاوەڵناو+/-وە-/+ناو= ئاوەڵکرداری لێکدراو /پڕوەدەم،.../ لە هەندێك ناوچەی کرمانجی ناوەڕاست (کەرکوك و گەرمیان) ناوبەندی/-بە-/ دەگۆڕدرێت بە /-وە-/ کە هەمان پێکهاتە و هەمان مانای هەیە .

**<u>پ- ناو+ناو (دووبارەکردنەوەی هەمان ناو)= ئاوەڵکرداری لێکدراو</u>**

وەك: دووبارەکردنەوەی هەمان ناو= ئاوەڵکرداری لێکدراو /کۆمەڵ کۆمەڵ، دەستەدەستە،.../

**<u>ت- ژمارە+ناو= ئاوەڵکرداری لێکدراو</u>**

وەك: ژمارە+ناو= ئاوەڵکرداری لێکدراو /سێجار، حەوتجار،.../

**<u>ج- مۆرفیمی(هەر)+ناو= ئاوەڵکرداری لێکدراو</u>**

وەك: /هەر/+ناو= ئاوەڵکرداری لێکدراو /هەرکات، هەردەم،.../

**<u>ح- مۆرفیمی/ئەو، ئەم/+ناو= ئاوەڵکرداری لێکدراو</u>**

وەك: /ئەم، ئەو/+ناو= ئاوەڵکرداری لێکدراو /ئەمجار، ئەوجار،.../

### ١/١-٢-٣) تایبتمەندییەکانی ناو لە پێکهاتەی ئاوەڵکرداردا:

١- ناو کاتێك بەشداری لەم پێکهاتەیەدا دەکات، تایبەتییە ڕەسەنەکانی خۆی لە دەستدەدات، واتە ناتوانێت جارێکی ترمۆرفیمەکانی (ناسراوی، نەناسراوی، کۆ) وەربگرێت وەك: ساڵ *بەسالێکە ، *بێ شەرمانە

٢- زۆربەی کات ناتوانرێت ئاڵوگۆڕی ناوەکە و مۆرفیمەکانی پێکهاتەکە بکرێت، چونکە ئەرك و واتا تێکدەچێت. وەك/ * ڕێز بێ ی * بەپردەم * ەکی شەو

٣- ناو کاتێك بەشداری پێکهاتەکە دەکات دەبێت بە بەشێك لە پێکهاتەکە و هەمان ئەرکی پێکهاتەکە دەبینێت.

### ٣-١/١) ئەرکی ناو لە پێکهاتەی چاوگدا:

ناو لەم پێکهاتەیەدا وەك بەشداریی کردنی لەهەموو پێکهاتەکانی تر کاریگەری خۆی هەیە، دەتوانێت بە یارمەتی و بەبێ یارمەتی مۆرفیمەکانی تر بەپێی گونجانی پێکهاتەکە لەگەڵ چاوگێکی سادە یان داڕێژراو چاوگی لێکدراو دروست بکات، لە بارێکی تایبەتدا توانای دروستکردنی چاوگی داڕێژراوی هەیە.

### ١-٣-١/١) ئەرکی ناو لە پێکهاتەی چاوگی داڕێژراو:

لە ئێستای زمانی کوردیدا، تاکو ئەو ڕادەیەی لێکۆڵەر لەبارەی ئەم پرۆسەیەوە بزانێت ئەوەیە، تەنها مۆرفیمی / -اندن/ توانای دروستکردنی کرداری هەیە لەگەڵ ناودا، ئەم پاشگرە /-اندن/ لەگەڵ ناوی دەنگەسروشتییەکان ئەرکی پێکهێنانی کاری تێنەپەردەبینیت ((بۆ ڕۆنانی کرداری داڕێژراو پێشگر و پاشگرهەر بە (کردار) ەوە دەلکێن، جگە لە پاشگری (اندن) کە دەچێتە سەرناوی دەنگەسروشتییەکان و هەندێ ناوی دیکەوە دەیان کاتە چاوگ وکردار))، (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٨٧: ٧٣).

### <u>أ- ناوی دەنگی سروشتی+پاشگری/-اندن/= چاوگی داڕێژراوی تێنەپەر</u>

وەك: ناو+/-اند/+= چاوگی داڕێژراوی تێنەپەر /باڕاندن، قیژاندن،.../ ((ئەم ناوانە دەبن بە چاوگ و فرمانی سادە (بسیط) بەمە ژمارەی چاوگ وفرمانی سادەی دروست کراو زیاد دەکات.... .گۆڕینی ئەم ناوانە بۆ چاوگ و فرمان بە یاریدەی پاشگری ((اندن)) لە زمانی کوردیدا بە ڵگەیێکی ئاشکرا و بەهێزە لەو بەڵگانەی سەربەخۆیی ئەم زمانە دەردەخەن. چونکە پاشگری ((اندن)) پاشگرێکی فرمان و ئێرانی

یە و لە هەردوو زمانی کوردی و فارسی دا بەکاردێ، بەڵام ئەم پاشگرە لە فارسی دا ناوی دەنگ ناکات بە چاوگ و فرمان، واتە ئەم تایبەتییە تەنیا لە زمانی کوردیدا هەیە))، (نەسرین محەمەد فەخری:١٩٧٥: ١٨:١١٠). جگە لە ناوی دەنگە سروشتییەکان چەندین ناوی تریش هەن کە بەیارمەتی ئەم پاشگرە /-اندن/ دەتوانن چاوگ و کرداری تێپەڕ دروستبکەن.

## ب- ناو+مۆرفیمی پاشگر= چاوگی دارێژراوی تێپەڕ

وەك: ناو+/-اندن/= چاوگی دارێژراوی تێپەڕ((نرخاندن، کوردandن))، (ڕۆژان نوری عبدالله: ٢٠٠٧: ٩٦).

## ١/١-٣-٢) ئەرکی ناو لە پێکهاتەی چاوگی لێکدراودا:

ناو بەهەرسێ جۆرەکەی سادە، دارێژراو، لێکدراو، بەیارمەتیی چاوگێکی سادە، چاوگێکی دارێژراو ئەرکی دروستکردنی چاوگێکی لێکدراو بەجێ دەگەیەنێت ((ناو (سادە، دارێژراو، لێکدراو)+کردار(سادە، دارێژراو) ))، (نەرمین عومەرئەحمەد:٢٠١٠: ٥٦). ئەمەش دەکرێت لە چەند یاسایەکدا بەرجەستە دە بکرێت.

## أ- ناوی سادە+چاوگ= چاوگی لێکدراو

وەك: ناوی سادە+چاوگ= چاوگی لێکدراو /شەرمکردن، خێرکردن،.../ هەندێکجارئەو ناوەی کە بەشداری پێکهێنانی ئەم پێکهاتەیە دەکات دەشێ ناوێکی وەرگیراو بێت لە زمانێکی تر وەك /خێرکردن،... /

## ب- ناوی دارێژراو+چاوگی سادە= چاوگێکی لێکدراو

وەك: ناوی دارێژراو+چاوگی سادە= چاوگی لێکدراو /ڕێگەگرتن، بێدەنگبوون،.../ بەشی هەرەزۆری ناوی دارێژراو پێکهاتوو بەهۆی پێشگر، پاشگر دەتوانن لەگەڵ چاوگدا ئەرکی پێکهێنانی چاوگی لێکدراو ببینن .

**<u>پ- ناوی لێکدراو+چاوگی ساده= چاوگی لێکدراو</u>**

وەك: ناوی لێکدراو+چاوگی ساده= چاوگی لێکدراو /قوڕاوخواردن، ماستاوکردن،.../

**<u>ت- ناوی ساده+چاوگی داڕێژراو= چاوگی لێکدراو</u>**

وەك: ناوی ساده+چاوگی داڕێژراو= چاوگی لێکدراو /دەستهەڵگرتن، دەستلێدان،.../

**<u>ج- ناوی داڕێژراو+چاوگی داڕێژراو= چاوگی لێکدراو</u>**

وەك: ناوی داڕێژراو+چاوگی داڕێژراو= چاوگی لێکدراو /جێگەڕاخستن، ڕێگەلێگرتن،.../

**<u>چ- ناوی لێکدراو+چاوگی داڕێژراو= چاوگی لێکدراو</u>**

وەك: ناوی لێکدراو+چاوگی داڕێژراو= چاوگی لێکدراو /دەستنویژهەڵگرتن، قیژەقژکردن،.../ جگە لەمانەی کە خرانەڕوو (نوری عەلی ئەمین ) لە کتێبی ڕێزمانی کوردیدا دەڵێت: (( فرمانی لێکدراو ئەلوێ لە ناوێك، وەیا لە ناوێك و ئامرازێکی پێبەست و فرمانی ساده پێکهاتبێ وەك: لە دایك بو))، (نوری عەلی ئەمین:٢٠١٢: ١٤٨). بۆچوونی ئێمە دەربارەی ئەم پێکهاتەیە ئەوەیە کە، (لە دایك بوو ) /لە/ پێشبەندە و /دایك/ ناوە گرێیەکی پێکهێناوە کردارێکی لەگەڵدا هاتووە، کۆی پێکهاتەکە (لەدایك بوو) دەتوانین بڵێین ڕستەیە نەك کرداری لێکدراو.

### ١/١-٣-٣) تایبەتمەندییەکانی ناو لە پێکهاتەی چاوگدا:

١- ناو وەك بەشەئاخاوتنێك لە پێکهاتەکەدا تایبەتییە ڕەسەنەکانی خۆی لە دەست دەدات، واتە لە ناو پێکهاتەکەدا ناتوانێت مۆرفیمەکانی (کۆ، ناسراوی، نەناسراوی) وەربگرێت.

* شەرمەکە کردن * دەستان هەڵگرتن

٢- ناو لەگەڵ بەشـەکانی تری پێکهاتەکە ئەرکی چاوگی لێکدراو دەبینێت، دەبێتە بەشـێك لە پێکهاتەکە .
وەك: سەرلێدان ، ڕێگەگرتن ...
٣- ناو وەك بەشێك لە پێکهاتەکە لە کردەی مۆرفۆسینتاکسیدا دەتوانێت جێناوەلکاوەکان بەخۆوە بگرێت.
بە واتایەکی ترمۆرفیمەکانی جێناوی لکاو دەچێتە سەرکۆتایی ناوەکە.

## ٢/١) ئەرکی ئاوەڵناو(Adjective) لە پێکهاتەی وشەکاندا:

ئاوەڵناو یەکێکە لەو بەشـەئاخاوتنانەی کە گرنگی تایبەتیی خۆی هەیە، لە هاوبەشـیکردن و پێکهێنانی بەشەئاخاوتنەکانی تر دا، ئەمەش بەیارمەتیی مۆرفیمە بەندەکان و مۆرفیمە سەربەخۆکانەوە دەبێت.

### ١-٢/١) ئەرکی ئاوەڵناو لە پێکهاتەی ناودا:

ئاوەڵناو لە ڕێگەی دارِشـتن و لێکدانەوە ناوی ناسـادە پێکدەهێنێت، ئەمەش لە چەند ڕێگایەکەوە دەبێت، کە بریتین لە ڕێگای دارِشتن و ڕێگای لێکدان، بەیارمەتیی مۆرفیمی وشە دارِێژ ئەم ئەرکە دەبینێت.

### ١-٢/١- ١) ڕێگەی دارِشتن:

لەم ڕێگەیەوە ئاوەڵناو بە هۆی  پاشگرەوە ناوی دارِێژراو پێکدەهێنێت، کۆمەڵێك مۆرفیمی وشەدارِێژی فرەئەرك هەن لەگەڵ ئاوەڵناودا چالاکن لە دروستکردنی ناوی دارِێژراودا.

**<u>ئاوەڵناو+پاشگر= ناوی دارِێژراو</u>**

کۆی ئەم نـاوانەی خوارەوە کە ئاوەڵناو لەگەڵ مۆرفیمە وشـــەدارِێژەکاندا ئەرکی پێکهێنانیان دەبینێت لەژێر چەتری ئەم یاسایەی سەرەوەدا کۆدەبنەوە:

وەك: ئاوەڵناو+/-کەر/= ناوی دارِێژراو /خۆشکەر، تیژکەر،.../ (نوری عەلی ئەمین:١٩٥٨: ٢٤).
وەك: ئاوەڵناو+/-ێنە/= ناوی دارِێژراو /زەردێنە، ڕەشێنە،.../

وەك: ئاوەڵناو+/-انی/= ناوی داڕێژراو /وشكانی، ڕەقانی،.../ (نەرمین عومەر ئەحمەد:٤٧:٢٠١٠).
وەك: ئاوەڵناو+/-یلانە/= ناوی داڕێژراو /وردیلانە،.../
وەك: ئاوەڵناو+/-ی/= ناوی داڕێژراو /جوانی، كوێری،.../
وەك: ئاوەڵناو+/-ینگە/= ناوی داڕێژراو /خرینگە،.../ ئەم ناوە (خرینگە) بە واتای دەنگی خشڵ دێت كاتێك خشڵەكان بەریەك دەكەون.
وەك: ئاوەڵناو+/-یی/= ناوی داڕێژراو /گەورەیی، هەرزەیی،... /
وەك: ئاوەڵناو+/-وەری/= ناوی داڕێژراو /كوێرەوەری،.../
وەك: ئاوەڵناو+/-ستان/= ناوی داڕێژراو /تاریكستان،... /
وەك: ئاوەڵناو+/-كە/= ناوی داڕێژراو /سوركە، ڕەشكە،.../ (سوركە) ناوە بۆ گوڵەبەڕۆژەی بێناوكی پوچەڵ.
وەك: ئاوەڵناو+/-ەك/= ناوی داڕێژراو /كورتەك، بەرزەك،.../
وەك: ئاوەڵناو+/-ۆكە/= ناوی داڕێژراو /ترشۆكە، مزرۆكە،.../
وەك: ئاوەڵناو+/-ەمەنی/= ناوی داڕێژراو /ساردەمەنی، شیرنەمەنی،.../
وەك: ئاوەڵناو+/-ەن/= ناوی داڕێژراو /ڕووتەن، لێژەن،.../
وەك: ئاوەڵناو+/-ە/= ناوی داڕێژراو /چاكە، تەنكە،.../
وەك: ئاوەڵناو+/-ەڵان/= ناوی داڕێژراو /سەوزەڵان، ڕەقەڵان،.../
وەك: ئاوەڵناو+/-ان/= ناوی داڕێژراو /نەرمان، ڕەقان،.../
وەك: ئاوەڵناو+/-انە/= ناوی داڕێژراو /پاكانە، گێلانە،.../
وەك: ئاوەڵناو+/-ك/= ناوی داڕێژراو /گەرمك، ئەستوورك،.../
وەك: ئاوەڵناو+/-ندە/= ناوی داڕێژراو /دڕندە،.../
وەك: ئاوەڵناو+/-ایی/= ناوی داڕێژراو /پانایی، تاریكایی،.../
وەك: ئاوەڵناو+/-ایەتی/= ناوی داڕێژراو /كەمایەتی، بڵندایەتی،.../
وەك: ئاوەڵناو+/-ێتی/= ناوی داڕێژراو /بەرزێتی، سپێتی،.../
وەك: ئاوەڵناو+/-ەتی/= ناوی داڕێژراو ((سپیەتی، گەورەیەتی))، (ئەورەحمانی حاجی مارف :١٩٧٩: ١٢٦، ١٢٧).

وەك: ئاوەڵناو+/-كیلە/= ناوی داڕێژراو /جوانكیلە،.../

وەك: ئاوەڵناو+/-ین/= ناوی داڕێژراو /نەرمین، سەوزین، بەرزین،.../ ئەم سێ جۆرەناوە وەك ناوی تایبەتی مرۆڤ بەكاردێن.

وەك: ئاوەڵناو+/- ێن/= ناوی داڕێژراو /سوورێن، ڕەشێن،.../ (نوری عەلی ئەمین:٢٠١٢: ١١٣).

وەك: ئاوەڵناو+/-ك/= ناوی داڕێژراو /شینك/، (شینك) ناوی ئەوناوچەیە كە دەكەوێتە نێوان چیاكان، واتە ناوی شوێنە .

## ٢/١-١-٢) ڕێگەی لێكدان:

ئاوەڵناو لەگەڵ وشەیەكی سەربەخۆی واتادار، هەندێك جاریش بەیارمەتی مۆرفیمێكی بەند، ناوێكی لێكدراو پێكدەهێنن:

### أ- ئاوەڵناو+ناو= ناوی لێكدراو

وەك: ئاوەڵناو+ناو= ناوی لێكدراو /ڕەشمار، ڕەشماڵ، خۆشباوەڕ،.../

### ب- ناو+ناوبەندی/-ە-/+ئاوەڵناو= ناوی لێكدرا

وەك: ناو+/-ە-/+ئاوەڵناو= ناوی لێكدراو /كێلەشین، كێوەڕەش، مێرگەپان،.../

### پ- ئاوەڵناو+ناوبەندی/-ە-/+ناو= ناوی لێكدراو

وەك: ئاوەڵناو+/-ە-/+ناو= ناوی لێكدراو /سورەقەڵا، سەوزەگیا، شۆڕەژن،.../

### ت- ئاوەڵناو+ڕەگی ڕانەبردووی كردار= ناوی لێكدراو

وەك: ئاوەڵناو+ڕەگی ڕانەبردووی كردار= ناوی لێكدراو /خۆشنووس، جوانڕۆ، خۆشكوڵ،.../

**ج- ئاوەڵناو+ڕەگی ڕانەبردووی کردار+ پاشگر= ناوی لێکدراو**

وەك: ئاوەڵناو+ڕەگی ڕانەبردوو+/-یی/= ناوی لێکدراو /زۆربلێیی، زۆروەڕیی،.../

**چ- ئاوەڵناو+ناو+پاشگر/-ی/= ناوی لێکدراو**

وەك: ئاوەڵناو+ناو+/-ی/= ناوی لێکدراو /کەم خوێنی، کەم دەستی،.../

**ح- ئاوەڵناو+ئاوەڵناو (دووبارەکردنەوەی هەمان ئاوەڵناو)= ناوی لێکدراو**

وەك: ئاوەڵناو+ئاوەڵناو= ناوی لێکدراو /لاولاو،.../

## ١/٢-١-٣) تایبەتمەندییەکانی ئاوەڵناو لە پێکهاتەی ناوی ناسادەدا:

١- تایبەتییەکانی ناو وەردەگرێت، وەك ناو ڕەفتاردەکات .

وەك: ڕەشماڵ+ەکە= ڕەشماڵەکە

٢- ئاوەڵناوە دەبێت بە بەشێك لە پێکهاتەکە، هەموو پێکهاتەکە وەك یەك بەشی سەربەخۆ کاردەکات.

٣- زۆربەی کات ئاوەڵناوەکە لە پێکهاتەکەدا توانای جێگۆڕکێی نییە، چونکە بەجێگۆڕکێکردن ئەرك و واتا دەگۆڕدرێت .

وەك: خۆش باوەڕ ، *باوەڕخۆش

## ٢/١-٢) ئەركی ئاوەڵناو لە پێكهاتەی ئاوەڵكرداردا:

ئاوەڵناو لە ڕێگەی دارشـــتن و لێكدانەوە بەیارمەتـی مۆرفیمێكی تر، یان چەند مۆرفیمێك بەیەكەوە هەموویـان ئەركی ئـاوەڵكردار دەبینن، هەنـدێكجـاریش لە ڕســـتەدا ئـاوەڵنـاوە چۆنیەتیەكـان دەبن بە ئاوەڵكرداری چۆنیەتی، لە هەندێك زماندا ئاوەڵناو لەگەڵ مۆرفیمی وشـــەداڕێژدا چالاكە بۆ پێكهێنانی ئاوەڵكردارلەم بارەیەوە (كەتەمبە و جۆن) باس لە چالاكی ئاوەڵناو لەگەڵ پاشـــگر (suffix) دەكەن لە زمانی ئینگلیزیدا مۆرفیمی وشەداڕێژی پاشگری (ly) چالاكە لە گۆڕینی ئاوەڵناو بۆ ئاوەڵكردار

| Adjective | Adverb |
|---|---|
| (گەورە)  grand | grandly |

(katamba andjohnStonham :2006: 76).

### ٢/١-٢-١) ڕێگەی داڕشتن:

ئاوەڵناو بەهۆی پاشـــگر، پێشـــگر، یان هەردووكیان (پاشـــگر و پێشـــگر) ئاوەڵكردارێكی داڕێژراو پێكدەهێنن.

### أ- پێشگر+ئاوەڵناو= ئاوەڵكرداری داڕێژراو

وەك: /بە-/+ئاوەڵناو= ئاوەڵكرداری داڕێژراو /بەپەلە/، /بە-/ لە بنەڕەتدا پێشـبەندە، بەڵام كاتێك لەگەڵ وشەی (پـــەلـــــە) هـــاتـــووە، ئـــەركـــی وشەسازی بەجێهێناوە، بووە بە پێشگر و وشەی داڕێژراو پـێكهێنـاوە (ئەوڕەحمانی حاجی مارف : ١٩٩٨: ١٥٥).
وەك: /بێ-/+ئاوەڵناوی سادە= ئاوەڵكرداری داڕێژراو  /بێترس،.../

**ب- ئاوەڵناو+پاشگر= ئاوەڵکرداری داڕێژراو**

وەك: ئاوەڵناو+/-انە/= ئاوەڵکرداری داڕێژراو /ژیرانە، چالاکانە، زیرەکانە،.../ هەندێکجار دوو پێکهاتەی جیاواز هەمان یاسای پێکهاتنیان هەیە، هەمان فۆرم وەردەگرن لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا وەك یەك پێکهاتوون، تەنها ئەرکەکەیان پۆلی پێکهاتەکە جیادەکاتەوە، وەك /ژیرانە/ کاتێك لە ڕستەدا بەکاردێت، دەزانین کە ئاوەڵناوە یاخود ئاوەڵکردارە.

**پ- پێشگر+ئاوەڵناوی سادە+پاشگر= ئاوەڵکرداری داڕێژراو**

وەك:/ بە-/+ئاوەڵناو+/-ی/= ئاوەڵکرداری داڕێژراو /بەجوانی،بەگرانی،.../

وەك: /بە-/+ئاوەڵناو+/-یەتی/= ئاوەڵکرداری داڕێژراو /بەئازایەتی،.../

وەك: /بە-/+ئاوەڵناو+/-ێتی/= ئاوەڵکرداری داڕێژراو /بەقارەمانێتی،.../

وەك: /بە-/+ئاوەڵناو+/-ایەتی/= ئاوەڵکرداری داڕێژراو /بەمەردایەتی،.../

وەك: /بە-/+ئاوەڵناو+/-ایی/= ئاوەڵکرداری داڕێژراو /بەبەرزایی،بەقوڵایی،.../

### ٢/١-٢-٢) ڕێگەی لێکدان:

ئاوەڵناو و وشەیەکی واتادار، یان زیاتر بەشداری پێکهاتەی ئاوەڵکرداری لێکدراو دەکەن .

**أ- ئاوەڵناو+ئاوەڵناو(دووبارە بوونەوەی هەمان ئاوەڵناو)= ئاوەڵکرداری لێکدراو**

وەك: ئاوەڵناو+ئاوەڵناو= ئاوەڵکرداری لێکدراو /هێدیهێدی، هێواش هێواش/ (نەرمین عومەرئەحمەد:٢٠١٠: ٥٨).

**ب- ئاوەڵناو+ ناوبەند+ناو= ئاوەڵکرداری لێکدراو**

وەك: ئاوەڵناو+/-بە-/+ناو= ئاوەڵکرداری لێکدراو /پڕبەدەم، پڕبەدڵ/

**ب- پێشگر+ئاوەڵناوی لێکدراو+مۆرفیمی پاشگر= ئاوەڵکرداری لێکدراو**

وەك:/بە-/+ئاوەڵناوی لێکدراو+/-ی/ =ئاوەڵکرداری لێکدراو /بەدڵشکاوی،.../

### ١/٢-٢-٣) تایبەتمەندییەکانی ئاوەڵناو لە پێکهاتەی ئاوەڵکرداردا:

١- ئاوەڵناو کاتێك دەبێت بە بەشێك لە پێکهاتەی ئاوەڵکردار تایبەتییەکانی خۆی لەدەست دەدات.

٢- ئاوەڵناو لە ناوپێکهاتەی ئاوەڵکرداردا وەك ئاوەڵکردار ڕەفتاردەکات، دەوری ئاوەڵکرداری چۆنیەتی دەگێڕێت .

٣- لە پێکهاتەی ڕستەدا ئەرکی ئاوەڵگوزارە دەبینێت.

### ١/٢-٣) ئەرکی ئاوەڵناو لە پێکهاتەی چاوگدا:

ئاوەڵناو ئەرکی دارشــتن و لێکدانی چاوگ دەبینێت، بە یارمەتی مۆرفیمە بەند و ســەربەخۆکان چاوگی داڕێژراو، لێکدراو پێکدەهێنێت، ئەمەش بەم دوو ڕێگەیەی خوارەوە دەبێت .

### ١/٢-٣-١) ڕێگەی داڕشتن:

لە ئێســتای زمانی کوردیدا ئاوەڵناو لە داڕشــتنی چاوگی داڕێژراودا تا ڕادەیەك ســســتە و ناتوانرێت بەچالاك دابنرێت.

وەك: ئاوەڵناو+/-اندن/= /گناندن/ ئەم زاراوەیە /گناندن/ (وریاعومەرئەمین ) لەئاســـتی دەنگســـازیدا بەکاری هێناوە .[1] /گنی/ ئاوەڵناوە، واتە /منگن/ .

---

(١) (وریا عومەر ئەمین) ئەم زاراوەیەی لەئاستی دەنگسازیدا، لە وانەی زانکۆیێ خوێندنی باڵا ماستەر( ٢٠١٢-٢٠١٣) بەکارهێناوە.

وەك: ئاوەڵناو+/-اندن/= /ڕووتاندن/ ڕۆژان نوری عبدالله) باس لەم پاشــگرە/-اندن/ دەكات كە لەگەڵ ئاوەڵناودا دێت، بەڵام باســی لەوە نەكردووە چ بەشــێكی ئاخاوتن پێكدەهێنێت. ((دەچێتە ســەر ئاوەڵناو وشـــەی نوێی لێ دادەڕێژرێت. ڕووت+(- اندن)ڕووتاندنەوە))، (ڕۆژان نوری عبدالله: ٢٠٠٧: ٩٧).
ئەم كردارە لە ئێستای زمانەكەماندا زۆربەكاردێت، تەنانەت بووە بە ئیدیۆم و بەكارهێنانی زۆرە.
وەك: (( (ڕووتاندنەوە) بەزۆری شت لە یەكێ سەندن ))، (عەبدولوەهاب شێخانی :٢٠٠٩: ١٦٥).
لە كۆی ئەوەدا دەتوانین بڵێین یاسایەكمان دەستدەكەوێت كە بریتییە لە :

**<u>ئاوەڵناو+پاشگری/-اندن/= چاوگی داڕێژراو</u>**

وەك: ئاوەڵناو+/-اندن/ = چاوگی داڕێژراو /گناندن، ڕووتاندن،.../، (ڕووتاندن) یش خۆی بەتەنیا بەكار نایەت چونكە واتای نییە، دەبێت پاشـــگری /-ەوە/ ی بخرێتەســـەر ئەوكات دەبێت بە چاوگێكی خاوەن واتا

وەك: /ڕووتاندن/+/-ەوە/ = ڕووتاندنەوە

## ٢/١-٣-٢) ڕێگەی لێكدان:

ئاوەڵناو لەگەڵ چاوگدا چاوگێكی لێكدراو پێكدەهێنێت (ئەورەحمانی حاجی مارف : ٢٠٠٠: ٩٨).
ئاوەڵناو بەهەرسێ جۆرەكەیەوە (سادە،داڕێژراو، لێكدراو) لەگەڵ چاوگدا، چاوگی لێكدراو پێكدەهێنن، لەمەشەوە دەتوانین یاسایەكی گشتی بەرجەستەبكەین .

**<u>أ- ئاوەڵناو(سادە، داڕێژراو،لێكدراو)+چاوگی(سادە، داڕێژراو)= چاوگی لێكدراو</u>**

وەك: ئاوەڵناوی سادە+چاوگی سادە= چاوگی لێكدراو /ژیربوون، بەرزكردن،.../
وەك: ئاوەڵناوی داڕێژراو+چاوگی سادە= چاوگی لێكدراو /نەخۆشكەوتن، ناپاكی كردن،.../
وەك: ئاوەڵناوی لێكدراو+چاوگی سادە= چاوگی لێكدراو /ڕووسپیكردن، دڵخۆشكردن،.../
وەك: دووبارەكردنەوەی ئاوەڵنا+چاوگی سادە= چاوگی لێكدراو /وردوردكردن،.../
وەك: ئاوەڵناوی سادە+چاوگی داڕێژراو= چاوگی لێكدراو /زەردهەڵگەڕان، سوربوونەوە،.../

وەك: ئاوەڵناوی داڕێژراو+چاوگی داڕێژراو= چاوگی لێکدراو /بەهێزکردنەوە، نەخۆش کەوتنەوە،.../

وەك: ئاوەڵناوی لێکدراو+چاوگی داڕێژراو= چاوگی لێکدراو /دڵساردکردنەوە، ژێردەستبوونەوە،.../

وەك: دووبارەکردنەوی ئاوەڵناو+چاوگی داڕێژراو= چاوگی لێکدراو /ورد ورد بوونەوە،.../ لە پێکهاتەی چاوگی لێکدراودا (بوون) لەگەڵ ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکردار، ژمارەدا ڕێك دەکەوێت، بەڵام لەگەڵ ئاوەڵناودا زیاتر دەگونجێت (ئەورەحمانی حاجی مارف :٢٠٠٠: ١٠٤).

## ٣/١) ئەرکی کردار لە پێکهاتەی وشەکاندا:

کردارلە دەوروچالاکیدا یەکێکە لە بەشە ئاخاوتنە گرنگەکان کە هاوبەشی دەکات و ئەرك دەبینێت لە پێکهاتەکانی تردا (ئەورەحمانی حاجی مارف . ٢٠٠٠: ٣). گرنگی کردار لەوەدایە، کە بەشداری لە پێکهێنانی بەشە ئاخاوتنەکانی تردا دەکات بە شێوەی (قەد، ڕەگ) لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین گرنگیی کردار لە هی ناو کەمتر نییە.

### ١-٣/١) ئەرکی کردار لە پێکهاتەی ناودا:

کردار بە (ڕەگی ڕابردوو، ڕانەبردوو) واتە بەقەد، ڕەگ بەشداری پێکهێنانی ناوی داڕێژراو، لێکدراو دەکات، ئەو ناوانەی کە کردار بە یارمەتی مۆرفیمەوشەداڕێژەکان، وشە واتادارەکان پێکیان دەهێنێت، لەڕووی ئەرك و واتاوە بریتین لە (ناوی بکەر، ناوی بەرکار، ناوی چاوگ، ناوی شوێن، ئامێر،...).

### ١-١-٣/١) ئەرکی کردار لە پێکهاتەی ناوی بکەردا:

ناوی بکەر بەو ناوە دەوترێت کە لە چاوگ وەرگیراوە، واتای ڕووداوێك لەلایەن ئیشکەرێکەوە دەگەیەنێت، توانا تایبەتییەکەی سیفەتێکی دەداتێ. (ڕەفیق محەمەد شوانی: ٢٠٠٨: ٧٤).

### ۱-۱-۱-۳/۱) ڕێگەی داڕشتن:

کردار یەکێکە لە بەشەئاخاوتنە چالاکەکان کە بەشێوەی ڕەگی ڕانەبردوو، ڕەگی ڕابردوو، لەگەڵ مۆرفیمی وشەدارێژ ئەرکی پێکهێنانی ناوی بکەری داڕێژراو دەبینێت.

**<u>أ- ڕەگی ڕابردووی کردار+پاشگر= ناوی بکەری داڕێژراو</u>**

ڕەگی ڕابردووی کردار بەیارمەتیی پێشگر، پاشگر ناوی بکەر پێکدەهێنێت، ئەم پاشگرانەی کە توانای پێکهێنانی ناوی بکەریان هەیە بریتین لە /-وو/، /-ە/، /-ەوار/-گار/ لەناوئەمانەدا /-وو/،/-ە/ چالاکن و /-ەوار/، /-گار/ سستن .

وەك: ڕەگی ڕابردوو+/-وو/= /کەوتوو، خەوتوو، گەڕاوو،.../ ئەم پاشگرە/- وو/ لەگەڵ ڕەگی ڕابردووی کرداری تێنەپەڕی خوازەکی ناوی بکەر ڕۆدەنێت (ئەورەحمانی حاجی مارف: ۲۰۰۰: ۱۱۱ ) .

وەك: ڕەگی ڕابردوو+/-ە/= /مردە/

وەك: ڕەگی ڕابردوو+/-ەوار/= /خوێندەوار/

پاشگری/-ەوار/ تەنها لەگەڵ کرداری تێپەڕدا بەکاردێت، لە ناو ئەوانیشدا تەنها لەگەڵ کرداری /خوێند/ دێت (ئەورەحمانی حاجی مارف:۲۰۰۰: ۱۱٦).

وەك: ڕەگی ڕابردوو+/-گار/= /کردگار/

**<u>ب- پێشگر+ڕەگی ڕابردووی کردار+پاشگر= ناوی بکەری داڕێژراو</u>**

وەك: /لێ-/+ڕەگی ڕابردوو+/-وو/= /لێکەوتوو،.../

وەك: /هەڵ-/+ڕەگی ڕابردوو+/-وو/= /هەڵکەوتوو،.../

وەك: /لێ-/+ڕەگی ڕابردوو+/-ە/= /لێکەوتە،.../

وەك: /هەڵ-/+ڕەگی ڕابردوو+/-ە/= /هەڵکەوتە،.../

وەك: / تێ-/+ڕەگی ڕابردوو+/-وو/= /تێکەوتوو،.../  جۆری کردار لە ڕووی تێپەڕو تێنەپەڕیەوە جیاوازن لە پێکهاتەی ناوی بکەری داڕێژراو  و ناوی بەرکاری داڕێژراو، بۆئەوەی لە باسەکە دەرنەچین، تیشکمان نەختەسەر جۆری کردارەکە بۆ زانیاری زیاترلەسەر ئەم بابەتە بڕوانە: (ئەورەحمانی حاجی مارف: ٢٠٠٠: ١١١-١١٣).

## پ- پێشگر+ڕەگی ڕانەبردووی کردار= ناوی بکەری داڕێژراو

وەك: /ب-/+ڕەگی ڕانەبردوو= /بوێر، بکوژ/ لەگەڵ تێپەڕدابەکاردێ .

وەك: /نە-/+ڕەگی ڕانەبردوو= /نەمر، نەزان/ لەگەڵ کاری تێپەڕوتێنەپەڕدا دێت.

وەك: /ڕا-/ +ڕەگی ڕانەبردوو= /ڕاگر/

وەك: /دا-/+ڕەگی ڕانەبردوو= /داهێن، داپاچ/ (پاچ)ڕەگی ڕانەبردووی (پاچین)ە

وەك: /هەڵ-/+ڕەگی ڕانەبردوو= /هەڵبژێر، هەڵپاچ/

وەك: /وەر-/+ڕەگی ڕانەبردوو= /وەرگێر/

وەك: / پێ-/+ڕەگی ڕانەبردوو= /پێگر/

وەك: /تێ-/+ڕەگی ڕانەبردوو= /تێگر/ ئەم پێشگرانە / ڕا-، ڕە-، دا-، هەڵ-، وەر-، تێ-، پێ-/ ئەمانە لەگەڵ کرداری تێپەڕبەکاردێن، بۆ پێکهێنانی ناوی بکەری داڕێژراو.

## ت- ڕەگی ڕانەبردووی کردار+پاشگر= ناوی بکەری داڕێژراو

وەك: ڕەگی ڕانەبردوو+/-ەر/= /بینەر، چێنەر، پێوەر/ (ڕفیق محمدشوانی: ٢٠٠٨: ٧٨)

وەك: ڕەگی ڕانەبردوو+/-ا/= /توانا، زانا، بینا،.../

وەك: ڕەگی ڕانەبردوو+/-یار/= /کڕیار، فرۆشیار، زانیار، بڕیار.../

وەك: ڕەگی ڕانەبردوو+/-گار/= /پارێزگار،.../

وەك: ڕەگی ڕانەبردوو+/-نۆك/= /ترسنۆك، گرینۆك،.../

وەك: ڕەگی ڕانەبردوو+/-ۆك/= /گەڕۆك، لەرزۆك،... / [1]

وەك: ڕەگی ڕانەبردوو+/-ندە/= /بەخشندە،.../

وەك: ڕەگی ڕانەبردوو+/-یدە/= /گەڕیدە/ (ئەورەحمانی حاجی مارف: ٢٠٠: ١٥٧-١٦١).

## ج- پێشگر+ڕەگی ڕانەبردوو+پاشگر= ناوی بکەری دارێژراو

وەك: /دا-/+ڕەگی ڕانەبردوو+/-ەر/= /داهێنەر، دانەر، دادەر/ ڕەگی (دان) کە بریتیە لە (دە) پاشگری/-ەر/کە کۆتاییەکەی پیتی بزوێنە /ە/ ئەم دوو بزوێنە یەکێکیان تێدەچێت

وەك: /ڕا-/+ڕەگی ڕانەبردوو+/-ەر/= /ڕاهێنەر، ڕاخەر،.../

وەك: /تێ-/+ڕەگی ڕانەبردوو+/-ەر/= /تێکۆشەر، تێبینەر،.../

وەك: /هەڵ-/+ڕەگی ڕانەبردوو+/-ەر/= /هەڵسوڕێنەر، هەڵخەڵەتێنەر،.../

ڕەگی کردار بە یارمەتی مۆرفیمە وشەدارێژەکان ئەرکی پێکهێنانی ناوی بکەر دەبینێت، ئەم ناوانەی کە بەهۆی یاسای (ج) پێکهاتوون، لە ئێستای زمانی کوردیدا لە بوارە جیاوازەکانی ژیانی ڕۆژانەدا بەکاردێن، بۆنمونە ناوی (هەڵسوڕێنەر) ئەگەر لەپێشدا لە بواری میکانیکی بەکارهاتبێت ئەوا ئەمڕۆ سەرەڕای بوارەکەی خۆی لە بواری ڕامیاری و بەڕێوەبردندا بەکاردێت و بووە بە ناوێکی فرەئەرك .

## ٣/١-١-١-٢) ڕێگەی لێکدان:

کردار بە بەشی سەرەکی دادەنرێت لەگەڵ وشەیەکی تر بۆ پێکهێنانی ناوی بکەری لێکدراو، ڕەگی ڕابردوو، ڕەگی ڕانەبردوو بەسادەیی، یان بەدارێژراویی ئەم ئەرکە جێبەجێدەکەن، بەپێی چەند یاسایەك

---

(١) ڕەگی (گەڕان) بریتییە لە (گەڕێ)، بەڵام (ێ) کۆتایی تێچووە، چونکە دووبزوێن بەدوای یەکدا نایەن.

## أ- ناو+ڕەگی ڕابردووی کردار+پاشگر= ناوی بکەری لێکدراو

وەك: ناو+ڕەگی ڕابردوو+/-وو/= /کۆستکەوتوو، ژنمردوو/ (( وشـەی واتادارو قەد بە یەکەوە ناوی کارا سازناکەن پێویستە بەدوای قـــــــەدەکــــــەدا پاشگـرێــــك بـــێـت ئـــەوجـــا نـــاوی کـــارا پـەیدا دەبێـت))، (ئەورەحمـانی حـاجي مـارف : ٢٠٠٠: ١١٧). ڕەگی ڕابردووی کرداری تێپەڕ، تێنەپەڕ بەیارمەتی مۆرفیمی پاشـگر توانای پێکهێنانی ئەم جۆرەناوەیان هەیە، بە مەرجێك ئەو ناوەی کە لەپێش کردارەکەوە دێت دەوری بەرکاری وەرگرتبێت. ((ئـــــــــــــەم ڕێژەیە خۆی لە خۆیدا دەبێتە ئاوەڵناو بـــــەشـــــێــــوەی لــــــێـکــدراوی، بێ بەکارهێنان، چوونکە پێکهاتنێکی وەسفی هـــەیـــە هـــەروەهـــا دەبێتە ناویش))، (ڕەفیق محەمەدشوانی :٢٠٠٠٨: ١٠٤).

## ب- ناو+ڕەگی ڕانەبردووی کردار= ناوی بکەری لێکدراو

وەك: ناو+ڕەگی ڕانەبردوو= /دارتاش، پەیامنێر/

## پ- ناو+ڕەگی ڕانەبردووی کرداری دارێژراو= ناوی بکەری لێکدراو

وەك: ناو+/هەڵ-/+ڕەگی ڕانەربدوو= /بارهەڵگر، گۆڕهەڵکەن، کۆڵ هەڵگر/

وەك: ناو+/ڕا-/+ڕەگی ڕانەبردوو= /گوریس ڕاکێش/

## ت- ئاوەڵکرداری شوێنی+ڕەگی ڕانەبردووی کردار= ناوی بکەری لێکدراو

وەك: ئاوەڵکردار/لا/+ڕەگی ڕانەبردوو= /لاگر،.../

وەك: ئاوەڵکردار/پێش/+ڕەگی ڕانەبردوو= /پێشگر،.../

وەك: ئاوەڵکردار/دوا/+ڕەگی ڕانەبردوو= /دواگر/

ئـاوەڵکرداری شـــوێنی لە پێکهێنـــانی نـاوی بکەری لێکـدراولەگەڵ ڕەگی کرداری تێپەڕدا چـالاکە و لەگەڵ کرداری تێنەپەڕیشدا بەکارهێنانی کەمە (ڕەفیق محەمەدشوانی: ٢٠٠٠: ١٠٥).

## ٣/١-١-١-٣) تایبەتمەندییەکانی کردار لە پێکهاتەی ناوی بکەردا:

١- کرداردەبێتە بەشێکی سەرەکی پێکهاتەکە .

٢- بەتایبەتی لە کردەی دارشتندا مۆرفیمەکانی ترلە ژێر دەسەڵاتی کردارەکەدا دەبن.

٣- بەشـێك لە ڕەگی ڕابردوو، ڕەگی ڕانەبردووی کردار کە لە کۆتایی پێکهاتەکەدا دێن، بە وەرگرتنی مۆرفیمی/-ی/ پاشگر ناوی ئەبستراکت پێکدێنن.

وەك: /خۆفرۆش/+/-ی/= /خۆفرۆشی/، /بێگانەپەرست/+/-ی/= /بێگانەپەرستی/

٤- کردارلە پێکهاتەی ناوی بکەردا وەك بەشێك لەناوی گشتی دەتوانێت مۆرفیمەکانی (کۆ، ناسراوی، نەناسراوی) وەربگرێت، ئەمەش بەهۆی هەڵکەوتەی ناوی بکەرەکەیە .

وەك: /نەمر/+/-ان/= /نەمران /

وەك: /دارتاش/+/-ەکە/= /دارتاشەکە/

وەك: /ڕاهێنەر/+/-ێك/= /ڕاهێنەرێك/

## ٣/١-١-٢) ئەرکی کردار لە پێکهاتەی ناوی بەرکاردا:

ناوی بەرکار ناوێکە لە چاوگ وەرگیراوە، بکەری تێدا بەدی ناکرێت، ڕووداوەکەی دەکەوێتە ســـەر بەهۆی واتا، ئەوکردەوەیەیی کە بەسەری هاتووە، بۆی بووە بە سیفەتێکی هەمیشەیی، کەس وکاتی تێدا نییە، بەڕێگەی دارشتن، لێکدان پێکدێت. (ڕەفیق محەمەد شوانی: ٢٠٠٨: ١١٢).

## ٣/١-١-٢-١) ڕێگەی دارشتن:

ناوی بەرکاری دارێژراو لە ڕەگی ڕابردوو، ڕەگی ڕانەبردوو بەیارمەتی مۆرفیمەوشـــەدارێژەکان پێکدێت.

**<u>أ- ڕەگی ڕابردووی کردار+پاشگر= ناوی بەرکاری داڕێژراو</u>**

وەك: ڕەگی ڕابردوو+/-وو/= /مردوو، پۆشـــیوو،.../ ڕەگی ڕابردووی کرداری تێنەپەڕی ڕوودان، ڕەگــی ڕابردووی کرداری تێپەڕ لــــــەگــــــەڵ پاشگــــــــری /وو-/ نــــاوی بەرکاری داڕێژراو پێکدەهێنێت. (ئەوڕەحمانی حاجی مارف : ٢٠٠٠: ١١٨-١٢٠).

وەك: ڕەگی ڕابردوو+/-ە/= /کوشتە، ڕستە،.../ ئەم جۆرە پاشگرە لەگەڵ ڕەگی ڕابردووی کرداری تێپەڕدا بەتایبەت لەگەڵ کۆتایی هاتووبە (ت، د) دێت.

**<u>ب- ڕەگی ڕانەبردوو کردار:</u>** لە ســـەرئەو بنەمایەی کە کرداری بکەرنـادیارلە ڕەگی ڕانەبردووی کردارەوە وەردەگیرێت، کە دەستورێکی زمــانی کـــوردیـــــە، بـــۆیـــە دەکـــرێ وشـــەکـــانـــی (کێڵراو، نووسراو) ڕێــــگـــــــــەی دروســــــتبـوونیــان بـە هـــۆی ڕەگـــیـــشـــەوە لـێـك بــدرێـتەوە (ئەورەحمانی حاجی مارف : ٢٠٠٠: ١٦٣).

## ٣/١-١-٢-٢) ڕێگەی لێکدان:

ناوی بەرکاری لێکدراو بەهاوبەشی ڕەگی کردار بەپێی ئەم یاسایانە پێکدێت.

**<u>أ- ناو+ڕەگی ڕابردووی کردار+پاشگری/-وو/= ناوی بەرکاری لێکدرا</u>**

وەك: ناو+ڕەگی ڕابردوو+/-وو/= /گورگ خواردوو، دزبردوو/ ناو بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ ڕەگی کردار، مۆرفیمی پاشگر ناوی بەرکار پێکدەهێنن (ڕەفیق محەمەدشوانی : ٢٠٠٨: ١١٦).

**<u>ب- ئاوەڵکردار+ڕەگی ڕانەبردووی کردار= ناوی بەرکاری لێکدراو</u>**

وەك: ئــاوەڵکردار+ڕەگی ڕانەبردوو= /بەرکوڵ، بەرپرس، بنکێش/ (کوڵ)، ڕەگی (کوڵین)ە، نــاوی بەرکاری لێکدراوی پێکهاتوولەڕەگی ڕانەبردووی کردار بەیارمەتی ئاوەڵکردار دەشــێ ڕەگی کردارەکە تێنپەڕیان تێپەڕبێت (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ٢٠٠٠: ١٦٤).

**<u>پ- ناو+ڕەگی ڕانەبردووی کردار+پاشگر= ناوی بەرکاری لێکدراو</u>**

وەك: ناو+ڕەگی ڕانەبردوو+/-ە/= /کاروان کوژە، چاوئێشە،.../

### ۳/۱-۱-۲-۳) تایبەتمەندییەکانی کردار لە پێکهاتەی ناوی بەرکاری:

۱- کرداردەبێت بە بەشێکی سەرەکی پێکهاتەی ناوی بەرکار.

۲- کردار زۆربەی تایبەتییەکانی خۆی لەدەست دەدات.

۳- لە هەندێك شوێندا کردار لە ناو پێکهاتەکەدا تواناى وەرگرتنی مۆرفیمی نەرێکردنی/نە-/ی هەیە، کە واتای نەرێ دەگەیەنێت.

وەك: /نووسراو/+/نە-/= /نەنووسراو/

٤- کردارکاتێك بوو بە بەشـــێك لە پێکهاتەکە دەتوانێت تایبەتییەکانی ناو وەربگرێت، کە لەوەوپێش نەیتوانیوە، ئاوا ڕەفتاربکات .

وەك: /بەرپرس/+/-ان/= /بەرپرسان /

### ۳/۱-۱-۳) ئەرکی کردار لەپێکهێنانی ناوی چاوگدا:

کردار ئەرکی پێکهێنـانی نـاوی چـاوگ دەبینێت، لە پێکهـاتنی نـاوی چـاوگدا ڕەگی ڕابردوو، ڕەگی ڕانەبردوو بەیارمەتی کۆمەڵێك مۆرفیمی وشـــەداڕێژ ئەم ئەرکە جێبەجێ دەکەن. ((بۆیە پێی دەوترێ نـاوی چـاوگ چوونکە لە چـاوگەوە وەردەگیرێـت))، (ڕەفیق محمد شـــوانی:۲۰۰۰: ۱۲۲). واتـای چاوگەکانیان لە خۆدەگرن، هەر بەهۆی واتاکەشیانەوە دەزانرێت کە ناون .

### ۳/۱-۱-۳-۱) ڕێگەی داڕشتن:

**<u>أ- ڕەگی ڕابردووی کردار+پاشگر= ناوی چاوگی داڕێژراو</u>**

وەك: ڕەگی ڕابردوو+/-ار/= /کوشتار، وتار/

وەك: ڕەگی ڕابردوو+/-ە/= /کوشتە، وتە/

وەك: ڕەگی ڕابردوو+/-ەمەنی/= /خواردەمەنی، سوتەمەنی/

وەك: ڕەگی ڕابردوو+/-ەوە/= /كردەوە/ (ئەورەحمانی حاجی مارف:٢٠٠٠: ١٢٤).

## ب- ڕەگی ڕانەبردووی كردار+پاشگر= ناوی چاوگی دارێژراو

وەك: ڕەگی ڕانەبردوو+/-ەنی/= /بەستەنی/

## پ- ڕەگی ڕانەبردووكردار= ناوی چاوگ

وەك: ڕەگی ڕانەبردووی كرداری تێنەپەڕ= /لەرز، خەو، ڕەنج،.../

وەك: ڕەگی ڕانەبردووی كرداری تێپەڕ= /پرس، پێچ،.../

## ت- ڕەگی ڕانەبردووی كردار+پاشگر= ناوی چاوگی دارێژراو

وەك: ڕەگی ڕانەبردوو+/-ە/= /كۆكە، ناڵە، پرسە،.../

وەك: ڕەگی ڕانەبردوو+/-ست/= /توانست، زانست،.../

وەك: ڕەگی ڕانەبردوو+/-اك/= /پۆشاك، خۆراك،.../ بەشی زۆری پێكهاتەی ناوی چاوگ وەك ناوی گشتی، هەندێكجاریش وەك ناوی تایبەتی بەكاردێن، ئەرك دەبینن./زانست، ڕەنج/ ناوی تایبەتن بۆ مرۆڤ بەكاردێن /خەو، خۆراك/ ناوی گشتین، هەریەكەیان ئاماژە بەشتێك دەكەن .

### ٣/١-١-٤) ئەركی كردار لە پێكهاتەی ناوی شوێندا:

ئەوناوەیە كە ڕەگی كردار (ڕابردوو، ڕانەبردوو) بەیارمەتیی مۆرفیمی وشەدارێژ ئەركی پێكهێنانی دەبینێت، واتای شوێنی ڕوودانی كردارێكی تێدا بەدی دەكرێت.

**<u>أ- ڕەگی ڕابردووی کردار+پاشگر= ناوی شوێنی دارێژراو</u>**

وەك: ڕەگی ڕابردوو+/-گە/= /پەرستگە/

وەك: ڕەگی ڕابردوو+/-مان/= /نیشـــتمان/ هەندێكجارلە ناوی چاوگی داڕێژراو، ناوی بەرکاری داڕێژراو بەیارمەتی مۆرفیمی وشەداڕێژ ناوی شوێنی داڕێژراوپێكدێت.

وەك: ناوی چاوگی داڕێژراو+/-گە/= /کوشتارگە/

وەك: ناوی بەرکاری داڕێژراو+/-خانە/= /گرتووخانە/ ( محمد شوانی:٢٠٠٨: ١٤٣).

**<u>ب - ڕەگی ڕانەبردووی کردار+پاشگر= ناوی شوێنی دارێژراو:</u>**

وەك: ڕەگی ڕانەبردوو+/-گە/= /لەوەڕگە، پرسگە، فڕگە/

وەك: ڕەگی ڕانەبردوو+/-ەن/= /سـوتەن/، (سـوتێ/ ڕەگی ڕانەبردووی (سـوتان)ە. کاتێك دووبزوێن (ێ،ە) دەکەونە پاڵ یەکتری یەکێکیان تێ دەچێت، لێرەدا(ێ) تێچووە.

### ٣/١-١-٥) ئەرکی کردار لە پێکهاتەی ناوی ئامێردا:

ڕەگی کردار و قەدی کردار بەیارمەتیی مۆرفیمێکی تر ئەرکی پێکهێنانی ناوی ئامێر دەبینێتو.

### ٣/١-١-٥-١) ڕێگەی داڕشتن:

**<u>أ- پێشگر+ڕەگی ڕانەبردووی کردار= ناوی درێژراوی ئامێر</u>**

وەك: /پێ-/+ڕەگی ڕانەبردوو= /پێنووس، پێخەف،.../

وەك: /تێ-/+ڕەگی ڕانەبردوو= /تێنووس/

## ب- ڕەگی ڕانەبردووی کردار+پاشگر= ناوی دارێژراوی ئامێر

وەك: ڕەگی ڕانەبردوو+/-کە/= ((پێچکە))، (ئەورەحمانی حاجی مارف: ٢٠٠٠: ١٧٢). دەربارەی پێکهاتنی ئەم ناوە بۆچوونی جیاواز هەیە، هەندێك زمانەوان بۆچوونیان وایە ئەم ناوە پێکهاتووە لە (ناوی پێ+ مۆرفیمی بچووك کردنەوەی وشـــەدارێژ/چکە-/) بەم پێیەش ناوەکە بریتی دەبێت لە: ناوی/پێ/+مۆرفیمی بچووکردنەوەی وشە دارێژ/چکە-/، /پێچکە/، بۆچونێکی تر هەیە کەپێیان وایە ئەم ناوە پێکهاتووە لە (ڕەگی کرداری /پێچان/ /پێچ/+مۆرفیمی وشـــەدارێژراو/کە-/ بەش دەبێتە/پێچکە/ ) ئەوەی گرنگە، ئەوەیە لە هەردووکیاندا ناوی ئامێر پێکدێت، ناوەکە بچووك کردنەوەی تێدایە دەتوانین بڵێین تاڕادەیەك بۆچوونی یەکەم لەبارترە، لەبەر ئەوەی دووبارەبوونەوەی ئەم مۆرفیمە لە شوێنی تردا دەبینرێت بە تایبەت لەگەڵ ناودا. ناتوانین بۆچوونی دووەمیش ڕەتبکەینەوە، چونکە ئەویش بە پێی یاسا پێکهاتووە.

وەك: ڕەگی ڕانەبردوو+/-ك/= /کوتك،.../

وەك: ڕەگی ڕانەبردوو+/-ەك/= /کوتەك، گیرەك،... /

وەك: ڕەگی ڕانەبردوو+/-ۆکە/= /فڕۆکە،.../

وەك: ڕەگی ڕانەبردوو+/-ە/= /ماڵە، گیرە،../ (ئەورەحمانی حاجی مارف:٢٠٠٠: ١٧٢).

وەك: ڕەگی ڕانەبردوو+/-ینگ/= /بێژینگ،.../

وەك: ڕەگی ڕانەبردوو+/-کەری/= /قەڵاشکەری/ ناوە بۆ جۆرێك لە داری لەت لەتکراو.

### ٣/١-١-٥-٢) ڕێگەی لێکدان:

## أ- ناو+ڕەگی ڕانەبردووی کردار= ناوی لێکدراو

وەك: ناو+ڕەگی ڕانەبردوو= /بەفرماڵ، گوێزشکێن،.../

## ب- ناو+ناوبەند+ڕەگی ڕانەبردووی کردار= ناوی لێکدراو

وەك: ناو+/-ە-/+ڕەگی ڕانەبردوو= /دەستەسڕ،.../

**پ- ناو+ڕەگی ڕانەبردووی کرداری داڕێژراو= ناوی لێکدراو**

وەك: ناو+ڕەگی ڕانەبردووی داڕێژراو= /پاژنەهەڵکێش/

**ت- ئاوەڵکردار+ڕەگی ڕانەبردوو= ناوی لێکدراو**

وەك: ئاوەڵکردار+ڕەگی ڕانەبردوو= /دووربین/

**ج- ئاوەڵکردار+ڕەگی ڕانەبردووی کردار+مۆرفیمی/ە-/= ناوی لێکدراو**

وەك: ئاوەڵکردار+ڕەگی ڕانەبردوو+/ە-/= /بەرچنە/

### ۳/۱-۱-۵-۳) تایبەتمەندییەکانی کردار لە پێکهاتەی ناوی ئامێردا:

۱- کردار دەبێت بە بەشێك لە پێکهاتەکە، لە ناوی داڕێژراودا بەشی سەرەکی پێکهاتەکەیە، مۆرفیمە وشەداڕێژەکان لە ژێر هێزی ئەو دان.

۲- کاتێك کردار ئەرکی پێکهێنانی ناو دەبینێت لە کردار دەکەوێت .

۳- کردار لەم ناوەندەدا وەك ناو کاردەکات، مۆرفیمی (کۆ) وەردەگرێت .

وەك: دەستەسڕ+/-ان/= دەستەسڕان

وەك: پێنووس+/-ان/= پێنووسان

٤- کردارەکە دەبێت بە بەشێك لەناوەکە و دەتوانێت مۆرفیمەکانی (تاکی ناساراوی و نەناسراوی)وەربگرێت.

وەك: دووربین+/-ەکە/ دووربینەکە

٥- لەبەرئەوەی کردارە لە کارکەوتووەکە بووە بە ناو، لە ڕستەدا ئەرکەکانی ناوی ئامێر دەبینێت.

## ٢-٣/١) ئەرکی کردار لە پێکهاتەی ئاوەڵناودا:

کردار بەشەئاخاوتنێکی گرنگە لە زمانی کوردیدا، بەشداری پێکهێنانی زۆربەی پێکهاتەکانی تر دەکات، پێکهاتەی ئاوەڵناویش یەکێکە لەوانەی کە ڕۆڵی کردار تێیدا چالاکە، هەردووبەشـــی ڕەگی ڕابردوو، ڕەگی ڕانەبردوو بەیارمەتیی مۆرفیمی وشەداڕێژ ئەم ئەرکە جێبەجێدەکەن.

## ١-٢-٣/١) ڕێگەی داڕشتن:

**<u>أ- ڕەگی ڕابردووی کردار+پاشگر= ئاوەڵناوی داڕێژراو</u>**

وەك: ڕەگی ڕابردوو+/-ەوار/= /خوێندەوار/ (نوری عەلی ئەمین:٢٠١٢: ١٠٨).

وەك: ڕەگی ڕانەبردوو+/-وو/= /مردوو/ (عەبدولواحید موشیر دزەیی:٢٠١٢: ١٠٠).

وەك: ڕەگی ڕابردوو+/-ەك/= /مردەك/

**<u>ب- پێشگر+ڕەگی ڕابردووی کردار+پاشگر= ئاوەڵناوی داڕێژراو</u>**

وەك: /دا-/+ڕەگی ڕابردوو+/-وو/= /دانیشتوو/

وەك: /ڕا-/+ڕەگی ڕابردوو+/-وو/= /ڕاکردوو، ڕاهاتوو،.../

وەك: /هەڵ-/+ڕەگی ڕابردوو+/-وو/= /هەڵکەوتوو/ (نەرمین عومەرئەحمەد: ٢٠١٠: ٥٠).

**<u>پ- ڕەگی ڕانەبردووی کردار+پاشگر= ئاوەڵناوی داڕێژراو</u>**

وەك: ڕەگی ڕانە بردوو+/-ندە/= /بڕندە/

وەك: ڕەگی ڕانە بردوو+/-ۆك/= /لەرزۆك/

وەك: ڕەگی ڕانە بردوو+/-ەك/= /نووسەك/

**<u>ت- پێشگر+ڕەگی ڕانەبردووی کردار= ئاوەڵناوی داڕێژراو</u>**

وەك: /نە-/+ڕەگی ڕانە بردوو= /نەبەز، نەزان،.../

وەك: /ب-/+ڕەگی ڕانە بردوو= /بوێر، بکوژ،.../

**١/٣-٢-٢) ڕێگەی لێکدان:**

**<u>أ- ناو+ڕەگی ڕانە بردووی کردار= ئاوەڵناوی لێکدراو</u>**

وەك: ناو+ڕەگی ڕانەبردوو=/ئاشتی خواز/

**<u>ب- ئاوەڵناو+ڕەگی ڕانەبردووی کردار= ئاوەڵناوی لێکدراو</u>**

وەك: ئاوەڵناو+ڕەگی ڕانەبردوو= /ڕەشبین، گەشبین،.../

**<u>پ- ئاوەڵکردار+ڕەگی ڕانەبردووی کردار= ئاوەڵناوی لێکدراو</u>**

وەك: ئاوەڵکردار+ڕەگی ڕانەبردوو= /زۆربڵێ، زۆروەڕ/

**١/٣-٢-٣) تایبەتمەندییەکانی کردار لە پێکهاتەی ئاوەڵناودا:**

١- کرداردەبێتە بەشێك لە پێکهاتەی ئاوەڵناو.

٢- کردارلە پێکهاتەکەدا مۆرفیمەکانی پلەی بەراورد، باڵا وەردەگرێت.

وەك: /نەزان/+/-ترین/= /نەزانترین/

**١/٣-٣) ئەرکی کردار لە پێکهاتەی ئاوەڵکرداردا:**

لە زمانی کوردیدا ئاوەڵکردار وەك دانەی سەربەخۆ لە زماندا هەیە، وەك ئاوەڵکرداری شوێن و کات و چۆنیەتی بە شیوەی ناسادەش (داڕێژراو، لێکدراو) لە پۆلە ڕەگەزەکانی تر بەرهەم دێت (نەرمین عومەرئەحمەد:٢٠١٠: ٣٤).

### ١-٣-٣/١) ڕێگەی داڕشتن:

**أ- پێشگر+ڕەگی ڕانەبردووی کردار= ئاوەڵکرداری داڕێژراو**

وەك: /بە-/+ڕەگی ڕانەبردوو= /بەکوڵ/ (کوڵ) لە چاوگی (کوڵین) وەرگیراوە، ئەم ڕەگی کردارە بەکارهێنانی زۆرە لە دروستکردنی وشەی نوێدا، وەکو (بەرکوڵ ، بەکوڵ ، کوڵەك ، کوڵیو...) هەندێك بۆچوونیان وایە (کوڵان) ستانداردە، بەڵام بۆچوونی ئێمە هەردووکیان بەکاردێت.

**ب - ئاوەڵکرداری کرداری:** جۆرێك لە جۆرەکانی ئاوەڵکردار(ئاوەڵکرداری کرداری)یە، کاتێك ئاوەڵکردار لە کردارەوە دەکەوێتەوە واتای ڕوودانی تێدایە، زۆربەی ئەمانەش لە کرداری ناویەوە بە یارمەتی مۆرفیمی وشە داڕێژ پێکدێن/ بەپێکەنینەوە، بەگریانەوە، بە دانیشتنەوە، ڕۆیشتنەوە/ (ئەورەحمانی حاجی مارف:١٩٩٨: ١٦٨). دەتوانین ئەم یاسایە بەرجەستەبکەین .

**ب- پێشگر+چاوگ+پاشگر= ئاوەڵکرداری کرداری داڕێژراو**

وەك: /بە-/+چاوگ+پاشگری/-ەوە/= /بەپێکەنینەوە، بەگریانەوە/

### ٤/١) ئەرکی ژمارە(Number) لە پێکهاتەی وشەکاندا:

دانانی ژمارە بە بەشەئاخاوتنێکی سەربەخۆ لە زمانی کوردیدا تا ئێستا جێگای تێڕامان و هەڵوێستە لەسەرکردنە. ڕێزمان نووسانی کورد تێڕامانی جیاوازیان بۆ ئەم بابەتە هەیە، بەشێکیان لە ژێر کاریگەری قوتابخانەی ڕووسی ژمارەیان بە بەشە ئاخاوتنی سەربەخۆ داناوە. بەشێکی تریان لە ژێر کاریگەری قوتابخانەی ئینگلیزی و ئەمریکیدان، ژمارە بە بەشەئاخاوتنی سەربەخۆ دانانێن . ژمارە بەشەئاخاوتنی سەربەخۆبێت یان سەربەخۆنەبێت، ئەوەی گرنگە ئەوەیە ئەرکی پێکهێنانی چەند

پێکهاتەیەك دەبینێت لە شێوەی داڕێژراو، لێکدراودا ((لە هەمووزمانێکدا، داڕشتن و ڕۆنانی وشەی نوێ لە ڕێگەی وشەی فەرهەنگی ومۆرفیمی وشەداڕێژەوە دەبێت، ئەم مۆرفیمە وشەداڕێژەرانە (گیرەك) بە پێشەوەی یا بە دواوەی وشە (ڕەگ) دەلکێن و وشەی نوێ دروست دەکەن ... ژمارە وەك بەشەئاخاوتنێك لە دروستکردنی وشەی نوێ دا زۆرچالاکە، بەتایبەتی ژمارەی بنجی . ژمارەکان چ بە دووپاتبوونەوە، چ بەوەرگرتنی گیرەکی وشەداڕێژ، چ بەیەکگرتنی لەگەڵ وشەی بەشەئاخاوتنی تردا...توانایەکی باشیان هەیە لە ڕۆنانی وشەی نوێدا))، (بابا رسول نوری : ٢٠١٢: ٧٩).

## ١/٤-١) ئەرکی ژمارە لە پێکهاتەی ناودا:

ژمارە بە یارمەتی مۆرفیمی وشە داڕێژ ئەرکی داڕشتنی ناو دەبینێت، بە یارمەتی وشەی واتادار ئەرکی پێکهێنانی ناوی لێکدراو دەبینێت. زۆربەی ئەوناوانەی کە ژمارە ئەرکی پێکهێنانیان دەبینێت واتای چەندێتیان تێدایە.

### ٣/١-١-١) ڕێگەی داڕشتن:

**<u>أ- ژمارە+(مۆرفیمی وشەداڕێژ)پاشگر= ناوی داڕێژراو</u>**

وەك: ژمــــارە+/-ە/= /چلە، سەدە، یەکە،.../

وەك: ژمارە+/-ەوانە/= /حەوتەوانە،.../

وەك: ژمارە+/-ەڵان،ەکان/= /شەشەڵان، شەشەکان،.../

وەك: ژمارە+/-انە/= /دووانە، سیانە، حەفتانە،.../

وەك: ژمارە+/-ەتی،یەتی،ێتی/= /یەکەتی، یەکیەتی، یەکێتی/

وەك: ژمارە+/-وکێنە/= /پێنجوکێنە/

وەك: ژمارە+/-و/= /حەوتو، چلو/

وەك: ژمارە+/-مەڵ،مەڵان/= /دوومەڵ، دوومەڵان/

وەك: ژمارە+/-ەلو/= /حەوتەلو/

وەك: ژمارە+/-خان/= ((شەشخان)) (سەباح موسا: ٢٠١٠: ٧٢).

ژماره+/-مینه/= /نۆمینه/

وەك: ژماره+/-ینه/= /چوارینه/

وەك: ژماره+/-ی/= /شەشی، ((پێنجی، دەیی))/، (بابارسول نوري :٢٠١٢: ٨٠).

## ب- پێشگر+ژماره= ناوی دارێژراو

وەك:/بە-/+ژماره= /بەهەشت/

دەربارەی پێکهاتنی ناو بە پێی ئەو یاسـایە سـەرەوە هەندێك لێکۆڵەر بۆچوونیان وایە ژماره هیچ جۆرە پێشگرێك وەرناگرێت ( بابارەسوڵ نوری ) دەڵێت: ((ئەوەی تێبینی دەکرێ ئەوەیە کە ژماره هیچ جۆرە پێشـگرێك وەرناگرێ، بەڵکو تەنیا پاشـگر وەردەگرێ))، (بابا رسول نوری : ٢٠١٢: ٧٩ ). پێمان وایە ژمارەش وەك هەربەشـەئاخـاوتنێکی تر پێشـگر وەردەگرێ، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت، ئەوەیە پێشـگرەکان لەگەڵ ژمارەدا، کەم چالاکن بە بەراورد لەگەڵ پاشـگرەکان/بەهەشـت، بەیەکەم، هتد.../ ئەو ناوانەی کە ژماره ئەرکی پێکهێنانیان دەبینێت، ناوی جۆراوجۆرن وەکو ناوی شـوێن، جێگا، کات، ئامێر، نەخۆشی کوردەواری، زۆری تر، هەندێکیان لە واتای بنجی ژمارەکە دووردەکـەونـەوە، وەك /سێ بەرۆ/ هەندیکیشیان بەپێچەوانەوە لە واتای ژمارەکەوە وەرگیراون، وەك /حەوتەلو، دوومەڵ/.

### ١/٤-١-٢) ڕێگەی لێکدان:

ڕۆڵی ژماره لەم ڕووەوە زۆرچالاکە زۆربواری جیاوازی وەك سـوێند خواردن و نزاکردن بەباش وبەخراپ، جنێودان ... ژماره بە یارمەتی وشـەیەکی تری واتادار توانای هەیە ئەم ئەرکە بەجێبهێنێت کە لە ناوی لێکدراو دەمێننەوە.

## أ- ژماره+ناوی ساده= ناوی لێکدراو

وەك: ژماره+ناو= /هەزارپێ، چوارچرا، دووپشك،.../

**ب- ژمارە+ناو+مۆرفیمی وشە دارێژ= ناوی لێکدراو**

وەك: ژمارە+ناو+/-ە/= /سێدارە، سێبەندە، سێڕۆژە،.../

وەك: ژمارە+ناو+/-ەکی/= /چوارمەشقەکی، پێنجخشتەکی، سێبازەکی،.../

وەك: ژمارە+ناو+/-و/= /شەشپاڵو،.../

وەك: ژمارە+ناو+/-انێ/= /سێڕیزکانێ، نۆڕیزکانێ،.../

وەك: ژمارە+ناو+/-ان/= /سێتاقان، سێگرتکان، سێناجیان،.../

وەك: ژمارە+ناو+/-ی/= /حەوتمانگی، نۆمانگی،.../

**پ- ژمارە+چاوگ = ناوی لێکدراو**

وەك: ژمارە+چاوگ= ((یەکگرتن، یەکبوون))، (بابارسول نوری: ٢٠١٢: ٨٢).

**ت- ژمارە+ئاوەڵکردار= ناوی لێکدراو**

وەك: ژمارە+ئاوەڵکردار= /سێبەر، چوارلا، دووبەر،.../

**ج- ژمارە+ئاوەڵکردار+پاشگر= ناوی لێکدراو**

وەك: ژمارە+ ئاوەڵکردار+/-ە/= /سێسەرە،.../

وەك: ژمارە+ئاوەڵکردار+/-ەکی/= /سێبەرەکی، دووبەرەکی،.../

**چ- ئاوەڵکرداری دارێژراو+ژمارە+مۆرفیمی وشە دارێژراو= ناوی لێکدراو**

وەك: ئاوەڵکردار+/-ە-/+ژمارە+/-ە/= /سەرەسەدە/ ئەم ناوە لە بواری کشتوکاڵییەو بەو زەویە دەگوترێت کەبەشی پێشەوەی زەویەکەیەو نەکێڵراوە. ناوی ترهەیە، یاسای پێکهاتنی پێچەوانەی ئەم یاسایەیە لە هەمان پیشەدا بەکاردێت، وەك یاسای (ح)

**ح- ژماره+مۆرفیمی وشەداڕێژ+ئاوەڵکرداری داڕێژراو= ناوی لێکدراو**

وەك: ژمارە+/-ە/+ئاوەکردار+/-ە/= /نیوەبەرە/

**خ- ژماره+ڕەگی ڕانەبردووی کردار= ناوی لێکدراو**

وەك: ژمارە+ڕەگی ڕانەبردوو= /دووبڕ، سێسو، چوارسم،.../

**د- ژماره+ڕەگی ڕانەبردووی کردار+پاشگر= ناوی لێکدراو**

وەك: ژمارە+ڕەگی ڕانەبردوو+/-وو/= /یەکگرتوو/

وەك: ژمارە+ڕەگی ڕانەبردوو+/-ە/= /دووبڕە/ (سەباح موسا : ٢٠١٠: ٦٤).

وەك: ژمارە+ڕەگی ڕانەبردوو+/-ەر/= /یەکخەر/

وەك: ژمارە+ڕەگی ڕانەبردوو+/-ان/= /شەست باران/ (ئەورەحمانی حاجی مارف:١٩٧٩: ١٣١).

**ر- ژماره+ئاوەڵکردار+کرداری ناسادە= ناوی لێکدراو**

وەک:ژمارە+ئاوەڵکردار+کردار= /سـێلاوەسـتاو/ بەکارهێنانی ناو بەپێی ئەم یاسـایە زیاتر لە بواری ئەندازیاری و ماتماتیکدایە .

**ز- ژماره+ژماره= ناوی لێکدراو**

وەك: ژمارە+ژمارە= /سێچوار، هەشتنۆ/ (ڕۆژان نوری عبداللە:٢٠٠٧: ١٦٣).

**ژ- ژماره+ناو+پاشگر= ناوی لێکدراو**

وەك: ژمارە+ناو+/-انە/= /دوولکانە/

وەك: ژمارە+ناو+/-ە/= /سێلکە/

### ١/٤-١-٣) فۆڕمی ژمارە لە پێکهاتە سادەکاندا:

بوونی فۆڕمی ژمارە لە پێکهاتە سادەکاندا ماناو ڕۆڵی ژمارە ناگەیەنێت، بوونی لەو نێوەندەدا زۆرجار بەڕێکەوتە ئەوە ناگەیەنێت کە ژمارە بەشداری لە پێکهاتنیاندا کردووە، هەندێك وشە لە زماندا هەیە فۆرمی ژمارەیان تێدایە، بە هیچ پێوەرێك بە ژمارە دانانرێت، ئەمەش لە هەندێك لە بەشەئاخاوتنەکاندا بەدی دەکرێت. ژمارە بنجیەکانی / یەك ... دە/ بەژمارەی بنجی تاك مۆرفیمی دادەنرێن. بۆ نمونە لەکاتێکداکە /سێ/ لە چەندان پێکهاتەی وەك /سێلکە، سێڕۆژە، سێبەردە، سێدارە/ لە پلەی مۆرفیمدایە و ئەرکی پێکهێنانی وشەی ناسادەی بینیوە، ژمارە سێ لە چەندان وشەی تردا وەك/ سێو، سێڵ.../ بە مۆرفیم ناژمێردرێت، چونکە لەو نمونانەدا بە تەنیا هیچ ئەرکێکی ڕێزمانی نییە. ناتوانین بڵێین وەك مۆرفیمێك ئەرکی پێکهێنانی وشەی ناسادەی بینیوە، بە تەنها هیچ بەهایەکی واتایشی نییە هەر واتایەکیشی هەبێت لەگەڵ ئەو زیادەیەی کە لەگەڵی داهاتووە بە یەکەوە واتاکە دەدەن.

- ناوی سادە / نۆك/ بوونی ژمارە لەم وشەیەدا مانای ئەوە نییە کە ئەم ناوە پێکهاتووە /نۆ/+/-ك/ بەڵکو پێکهاتەی وشەکە خۆی وایە، بە تەنیا ماناوئەرکی ڕێزمانی تێدا بەدی ناکرێت .
- ئاوەڵکرداری سادە / دوور/ بوونی واتای ژمارە لەم وشەیەدا نییە و تەنها پێکهاتووە لە ئاوەڵکردارێکی سادە بە هەمان شێوە لە وشەکانی/ دەر، دەف ،دەم.../ یش داهەروایە .

### ١/٤-١-٤) تایبەتییەکانی ژمارە لە پێکهاتەی ناوی ناسادەدا :

١- ژمارە دەبێت بە بەشێك لە پێکهاتەی ناوی ناسادە. ٢- لەبەشی زۆری ناوەکان ژمارە دەتوانێت بەشێوەی ژمارە(ڕەقەم)، بەشێوەی ڕێنووس بنووسرێت، بەڵام بەکارهێنانی بەشێوەی (ڕەقەم) دەگمەنەو زیاتر لە بوارەکەی خۆیدا بەکارهێنانی هەیە .
٣- ژمارە لەپێکهاتەی ناوەکەدا وەك بەشێك لە ناوەکە مۆرفیمەکانی (کۆ، ناسراو، نەناسراو) وەردەگرێت، بەمەرجێ وەك ناوی تایبەت بەکارنەهاتبێت. وەك:
سێ لاوەستاو+/-ەکە/= سێ لاوەستاوەکە، وەك: یەك خەر+/-ان/= یەك خەران

٤- توانای بوون بە ئیدیۆمی هەیە، / چوارچاو/ بە کەسێك دەگوترێت بێشەرم و بێئابڕوبێت، /دووپشك/ بەوکەســـە دەگوترێت لەژێرەوە بە خراپی مامەڵە لەگەڵ دەوروبەرەکەی بکات . /چوارپێ/ بەیەکێك دەگوترێت وەك ئاژەڵ مامەڵە بکات.

## ٤/١-١-٥) ئەرکی ژمارە لەپێکهێنانی ناوی تایبەتییدا:

ئەوەی تێبینی دەکرێت دەربارەی ژمارە ئەوەیە ڕۆڵی هەیە، لە پێکهێنانی ناوی تایبەتیدا، بە تایبەتیش ناوی شـوێن وەك ناوی لادێ وشـارەکان، لەهەندێ باریشـدا وەك ناوی مرۆڤ بەکاردێت، لە زمانی کوردیدا هەندێك شـوێن دەبینین ژمارە لە پێکهاتەیەکی لێکدراودا هەندێجاریش /- ان/ لە کۆتایی ناوەکەدا دەبینرێت ناوی شـــوێن پێکدەهێنن، ژمارە /دوو، ســـێ، چوار، پێنج/ تا ڕادەیەك چالاکن لە پێکهاتەی ناوی تایبەتیدا وەك/ دووکان، دووگردکان، سـێناجیان، سـێتاقان، سـێ بەردان، چوارقوڕنە، چوارتا، پێنجوین ... / ژمارە /، ژمارەکانســی /یەك، دوو، سـێ، چوار، پێنج/ لەگەڵ ناوی /شــەممە/ ناوی کاتی پێنج ڕۆژی حەفتە دیاری دەکەن /یەك شـەممە، دووشـەممە، سێشـەممە، چوارشـەممە، پێنج شەممە/ ناوی کاتی پێنج ڕۆژەکانی حەفتە ناوێکی لێکدراوە بەم شێوەیە پێکهاتووە .

**<u>ژمارە/یەك، دوو، سێ، چوار، پێنج/+ناوی/شەممە/= ناوی لێکدراوی ڕۆژەکانی حەفتە</u>**

## ١/٤-٢) ئەركی ژمارە لە پێكهاتەی ئاوەڵناودا:

بەشــی زۆری ژمارە بنجیيەكان بە يارمەتيی وشــەيەكی واتادار، يان زياتر ئەركی پێكهێنانی ئاوەڵناوی لێكدراو دەبينێت .

### ١/٤-٢-١) ڕێگەی لێكدان:

**<u>أ- ژمارە+ناو= ئاوەڵناوی لێكدراو</u>**

وەك: ژمــارە+نــاو= /چوارچــاو، دووڕوو، يەكڕيز،.../ هەردووژمــارەی (دوو، چوار) چــالاكن لە دروســتكردنی ئاوەڵناوی لێكدراودا، هەروەها ياســای (ژمارە+ناو) لە وانی تر چالاكتر و بەكارهێنانی زياترە توانای بوون بە ئيديۆمی هەيە.

**<u>ب- ژمارە+ناو+پاشگر= ئاوەڵناوی لێكدراو</u>**

وەك: ژمارە+ناوی كات+/ی-/= /حەوت مانگی، سێ ساڵی،.../

وەك: ژمارە+ناوی كات+/ە-/= /چوارساڵە، يەك رۆژە،.../

**<u>پ- ژمارە+چاوگ= ئاوەڵناوی لێكدراو</u>**

وەك: ژمارە+چاوگ= /يەكبوون،.../

**<u>ت- ژمارە+ڕەگی رابردووی كرداری دارێژراو= ئاوەڵناوی لێكدراو</u>**

وەك: ژمارە+/هەڵ-/+ڕەگی كردار= /يەكهەڵوێست،.../

**ج- ژماره +ناوبەند+ڕەگی ڕانەبردووی کردار= ئاوەڵناوی داڕێژراو**

وەك: ژماره+/-ە-/ ڕەگی ڕانەبردوو= /چلەشۆر/

### ١/٤-٣) ئەرکی ژماره لە پێکهاتەی چاوگدا :

ئەرکی ژماره لە پێکهێنانی چاوگدا سستە و بە دەگمەن ژماره دەتوانێت ئەم ئەرکە جێبەجێ بکات. بە واتایەکی تر ژماره نەیتوانیوە ڕۆڵێکی چالاك لە پێکهاتەی چاوگدا ببینێت. چالاکی و ئەرکی بەشە ئاخاوتنەکان لە پێکهاتەیەکەوە بۆ پێکهاتەیەکی ترجیاوازە، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هیچ کات دەرگای زانست داناخرێت. ژماره هەندێك جار ئەرکی پێکهێنانی (چاوگی لێکدراو ) دەبینێت. وەك /یەکگرتن، یەك بوون،.../

### ١/٤-٣-١) ئەرکی ژماره لە پێکهاتە چاوگی لێکدراودا:

**أ-((ئامرازی پەیوەندی+ژماره+ئاوەڵناو+فرمان: لەیەکجیابوونەوە))** (ڕەفیق شوانی:٢٠١١: ١٠٣).

**ب- ((ئامرازی پەیوەندی+ژماره+پێشگری فرمانی+ فرمان: بەیەکداچوونەوە))** (ڕەفیق شوانی: ٢٠١١: ١٠٣) .

### ١/٤-٤) ئەرکی ژماره لە پێکهاتەی ئاوەڵکرداردا:

ژماره لە چەند بەشێکی ئاوەڵکرداری پلەیی ئاوەڵکرداری چۆنیەتی و دووباره بەشێوەی داڕێژراو لێکدراو دەبینرێت:

**١/٤-٤-١) ڕێگەی داڕشتن:**

**<u>أ- پێشگر+ژمارە+پاشگر= ئاوەڵکرداری داڕێژراو</u>**

وەك: /بە-/+ژمارە+/-ەم/= /بەیەکەم، بەسێیەم/ مۆرفیمی/ بە-/ هەر چەند لە بنەڕەتدا پێشبەند ە، بەڵام لێرەدا وەك مۆرفیمی وشەداڕێژ بەکارهاتووە.

**١/٤-٤-٢) ڕێگەی لێکدان:**

**<u>أ- ژمارە+هەمان ژمارە= ئاوەڵکرداری لێکدراو</u>**

واتە دووبارەکردنەوەی هەمان ژمارە. ((هـەمـــوودووپـــاتبـــوونـــەوەیـــەکـــــی ژمـارەی بنجی ئـاوەڵـکـاردروسـت دەکــات))، (بابارسول نوری : ٢٠١٢: ٨٦).
وەك: ژمارە+ژمارە= /چوارچوار، دەدە، حەوت حەوت،.../

**<u>ب- ژمارە+ناو= ئاوەڵکرداری لێکدراو</u>**

وەك: ژمارە+ناو= /دووجار، دووبارە، یەککەڕەت،.../

**<u>پ- ژمارە+ناوبەند+ژمارە= ئاوەڵکرداری لێکدراو</u>**(ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٩٨: ١٦٠).

وەك: ژمارە+/-او-/+ژمارە= /یەکاویەك،.../
وەك: ژمارە+/-بە-/+ژمارە= /دووبەدوو، یەکبەیەك،.../
وەك: ژمارە+/-لە-/+ژمارە= /یەك لەیەك، دوولە دوو،.../
وەك: ژمارە+/-و-/+ژمارە+ناو= /بیست ویەکجار، سی ودووجار،.../ هەموو ئەو ژمارە ناسادانەی بە هۆی مۆرفیمی/-و-/ ســــــــــازدەکــــــرێـــن جـــۆرێــکـــن لـــە ژمـــارەی لێـکدراوبە یەك وشە هەژماردەکرێن (بابارسول نوری:٢٠١٢: ٩٦) .

**ت- ژمارە+ئاوەڵکردار= ئاوەڵکرداری لێکدراو** (ئاورەحمانی حاجی مارف: ١٩٩٨: ١٦١).

وەك: ژمارە+ئاوەڵکردار= /یەك سەر، دوولا،.../

**ج- ژمارە+ئاوبەند+ئاوەڵکردار= ئاوەڵکرداری لێکدراو**

وەك: ژمارە+/-ە-/+ئاوەڵکردار= /نیوەشەو، نیوەڕۆژ،.../

وەك: ژمارە+/-ەو-/+ئاوەڵکردار= /یەکەوشەو، یەکەو سەر،.../

**چ- مۆرفیمی/هەر/+ژمارە= ئاوەڵکرداری لێکدراو** (ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٩٨: ١٦١).

وەك: /هەر/+ژمارە= /هەردوو، هەرچوار،.../

**١/٤-٤-٣) تایبەتمەندییەکانی ژمارە:**

١- تایبەتی هەرە گرنگی ژمارەی بنجی ئەوەیە کە دەتوانرێت بە شـێوەی ڕەقەم بنووسـرێت، ئەم خاسیەتەشی لە هەموو بەشەئاخاوتنەکانی تری جیای دەکاتەوە.

٢- ژمارە واتای چەندێتی تێدایە.

٣- ((هەموو ژمارەبنجییەکان وشـەی فەرهەنگین و وەك خـۆیان بـێ دەستکاری لە ڕستەدا جێـی خـۆیـان دەکـەنـەوە، ژمـارەی پـلـەی و ژمارەی کەرتی لـە ژمارەی بنجیەوە دروسـتکـراون))، (بابارسول نوری:٢٠١٢: ٩٨).

٤- ژمارەی بنجی دەتوانرێت بە ڕەقەم و بە نووسینیش بنووسرێت، بەڵام کاتێك ژمارەی بنجی ژمارەی پلەیی لێپێکدێت، تەنها بە نووسین دەنووسرێت.

- ژمارەی بنجی بە ژمارە(١، ٣، ٧...) بەنووسین / یەك، سێ، حەوت .../
- ژمارەی پلەیی بە نووسین/ یەکەم، دووەمین ... /

٥- ژماره بنجییەکان لە ڕووی واتا و ئاماژەوە بۆ دووگرووپ دابەش دەبن .

- ژمارە تاکەکان (١،٣، ٧،٥،...)
- ژمارە جووتەکان ٢،٤،٦، ٨،... )

هەردوو گرووپی ژمارەکان بە شێوەی دوودوو زیاد دەبن. ( بابارسول نوری : ٢٠١٢: ٩٨).

٦- ژمارە بنجییەکان خاوەنی حاڵەتی تاك و کۆنین، چونکە لە واتایاندا ئەو دیاردەیە هەیە.

## ٥/١) ئەرکی ئاوەڵکردار(Adverb) لە پێکهاتەی وشەکاندا:

ئـاوەڵکردار وەك هەر بەشــــەئـاخـاوتنێکی تر ڕۆڵی هەیە لە پێکهـاتەکـانی تردا، ڕۆڵ و ئەرکی ئاوەڵکردار لە بەشەئاخاوتنێکەوە بۆ بەشەئاخاوتنێکی تر جیاوازە.

## ٥/١-١) ئەرکی ئاوەڵکردارلە پێکهاتەی ناودا:

لە زمانی کوردیدا بەشـــێك لە ئاوەڵکردارەکان وەك ناوێکی ســـادە بەکاردێن و پۆلی خۆیان دەگۆڕن، بەشێکیان بە شێوەی ناسادە بە یارمەتی مۆرفیم و وشەی ترەوە ئەم ئەرکە دەبینن.

## ٥/١-١-١) ئەرکی ئاوەڵکردار وەك ناوی سادە:

بەشێکی ئاوەڵکردارەسـادەکانی وەك/ سـەر، پشت، تەنیشت، دوور.../ وەك ناوی سادە بەکاردێن و پۆلی خۆیان دەگۆڕن لە ئاوەڵکردارەوە بۆ ناو، لەم بارەشدا تایبەتییە ڕەسەنەکانی خۆی لەدەست دەدات و وەك ناو ڕەفتاردەکات، تایبەتیەکانی ناو وەردەگرێت، ئەرکی ناوی گشتی دەبینێت .

## ٥/١-١-٢) ڕێگەی داڕشتن:

ئـاوەڵکردار بە یـارمەتی مۆرفیمەوشـــــەداڕێژەکـان کە تـاڕادەیەك بەرهەمدارن ئەرکی پێکهێنـانی ناوی داڕێژراودەبینن، مۆرفیمە پاشگرەکانیش لەگەڵ ئاوەڵکرداردا چالاکترن وەك لە پێشگرەکان.

## أ- ئاوەڵكردار+پاشگر= ناوی دارێژراو

وەك: ئــاوەڵكردار+/-ێن/= /پـشتێن/

وەك: ئاوەڵكردار+/-ین/= /پـێشین، سەرین/

وەك: ئاوەڵكردار+/-وانكە/= /بەروانكە/

وەك: ئـاوەڵـكردار+/-نـك/= /لانك/

وەك: ئاوەڵـكـردار+/-بــاز/= /سەرباز، دەرباز/

وەك: ئــاوەڵـكــردار+/-ار/= ((بنار)) (ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٩: ١٣٣).

وەك: ئـاوەڵـــكــــردار+/-ەوا/= /پێشەوا/

وەك: ئــاوەڵـــكـــردار+/-وا/= /سەروا/

وەك: ئــاوەڵـكردار+/-ەوار/= /سەروەر/

وەك: ئاوەڵكردار+/-ۆك/= /سەرۆك،((بەرۆك))/ (ئەورەحمانی حاجی مارف:١٩٧٩: ١٣٣).

وەك: ئاوەڵكردا+/-كە/= ((بنكە)) (شەهاب شێخ تەیب: ٢٠١٢: ٢٣٧ ).

وەك: ئاوەڵكردار+/-ینە/= /كەمینە، نەختینە، پێشینە/

وەك: ئاوەڵكردار+/-اوان،-ەوان/= /بناوان، بنەوان/

ئەوەی تێبینی دەكرێـت، ئەم نـاوە (بنـاوان) توانـای بوون بە ئیـدیۆمی هەیە، لە ئەمڕۆی زمـانەكەدا بەكاردێت، ئەگەر لە بنجدا بۆ ئەركێك بەكارهاتبێت، ئەوا لە ئێستای زمانەكەماندا بۆتە ناوێكی فرەئەرك، لەواتادا.

وەك: ئـــاوەڵكردار+/-ە/= /سەرە، بەرە/ (سەرە) ناوە بۆ مرۆڤ و باڵندەی بە تەمەن .

وەك: ئاوەڵكردار+/خان/= /ژێرخان/

وەك: ئاوەڵكردار+/-ەنگ/= /پێشەنگ، سەرەنگ/

وەك: ئـاوەڵكردار+/-ەند/= /نـاوەند، نێوەند/ نـاوە بۆشـــوێن وەك دەوترێـت (نـاوەنـدەكـانی خوێنـدن، ناوەندەكانی هەڵبژاردن)

**ب- پێشگر+ئاوەڵکردار= ناوی دارێژراو**

وەك: /ڕا-/+ئاوەڵکردار= /ڕابەر، ڕاناو،.../

## ١/٥-١-٣) ڕێگەی لێکدان:

ئاوەڵکردار بە یارمەتیی وشەیەکی واتادار یان زیاتر، ئەرکی پێکهێنانی ناوی لێکدراو دەبینێت.

**أ- ئاوەڵکردار+چاوگ= ناوی لێکدراو**

وەك: ئاوەڵکردار+چاوگ= /لادان،.../

**ب- ئاوەڵکردار+ناو= ناوی لێکدرا**

وەك: ئاوەڵکردار+ناو= /دواڕۆژ، پێش نوێژ،.../

**پ- ئاوەڵکردار+مۆرفیمی ناوبەند+ناو= ناوی لێکدراو**

وەك:ئاوەڵکردار+/-ە-/+ناو= ناوی لێکدراو ((پاشەلەقە، پاشەڕۆژ))، (ئەورەحمانی حاجی مارف:١٩٧٩: ١٣٦).

**ت- ئاوەڵکردار+ڕەگی ڕابردووی کردار= ناوی لێکدراو**

وەك: ئاوەڵکردار+ڕەگی ڕابردوو= /سەرکەوت، پێشکەوت/ (سەر، ناو ) ئەگەر مەبەست لە بەکارهێنانیان سەری شوێنێك و لە ناوهاویشتنی شت بێت ئەوە ئاوەڵکردارن .وەك: لەسەر دارەکە ، لە ناو جانتاکە ... . لە ئێستای زمانەکەماندا ئەم ناوانە وەك ناوی تایبەتی مرۆڤ بۆ ڕەگەزی نێربەکاردێن.

**<u>ج- ئاوەڵکردار+ڕەگی ڕانەبردووی کردار= ناوی لێکدراو</u>**

وەك: ئاوەڵکردار+ڕەگی ڕانەبردوو= /بەرکوڵ، بەرپرس، بنکڕ، دووربین/

**<u>چ-ئاوەڵکردار+ڕەگی کردار+پاشگر=ناوی لێکدراو</u>**

وەك: ئاوەڵکردار+ڕەگی ڕانەبردوو+/-ەر/= /پێشخەر، سەرخەر/

وەك: ئاوەڵکردار+ڕەگی ڕابردوو+/-ە/= /سەرکردە/

وەك: ئاوەڵکردار+ڕەگی ڕابردوو+/ایەتی/= /سەرکردایەتی/

**<u>ح- ئاوەڵکردار+ئاوەڵناو= ناوی لێکدراو</u>**

وەك: ئاوەڵکردار+ئاوەڵناو= /سەرخۆش، ناوخۆش،..../

**<u>خ- ئاوەڵکردار+ناوبەند+ڕەگی ڕابردووی کردار= ناوی لێکدراو</u>**

وەك: ئاوەڵکردار+/-ە-/ڕەگی ڕابردوو= /پاشەکەوت/

**١/٥-١-٤) تایبەتمەندییەکانی ئاوەڵکردار لە پێکهاتەی ناودا:**

١- ئاوەڵکردار لە کاتێکدا کە ئەرکی پێکهێنانی ناو دەبینێت، دەبێت بە بەشێك لە ناوەکە.

٢- هەموو تایبەتییەکانی ناو وەردەگرێت .

٣- وەك ناو ئەرك دەبینێت .

٤- ئەوناوەی کە ئاوەڵکردارئەرکی پێکهێنانی بنیوە کۆی پێکهاتەکە دەتوانێت جارێکی ترئەرکی پێکهێنانی بەشەئاخاوتنکی تر ببینێتەوە. /دەست<u>پێشخەریکردن</u>، <u>پێشبینی</u>کردن/

## ١/٥-٢) ئەركی ئاوەڵكردارلە پێكهاتەی ئاوەڵناودا:

تا ڕادەیەك ئەركی ئاوەڵكردار لە پێكهێنانی ئاوەڵناوی داڕێژراودا سستە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی بەشەئاخاوتنی ئاوەڵكردار.

### ١/٥-٢-١) ڕێگەی داڕشتن:

**أ- ئاوەڵكردار+مۆرفیمی وشەدارێژی پاشگر= ئاوەڵناوی داڕێژراو**

وەك: ئاوەڵكردار+/-ەكی/= /ناوەكی، دەرەكی/

وەك: ئاوەڵكردار+/-وو/= /سەروو، خواروو/

وەك: ئاوەڵكردار+/-ین/= /بەرین، پێشین/ لە پێكهاتەی ئاوەڵناوی داڕێژراودا ئاوەڵكردار بە یارمەتی مۆرفیمی وشەدارێژی پاشگر ئاوەڵناوی داڕێژراو پێكدەهێنێت، بەڵام مۆرفیمی پێشگر لەگەڵ ئاوەڵكرداردا نایەت بۆ پێكهێنانی ئاوەڵناوی داڕێژراو (ئەورەحمانی حاجی مارف:١٩٩١: ٨٦).

### ١/٥-٢-٢) ڕێگەی لێكدان:

**أ- ئاوەڵكردار+ڕەگی ڕانەبردووی كردار= ئاوەڵناوی لێكدراو**

وەك: ئاوەڵكردار+ڕەگی ڕانەبردوو= /كەم دوێ/

**ب- ئاوەڵكردار+ڕەگی ڕانەبردووی كردار+پاشگر= ئاوەڵناوی لێكدراو**

وەك: ئاوەڵكردار+ڕەگی ڕانەبردوو+/-ەر/= /كەم خۆر، زۆرخۆر،.../

**<u>پ- ئاوەڵکردار+کاری داخوازی= ئاوەڵناوی لێکدراو</u>**

وەك: ئاوەڵکردار+کرداری داخوازی= /زۆربڵێ/ بەکەسێك دەگوترێت کەخاسیەتی زۆرقسەکردنی تێدابێت، دەبێت بەسیفەت بۆئەوکەسە.

**<u>ت- ئاوەڵکردار+ناو= ئاوەڵناوی لێکدراو</u>**

وەك: ئاوەڵکردار+ناو= /ژێردەست، ژێرچەپۆك/ (ئەورەحمانی حاجی مارف:١٩٩١: ٨٩).

### ١/٥-٢-٣) تایبەتمەندییەکانی ئاوەڵکردار لە پێکهاتەی ئاوەڵناودا:

١- ئاوەڵکردار دەبێت بە بەشێك لە پێکهاتەی ئاوەڵناو.

٢- ئاوەڵکردار وەك ئاوەڵناو ڕەفتاردەکات و ئەرکی ئاوەڵناو دەبینێت.

٣- ئەویش هەروەك ئاوەڵناو مۆرفیمی پاشگری/-تر/،/-ترین/ پلەی بەراوردو باڵا وەردەگرێت.

- /نــــاوەکــــی/+/-تر/ ⟵ /ناوەکیتر/
- /ژێردەست/+/-ترین/ ⟵ /ژێردەستترین/

### ١/٥-٣) ئەرکی ئاوەڵکردارلە پێکهاتەی کرداردا:

### ١/٥-٣-١) ڕێگەی لێکدان:

**<u>أ- ئاوەڵکردار+ڕەگی رابردووی کردار= کرداری لێکدراو</u>**

وەك: ئاوەڵکرداری شوێن+ڕەگی ڕابردوو= /پێشکەوت، داوکەوت/

وەك: ئاوەڵکرداری چەندیەتی+ڕەگی ڕابردوو= /زۆربوو، کەم کرد/ لێرەدا کە باس لەکردار دەکەین وەك یەکەیەکی مۆرفۆلۆجییە. (ئەورەحمانی حاجی مارف: ٢٠٠٠: ١٠٠).

**ب- ئاوەڵکردار+ناوبەند+ئاوەڵکردار+ڕەگی کردار= کرداری لێکدراو**

وەك: ئاوەڵکردار+/ەو-/+ئاوەڵکردار+کردار= /سەرەوخوارکرد، سەرەولێژکرد/

## ۱/۵-۳-۲) تایبەتمەندییەکانی ئاوەڵکردار لە پێکهاتەی کرداردا:

۱- ئاوەکردارلە پێکهاتەی کرداردا هەمیشە بەشی پێشەوە دەگرێت.

۲- کۆی پێکهاتەکە لە دەرەوەی ئاستی وشەسازی ئەرکی رستەیەکی تەواو دەبینێت.

۳- ئاوەڵکردار بە یارمەتی کردارەکە ڕێگە دەدات مۆرفیمەکانی جێناوی لکاو بچێتە نێوانیانەوە.

وەك: /سەرەوبنیان کرد، زۆریان کرد/

٤- جێگەی خۆی ئاڵوگۆڕناکات.

## ۱/٦) فرەئەرکی بەشەئاخاوتنەکان لە بەکارهێنانیاندا:

هەندێ لە بەشـەئاخاوتنەکان بە پۆلی کراوە دادەنرێن، دەتوانن ئەندامی تر وەربگرن ئەمەش لە ئێستای زمانەکەماندا بەرجەسـتە دەکرێت، ڕۆژانە چەندین وشـەی نوێ بەلێشـاو ڕوودەکەنە فەرهەنگی زمانەکەمانەوە بە پێی بەکارهێنان و واتاو ناونان و داڕشـتنیانەوە بەریەکێك لە پۆلە کراوەکان دەکەون. ((لـەنـاو پۆلـە کراوەکاندا جۆرە ئازادییەك هەیە بۆ پۆل گۆڕین ئەویش لە ڕێگای بەکارهێنان و ناونان یا لە ڕێگای داڕشتن و لێکدان، ئـەم دیاردەیـەش پـێـویسـتییـەکـی زمانـە))،(عەبدولواحید موشـیردزەیی: ۲۰۱۲: ۱۰۷). ئەوەی مەبەسـتە فرەئەرکی هەندێك لەبەشـەئاخاوتنەکانە لەبەکارهێنانیاندا لەئاستی سینتاکسدا، بەکارهێنانیان لە ڕستەدا هۆکارێکە بۆ پۆل گۆڕین.

### ١-٦/١) ناو لە ئەرکی ئاوەڵناودا:

ناو لەڕووی پێکهاتنیەوە (سادە، داڕێژراو، لێکدراو) دەتوانێت ئەرکی ئاوەڵناو ببینێت، بە بەکارهێنانی لەڕستەدا، بەشێوەیەکی گشتی ئەرکی ئاوەڵناو بریتییە لە دیارخەری ناو، دیارخەری جێناو، تەواوکەری کاری ناتەواو...(ئەورەحمانی حاجی مارف ) باس لەوە دەکات کە ئاوەڵناوی چۆنیەتی لە دۆخی ئیزافەدا دەتوانێت ببێت بە دیارخراو (ئەورەحمانی حاجی مارف :١٩٩١:١٢٠).

١- دیارخەری ناو: ناو ئەرکی ئاوەڵناو دەبینێت لە ڕستەدا، لە زمانی کوردی دا ژمارەیەکی زۆر ناوی بکەر و بەرکاری دروستکراو، ناوی سادەی وەك: /پیاو، ژن، کەر/ دەبنە ئاوەڵناو (ئەورەحمانی حاجی مارف:١٩٩١: ١٢٤، ١٢٦).

وەك: باوکی <u>پیاو</u> منداڵەکەی باش پەروەردەدەکات.

ناوی/پیاو/ لە ڕووی ناوەرۆکەوە ناوێکی گشتیە و لە ڕووی ڕەگەزەوە تایبەتە بە ڕەگەزی نێر ئەرکی ئاوەڵناوی چۆنیەتی بینیوە، بووە بە دیارخەری ناوی /باوك/.

٢- دیارخەری جێناو: ناو لە ئەرکی ئاوەڵناودا دەبێتە دیارخەری جێناوە سەربەخۆکان.

وەك: ئێوەی <u>یاریزان</u> یاریەکەتان بردەوە.

ناوی /یاریزان/ لەم ڕستەیەدا ئەرکی ئاوەڵناوی چۆنیەتی بینیوە و بووە بە دیارخەری جێناوی کەسی سەربەخۆی/ئێوە/ لەم بارەشدا پێویستی بە مۆرفیمی دانەپاڵ دەبێت.

٣- تەواوکەری کاری ناتەواو: ناو لە ئەرکی ئاوەڵناودا لە ڕستەدا دەبێت بە تەواوکەری کاری ناتەواو بە هەرسێ کاتەکەیەوە(ڕابردوو، ئێستا، داهاتوو).

وەك: ئازاد زۆر <u>پیاو</u> بوو .

وەك: ئازادزۆر <u>پیاو</u> دەبێت .

وەك: دارا زۆر <u>پیاو</u>ە .

### ١/٦-٢) ناو لە ئەرکی تایبەتییەکانی ئاوەڵناودا:

بە شـــێکی زۆری نـاوەکـان دەتوانن تـایبـەتیـەکـانی ئاوەڵناو وەربگرن، دیارترین خاســـیەتی ئاوەڵناو وەرگرتنی مۆرفیمی پلەی(بەراوردوو، باڵا)یە. جگە لە مەش پەیڤی/هەرە/وەك مۆرفیمی پێشگرلە پێش ئاوەڵناوەوە دێت و پلەی باڵ پیشان دەدات.

وەك: /ناو/+/-تر/= /پیاوتر، منداڵتر،.../

وەك: دارا لە ئازاد منداڵترە .

وەك: /ناو/+/-ترین/= /پیاوترین،.../

وەك: شاکار ڕاستگۆترین مرۆڤ بوو.

وەك: /هەرە-/+/ناو/= /هەرەپیاو، هەرەمنداڵ،.../

وەك: لیا کچی هەرەمنداڵی دایکیەتی .

### ١/٦-٣) ناو لە ئەرکی کرداردا:

بەشـێکی ناوی داڕێژراو، لێکدراو کە بناغەی پێکهاتنیان کردارە، ئەرکی کرداری ناســادە دەبینن بە بەکارهێنانیان لە ڕستەدا.

وەك: سەرکەوت بەیەکەم دەرچوو. ناوی /سەرکەوت/ وەك ناوێکی تایبەتی ئەرکی بکەری بینیوە.

وەك: منداڵـەکـە بـە پـەیژەکـەدا ســـەرکەوت . پێکهاتەی ناوی /ســـەرکەوت/ لێرەدا ئەرکی کردارێکی لێکدراوی تێنەپەڕی بینیوە.

### ١/٦-٤) ناو لە ئەرکی ئاوەڵکرداردا:

بەشێك لە ناوەکان بەسادەیی، بە یارمەتی مۆرفیمی تر لە ڕستەدا ئەرکی ئاوەڵکردار دەبینن، دەبن بە تەواوکەری کردار، لیژنەی زمان وزانستەکان لە کۆڕی زانیاری کورد نۆ جۆر ئاوەڵکرداری دەستنیشانکردووە، ئاوەڵکرداری ((چۆنیەتی، زەمانی، شوێنی، وەسفی، تەرتیبی، تەئکیدی، تەکراری، نەفی، پرسیاری))، (لیژنەی زمان وزانستەکان: ٢٠١١: ٢٤٦).

مەرج نییە ناو ئەرکی هەموو جۆرەکانی ئاوەڵکر ببینێت، ناوی هەندێك لە ئەندامانی جەستە، ناوەتایبەتیەکانی شوێن وکات لە ڕستەدا ئەرکی ئاوەڵکرداری شوێنی دەبینن، هەندێك لە ناوە ئەبستراکتەکان ئەرکی ئاوەڵکرداری چۆنیەتی دەبینن.

منداڵەکە بە پشت دا کەوت.

مامۆستاکە بە کەرکوکدا ڕۆیشت.

ئەوان لە بەهاردا دەچنە سەیران.

کێشەکان بە دۆستایەتی چارەسەر دەبن. هەریەکێ لەم ناوانە کە بوونە بە ئاوەڵکردار ئەرکی تەواوکردنی کرداریان بینیوە. لەڕووی شوێن چۆنیەتییەوە.

## ٧/١) ئاوەڵناو لە ئەرکی بەشەئاخاوتنەکانی تردا:

ئاوەڵناو ئەرکی چەند بەشەئاخاوتنێك لە ڕستەدا دەبینێت.

### ١-٧/١) ئاوەڵناو لە ئەرکی ناودا:

بەشێکی ئاوەڵناوە چۆنیەتیەکان وەك ناوی تایبەتی بەکاردێن لەڕستەدا ئەرك، تایبەتییەکانی ناو وەردەگرن. ئەمەش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت لەزماندا کە ئاوەڵناو فرەئەرکە لە بەکارهێنانیدا. ((پۆلە وشەی ئاوەڵناو ناکرێت بە تەواوەتی لە پۆلە وشەی ئاوەڵکردار و ناو جودابکرێتەوە. هەر بۆیە جێگای سەرسوڕمان نییە کە هەندێك نووسەر لە نێوئەم پۆلە وشانە تێکەڵاوی بکەن، بۆ نمونە هەندێکجار یەك وشە لەڕستەدا، وەکو ئاوەڵکردار، ناو، ئاوەڵناو ڕۆڵ دەبینێت))، (غازی عەلی خورشید: ٢٠١١: ٩٣).

وەك: جوان دەچێت بۆهەولێر . (جوان) ناوە.

وەك: خوێندکارێکی جوان هات. (جوان)ئاوەڵناوە.

وەك: سارا جوان دەڕوات. (جوان) ئاوەڵکردارە.

وەك: بكەر/ شرين گۆڤار دەخوێنێتەوە.

وەك: نيهاد/ شيرين ئەندازيارە.

وەك: بەركار/ شيرينيان لە خوێندنگە بينی.

وەك: ديارخەر/ باوكی شيرين  مامۆستايە.

وەك: بەركاری ناڕاستەوخۆ/ ڕۆژنامەكەم لە شيرين وەرگرت.

وەك: تەواوكەری كاری ناتەواو/ ئەمە شيرين بوو.

وەك: تەواوكەری ناڕاستەوخۆی كاری ناتەواو/ گۆڤارەكە بە شيرين بوو.

وەك: جێگری بكەر/ شيرين لە ڤيستيڤاڵەكە بينرابوو.

### ١/٧-٢) بەكارهێنانی ئاوەڵناو لە تايبەتييەكانی ناودا:

ئاوەڵناو  تايبەتييەكانی ناوی گشـــتی وەردەگرێت. مۆرفيمی ناســـراوی/-ەكە/ هەندێك لە زمانەوانەكان بۆچوونيان وايە كە هەموو ناوێكی  تايبەتی ناسراوە جارێكی تر مۆرفيمی ناسراوی وەرناگرێت.

وەك: ئاوەڵناو+/-ێك، -ەكە، -ان/= /جوانێك، جوانەكە، جوانان/

### ١/٧-٣) بەكارهێنانی ئاوەڵناو وەك ئاوەڵكردار:

ئاوەڵناوەكان (ســادە، داڕێژراو، لێكدراو) لەڕســتەدا ئەركی ئاوەڵكرداری ســادە، داڕێژراو، لێكدراو دەبينن، دەبن بە تەواوكەری كردار .

وەك: ئارام جوان دەڕوات .

ئك. سادە

وەك: ئارام بەجوانی دەڕوات .

ئك. داڕێژراو

وەك: ئارام بەدڵسۆزی كارەكەی كرد .

ئك. لێكدراو

## ٨/١)هاوئەرکی هەندێك لە بەشەئاخاوتنەکان:

لەڕستەدا هەندێك ئەرك هەن هاوبەشن بەشی زۆری بەشەئاخاوتنەسەربەخۆکان دەتوانن ئەم ئەرکە ببینن، بەبێ ئەوەی ناچاربن پۆلی خۆیان بگۆڕن واتە هەرلە پۆلی خۆیاندا دەمێننەوە وهەمان ئەرك دەبینن.

١- ئەرکی بکەری: بەشەئاخاوتنەکانی(ناو، چاوگ، جێناو) بەبێ ئەوەی پۆلی خۆیان بگۆڕن دەتوانن لە ڕستەدا ببن بە بکەر.

وەك: سارا نانی خوارد.

ن. تایبەتی بکەر

چاوگی سادە، یان ناسادە لەڕستەدا دەبێت بە بکەر. (نوری عەلی ئەمین:٢٠١٢: ١٣٩).

وەك: ڕاپەڕین ئەوانی سەرخست .

چاوگ. بکەر

وەك: کێ لە دەرگا دەدات ؟ (لیژنەی زمان وزانستەکان:٢٠١١: ٦١).

جێناو. بکەر

٢- ئەرکی نیهاد: بەشێك لە نووسەرانی زمانی کوردی لەسەر ئەوە کۆکن کە لەڕستەدا نیهاد لەگەڵ کاری ناتەواو دێت. هەندێك لە زمانەوانەکانیش هەردووئەرکی (بکەرونیهاد) بەیەك ئەرك دادەنێن، جیاوازی ئەم دوو ئەرکە ناکەن. لە تەواوی پرۆگرامی تازەی زمانی کوردی وەزارەتی پەروەردەدا هەربە هەمان شێوەباسی لێکراوە، بەشەئاخاوتنەکانی (ناو، کرداری ناوی، جێناو) ئەرکی نیهاد دەبینن، نیهاد ئەو بەشەیە لەڕستەدا کە سیفەتێك یان هەواڵێکی دەدرێتەپاڵ کاتێك کرداری ڕستەکە کردارێکی ناتەواو بێت.

وەك: شیلان زیرەك بوو.

ن. تایبەتی، نیهاد

وەك: تێگەیشتن بناغەی زانستە.

چاوگ، نیهاد

وەك: ئەو زیرەك بوو.

جێناو. نیهاد

٣- ئەرکی دیارخەری: ئەوانەی ئەرکی دیارخەری دەبینن، بریتین لە(ناو، چاوگ، جێناو، ئاوەڵناو، ژمارە) دیارخەری زۆربەی کات پێویستی بە مۆرفیمی دانەپاڵە(خستنەسەر) دەبێت، هەندێکجاریش کە دیارخەر پێش دیارخراو دەکەوێت پێویستی بە مۆرفیمی دانەپاڵ نابێت . (ئاوازحەمە سدیق) لە لێکۆڵینەوەکەیدا(ڕیزبوونی کەرستە لەزمانی کوردیدا) بەم شێوەی باسی دیارخەری کردووە، هەردوو زاراوەی سەربارو دیارخەری بەکارهێناوە. ((بەو کەرەستانە دەوترێ کە ڕستەکە بەشێوەیەکی لاوەکی فراوان دەکەن ودەتوانین لایان بدەین بەبێ ئەوەی واتای ڕستەکە بشێوێت بوونیان لەڕستەدا تەنیا بۆ زیاتر زانیاری گەیاندن و ڕوونکردنەوەی ڕستەیە . دیارخەرەکان...بەهۆی ئامرازی خستنەسەر...لێکدەدرێن.زۆربەی بەشەکانی ئاخاوتن وەک:ناو، ئاوەڵناو، چاوگ...هتد دەوری دیارخەر دەگێرن))، (ئاوازحەمەسدیق: ١٩٩٦: ٥٩). ئەوەی لە ئەرکی دیارخەریدا تێبینی دەکرێت ئەوەیە دیارخەر مەرج بۆ کردار دانانێت واتە کردار(تێپەڕ، تێنەپەڕ، تەواو، ناتەواو، ڕابردوو، ڕانەبردوو) بێت، دیارخەر ئەرکی دیارخەری خۆی هەر دەبینێت.

وەك: بەفری چیاکان تواوەتەوە.

**ناوی گشتی (کۆناسراو)، دیارخەر**

وەك: بەرهەمی ڕاپەڕین دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو.

**چاوگی ناسادە، دیارخەر**

وەك: باوکی ئەوان کەسێکی بەخشندە بوو.

**جێناوی کەسی سەربەخۆ، دیارخەر**

لەکاتێکدا کە دیارخەر بەجێناوی لکاو دەرببڕێت، هەرچەند کە دیارخراو هەرپێش دەکەوێت، بەڵام پێویستی بە ئامرازی خستنەسەر نابێت.

وەك: باوکیان کەسێکی بەخشندە بوو.

**جێناوی کەسی لکاو، دیارخەر**

وەك: ژینگەی خاوێن تەندروستیمان دەپارێزێت.

**ئاوەڵناوی چۆنیەتی، دیارخەر**

وەك: گروپی سێیەم ئاڵای کوردستانیان بەرزکردەوە.

**ژمارەی پلەیی دارێژراو ، دیارخەر**

٤- ئەرکی بەرکار: بەشەئاخاوتنی (ناو، چاوگ، جێناو) ئەرکی بەرکاری ڕاستەوخۆ دەبینن لە کاتێکدا کە کرداری ڕستەکە تێپەڕبێت.

وەك: گۆڤارەکەیان بەخێرایی چاپکرد .

ناوی گشتی (ناسراوکۆ)، بەرکار

وەك: خوێندنیان تەواوکرد.

چاوگ، بەرکار

وەك: گەل ئێوەی هەڵبژارد .

جێناوی کەسی سەربەخۆ، بەرکار

٥- بەرکاری ناڕاستەوخۆ: بەشەئاخاوتنەکانی (ناو، چاوگ، جێناو، ئاوەڵکردار) ئەرکی بەرکاری ناڕاستەوخۆ دەبینن، لەم بارەشدا هەریەك لەم بەشەئاخاوتنانە پێویستیان بە یەکێك لە پێشبەندەکان هەیە.

وەك: سارا کتێبەکەی لە ئارام وەرگرت.

ناوی تایبەت، بەرکاری ناڕاستەوخۆ

وەك: ئاژەڵی کێوی بەراوکردن کەم دەبێتەوە.

چاوگی ناسادە، بەرکاری ناڕاستەوخۆ

وەك: ئێوە ڕۆمانەکەتان لە ئەوان وەرگرت.

جێناوی کەسی سەربەخۆ، بەرکاری ناڕاستەوخۆ

وەك: ئەسپەکە بەخێرایی ڕایکرد

ئاوەڵکردار، بەرکاری ناڕاستەوخۆ

# بەشی دووەم

## فرەئەركی مۆرفیمی بەند

# فـرەئــەركـی مـۆرفـیمــی بــەنـــد

## سەرەتا:

فرەئەركی مۆرفیمەكان دیاریدەیەكی هاوبەشــی زمانەكانە، بەشـێكی زمانەزیندووەكانی گێتی لە رێگەی مۆرفیمی بەندەوە بەشەكانی ئاخاوتنیان دەگـۆرێت، وشەی تازەیان بەواتای تازە بۆ بەرهەم دێت. هەنـدێكجـار لە یەك كردەی مۆرفۆلۆژیـدا چەنـدین بەرهەم بەیەكەوە بۆ زمـانەكە لە رێگەی مۆرفیمی بەندەوە دێنەكایەوە، بۆ نمونە لە زمانی كوردیدا مۆرفیمی بەندی/بێ-/ لە یەك كردەی مۆرفۆلۆژیدا سـێ ئەرك بەجێدەهێنێت.

وەك: /بێ-/+هۆش= ئاوەڵناوی دارێژراو /بێهۆش/

١- ئەركی دارشتنی بینیوە.

٢- ئەركی گۆرینی بەشەئاخاوتنی بینیوە.

٣- ئەركی بەرهەمهێنانی دژواتای بینیوە.

بەرلەوەی لە ئەركی مۆرفیمەبەندەكان لەرووی مۆرفۆلۆژی و سینتاكسییەوە بدوێین، پێویستە مۆرفیم، جۆری مۆرفیم، تایبەتمەندییەكانیان دەستنیشان بكەین، بۆ ئەوەی كاری توێژینەوەكەمان ئاسان بكات.

## ١/٢) مۆرفیم:

دەربارەی مۆرفیم پێناســـەی جۆربە جۆر هەیە، ئەگەر لە ناوەرۆكی هەر یەكێكیان وردبینەوە دەبینین. هەموویان یەك ئامانج دەپێكن باس لەیەكەیەك دەكەن كە لە وشــە بچوكترە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا چۆن زمانەوانەكان نەگەیشـتنە رایەكی یەكگرتوو دەربارەی پێناسـەی وشــە سـەبارەت بە مۆرفیمیش هەمان ئارێشـە هەیە. هەریەك لەم پیناسـانە دید و بۆچونی خاوەنەكانیان دەردەبرن، هەندێك بە دانەی واتاداری زمانی دەزانن و هەندێكی تر وای دەبینن، كە دانەی رێزمانی بێت.

- رادفـــۆرد دەڵــێت ((مـــۆرفیم بـــــچوكـــتـــریــــــن یــــەكـــەی پـــێـكـهـاتـــەی رێزمانییـە))، (ابوبكرعمرقادر:٢٠٠٣ : ١٤).

- ((مـۆرفیـم بـچـوکـتـریـن یـەکــەی واتـاداری زمـانـە))، ( Blomfild:1993:161 ).
- ((مۆڕفیم بچووکترین دانەی واتـاداری زمـانە لە فۆنیمێ یـان زیـاتر پێـك دێـت و دەورێکی لەڕێزماناهەیە))، (وریاعومەر ئەمین :٢٠٠٩: ١١٤).

بەگۆڕین و لابردنی هەرفۆنیمێك یـان بە لەت کردنی مۆرفیم واتـاو دەورە بنەڕەتییەکەی نـامێنێت، واتە مۆرفیم بەلابردنی یەکێك لە فۆنیمەکانی واتا، یان ئەرك لەدەست دەدات، لەبەرئەوە ناتوانرێت مۆرفیم بۆ دانەی تر بچوك بکرێتەوە .

مۆرفیم سێ ڕووی هەیە :

١- فیزیاوی- فۆنیمەکانی

٢- مانایێك

٣- دەورێك لەڕێزماندا

بۆ نمونە وشــەی (مانگ) قالبێکی فیزیاوی هەیە، کە فۆنیمەکانیەتی، دەشـبیسـترێ، مانایەکی هەیە، کە تەنێکی ئـاســـمانییە، دەورێکی لە ڕێزمـانـدا هەیە، ئەگەر بخرێتە چوار چێوەی ڕســـتەوە وەك بکەر، بەرکار،...هتد بەکاردێت  (وریا عومەرئەمین : ٢٠٠٩: ١١٤، ١١٥ ).

## ٢/٢) تایبەتییەکانی مۆرفیم:

لەبەر ڕۆشـــنایی ئەم پێناســـانەی ســـەرەوە و بە پشـــت بەســـتن بە چەند ســـەرچاوەیەك دەتوانین تایبەتمەندییەکانی مۆرفیم دەستنیشان بکەین.

١- بچوکترین دانەیە لە ئاستی مۆرفۆلۆجییدا.

٢- یان ئەرك دەبینێت وەك (ەکە) مۆرفیمێکە ئەرکی ناســراوی دەبینێت، یان واتای دەبێت، وەك واتای وشــەی (دار).((مۆرفیم دانەیەکی بنەڕەتی ئاســتی ڕێزمان(وشــەســازی-ســینتاکس)ە- وەك یەکێك لە پێکهاتەکانی ڕستە ئەرکێك یان واتایەك دەگەیەنێت))، ( ڕۆژان نوری عبدالله : ٢٠٠٧: ٢٤ ).

٣- یان وەك مۆرفیمێکی سەربەخۆ کاردەکات، وەك وشەی (شەو ) یان وەك مۆرفیمێکی بەند کاردەکات، واتە (ناسەربەخۆ) وەك نەرمین (نەرم ) مۆرفیمی سەربەخۆیە (ین) مۆرفیمی بەندە.

٤- مۆرفیم کەرت ناکرێت بۆ دانەی وردتر، چونکە هەرکات مۆرفیم کەرتکرا واتاکەی خۆی لەدەست دەدات، کە واتاشی لەدەست دا بە مۆرفیم دانانرێت.

٥- ئەگەر مۆرفیمێك فۆنیمێکی تری بۆ زیاد بکرێت، یان بۆی کەم بکرێت، ئەوا ئەرك و واتا لەدەست دەدات.

٦- مۆرفیم دەبێت لە ژینگەی جیاوازدا دووبارە بێتەوە، بەڵام هەندێك زمانەوان پێچەوانەی ئەم بۆچونەن، چونکە پێیان وایە ناکرێت دووبارەبوونەوە بکرێت بە بنەما بۆ مۆرفیم،
بۆ نمونە ژمارەیەکی دیاریکراو لە مۆرفیم زۆر کەم دووبارە دەبنەوە وەك (تاقی)، (تەمێ)، (واز)...هتد لە وشەکانی (تاقیکردنەوە، تەمێکردن، وازهێنان).

٧- مۆرفیم دانەیەکی خاوەن فۆرمە واتا بوونێکی فیزیکی هەیە، تەنها مۆرفیمی سفر نەبێت، بوونی فۆنەتیکی نییە، بەڵام ئەرکی هەیە، مۆرفیمی بەتاڵیش بوونی فۆنەتیکی هەیە، بەڵام ئەرکی نییە. (شەهاب شێخ تەیب:٢٠١٢ : ١٤: ١٨٥- ١٨٧).

### ٣/٢) جۆرەکانی مۆرفیم:

مۆرفیم لە چەند ڕوویەکەوە دابەشکراوە، ئەوجۆرە دابەشکردنانەی کە بۆ مۆرفیم کراون لە زمانی کوردیدا لەژێر ڕۆشنایی کارتێکردنی بۆچونەکانی ڕێزمان نووسانی ڕۆژئاوا کراون و سودیان لەئەوان بینیوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە زۆربەی تیۆرییە زمانییەکان سەرچاوەی سەرهەڵدانیان ئەوروپا بووە، ئەگەربە شێوەیەکی سەرپێیش بێت، لەبەر گرنگی توێژینەوەکە پێویستە پەنجە بۆ هەندێك لەو دابەشکردنانە ڕابکێشین، کە بۆ مۆرفیم کراون، (ئەورەحمانی حاجی مارف) سێ جۆر مۆرفیمی دەستنیشان کردووە، کە دەتوانرێت بکرێت بە بناغە بۆ دابەشکردنەکانی دواتر.

### ١- مۆرفیمی ڕیشەیی- Root morpheme :

بچوکترین بنکەی وشەیە، کە مانای سەرەکی وشە هەڵدەگرێت وەك لە وشەی (چڵکن) دا، (چڵك) بچوکترین بنکەیە و واتای سەرەکی وشەی هەڵگرتووە، کە واتە مۆرفیمی (چڵك) لەم نمونەیەدا مۆرفیمی ڕیشەییە، بەشی هەرە زۆری ئەم مۆرفیمانە بە شێوەی سەربەخۆ خۆیان دەنوێنن، واتا

دەبەخشن، هەرلەبەرئەوەشە هەندێکجار لە زانستی زماندا بە مۆرفیمی ڕیشەیی دەگوترێت مۆرفیمی سەربەخۆ وەك وشەی (شار) مۆرفیمێکی سەربەخۆیە و واتای هەیە، خۆی بەتەنیا بەکاردێت (ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٨٧: ٣٠، ٣١).

### ٢- مۆرفیمی وشەداڕێژ- Derivational morphem :

ئەو پاشگر و پێشگرانەی دەوری وشە ڕۆنان دەبینن، جۆرێکی تایبەتن لە مۆرفیم، لە زانستی زماندا بە (مۆرفیمی وشەدارێژەر) ناسراون وەك پاشگری (ین) کە دەچێتە سەر وشەی (سەر) دەبێت بە (سەرین) ئەم پاشگرە دەوری دارشتنی وشەی بینیوە. (ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٨٧: ٣١، ٣٢)

### ٣- مۆرفیمی وشەگۆڕ- Inflexional morpheme :

ئەو مۆرفیمانەن کە دەچنە سەر وشە و حاڵەتی جیاوازی سینتاکسی پێکدەهێنن. مۆرفیمی وشەگۆڕ بریتیە لە نیشانە وەك پێشگر و پاشگر کە بە سەرەتا و کۆتایی وشەوە دەلکێن، پێشگرەکان وەك (دە، ئە،ب ،...) (دەچوو)، (بڕۆ) لە سەرەتای وشە دێن و حاڵەتی جیاوازی سینتاکسی دەردەبڕن، هەروەها پاشگرەکان وەك (ە، ی، ەکە، ان، ێك، ...) (کوڕەکە ) لە کۆتای وشەدا دێن و ئەرکی ڕێزمانی دەبینن. هەردوو جۆرەکەی مۆرفیم (وشەداڕێژەر، وشەگۆڕ) بە شێوەی سەربەخۆ کارناکەن، واتا نابەخشن، لەبەرئەوە لە زانستی زماندا بە هەردووکیان دەڵێن (مۆرفیمی بەند یاخود مۆرفیمی ئەفیکس) (ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٨٧: ٣٠-٣٤). ئەم جۆرە دابەشکردنەی کە بۆ مۆرفیم کراوە زۆر ورد نییە، نەی توانیوە هەموو ئەم مۆرفیمانە دەستنیشان بکات کە ئەمڕۆ لە زماندا هەن، بەتایبەت مۆرفیمی ئەرکی کە بەشێکە لە مۆرفیمی سەربەخۆ. دەتوانین بڵێین ئەم جۆرە دابەشکردنە، دابەشکردنێکی سادەی مۆرفیمەکانی زمانە، جگە لەمە چەندێن دابەشکردنی تر بۆ مۆرفیم کراوە، ئەوەی ئەمڕۆ زۆرباوە و پشتی پێدەبەسترێت ئەودابەشکردنەی (محەمەد معروف فەتاح، سەباح ڕەشید قادر)ە، کە توانیویەتی بەشی هەرەزۆری مۆرفیمەکانی زمان بەوردی دەستنیشان بکات، بەتایبەتیش کە

توانیویەتی لە مۆرفیمی بەند دا ڕەگی کار و گیرەکەکان لەیەك جیابکاتەوە، ڕەگی کار دەکات بە بنکە بۆ گیرەکەکان، هەروەها تیشك دەخاتە سەر نووسەکەکان، مۆرفیم دابەش دەکات بە سەردووبەشدا کە بریتیە لە:

١- مۆرفیمی ئازاد، مۆرفیمی (لێکسیکی، ئەرکی )دەگرێتەوە .

أ- لێکسیکی (سەربەخۆ)

ب- ئەرکی

٢- مۆرفیمی بەند، مۆرفیمی (گیرەك، بنکەی بەند، نووسەك) دەگرێتەوە.

أ- گیرەك ،گیرەکی ڕێزمانی، وشەداڕێژ دەگرێتەوە.

- ڕێزمانی: بریتییە لە ( پێشگر، پاشگر، ناوبەند، جووتەگر)
- وشەداڕێژ: بریتییە لە (پێشگر، پاشگر، ناوبەند، جووتەگر)

ب- بنکەی بەند

پ- نووسەك بریتییە لە (بەرگر، دواگر) (محەمەد مەعروف و سەباح رەشید :٢٠٠٦: ٢٩ ).

## ٤/٢) فرەئەرکی مۆڕفیمەبەندەکان:

مۆرفیمەبەندەکان فرەئەرکن لە توانایاندا هەیە، واتای وشە بگۆڕن، وشەی تازە بەرهەمبهێنن. مۆرفیمەکان بۆ پێشگر، پاشگر، ناوبەند دابەش دەبن. ((چەند مۆڕفیمێکی بەند لەتوانایاندا هەیە واتای وشەکان بگۆڕن، یان وشەی نویێ بە واتای نوێوە بەرهەمبهێنن وپێیان دەگوترێت مۆرفیمی هەڵگواستن (Derivation morpheme)، ئەم مۆرفیمانە بۆ پێشگر(prefixes) ناوگر(Infixs)و پاشگر(Suffixes) پۆل دە کرێن))، (بێستون حەسەن ئەحمەد:٢٠١٢: ٣٧). هاتنی مۆڕفیمەکان هەندێکجار بە شێوەیەکە، کە لەشوێنێکدا دوو یان سێ پێشگر یان پاشگر لە وشەیەکدا دێن، شوێنەکانیان بە شێوەیەکی ئاسایی و نەگۆڕ چەسپێنراوە، لەکاتێکدا هەمیشە بوارهەیە، بۆ دووبارە

ڕێـــــــــكـــــــخـــــــــستنەوەی وشــەكان، هەریەك لەم مۆڕفیمەپێشــگروپاشـگرانە ئـــــــــەركێكی بینـیـوە.(katamba and johnStonham:2006:55). لـە زمـانی كوردیدا لەم جۆرە مۆڕفیمانە دەبینرێن. وەك / پێـداهەڵـدان، پێلێهەڵگرتن .../ ئـەوەی لێرە بـاســـی لێوەدەكرێـت تـەنهـا مۆڕفیمـە فرەئەركەكانن كاتێكیش باس لە فرەئەركی دەكرێت مۆڕفیمەكە دەبێت لە ئەركێك زیاتر ببینێت ئەوسـا دەبێت بە فرەئەرك. بە شـێوەیەكی گشـتیش مۆڕفیمەكان لە چەند ئاسـتێكی زماندا فرەئەركن، هەیانە فرەئەركیەكەی لە یەك ئاستە هەیانە لە دووئاست یان زیاترە، ...هتد.
دیاردەی فرەئەركی مۆڕفیمەكـان و گۆڕینی بەشـــەئاخـاوتنەكـان بە هۆی مۆڕفیمەكـانەوە دیـاردەیەكی هـاوبـەشـــی زمـــانـــەكـــانـــە لـــە زمـــانــــی ئیـنـــگـلیــزیــدا مــۆڕفیـمـــی بــەنــدی پـاشــگـــرلـــەم بـــوارەدا چـــالاكـــە گـــۆڕیـنـــی بـــەشـــەئـــاخـــاوتن لە بەینی (ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵكردار) داڕشـتن و بچووككردنەوەی ناو، بەشـەكانی تـــــر لە زمانی ئینگلیزیدا بەهۆی مۆڕفیمی پاشگرەوەیە.(katambaandjohnStonham:2006:49-50 )

## ٥/٢) فرەئەركی مۆرفیمی یەك ئاست:

مەبەست لەو مۆڕفیمانەیە كە زۆربەی كات لە یەك ئاستی زماندا كاردەكەن، لەگەڵ ئەوەی لەیەك ئاستی زماندا دەبینرێن، فرەئەركن، ئەركی داڕشتن و گۆڕینی بەشە ئاخاوتن دەبینن. ئەوانیش بریتین لە پێشگر (Prefixes)، ناوبەند (Infixes)، پاشگر (Suffixes).

## ٥/٢-١) فرەئەركی پێشگرەكان (Prefixes):

كۆمەڵێك مۆرفیمی پێشــگری فرەئەرك هەن، كە دەچنە ســەر بەشــەئاخاوتنە جیاوازەكان و فرەئەركی خۆیان بەرجەستە دەكەن.وەك: /پێ-، تێ-، لێ-، ڕا-، هەڵ-، هاو-،... /

**١-/پێ-/**

یەکێکە لەو مۆرفیمە چالاکانەی کە لەگەڵ چاوگ، ڕەگی کردار دەردەکەوێت، ئەم ئەرکانە دەبینێت.

أ- ئەرکی داڕشتن دەبینێت.

وەك: /پێ-/+چاوگ، ڕەگی کردار= وشەی داڕێژراو / پێهێنان، پێخەف، .../

ب- دەچێتە سەرچاوگ و دەیکات، بە چاوگی داڕێژراو.

وەك: / پێ-/+چاوگ= چاوگی داڕێژراو /پێکردن، پێدان، پێبوون /

پ- ئەرکی گۆڕینی بەشە ئاخاوتن دەبینێت، دەچێتە سەر ڕەگی کارو ناوی داڕێژراو پێکدەهێنێت.

وەك: /پێ-/+ڕەگی ڕانەبردووی کردار= ناوی داڕێژراو/، پێنووس، پێکۆڵ/ (کۆڵ)ڕەگی (کۆڵین)ە.

وەك: /پێ-/+ڕەگی ڕانەبردووی کردار+/-ەر/= ناوی دەرێژراو / پێخۆر/

ت- لە کردەی مۆرفۆسیناکسیدا شێوەی گۆڕاوی پێشبەندی (بە) یە.

وەك: بە تۆم گوت.     پێم گوتیت .

ج- ئەم مۆرفیمە لەگەڵ پێشگری(دا، ڕا، وە ) ئەرکی پێکهێنانی پێشگری ناسادە دەبینن ،وەك:

وەك (پێدا، پێڕا، پێوە) ئەم پێشگرە ناسادانەش ئەرکی داڕشتنی چاوگ دەبینن .

**٢-/تێ-/**

ئەم ئەرکانە دەبینێت:

أ- ئەرکی داڕشتن دەبینێت.

ب- دەچێتە چاوگ دەیکات، بە چاوگی داڕێژراو.

پ- ئەرکی گۆڕینی بەشە ئاخاوتن دەبینێت، دەچێتە سەرڕەگی کارو ناوی داڕێژراو پێکدەهێنێت .

ت- لەگەڵ پاشگرەکان ئەرکی پێکهێنانی پێشگری ناسادە دەبینێت.

وەك: /تێ-/+چاوگ= کرداری ناوی داڕێژراو /تێکردن، تێخستن/

وەك: /تێ-/+ڕەگی ڕانەبردووی کردار+/-ەر/= ناوی داڕێژراو/تێخەر، تێکەر/

وەك: /تێ-/+پاشگر= پاشگری ناسادە / تێرا، تێوە، تێدا/

## ٣-/لێ-/

ئەم ئەركانە دەبینێت:

أ- ئەركی داڕشتن دەبینێت.

ب- دەچێتە سەر چاوگ و دەیكات بە چاوگی داڕێژراو.

پ- ئەركی گۆڕینی بەشەئاخاوتن دەبینێت، دەچێتە سەر ڕەگی كار و ناوی داڕێژراو پێكدەهێنێت.

ت- لە كردەی مۆرفۆسینتاكسیدا شێوەی گۆڕاوی پێشبەندی (لە) یە.

ج- لەگەڵ پاشگرەكان ئەركی پێكهێنانی پێشگری ناسادە دەبینێت.

وەك: /لێ-/+چاوگ= چاوگی داڕێژراو/لێخوڕین، لێدان/

وەك: /لێ-/+ڕەگی ڕابردووی كردار+پاشگر= ناوی داڕێژراو/لێكەوتە، لێبووردە/

وەك: گۆڤارەكەم لە تۆ وەرگرت.          لێم وەرگرتیت.

وەك: /لێ-/+پاشگر= پێشگری ناسادە /لێرا، لێوە/

## ٤-/ڕا-/

ئەم مۆڕفیمە زیاترلەگەڵ كرداردا دەردەكەوێت، سنوری بەكارهێنانی لەگەڵ ناودا تەسكە، كۆمەڵێك ئەرك دەبینێت:

أ- ئەركی داڕشتن دەبینێت.

ب- دەچێتە سەرچاوگ دەیكات بە چاوگی داڕێژراو.

ت- ئەركی گۆڕینی بەشە ئاخاوتن دەبینێت، دەچێتە سەر ڕەگی كار و ناوی داڕێژراو پێكدەهێنێت٠

ج- پاشبەندی شوێنە و لەگەڵ پێشبەندی (لە) شوێن دیاری دەكەن.

وەك: /ڕا-/+چاوگ= چاوگی داڕێژراو /ڕاكردن، ڕاخستن، ڕامان/

وەك: /ڕا-/+ڕەگی كردار= ناوی داڕێژراو ((ڕایەخ))، (ئەوڕحمانی حاجی مارف:١٩٧٩: ١٣٣)وەك:

وەك: /ڕا-/+ناو= ناوی داڕێژراو /ڕاناو/

وەك: /لە-/+ناوی شوێ/-ڕا/= پێشبەندی ناسادەی شوێن /لەوێڕا، لەئێرەڕا/

ئـــەم مـــۆرفیمـــە ئـــەرکـــی پێـــکهـێنـــانـــی پێـــشـــگـــری نـــاســـادە دەبینێت لەگەڵ مۆرفیمی ((پێ ،تێ ،لێ) (ئەورحمانی حاجی مارف:٢٠٠٠: ٨١)./پێراهێنان، تێرادیتن، لێراهاتن.../

**٥-/هەڵ-/**

أ- ئەرکی دارشتن دەبینێت.

ب- دەچێتە سەر چاوگ و دەیکات، بە چاوگی دارێژراو.

ت- ئەرکی گۆرینی بەشەئاخاوتن دەبینێت، دەچێتە سەر رەگی کارو ناوی دارێژراو پێکدەهێنێت.

وەك: /هەڵ-/+چاوگ= چاوگی دارێژراو /هەڵدان، هەڵچوون/

وەك: /هەڵ-/+رەگی کردار= ناوی دارێژراو /هـــەڵدێر، هەڵکەوت/ پێشگری /هەڵ-/ دەتوانێت لەگەڵ رەگی رانەبردوودا ئەم ئەرکە ببینێت، وەك /هەڵدێر/ (دێر) رەگی چاوگی /دێران/ە. (نەسـرین فەخری، کوردســـتان موکریانی: ١٩٨٢: ١٣٩). ئەمانە وچەندان ناوی تری دارێژراوی تایبەت بە مرۆڤ و شوێن بەم یاسایە پێکدێن.

**٦-/هاو-/**

ئەم مۆرفیمە لەگەڵ ناودا چالاکە، هەندێکجار لەگەڵ کردار، ناوێکی لە کردارپێکهاتوو پێکدێنێت، لە هەموو بارەکانیشدا ئەرکی پێکهێنانی ناوی دارێژراو دەبینێت.

أ- ئەرکی دارشتن دەبینێت.

ب- ئەرکی گۆرینی بەشە ئاخاوتن دەبینێت، دەچێتە سەر رەگی کار و ناوی دارێژراو پێکدەهێنێت.

وەك: /هاو-/+ناو= ناوی دارێژراو /هاوکار، هاوسەر، هاورێ، هاودەرد، هاوخەم/

وەك: /هاو-/+رەگی رانەبردوو+پاشگر= ناوی دارێژراو /هاوکێشە/

وەك: /هاو-/+رەگی رانەبردوو= ناوی دارێژراو /هاوپێچ،.../

## ٢-٥/٢) فرەئەرکی ناوبەندەکان:

ناوبەندەکان ئەو مۆرفیمانەن کە لە نێوان وشەکان دێن و ئەرکی لێکدانی وشە و مۆرفیمەکان دەبینن. ئەم دوو ناوبەندە /-ەو-، -او-/ لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا ئەرکی لێکدانی ناو، ئاوەڵکردار، ژمارە ، ئاوەڵناو دەبینن، زۆربەی کات ئاوەڵکرداری لێکدراو دروستدەکەن.

### ١-/-ەو-/

أ- ئەرکی لێکدان دەبینێت.

ب- ئەرکی گۆڕینی بەشە ئاخاوتن دەبینێت .

وەك: ناو+/-ەو-/+ناو(هەمان ناو)= ئاوەڵکرداری لێکدراو /شارەوشار، شاخەوشاخ/

وەك: ناو+/-ەو-/+ناو= ئاوەڵکرداری لێکدراو /دەستەوئەژنۆ، ڕووەوئاسمان/

وەك: ئاوەڵکردار+/-ەو-/+ ئاوەڵکردار= ئاوەڵکرداری لێکدراو /سەرەوبن، سەرەوخوار/

وەك: ژمارە+/-ەو-/+ژمارە= ئاوەڵکرداری لێکدراو /یەکەویەك، یەکەودوو/

وەك: ئاوەڵناو+/-ەو-/ئاوەڵناو= ئاوەڵکرداری لێکدراو /ڕاستەوڕاست، پانەوپان/

### ٢-/-او-/

أ- ئەرکی لێکدان دەبینێت.

ب- ئەرکی گۆڕینی بەشەئاخاوتن دەبینێت.

وەك: ناو+/-او-/+ناو(هەمان ناو)= ئاوەڵکرداری لێکدراو /دەستاودەست، پشتاوپشت، ((دۆڵاودۆڵ))، / (ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٩٨: ١٦٠).

وەك: ئاوەڵکردار+/-او-/+ئاوەڵکردار= ئاوەڵکرداری لێکدراو/ژێراوژوور/

وەك: ژمارە+/-او-/+ژمارە= ئاوەڵکرداری لێکدراو/نیواونیو، یەکاویەك/

## ٣-٥/٢) فرەئەرکی پاشگرەکان (Suffixes):

/-کەر، -ەوان، -وان، -ەوانی، -گەر، -چی، -دار، -باز، -بەند، -مەند، -ساز، -ەر، -یار، -ایەتی، -یەتی، -ەتی، -ێتی، -ێنی، -ایی، -یی، -انە، -انی، -ەوار، -ەوەر، -ەوەری، -ەوا، -گا،-ەڵان ، -ڵان، -ەڵێن، -جاڕ، -ەجاڕ، -دان، -دێن، -ستان، -ەن،س -خانە، -زار، -اوا، ەوا،-ێن، -ێنە، -ینە، ەوانە،-وانە، -انێ ، -وانکە، وێنکە، -گار، -ەمەنی، -اك، -ك، -وور، -ەکی، -ار، -ارە، -نیاز، -نیار، -ناك، -ۆك، -ۆکە، -نۆك، -یلە، -یل، -ڵ، -یڵێ، -وولە، -ەڵ، -ەڵە، -ۆڵ، -ۆڵە، -وڵە، -وکە، -ولکە، -یك، -ینگە، -وك، -ۆلکە، -یلکە، -چە، -یچە، -ۆچە، -چك، -چکە، -وچکە، -ۆچکە، -وچك، -یچکە، -یژە، -ژە، -ژۆڵە، -ژیل، -یژگە، -ێژە، -کیلە، -ۆکی، -یلانە، -کەلانە، -ۆل، -ۆلە، -ەواڵە، -میچ، -فیچکە، -لك، -ەلە، -کۆ، -یتە، -تە، -بار، -زار، -سار، -ندە، -ەناو، -ەڵۆك، -مە، -ست،-شت،.../

**<u>١-/کەر-/</u>**

ئەم مۆرفیمە لەگەڵ ناو، ئاوەڵناو ناوی داڕێژراو پێکدێنێت، لەگەڵ ئاوەڵناودا ئەرکی گۆڕینی بەشەئاخاوتنیش دەبینێت و واتای بکەردەبەخشێت (ڕۆژان نوری عبداللە: ٢٠٠٧: ٣٤).

أ- ئەرکی داڕشتن دەبینێت.

ب- ئەرکی گۆڕینی بەشە ئاخاوتن دەبینێت.

وەك: ناو+/-کەر= ناوی داڕێژراو /سواڵ<u>کەر</u>، دار<u>کەر</u>، نان<u>کەر</u>/ مەبەستی کاروپیشەدەگەیەنێ.

وەك: ئاوەڵناو+/-کەر/= ناوی داڕێژراو /تیژ<u>کەر</u>، بەرز<u>کەر</u>، گەرم<u>کەر</u>/

هەندێك جاریش ئەم مۆرفیمە لەگەڵ کردار، ناوی پیشەو، ناوی بکەر پێکدەهێنێت، لە شێوەی داڕێژراو، لێکدراودا دەبینرێت. ( نەخش<u>کەر</u>، ناڵ<u>کەر</u>، سەرکوت<u>کەر</u>، کۆشش<u>کەر</u>.../

**<u>٢- /-ەوان،وان،ەوانی/</u>**

یەکێکە لەمۆرفیمە چالاکەکان و چەند ئەرکێك دەبینێت:

أ- ئەرکی داڕشتن دەبینێت.

ب- ئەرکی گۆڕینی بەشەئاخاوتن دەبینێت.

وەك: ناو+/-ەوان،وان/= ناوی داڕێژراوی پیشە /بەرخەوان، باخەوان، دەرگاوان، گاوان/
هەندێکجاریش لەگەڵ ناوی داڕێژراو دێت، جارێکی تر بۆ مەبەستێکی تر ناوەکە دادەڕێژێتەوە. ناوی واتای دەکات بە ناوی پیشەی کاتی مرۆڤ .
وەك: ناوی داڕێژراو+/-ەوان/= ناوی داڕێژراو /ڕۆژوەوان/
وەك: ئاوەڵناو+/-ەوان/= ناوی داڕێژراو /چالاکەوان،... /
وەك: ناو+/-ەوانی/= ناوی داڕێژراوشوێن /چۆڵەوانی، .../

## ٣ - /-گەر/

دەرکەوتنی ئەم مۆرفیمە زیاتر لەگەڵ ناودا دەبێت، هەندێکجار لەگەڵ ئاوەڵناودا دەردەکەوێت، مەرج نییە، لە هەموو دەرکەوتنێکدا ئەرکی ناوی پیشە ببینێت ((بەتێپەڕبوونی کات وبە پێی پێویستی زمانەکە، ئەم پاشگرە بۆ داڕشتنی وشەی نوێ بەکارهاتووە))، (نەرمین عومەر ئەحمەد : ٢٠١٠: ٧١).
أ- ئەرکی داڕشتن دەبینێت.
ب- ئەرکی گۆڕینی بەشە ئاخاوتن دەبینێت.
وەك: ناو+/-گەر/= ناوی داڕێژراوی پیشە /ئاسنگەر، مزگە ، .../
وەك: ناو+/-گەر/+/-ی/= ناوی ئەبستراکت /سۆفیگەری، شانۆگەری، ڕۆژنامەگەری/
وەك: ئاوەڵناو+/-گەر/= ناوی داڕێژراو /نوێگەر، تازەگەر/ لە ئێستای زمانی کوردیدا ئەم مۆرفیمە لە قۆناغی چالاك بوونادایە، بە بەڵگەی ئەوەی لەگەڵ ئاوەڵناو، وشەی بێگانە، وشەی کوردی ناوی ئەبستراکت پێکدێنێت (نوێگەری، تازەگەری نەریتگەرایی، تایەفەگەری، مەزهەبگەری، حیزبگەری، عەشیرەتگەری، ناوچەگەرایەتی ،.../

## ٤-/-چی/

أ- ((دەچێتەسەرناو و...بەشێوەیەکی چالاک دەبینرێت)) (ئەورەحمانی حاجی مارف:١٩٧٩: ١٠٩).

وەك: ناوی بەرجەستە+/-چی/= ناوی دارێژراوی پیشە /تەنەکەچی، چایچی، پینەچی/

ب- دەچێتە سەرناوی واتایی دەیکات بە ناوی دارێژراوی پیشە.

وەك: ناوی واتایی+/-چی/= ناوی دارێژراوی پیشە /ساختەچی، ڕاوچی، کوێستانچی/

هەندێك مۆرفیمی ترهەن، کە بۆهەمان مەبەســـت بەکاردێن، هەمان ئەرك دەبینن، توانای لە بری یەکتری بەکارهێنانیان هەیە. /-ســـاز، -کار، -کەر، -چی/ ((تەنەکەچی، تەنەکەســـاز، ســـاختەچی ،ساختەکار، قومارچی، قومارکەر))، (ڕۆژان نوری عبداللە: ٢٠٠٧: ٣٦).

## ٥-/-دار/

ئەم مۆرفیمە یەکێکە لە مۆرفیمە چالاکەکان:

أ- لەگەڵ ناودا دێت، ئەرکی پێکهێنانی ناوی دارێژراودەبینێت.

ب- ئەرکی پێکهێنانی ئاوەڵناوی دارێژراو دەبینێت. هەندێکجاریش لەگەڵ کردار دەردەکەوێت.

پ- ئەرکی گۆڕینی بەشە ئاخاوتن دەبینێت .

وەك: ناو+/-دار/= ناوی دارێژراو /خەزنەدار، دووکاندار، چێودار/

ئەم ناوانەی بەپێی ئەم یاسایە دروستدەبن مەرج نییە، هەمووکات ناوی پیشە بگەیەنن، هەندێکجار ناوی کەس و باڵندە دەگەیەنن. /سەردار، دڵدار، باڵدار، سۆزدار/

وەك: ناو+/-دار/= ئاوەڵناوی دارێژراو /نازدار، ناودار، قەرزدار/

وەك: ڕەگی ڕانەبردووی کردار+/-دار/= ناوی دارێژراو/بەشـــدار، مردار/ ئەو ڕەگانە (بەش، مر) لەمانە / بەشین، مردن/ وەرگیراون و بەڵام /بەشین/ کاتێك وەك چاوگ بەکاردێت، دەبێت پاشگری /-ەوە/ لەگەڵ بێت، بۆ ئەوەی واتا ببەخشـێت /بەشـینەوە/، زۆر وشـەی دارێژراوی تریش هەن، کە ئەم مۆرفیمە /-دار/ ئەرکی دارشتنیان دەبینێت وەك :/ چێژدار، تامدار، گیاندار،گوڵدار، شاخدار،.. /

## ٦ -/-باز/

ئەرکی ئەم مۆرفیمە، پێکهێنانی ناو، ئاوەڵناوە، زۆربەی کات لەگەڵ ناودا دەردەکەوێت، هەندێك جاریش لەگەڵ وشـــەی تردا دێت، مەرج نییە لە هەموو بارێکدا ئەرکی ناوی پیشـــە ببینێت، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئەم ئەرکانە دەبینێت:

أ- ئەرکی دارِشتن دەبینێت.

ب- ئەرکی گۆڕینی بەشەئاخاوتن دەبینێت.

وەك: ناو+/-باز/= ناوی دارِێژراوی خاوەن پیشە /کۆترباز، سیحرباز، جامباز،.../ هەندێك جا وشەی بێگانە بەکاردێت، لە پێکهێنانی ناوی پیشەدا وەك: /سیحر، جام .../

وەك: ناو+/-باز/= ناوی تایبەتی دارِێژراو /سەرباز، ڕێباز، شاباز/هەندێکجاردەبینرێت کە ئاوەڵکردار بەشداری پێکهێنانی ئەم ناوە بکات. /دەرباز/

وەك: ناو+/-باز/= ئاوەڵناوی دارِێژراو/فێڵباز، مەکرباز، چەنەباز/ ئەمانە ئاوەڵناون سیفەتی کەس یان ئاژەڵ دەردەخەن.

## ٧ -/-بەند/

ئەم مۆرفیمە لە پێکهێنانی ناودا فرەئەرکە مەرج نییە تەنها مەبەستی پیشـــە بگەیەنێت، چەندین ناو بۆ چەندین مەبەست پێکدێنێت، زۆربەی کات لەگەڵ ناو، ئاوەڵکردار دەردەکەوێت:

أ- ناو+/-بەند/= ناوی دارِێژراوی پیشە /ناڵبەند، ((تەختەبەند))/(ڕۆژان نوری عبدالله: ٢٠٠٧: ٣٧).

ب- ناو+/-بەند/= ناوی دارِێژراوی شت /دەستبەند، فیشکبەند، مێخەکبەند ، قەنەفڵبەند، کەمەربەند/

ت- ئەم مۆرفیمە دەچێتە سەر ناو، ناوەکە دەکاتە ناوێـکی دارِێـژراو، واتـای داپـۆشـینـی ئەوناوچەیە دەگەیەنێت. ((دەچـێـتـە سەرنـاو داپـۆشـیـنی ئـەونـاوە دەگـەیـەنـێـت: ڕوو+بەند ⟵ ڕووبەند(ڕووپۆش) ))، (محەمەدمەعروف فەتاح ، سەباح ڕەشید قادر ٢٠٠٦:٧٨ ).

ج- ئاوەڵکردار+/-بەند/= زاراوەی دارِێژراوی ڕێزمانی /پاشبەند، پێشبەند، ناوبەند/

چ- جگە لەمە هەمان یاسا ناوی شوێنی تایبەت دادەرِێژێت.

ئاوەڵکردار+/-بەند/= ناوی دارِێژراوی شوێن /دەربەند/

ح- ئەم مۆرفیم هئەرکی پێکهێنانی وشـەی تریش دەبینێت: /دڵبەند، شـوشـەبەند، سـنوربەند، قایشـبەند، خاڵبەند،.../

خ- ئەو مۆرفیمە لە پێکهێنانی ناوی تریشـــدا دەبینرێت، بە یارمەتی مۆرفیمێکی ترکە لە دوای خۆی دێت. /ڕێبەندان، سەهۆڵبەندان،.../

## ٨ -/-مەند/

ئەرکەکانی ئەم مۆرفیمە:

أ- ئەرکی دارشتنی ناودەبینێت.

ب- ئەرکی دارشتنی ئاوەڵناو دەبینێت.

پ- ئەرکی پێکهێنانی زاراوە دەبینێت .

وەك: ناو+/-مەند/= ناوی دارێژراوی پیشە /کارمەند، بیرمەند/

وەك: ناو+/-مەند/= ئاوەڵناوی دەرێژراو /زەرەرمەند، سودمەند/

## ٩ -/-ساز/

ئەگەر پێشـــترئەم مۆرفیمە مۆرفیمێکی چالاك بووبێت لە پێکهێنانی ناوی پیپشـــەدا، ئەوا لەئێســـتای زمانەکەدا سەرەڕای ئەم ئەرکە، ئەرکی تردەبینێت بەتایبەت لە بواری زاراوەدا.

أ- نـاو+/- ساز/= نـاوی دارێـژراوی پـیـشـە /دانـسـاز، چـەخـمـاخـسـاز، تـەنـەکـەسـاز، دەرمـانـسـاز/ (ئەورەحمانی حاجی مارف:١٩٧٩: ١٠٨)

ب- ناو+/-سـاز/= زاراوەی دارێژراو /ڕەخنەسـاز، زاراوەسـاز/ هەندێکجاریش پاشـگری/-ی/ دەچێتە سەر جارێکی تر ئەم جۆرە زاراوانە دادەڕێژێتەوە. /تواناسازی، نیشتمانسازی/

## ١٠-/-ەر/

أ- ئەرکی دارشتن دەبینێت.

ب- ئەرکی گۆڕینی بەشەئاخاوتنی کردار بۆ ناو دەبینێت.

ت- ناوی پیشە، ناوی تایبەتی مرۆڤ پێکدێنێت .

وەك: ڕەگی ڕانەبردوو+/-ەر/= ناوی داڕێژراوی پیشە /نووسەر، خوێنەر، بێژەر، نوێنەر/

هەندێکجاریش بەهەمان یاسا ناوی تایبەتی مرڤ پێکدێت ./چێنەر، ژینەر، بینەر/

**١١-/-یار/**

أ- ئەرکی داڕشتن دەبینێت.

ب- ئەرکی گۆڕینی بەشەئاخاوتنی کردار بۆ ناو دەبینێت.

پ- ئەرکی گۆڕینی ناوی سادە بۆ ناوی داڕێژراو دەبینێت.

ت- واتای ناوی پیشە، ناوی تایبەتی مرۆڤ دەگەیەنێت.

وەك: ڕەگی ڕانەبردووی کردار+/-یار/= ناوی داڕێژراوی پیشە /کڕیار، فرۆشیار، ژمێریار/

وەك: ڕەگی ڕانەبردووی کردار+/-یار/= ناوی داڕێژراوی تایبەتی مرۆڤ /زانیار، بڕیار،خوازیار/

ناوی /بڕیار، خوازیار/ وەك ناوێکی واتاییش بەکاردێت.

وەك: ناو+/-یار/= ناوی داڕێژراو /بەختیار، ڕۆژیار، هۆشیار/

**١٢-/-ایەتی/ ،/یەتی/،/ەتی/ ،/ێتی/**

مۆرفیمی/-ایەتی/ ئەلۆمۆڕفەکانی چەند ئەرکێك دەبینن.

أ- ئەرکی داڕشتن دەبینن.

ب- ناوی بەرجەستە دەکەن بە ناوی ئەبستڕاکت.

پ- ئاوەڵناو دەکەن بە ناوی ئەبستڕاکت.

ت- ناوی شوێن دادەڕێژن.

وەك: ناو+/-ایەتی،ئەلۆمۆڕفەکانی/= ناوی واتایی /خوشکایەتی، برایەتی، پیاوەتی، کەرێتی/

وەك: ئاوەڵناو+/-ایەتی،ئەلۆمۆڕفەکانی/= ناوی واتایی /سوکایەتی، ئازایەتی، سپیەتی، سورێتی/

وەك: ناو+/-ایەتی،ئەلۆمۆڕفەکانی/= ناوی شوێن /جافایەتی، باڵەکایەتی، خۆشناوەتی/

**١٣-/-ێنی/**

ئەركی ئەم مۆرفیمە:

أ- ناوی سادە دەكات بە ناوی داڕێژراو.

ب- ناوی بەرجەستە دەكات بە ئەبستراكت.

وەك: ناو+/-ێنی/= ناوی داڕێژراو /كوڕێنی،كچێنی، بوكێنی/

**١٤- /-ایی/**

أ- ئەركی گۆڕینی بەشەئاخاوتن، داڕشتن دەبینێت.

ب- دەچێتە سەر ئاوەڵناو، ناوی واتایی داڕێژراو سازدەكات (ڕۆژان نوری عبداللە: ٢٠٠٧: ٤٤) .

ت- دەچێتە سەرئاوەڵناو، ناوی شوێن پێكدێنێت.

ج- دەچێتە سەرناو، ناوی داڕێژراوی شوێن پێكدێنێت.

چ- ناوی داڕێژراوی شت دروستدەكات.

وەك: ئاوەڵناو+/-ایی/= ناوی واتایی داڕێژراو /ساردایی، پانایی، تاریكایی/

وەك: ئاوەڵناو+/-ایی/= ناوی شوێنی داڕێژراو /تەختایی، لێژایی/

وەك: ناو+/-ایی/= ناوی داڕێژراوی شوێن /دەشتایی، دۆڵایی/

وەك: ئاوەڵناو+/-ایی/= ناوی شتی داڕێژراو /سەوزایی، شینایی، سوورایی، زەردایی/

**١٥-/-یی/**

أ- دەچێتە سەرئاوەڵناو، ناوی واتایی پێكدێنێت (ڕۆژان نوری عبداللە: ٢٠٠٧: ٤٤).

ب- ئەركی داڕشتن دەبینێت.

پ- ئەركی گۆڕینی بەشەئاخاوتن دەبینێت.

وەك: ئاوەڵناو+/-یی/= ناوی واتایی داڕێژراو /گەورەیی، ساویلكەیی، گچكەیی، دانایی/

وەك: ئاوەڵناو+/-یی/= ناوی واتایی لێكدراو /ژێردەستەیی، خاكەساریی/

**١٦-/-انه/**

ئەركی ئەم مۆرفیمە:

أ- لەگەڵ ناو، ئاوەڵناو ئەركی دارشتنی دەبینێت.

ب- لەگەڵ ئاوەڵناودا ئەركی گۆڕینی بەشەئاخاوتن دەبینێت.

وەك: ناو+/-انە/= ناوی دارێژراو/جەژنانە، پووشانە/ (ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٩١: ٨٠).

وەك: ئاوەڵناو+/-انە/= ناوی دارێژراو /پاكانە، سوورانە/

وەك: ئاوەڵناو+/-انە/= ئاوەڵناوی دارێژراو /ژنانە، كچانە، كوڕانە/ ئەم ناوانە لە بەكارهێنانانداندا دەبن بە ئاوەڵكردار، واتە بە بەكارهێنانیان لە ڕستەدا.

وەك: ئـــــاوەڵـــــــنـــــا+/-انــــە/= ئـــــاوەڵـــــكــــرداری دارێـــــژراو /مـــــەردانــــە، ژیـــرانــــە، چـــالاكــــانــــە،زیـــرەكـــانــــە/ (ئەورەحمانی حاجی مارف:١٩٩٨: ١٥٨).

**١٧-/-انی/**

أ- ناو دەكات بە ئاوەڵناوی دارێژراو.

ب- ئاوەڵناوی سادە دەكات بە ئاوەڵناوی دارێژراو.

ناو+/-انی/= ئاوەڵناوی دارێژراو /كوڕانی، كچانی، ژنانی/

ئاوەڵناو+/-انی/= ئاوەڵناوی دارێژراو /نەرمانی، تەختانی/

**١٨-/- ەوار/**

ئەركی ئەم مۆرفیمە:

أ- بچێتە سەرهەربەشێكی ئاخاوتن دەیكات بە دارێژراو.

ب- لەگەڵ ناو، ڕەگی كرداردا، ناوی واتایی، ناوی بكەری دائێرژراو پێكدێنێت.

پ- لەگەڵ كرداردا ئەركی گۆڕینی بەشەئاخاوتن دەبینێت.

ت- لەگەڵ ناوی سادە ناوی دارێژراوی شوێن پێكدێنێت.

وەك: ناو+/-ەوار/= ناوی واتای داڕێژراو /ئومێدەوار/

وەك: ڕەگی ڕابردووی کردار+/-ەوار/= ناوی بکەری داڕێژراو/خوێندەوار/

وەك: ناو+/-ەوار/= ناوی واتایی داڕێژراو ((چێژەوار)) (مەسعود محەمەد:٢٠٠٤: ١٢٤-١٢٥).

وەك: ناو+/-ەوار/= ناوی داڕێژراوی شوێن /شوێنەوار،لێرەوار/

وەك: ئاوەڵکردار+/-ەوار/= ناوی داڕێژراو /پاشەوار/

## ١٩-/-ەوەر/

ئەرکی ئەم مۆرفیمە:

أ- ئەرکی داڕشتن دەبینێت.

ب- ئەرکی گۆڕینی بەشەئاخاوتن دەبینێت.

پ- لەگەڵ ناو و چاوگدا دێت و ئەرکی پێکهێنانی ئاوەڵناو، ناوی گیانەوەر دەبینێت.

وەك: ناو+/-ەوەر/= ئاوەڵناوی داڕێژراو /بەختەوەر/ (عەبدولواحید موشیر دزەیی:٢٠١٢: ١٠٩).

وەك: چاوگ +/-ەوەر/= ناوی داڕێژراوی گیانەوەر/بوونەوەر/ ئەم مۆرفیمە/-ەوە/ لەگەڵ زۆر وشەی تریش دێت. /زیندەوەر، جانەوەر، ((مەرگەوەر، دیدەوەر))، (مەسعود محەمەد:٢٠٠٤: ١٢٤-١٢٥).

## ٢٠-/-ەوەری/

ئەرکی ئەم مۆرفیمە:

أ- ئەرکی داڕشتن دەبینێت .

ب- ئەرکی گۆڕینی بەشەئاخاوتن دەبینێت.

پ- ئەرکی پێکهێنانی ناوی واتایی دەبینێت .

وەك: ناو+/-ەوەری/= ناوی واتایی داڕێژراو/ یادەوەری، بیرەوەری، بەختەوەری/

وەك: ئاوەڵناو+/-ەوەری/= ناوی واتایی داڕێژراو/ کوێرەوەری/

**٢١-/-ەوا/**

ئەركی ئەم مۆڕفیمە:

أ- ئەركی داڕشتن دەبینێت .

ب- ئەركی گۆڕینی بەشەئاخاوتن دەبینێت .

پ- لەگەڵ ئاوەڵكردار، ناو ئەركی پێكهێنانی ناوی داڕێژراوی پیشە دەبینێت .

ت- ئەركی  پێكهێنانی ناوی خواردەمەنی دەبینێت.

وەك: ئاوەڵكردار+/-ەوا/= ناوی داڕێژراوی پیشە /پێشەوا/ ئەم ناوە /پێشەوا/ وەك ناوی تایبەتی مرۆڤ بەكار دێت .

وەك: ناو+/-ەوا/= ناوی داڕێژراوی پیشە /نانەوا، دەستەوا/

وەك: ناو+/-ەوا/= ناوی داڕێژراوی خواردەمەنی /دۆغەوا، شۆرەوا/

**٢٢-/-گا/**

أ- ئەركی داڕشتن دەبینێت .

ب- ئەركی گۆڕینی بەشەئاخاوتن دەبینێت .

ت- لەگەڵ ناو، ڕەگی كردار، چاوگدا دێت و ئەركی پێكهێنانی ناوی شوێن، شت دەبینێت .

وەك: ناو+/-گا/= ناوی داڕێژراوی شوێن /كۆگا، تۆمارگا، پێشانگا، دادگا/

وەك: ڕەگی كردار+/-گا/= ناوی داڕێژراوی شوێن / لەوەڕگا، پاڵێوگا، فرۆشگا/

وەك: چاوگ+/-گا/= ناوی داڕێژراوی شوێن /خوێندنگا/

وەك: ناو+/-گا/= ناوی داڕێژراوی شت /دەسگا/

هەندێك ناویتریش لە ئێستای زمانەكەدا هەن دوو مۆڕفیمی وشەداڕێژیان زیاتر ئەركی داڕشتنیان دەبینن كە زیاترناوی شوێنی گشتین وەك /كوشتارگا ، تێبینەرایەتی.../

### ٢٣- /ەڵان ،ڵان، ەڵێن/

ئەرکی ئەم مۆرفیمە:

أ- ئەرکی داڕشتن دەبینێت.

ب- ئەرکی گۆڕینی بەشەئاخاوتن دەبینێت.

پ- لەگەڵ ناو، ئاوەڵناو، ناوی شوێنی داڕێژراو پێکدینێت .

وەك: ناو+/-ەڵان/= ناوی شوێنی داڕێژراو /بەردەڵان، قامیشەڵان، کەندەڵان، بیشەڵان/

وەك: ناو+/-ڵان/= ناوی شوێنی داڕێژراو /کوندەڵان، مەشکەڵان/

وەك: ئاوەڵناو+/-ەڵان/= ناوی شوێنی داڕێژرا /سەوزەڵان، نەرمەڵان/

وەك: ناو+/-ەڵێن/= ناوی شوێنی داڕێژراو /فریزەڵێن، دڕوەڵێن، زیەڵین، بیەڵێن/ ئەم ناوانە لە ناوچەی بیتوێن بەکاردێن، بەو شوێنانە دەگوترێت کە (فریز، دڕو، درەختی زی ، درەختی بی) لێبێت .

### ٢٤-/-جاڕ،ەجاڕ/

أ- ئەرکی داڕشتن دەبینێت .

ب- ئەرکی پێکهێنانی ناوی شوێن، ناوی شت دەبینێت .

وەك: ناو+/-جاڕ، ەجاڕ/= ناوی داڕێژراوی شوێن /گیاجاڕ، برنججاڕ، نێرگزەجاڕ/

وەك: ناو+/-جاڕ/= ناوی داڕێژراوی شت /گەڵاجاڕ، دانوجاڕ/

### ٢٥-/-دان/

أ- ئەرکی ئەم مۆرفیمە داڕشتنی ناوی شوێنە یان شت لێدانان .

ب- ((تەنها دەچێتەسەر ناو و ناوەکانیش بەرجەستەن )) (نەرمین عومەرئەحمەد:٢٠١٠: ٨٩).

وەك: ناو+/-دان/ = ناوی داڕێژراوی شوێن /گوڵدان، شەکردان، خوێدان، ئاگردان، چادان/

**٢٦- /-دێن/**

ئەرکی ئەم مۆرفیمە:

أ- ئەرکی داڕشتن دەبینێت .

ب- دەچێتە سەر ناو، ناوی داڕێژراوی شوێن پێکدێنێت .

ناو+/-دێن/= ناوی داڕێژراوی شوێن /کادێن، ناندێن/

**٢٧-/-ستان/**

ئەم مۆڕفیمە لەگەڵ ناو، ئاوەڵناو دەردەکەوێت.((هاتنی ئەم پاشگرە لەگەڵ ناوی هەندێك میللەت ونەتەوەدا بەڵگەی ئەوەیە کە ئەم پاشگرە تەنها تایبەت نییە بە زمانی کوردی،...زمانی کوردی بۆ بەرهەمهێنانی وشەی نوێ سودی لەم پاشگرە وەرگرتووە))، (نەرمین عومەرئەحمەد:٨٦:٢٠١٠).

أ- ئەرکی داڕشتن دەبینێت .

ب- لەگەڵ ئاوەڵناودا دەردەکەوێت، ئەرکی گۆڕینی بەشەئاخاوتن دەبینێت.

پ- لەگەڵ ناو، ئاوەڵناودا ئەرکی پیکهێنانی ناوی شوێن دەبینێت .

وەك: ناوی میللەت+/-ستان/= ناوی شوێنی داڕێژراو /هندستان، کوردستان، ئەرمەنستان/

وەك: ناوی گیانەوەر+/ستان/= ناوی شوێنی داڕێژراو /مێرووستان/

وەك: ناوی ڕووەك+/-ستان/= ناوی شوێنی داڕێژراو /جەنگەڵستان، گوڵستان، دارستان/

وەك: ناوی گشتی شوێن+/-ستان/= ناوی شوێنی داڕێژراو/شارستان، قەبرستان/

وەك: ئاوەڵناو+/-ستان/= ناوی داڕێژراو /تاریکستان/ (ڕۆژان نوری عبدالله: ٢٠٠٧: ٥١).

**٢٨-/-ەن/**

أ- ناوی سادە دەکات بە ناوی داڕێژراوی شوێن .

ب- ئاوەڵناو دەکات بە ناوی داڕێژراوی شوێن .

پ- کردار دەکات بە ناوی شوێن .

وەك: ناو+/-ەن/= ناوی دارِێژراوی شوێن / پووشەن، چیمەن/
وەك: ئاوەڵناو+/-ەن/= ناوی دارِێژراوی شوێن / رِەقەن، رِووتەن/
وەك: رِەگی کردار+/-ەن/= ناوی دارِێژراوی شـــوێن / ســـوتەن، رِزەن، / لە / ســـوتان، رِزین/ وەرگیراون .

**٢٩- /-خانە/**

یەکێکە لە مۆرِفێمە چالاکەکانی زمان، ئەم ئەرکانە دەبینێت.
أ- ئەرکی دارِشتن دەبینێت، ناو دەکات بە ناوی دارِێژراوی شوێن .
ب- ئەرکی گۆرِینی بەشەئاخاوتن دەبینێت، ئاوەڵناوی دارِێژراو دەکات بە ناوی شوێن .
پ- لەگەڵ وشەی بیانی ناوی دارِێژراوی شوێن پێکدێنێت.
وەك: ناو+/-خانە/= ناوی دارِێژراوی شوێن /سەمونخانە، بەندیخانە، کتێبخانە، تەمبەڵخانە/
وەك: ئاوەڵناوی دارِێژراو+/-خانە/= ناوی دارِێژراوی شوێن /نەخۆشخانە/
وەك: وشەی بیانی+/-خانە/= ناوی دارِێژراوی شوێن /مۆزەخانە، جبەخانە،/
وەك: ناوی لە کردارپێکهاتوو+/-خانە/= ناوی دارِێژراوی شوێن /گرتووخانە /

**٣٠-/-زار/**

ئەرکی ئەم مۆرفیمە :
أ- ئەم مۆرِفیمە لەگەڵ ناودا دەردەکەوێت، ئەرکی پێکهێنانی ناوی شوێن دەبینێت .
وەك: ناو+/-زار/= ناوی دارِێژراوی شوێن /لالە زار، گوڵزار/
ب- وەکو شەی سەربەخۆش دەردەکەوێت بە واتای /دەم/ دێت. زار = دەم
پ- بەشداری پێکهێنانی فۆرِمی دارِێژراو دەکات ./دڵزار، بێزار، بێزاری،.../
(زار) وەك وشـــەیەکی ســـەربەخۆ ئەرکی پێکهێنانی زاراوەی نوێ دەبینێت. /زاراوەســـاز، زارناس، زارەکۆمەڵایەتییەکان، زارەکان، زاراوە،.../

**٣١-/-اوا، اوە/**

ئەرکی ئەم مۆرفیمە:

أ- ئەرکی دارِشتن دەبینێت .

ب- یەکێکە لەو مۆرفیمانەی ئەرکی پێکهێنانی ناوی شوێنی تایبەت دەبینێت کە بریتین لە :

( ناوی گەرەك، ناوی ناوچە، ناوی دێهات ... )

وەك: ناو+/-اوا، ەوا/= ناوی دارِێژراوی شوێن /سمایلاوا، حاجیاوا، بەلاشاوە/

پ- ئەرکی گۆرینی بەشەئاخاوتن دەبینێت، ئاوەڵناو دەکات بە ناوی دارِێژراوی شوێن .

وەك: ئاوەڵناو+/اوا/= ناوی دارِێژراوی شوێن /ترشاوا/ (ترشاوا)ناوی یەکێك لە دێیەکانە .

**٣٢-/-ێن/**

ئەرکی ئەم مۆرفیمە :

أ- ئەم مۆرِفیمە بەرهەمدارە لە سازکردنی ناوی یارییە کوردییەکان لەگەڵ ناوی سادە ناوی دارِێژراو پێکدێنێت، کە مەبەست لێیان ناوی یارییەکانە.

ب- ئەرکی گۆرینی بەشەئاخاوتن دەبینێت.

پ- لەگەڵ ئاوەڵناو ناوی شوێن دیاریدەکات.

وەك: ناو+/-ێن/= ناوی یاری دارِێژراو /هەلوکێن، هەڵماتێن، تۆپێن/

وەك: ناو+(هەمان ناو)+/-ێن/= ناوی یاری لێکدراو/تۆپ تۆپێن، شەق شەقێن، بازبازێن، خەت خەتێن، چاڵ چاڵێن، جگ جگێن/ (بکرعمرعلی ،هیدایەت عبداللە محمد:٢٠٠٩: ٤١١).

وەك: ئاوەڵناو+/-ێن/= ناوی شوێنی دارِێژراو/ رەقێن، نەرمێن، گەرمێن/

**٣٣-/-ێنە/**

ئەرکی ئەم مۆرفیمە :

أ- لەگەڵ ناو، ئاوەڵناو، کرداردا دێت، ئەرکی دارِشتن دەبینێت.

ب- ئەرکی گۆرینی بەشەئاخاوتن دەبینێت .

ت - ئەركی پێكهێنانی ناوی خواردەمەنی، یاری، شت، پیشە دەبینێت.
وەك: ناو+/-ێنە/= ناوی یاری داڕێژراو /شەقێنە، پێنجوكێنە، خۆشاریكێنە، پەتێنە، ساپێنە/
وەك: ناو+/-ێنە/= ناوی خواردەمەنی داڕێژراو /نۆكێنە، نیسكێنە، ماشێنە، ترخێنە/
وەك: ئاوەڵناو+/-ێنە/= ناوی خواردەمەنی داڕێژراو /شلكێنە، زەردێنە/
وەك: ڕەگی كردار+/-ێنە/= ناوی یاری داڕێژراو /خلیسكێنە /
وەك: ڕەگی كردار+/-ێنە/= ناوی پیشەی داڕێژراو /درووێنە/
وەك: ناو+/-ێنە/= ناوی شت داڕێژراو/گلێنە/ بۆ دوو مەبەست بەكاردێت، گلێنە ی چاو، دەفر.
وەك: ئاوەڵناو+/-ێنە/= ناوی داڕێژراو /وڕێنە/

## ٣٤/-ینە/

ئەركی ئەم مۆرفیمە :
أ- لەگەڵ ناو، ئاوەڵناو ناوی داڕێژراو پێكدێنێت.
ب- ئەركی گۆڕینی بەشەئاخاوتن دەبینێت.
وەك: ناو+/-ینە/= ناوی خواردەمەنی داڕێژراو /دۆینە/
وەك: ئاوەڵناو+/-ینە/= ئاوەڵناوی داڕێژراو /كەمینە، زۆرینە/

## ٣٥-/-ەوانە، وانە/

ئەركی ئەم مۆرفیمە :
أ- دەچێتە سەرناوی سادە و دەیكات بە ناوی داڕێژراو.
ب- ئەركی پێكهێنانی ناوی خشڵ و بابەتی ڕازاندنەوە، جل وبەرگی كوردی دەبینێت .
وەك: ناو+/-ەوانە، وانە/= ناوی خشڵی داڕێژراو /لوتەوانە، پەنجەوانە، پاوانە، ملوانە/
وەك: ناو+/-ەوانە، وانە/= ناوی جل وبەرگی داڕێژراو /دەستەوانە، پوزەوانە، كۆڵوانە/

**٣٦-/-انێ/**

ئەركی ئەم مۆرفیمە:

أ- ئەركی سەرەكی ئەم مۆرفیمە دارشتنی ناوی یارییە كوردییەكانە لە ناوی سادە.

وەك: ناو+/-انێ/= ناوی یاری دارێژراو /مورووانێ، ڕەسمانێ، تۆپانێ/

**٣٧-/-وانكە، وێنكە/**

ئەركی ئەم مۆرفیمە:

أ- لەگەڵ ناو، ئاوەڵكردار ئەركی ناوی دارێژراودەبینێت.

ب- بەشەئاخاوتنی ئاوەڵكردار دەگۆڕێت بۆ ناو .

وەك: ناو+/-وانكە، وێنكە/= ناوی دارێژراو /ملوانكە، سەروێنكە/

وەك: ئاوەڵكردار+/-وانكە/= ناوی دارێژراو /بەروانكە/

**٣٨-/-گار/**

ئەركی ئەم مۆرفیمە :

أ- ئەركی گۆڕینی بەشەئاخاوتن دەبینێت .

ب- لەگەڵ ناو، كردار دەردەكەوێت، ئەركی دارشتنی ناو، ئاوەڵناو دەبینێت .

وەك: ناو+/-گار/= ناوی دارێژراو/شەوگار، ڕۆژگار، یادگار/

وەك: ڕەگی كردار+/-گار/= ئاوەڵناوی دارێژراو /سازگار/

**٣٩-/-دمەنی/**

ئەركی ئەم مۆرفیمە :

أ- ئەركی گۆڕینی بەشەئاخاوتن دەبینێت.

ب- ئەركی دارشتن دەبینێت.

پ- لەگەڵ ناو، ئاوەڵناو، كردار دێت، ئەركی ناوی دارێژراو دەبینێت .

وەك: ناو+/-ەمەنی/= ناوی دارێژراو /چاپەمەنی، شیرەمەنی/

وەك: ئاوەڵناو+/-ەمەنی/= ناوی دارێژراو /ساردەمەنی، مزرەمەنی/(ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٩: ١٢٨).

وەك: ڕەگی كردار+/-ەمەنی/= ناوی دارێژراو /خواردەمەنی، خواستەمەنی، سوتەمەنی/

**٤٠-/-اك/**

ئەركی ئەم مۆرفیمە:

أ- ئەركی دارشتن دەبینێت.

ب - ئەركی گۆڕینی بەشەئاخاوتن دەبینێت و كردار دەكات بە ناو.

پ- ئاوەڵناوی سادە دەكات بە دارێژراو.

وەك: ڕەگی ڕانەبردووی كردار+/-اك/= ناوی دارێژراو / پۆشاك ، خۆراك/ ئەم ناوانە لە /پۆشین، خواردن/ وەرگیراون .

وەك: ئاوەڵناوی سادە+/-اك/= ئاوەڵناوی دارێژراو/ڕوناك/(ئەورەحمانی حاجی مارف:٨٤:١٩٩١).

**٤١-/-ك/**

ئەركی ئەم مۆرفیمە:

أ- ئەركی گۆڕینی بەشەئاخاوتن دەبینێت .

ب- لەگەڵ ناو، ئاوەڵناودا دێت. ناو، ئاوەڵناوی دارێژراو پێكدێنێت، هەندێكجار مەبەستی بچووكی دەگەیەنێت .

وەك: ناو+/-ك/= ناوی دارێژراو /دەسك، پەتك/

وەك: ئاوەڵناو/-ك/= ناوی دارێژراو /ئەستوورك، گەرمك، چەپك، شینك/

وەك: ئاوەڵناو/-ك/= ئاوەڵناوی دارێژراو/نازك، شلك / (ڕۆژان نوری عبدالله: ٢٠٠٧: ٨٣).

**٤٢-/-وور/ :**

أ- ئەركی دارشتنی ناو، ئاوەڵناو دەبینێت .

وەك: ناو+/-وور/= ناوی دارێژراو /دەستوور/

وەك: ناو+/-وور/= ئاوەڵناوی دارێژراو /ڕەنجوو/

وەك: ئاوەڵناو+/-وور/= ئاوەڵناوی دارێژراو/مەستوور/ (ئەورەحمانی حاجی مارف: ٨١:١٩٩١).

**٤٣-/-ەکی/**

ئەركی ئەم مۆرفیمە:

أ- ئەركی سەرەكی ئەم مۆڕفیمە گۆڕینی بەشەئاخاوتنی ناو و ئاوەڵكرداره بۆ ئاوەڵناو.

ب- ئەركی دارشتن دەبینێت .

پ- هەندێك جار لەگەڵ ناودا، ناوی دارێژراوی كات پێكدێنێت.

ت- لەگەڵ ڕەگی كردارناوی دارێژراو پێكدێنێت .

وەك: ناو+/-ەكی/= ئاوەڵناوی دارێژراو /خێڵەكی، دەشتەكی، زارەكی/

وەك: ئاوەڵكردار+/-ەكی/= ئاوەڵناوی دارێژراو /سەرەكی، پێشەكی، لاوەكی، ناوەكی، دەرەكی/

وەك: ناو+/-ەكی/= ئاوەڵناوی دارێژراو /شەوەكی، بەیانەكی، خانەكی/

وەك: ڕەگی ڕانەبردوو+/-ەكی/= ناوی دارێژراو/ خوازەكی/ (هەژارموكریانی: ١٣٦٨: ٢٤٨ ).

**٤٤-/-ار/**

ئەركی ئەم مۆرفیمە:

أ- ئەركی دارشتن دەبینێت.

ب- ئەركی ئەم مۆڕفیمە گۆڕینی بەشەئاخاوتنە، لەگەڵ كردار، ئاوەڵكردار، ناوی دارێژراو پێكدەهێنێت

ت- لەگەڵ كردار ئاوەڵناوی دارێژراو پێكدێنێت .

وەك: ڕەگی ڕابردووی کردار+/-ار/= ناوی داڕێژراو /کوشتار، گوتار/
وەك: ئاوەڵکردار+/-ار/= ناوی داڕێژراو /بنار، کنار،(کەنار)/
وەك: ڕەگی کردار+/-ار/= ناوی داڕێژراو /ژیار.../ لە چاوگی (ژین) وەرگیراوە.

**٤٥-/-ارە/**

ئەرکی ئەم مۆرفیمە، تاڕادەیەك کەم چالاکە لەگەڵ ناودا ناوی داڕێژراوی جۆراوجۆر پێکدێنێت.
وەك: ناو+/-ارە/= ناوی داڕێژراو /شەوارە، قەبارە، قەوارە/

**٤٦-/-نیار، نیاز/**

أ- ئەرکی داڕشتن دەبینێت .
ب- ئەرکی گۆڕینی بەشە ئاخاوتن دەبینێت، ئەم مۆڕفیمە لەگەڵ ئاوەڵکردار بەکاردێت، ناوی داڕێژراو پێکدێنێت .
وەك: ئاوەڵکردار+/-نیار، نیاز/= ناوی داڕێژراو /پێشنیار، پێشنیاز/

**٤٧-/-ناك/**

أ- ئەرکی داڕشتن دەبینێت .
ب- ئەرکی گۆڕینی بەشەئاخاوتن دەبینێت، ناو، کردار دەکات بە ئاوەڵناوی داڕێژراو .
وەك: ناو+/-ناك/= ئاوەڵناوی داڕێژراو /خەمناك، سامناك/
وەك: ڕەگی کردار+/-ناك/= ئاوەڵناوی داڕێژراو /ترسناك/

**٤٨/-ۆك/**

أ- ئەرکی داڕشتن دەبینێت .
ب- ئەرکی گۆڕینی بەشەئاخاوتن دەبینێت .

پ- لەگەڵ ناو، ئاوەڵکردار، کردار دەردەکەوێت ئەرکی جیاواز دەبینێت.

ت- ناوی بچووککراو، ئاوەڵناوی دارێژراو، ناوی شوێن پێکدەهێنێت.

وەك: ناو+/-ۆك/= ناوی بچوککراوی دارِیژراو/تیرۆك، گوندۆك/

وەك: ناوی تایبەت+/-ۆك/= ناوی بچوککراوی دارِیژراو/سمایلۆك، عومەرۆك، حەسەنۆك/

وەك: ئاوەڵکردار+/-ۆك/= ناوی دارِیژراو /بەرۆك، سەرۆك/

وەك: رِەگی کردار+/-ۆك/= ئاوەڵناوی دارِیژراو /لەرزۆك، گەرِۆك، کوژۆك، رِزۆك/

وەك: ناو+/-ۆك/= ناوی بچوککراوی شوێنی دارِیژراو /چنارۆك، هەنارۆك، پێبازۆك/

## ٤٩-/-ۆكە/

ئەرکی ئەم مۆرفیمە:

أ- ئەرکی دارِشتن دەبینێت.

ب- لەگەڵ ناو، ئاوەڵناو، کردار دێت، ئەرکی گۆرِینی بەشەئاخاوتن دەبینێت.

وەك: ناو+/-ۆکە/= ناوی دارِێژراوی بچوککراو /کەپرۆکە، بزنۆکە، مەرِۆکە، شەکرۆکە/

ئەم مۆرِفیمە بە یەکێك لە مۆرِفیمە چالاکەکانی بچوککردنەوەی ناوی تایبەتیش دادەنرێت، لە توانایدا هەیە، بەشی هەرەزۆری ناوی تایبەتی بچووك بکاتەوە. /سمایلۆکە، فاتمۆکە، حەسەنۆکە/

وەك: رِەگی کردار+/-ۆکە/= ناوی دارِێژراوی شت /فرِۆکە، پاچۆکە/

وەك: ئاوەڵناو+/-ۆکە/= ئاوەڵناوی دارِێژراو /پیسۆکە، گەندۆکە، نەرمۆکە، خەپۆکە/

## ٥٠-/-نۆك/

ئەرکی ئەم مۆرفیمە:

أ- ئەرکی دارِشتن دەبینێت .

ب- ئەرکی گۆرِینی بەشەئاخاوتن دەبینێت .

پ- لەگەڵ رِەگی کرداردا دێت و ئاوەڵناوی دارِێژراو پێکدێنێت.

وەك: رِەگی کردار+/-نۆك/= ئاوەڵناوی دارِێژراو /گرینۆك، ترسنۆك/

مۆرفیمە بەندەکان بەرهەمدارن لە چەندەها پێکهاتەی وشـەدارێژدا ئەرکی جیاواز دەبینن کە بەهۆیانەوە بەرهەمی جیاواز دێتە ئاراوە، وەك ئەو مۆرفیمانەی بچووکی و ناسـکی و هەندێکجاریش کەم نرخی بە ناو، ئاوەڵناوەکان دەدەن .

**٥١-/-یلە/**

ئەرکی ئەم مۆرفیمە:

أ- ئەرکی دارشتنی ناو دەبینێت.

ب- ئەرکی دارشتنی ئاوەڵناو دەبینێت .

ت- ئەرکی بچوککردنەوەی ناو، ئاوەڵناو دەبینێت .

وەك: ناو+/-یلە/= ناوی دارێژراوی بچوککراو /کاریلە، ئەنگوستیلە، گەردیلە/

وەك: ئاوەڵناو+/-یلە/= ئاوەڵناوی دارێژراوی بچوککراو/وردیلە، خڕیلە، خنجیلە/

**٥٢-/-یل/**

ئەرکی ئەم مۆرفیمە:

أ- ئەرکی دارشتنی ئاوەڵناو دەبینێت .

ب- ئەرکی بچوککردنەوەی ئاوەڵناو دەبینێت .

وەك: ئاوەڵناو+/-یل/= ئاوەڵناوی دارێژراوی بچوککراو /وردیل، قشتیل/

**٥٣-/-ڵ/**

١- ئەرکی دارشتنی ناو دەبینێت.

٢- ئەرکی بچوککردنەوەی ناو دەبینێت.

وەك: ناو+/-ڵ/= ناوی دارێژراوی بچوککراو/شەقڵ، زەنگڵ/

**٥٤-/-یلێ/**

ئەرکی ئەم مۆرفیمە:

أ- ئەرکی داڕشتنی ناو دەبینێت.

ب- ئەرکی داڕشتنی ئاوەڵناو دەبینێت.

پ- ئەرکی بچووککردنەوەی ناو، ئاوەڵناو دەبینێت .

وەك: ناو+/-یلێ/= ناوی داڕێژراوی بچوککراو/ کەژیلێ، ساریلێ، گوڵیلێ /

وەك: ئاوەڵناو+/-یلێ/= ئاوەڵناوی داڕێژراوی بچوککراو / خنجیلێ، وردیلێ /

**٥٥-/-وولە/**

أ- ئەرکی داڕشتنی ناو دەبینێت.

ب- ئەرکی بچوککردنەوەی ناو دەبینێت

وەك: ناو+/-وولە/= ناوی داڕێژراوی بچوککراو /قاپوولە، مێشوولە، دانوولە، داسوولە/

**٥٦/-ەڵ/**

ئەرکی ئەم مۆرفیمە:

أ- ئەرکی داڕشتنی ناو دەبینێت.

ب- ئەرکی داڕشتنی ئاوەڵناو دەبینێت.

وەك: ناو+/-ەڵ/= ناوی داڕێژراو / زیخەڵ /

وەك: ئاوەڵناو+/-ەڵ/= ئاوەڵناوی داڕێژراو /فشەڵ، گەندەڵ، ڕووتەڵ/

**٥٧-/-ەڵە/**

ئەرکی ئەم مۆرفیمە:

أ- ئەرکی داڕشتنی ناو دەبینێت.

ب- ئەرکی دارشتنی ئاوەڵناو دەبینێت.

پ- ئەرکی بچوککردنەوەی ناو، ئاوەڵناو دەبینێت.

ناو+/-ەڵە/= ناوی دارێژراو /گۆزەڵە، دیزەڵە، کوپەڵە، جوجەڵە/

ئاوەڵناو+/-ەڵە/= ئاوەڵناوی دارێژراو /ڕەقەڵە، ڕووتەڵە، سیسەڵە، سوکەڵە/

## ٥٨-/-ۆڵ/

ئەرکی ئەم مۆرفیمە:

أ- ئەرکی دارشتنی ناو دەبینێت.

ب- ئەرکی دارشتنی ئاوەڵناو دەبینێت.

پ- ئەرکی بچوککردنەوەی ناو، ئاوەڵناو دەبینێت.

وەك: ناو+/-ۆڵ/= ناوی دارێژراوی بچوککراو /ڕینگۆڵ، ئاسکۆڵ، کرمۆڵ، قەندۆڵ/

وەك: ئاوەڵناو+/-ۆڵ/= ئاوەڵناوی دارێژراوی بچوککراو /کزۆڵ، نەرمۆڵ، شڕۆڵ/

## ٥٩-/-ۆڵە/

ئەرکی ئەم مۆرفیمە:

أ- ئەرکی دارشتنی ناو دەبینێت.

ب- ئەرکی دارشتنی ئاوەڵناو دەبینێت.

ج- ئەرکی بچوککردنەوەی ناو، ئاوەڵناو دەبینێت.

وەك: ناو+/-ۆڵە/= ناوی دارێژراو /کیژۆڵە، چنگۆڵە، بەرخۆڵە، دەنکۆڵە/

وەك: ئاوەڵناو+/-ۆڵە/= ئاوەڵناوی دارێژراو بچوککراو /کزۆڵە، نەرمۆڵە، شڕۆڵە/

## ٦٠-/-وڵە/

أ- ئەرکی دارشتن دەبینێت .

ب- ئەرکی بچوککردنەوە دەبینێت .

وەك: ناو+/-وڵە/= ناوی دارێژراوبچوككراو((زەنگوڵە ))، (ڕۆژان نوری عبدالله: ٢٠٠٧: ٥٧).

**٦١-/-وكە/**

ئەركی ئەم مۆرفیمە:

أ- ئەركی دارشتن دەبینێت .

ب- ئەركی بچوككردنەوە دەبینێت .

پ- ئەركی گۆڕینی بەشە ئاخاوتن دەبینێت .

وەك: ناو+/-وكە/= ناوی دارێژراوی بچوككراو /ماروكە، داروكە، بەردوكە/

وەك: ئاوەڵناو+/-وكە/= ناوی دارێژراوی بچوككراو /زلوكە/ واتای كەڵە پوشێكی بچوك دێت .

**٦٢-/-ولكە/**

ئەركی ئەم مۆرفیمە:

أ- ئەركی دارشتن دەبینێت .

ب- ئەركی بچوككردنەوە دەبینێت .

وەك: ناو+/-ولكە/= ناوی دارێژراوی بچوككراو /جامولكە، قاپولكە، داسولكە/

**٦٣-/-یك/**

ئەركی ئەم مۆرفیمە:

أ- ئەركی دارشتن دەبینێت .

ب- ئەركی بچوككردنەوە دەبینێت .

پ- ئەركی گۆڕینی بەشەئاخاوتن دەبینێت .

وەك: ناو+/-یك/= ناوی دارێژراوی بچوككراو /گوڵیك، پەلیك/

وەك: ناو+/-یك/= ئاوەڵناوی دارێژراو/باریك تاریك / لێرە ئەركی گۆڕینی بەشەئاخاوتنی بینیوە.

**٦٤-/-ینگە/**

أ- ئەركی دارشتن دەبینێت.
ب- ئەركی بچوككردنەوە دەبینێت.
وەك: ناو+/-ینگە/= ناوی دارێژراوی بچوككراو /زرینگە، .../
وەك: ناو+/-ینگە/= ناوی دارێژراو /خرینگە،.../ لە (خڕە خڕە) وەرگیراوە .

**٦٥-/-وك/**

ئەركی ئەم مۆرفیمە:
أ- ئەركی دارشتنی ناو، ئاوەڵناو دەبینێت .
ب- ئەركی بچوككردنەوەی ناو دەبینێت
وەك: ناو+/-وك/= ناوی دارێژراوی بچوككراو /گوڵوك /
وەك: ئاوەڵناو+/-وك/= ئاوەڵناوی دارێژراو ((گەرموك))، (ڕۆژان نوری عبدالله:٨١:٢٠٠٧).

**٦٦-/-ۆلكە/**

أ- ئەركی دارشتن دەبینێت.
ب- ئەركی بچوككردنەوەی ناو، ئاوەڵناو دەبینێت.
وەك: ناو+/-ۆلكە/= ناوی دارێژراوبچوككراو /تەپۆلكە، گردۆلكە، دەبۆلكە/
وەك: ئاوەڵناو+/-ۆلكە/= ئاوەڵناوی دارێژراوی بچوككراو /نزمۆلكە، بەرزۆلكە/

**٦٧-/-یلكە/**

أ- ئەركی دارشتن دەبینێت .
ب- ئەركی بچوككردنەوەی ناو، ئاوەڵناو دەبینێت .

وەك: ناو+/-یلکە/= ناوی دارِێژراوی بچوککراو /چاویلکە، جامیلکە،/
وەك: ئاوەڵناو+/-یلکە/= ئاوەڵناوی دارِێژراوی بچوککراو /خاویلکە، خرِیلکە/

**٦٨-/-چە/**

أ- ئەرکی دارِشتن دەبینێت.
ب- ئەرکی بچوککردنەوەی ناو دەبینێت .
ناو+/-چە/= ناوی دارِێژراوی بچوککراو /باخچە، دەریاچە/
بەشێوەیەکی گشتی مۆرفیمەکانی بچوککردنەوە دوو ئەرکی سەرەکیان هەیە، کە بریتین لە :
١- ئەرکی دارِشتن دەبینێت .
٢- ئەرکی بچوککردنەوە دەبینێت.

**٦٩-/-یچە/** ناو+/-یچە/= ناوی دارِێژراوی بچوککراو / لیچە/ (لیچە) واتا لێوی گەورە (ل) لە (لێو) وەرگیراوە.

**٧٠-/-ۆچە/** ناو+/-ۆچە/= ناوی دارِێژراوی بچوککراو /ماڵۆچە، منداڵۆچە/

**٧١-/-چك/** ناو+/-چك/= ناوی دارِێژراوی بچوککراو /گوێچك، پێچك/

**٧٢-/-چکە/** ناو+/-چکە/= ناوی دارِێژراوبچوککراو /پێچکە، رِێچکە/

**٧٣-/-وچکە/** ناو+/-چکە/= ناوی دارِێژراوی بچوککراو /قاپوچکە، دیواروچکە، مێووچکە/

**٧٤-/-ۆچکە/** ناو+/-ۆچکە/= ناوی دارِێژراوی بچوککراو/ شارۆچکە، نانۆچکە، منداڵۆچکە/

**٧٥-/-وچك/** ناو+/-وچك/= ناوی دارِێژراوی بچوککراو /قەپوچك/ ناوە بۆ قاپی بچوك

**٧٦-/-یچکە/** ناو+/-یچکە/= ناوی دارِێژراوی بچوککراو /قوماریچکە/

**٧٧-/-یژە/** ناو+/-یژە/= ناوی دارِێژراوی بچوککراو /گۆیژە، پەیژە، بانیژە/ (پەیژە) (پە) لە (پێ) وەرگیراوە واتا (قاچ) دەدات، لە هەندێك ناوچەدا و لە ناو هەندێك لەچینەکان دا (پێیژە،پێپیژە) بەکاردێت.

**٧٨-/-ژە/** ناو+/-ژە/= ناوی داڕێژراوی بچوککراو /پۆقژە، لێوژە/

ئاوەڵناو+/-ژە/= ئاوەڵناوی داڕێژراوی بچوککراو /تەنگژە/

**٧٩-/-ژۆڵە/** ناو+/-ژۆڵە/= ناوی داڕێژراوی بچوککراو /کارژۆڵە/ پاشگرێکی سستە

**٨٠-/-ژیل/** ئاوەڵکردار+/-ژیل/= ناوی داڕێژراوبچوککراو/بنژیل/

**٨١-/-یژگە/** ناو+/-یژگە/= ناوی داڕێژراوی بچوککراو /کچیژگە، کوڕیژگە، ژنیژگە/

**٨٢-/-ێژە/** ئاوەڵناو+/-ێژە/= ناوی داڕێژراو /سورێژە/جۆرێکی نەخۆشییە .

**٨٣-/-کیلە/** ئاوەڵناو+/-کیلە/= ئاوەڵناوی داڕێژراو /جوانکیلە، ناسکیلە/

**٨٤-/-ۆکی/** ناو+/-ۆکی/= ناوی داڕێژراو /خەمۆکی/ ناوی جۆرێکی نەخۆشییە.

**٨٥-/-یلانە/** ئاوەڵناو+/-یلانە/= ئاوەڵناوی داڕێژراو/نەشمیلانە، خنجیلانە/

**٨٦-/-کەلانە/** ئاوەڵناو+/-کەلانە/= ئاوەڵناوی داڕێژراو /سپیکەلانە، خڕکەلانە/

**٨٧-/-ۆل/** ناو+/-ۆل/= ناوی داڕێژراو /مچۆل/

**٨٨-/-ۆلە/** ناو+/-ۆلە/= ناوی داڕێژراو /بەرخۆلە، گردۆلە/

**٨٩-/-ەواڵە/** ئاوەڵناو+/-ەواڵە/= ناوی داڕێژراو /زەردەواڵە، وردەواڵە/

ناو+/-ەواڵە/= ناوی داڕێژراو /ئاسنەواڵە،.../

**٩٠-/-میچ/** ئاوەڵکردار+/-میچ/= ناوی داڕێژراو /بنمیچ/

**٩١-/-فیچکە/** ناو+/-فیچکە/= ناوی داڕێژراو /گرێفیچکە/ واتە گرێیی بە قفڵ .

**٩٢-/-لك/** ناو، ئاوەڵناو+/-لک/= ناوی داڕێژراو /قوشتیلك، سپیلك/ ناوی جۆرەگیایەکن.

**٩٣-/-وێ/** ناو+/-وێ/= ناوی داڕێژراو (( تیسوێ))، (ڕۆژان نوری عبدالله:٢٠٠٧: ٧١).

**٩٤-/-کۆ/** ناو+/-کۆ/= ناوی داڕێژراوبچووککراو/سمکۆ، حسکۆ، دارکۆ/

ئاوەڵناو+/-کۆ/= ئاوەڵناوی داڕێژراوبچووککراو /پیسکۆ، سیسکۆ، تەڕکۆ/

**٩٥-/-انج/** ناو+/-انج/= ناوی داڕێژراو((قولانج، تیلمانج))، (ڕۆژان نوری عبدالله:٢٠٠٧: ٦٩).

**٩٦-/-بار/** ناو+/-بار/= ئاوەڵناوی داڕێژراو /خەفەتبار، تاوانبار، ستەمبار/ئەم مۆرفیمە ئەرکی داڕشتن وگۆڕینی بەشەئاخاوتنی بینیوە، ناوی کردووە بە ئاوەڵناو.

**٩٧-/-زا/** ناو+/-زا/= ناوی داڕێژراو/برازا، ئامۆزا، خاڵۆزا، کچەزا، پورزا، ئایینزا مۆرفیمێکی چالاکە توانیویەتی کۆمەڵێك فۆرمی تازە بهێنێتە کایەوە، نزیك لەو وشەیەی کە لەگەڵیدا پێکهاتەکە پێکدەهێنێت.

**٩٨-/-سار/** ناو+/-سار/= ناوی داڕێژراو /گوێلەسار، کۆسار/

(ناو، ئاوەڵکردار)+/-سار/= ئاوەڵناوی داڕێژراو /خەمسار، لاسار/ لەم دوو نمونانەدا مۆرفیمی /-سار/ ئەرکی گۆڕینی بەشەئاخاوتنی بینیوە، ناو، ئاوەڵکرداری گۆڕیوە بۆ ئاوەڵناو.

**٩٩-/-ندە/** ناو+/-ندە/= ناوی داڕێژراو /باڵندە/

ڕەگی کردار+/-ندە/= ناوی داڕێژراو /کوشندە، بەخشندە/

ئاوەڵناو+/-ندە/= ناوی داڕێژراو /دڕندە/

**١٠٠-/-ەناو/** ئاوەڵناو+/-ەناو/= ئاوەڵناوی داڕێژراو/ترشەناو/ (ترشەناو) بۆ برینێکی پیسبوو بەکاردێت.

**١٠١-/-ەڵۆك/** ئاوەڵناو+/-ەڵۆك/= ئاوەڵناوی داڕێژراو /ترشەڵۆك، سپیەڵۆك، پیرەڵۆك،.../

**١٠٢-/-ەسات/** ناو+/-ەسات/= ناوی داڕێژراو /کارەسات، مەرگەسات، بەزمەسات،.../

**١٠٣-/-ست/** ڕەگی ڕانەبردووی کردار+/-ست/= ناوی داڕێژراو /توانست، زانست/ ئەم پاشگرە لەگەڵ ڕەگی کرداردا، ئەرکی پێکهێنانی ناودەبینێت (ئەورەحمانی حاجی مارف:١٩٩٨: ١٦٨).

**١٠٤-/-شت/** ڕەگی ڕانەبردووی کردار+/-شت/= ناوی داڕێژراو/برشت، خۆرشت/ ئەم پاشگرە لەگەڵ ڕەگی کرداردا، ئەرکی پێکهێنانی ناو دەبینت (ئەورەحمانی حاجی مارف:١٩٩٨: ١٦٨).

**١٠٥-/-لەمە/** ناو+/-لەمە/= ناوی داڕێژراو/ شەکرلەمە، دیشلەمە، قاپلەمە،.../

## ٦/٢) فرەئەركی مۆرفیمی دووئاست:

مەبەست هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆژی و سینتاكسە، لە نێو هەریەك لەم دووئاستەشدا ئەركی جیاوازدەبینن، بەمەش فرەئەركی زمانی كوردی، زیندووی زمانەكە لە ئاستەجیاوازەكاندا دەردەخەن.

## ٦/٢- ١) فرەئەركی مۆرفیمی پاشگر:

/-ە، -ی، -ان، -ین، -وو، -ێ، -ۆ، -ن، -ەك، -مان، -كە، -ا، -ش، -دە، -ات، گە، -ەوە، -اندن، -تر -ترین، -وا، -وە.../

**<u>١-/-ە/</u>**

**أ- ئەركی مۆرفۆلۆژیانە:** لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا مۆرفیمی (ە) ئەركی پێكهێنانی وشەی تازە دەبینێت، كە بەرێگایەكی پڕ بەرهەم دادەنرێت، بۆ دەوڵەمەندكردنی فەرهەنگی زمانی كوردی، لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا ئەم ئەركانە دەبینێت، پێكهێنانی وشەی داڕێژراو، وشەی لێكدراو، گۆڕینی بەشەئاخاوتن. ئەم مۆرفیمە (ە) دەبێتە پاشگر (Suffixes) بۆ هەندێك لە وشە پۆل جیاوازەكان و ئەركی داڕشتنی وشە دەبینێت، ئەو پێكهاتانەی مۆرفیمی /-ە/ ئەركی پێكهێنانیان دەبینێت بەشەئاخاوتنی جیاوازن، ئەركی داڕشتنی (ناو، ئاوەڵناو)ە. لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا، هەندێكجار سەرەڕای ئەركی داڕشتن پۆلی وشەكەش دەگۆڕیت.

**یەكەم/ ئەركی پێكهێنانی ناوی داڕێژراو دەبینێت بە پێی ئەم یاسایانە:**

١- ئاوەڵناو+/-ە/= ناوی داڕێژراو /ناسكە، سەوزە،.../
٢- ڕەگی ڕابردوو+/-ە/= ناوی داڕێژراو /كردە، مردە،.../
٣- ڕەگی ڕانەبردوو+/-ە/= ناوی داڕێژراو /گەزە، خوازە، ناڵە،.../
٤- ئاوەڵكردار+/-ە/ = ناوی داڕێژراو /بەرە، پشتە،.../ (نوری عەلی ئەمین : ١٩٥٨: ٨).
٥- ژمارە+/-ە/= ناوی داڕێژراو /حەوتە، چلە،.../

٦- چاوگ+/-ە/= ناوی داڕێژراو /پێوانە، دانە،... / لەگەڵ بەشـی زۆری ناوەکان بەکاردێت و ئەرکی ناوی هەمەجۆردەبینێت .دەچێتە سەرناوی گشتی و ناوی تایبەتی شوێن و مرۆڤ پێکدەهێنێت.

٧- ناوی گشتی+/-ە/= ناوی داڕێژراو /گوڵە، هەنارە،/ (ڕۆژان نوری عبدالله :٢٠٠٧: ١٠٣).

٨- دەچێتە سەر ناوی کات و ناوی گیاندارێکی ئەفسانەی پێکدەهێنێت .

ناوی کات+/-ە/= ناوی داڕێژراو /شەوە/ (ڕۆژان نوری عبدالله :٢٠٠٧: ١٠٤).

٩- نـاوی تـایبـەت+/-ە/= نـاوی داڕێژراو/نـازە، فـاتـە/ نـاوی بچوککراو لـەگـەڵ نـاوی تـایبـەتی ئـەرکی بچوککردنەوەی ناودەبینێت، زمانەوانەکان لەزمانی کوردی دا وای بۆ دەچن ناو بۆ چەند مەبەسـتێك بچووك دەکرێتەوە(ناز و خۆشـەویسـتی، شـکاندن وکەم کردنەوەی نرخیان و بەسـوك زانین). بچوککردنەوەی ناوی تایبەتی بەهۆی ئەم مۆرفیمە /-ە/ بە پێی ناوچە و شـێوەزارەکان دەگۆڕێت، لێکۆڵەر بۆچوونی وایە بچوککردنەوەی ناوی تایبەتی زیاتر بۆ کەم نرخکردنە ، بەشـێکی کەمی بۆ خۆشەویستییە.

**دووەم/ ئەرکی پێکهێنانی ئاوەڵناوی داڕێژراو دەبینێت.**

١- ناوی کات+/-ە/= ئاوەڵناوی داڕێژراو /پایزە، بەهارە/

٢- ئاوەڵناو+/-ە/= ئاوەڵناوی داڕێژراو /پیسە، تەڕە/

**سێیەم/ ئەرکی پێکهێنانی ناوی لێکدراو دەبینێت بە پێی ئەم یاسایانە:**

١- ناو+/-ە/+ناو= ناوی لێکدراو /گوڵەجۆ، پەلکەمێو، گوڵەباخ،.../

٢- دووبارەوەکردنەوەی ناوی دەنگی سروشتی /گڤەگڤە، گاڕەگاڕلورەلور،.../

٣- ناو+/-ە/+ئاوەڵناو= ناوی لێکدراو /مێرگەسور، مریشکەڕەش/

٤- ئاوەڵناو+/-ە/+ناو= ناوی لێکدراو /شەنگەبی، ئیشکەدان،.../

٥- ئاوەڵکردار+/-ە/+ناو= ناوی لێکدراو /بەرەپێ، پشتەدەست،.../

٦- ناو+/-ە/+ڕەگی کردار= ناوی لێکدراو /گورگەزێ/

٧- ناو+/-ە/+ئاوەڵناو+/-ە/= ناوی لێکدراو /سێوە سورە، هەنجیرەوشکە، تووەڕەشە/

٨- ناو+/-ە/+ئاوەڵناوی داڕێژراو+/-ە/= ناوی لێکدراو /پەلکەزێڕینە، شێرەبەفرینە ،.../

٩- ناو+/-ە/+ڕەگی ڕانەبردوو+/-ەر/ = ناوی لێکدراو /دانەخۆ، بەردەشۆر،.../
هەندێک جار ئەرکی داڕشتنی ناوی لێکدراو دەبینێت، بەڵام وەك پاشگر(Suffixes)نەك وەکو ناوبەند (Interfixes) ئەمەش لە کۆتایی (ڕەگی کردار، ئاوەڵناو) دەبینرێت .
١٠- ناو+ڕەگی ڕانەبردوو+/-ە/= ناوی لێکدراو /دۆشاومژە، ئەسپێ کوژە،.../
١١- ناو+ئاوەڵناو+/-ە/ = ناوی لێکدراو /بالابەرزە،.../

**چوارەم/ ئەرکی پێکهێنانی ئاوەڵناوی لێکدراو دەبینێت.**

١- ئاوەڵناو+/-ە/+ناو= ناوی لێکدراو /گێلەپیاو، شۆڕەژن،.../
٢- ئاوەڵناو+/-ە/+ڕەگی کردار= ناوی لێکدراو /کۆنەپەرست،.../
٣- ئاوەڵناو+/-ە/+ئاوەڵناو= ناوی لێکدراو / تازە لاو/

**ب- ئەرکی سینتاکسی:** ئەم مۆرفیمە لە ئاستی ڕستەسازیدا فرەئەکە، چەند ئەرکێکی جیاوا ز دەبینێت:
**یەکەم/ ئەرکی مۆرفیمی ناسراوی دەبینێت** (ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٩: ١٩٦).

وەك: کوڕە هات .
هەندێك لە زمانەوانەکان پێیان وایە ئەم مۆرفیمە /-ە/ کورتکراوەی مۆرفیمی /-ەکە/ یە. سنوری بەکارهێنانی زۆر فراوان نییە، ئەوەی تێبنی دەکرێت ئەوەیە بەکارهێنانی زیاتر لە زمانی گێڕانەوەی چیرۆك و ڕۆماندا بەدی دەکرێت.
**أ- تایبەتییەکانی /-ە/ لە ئەرکی ناسراویدا:**

١- لە کۆتایی ئەو ناوانە دێت کە بە نەبزوێن کۆتاییان هاتووە.
وەك: ژنە ڕۆیشت.
٢- لە کۆتایی ئەو ناوانە دێت کە بەبزوێن کۆتاییان هاتووە، لەم بارەشدا پێویستی بە ناوبەندی /-ی-،-و-/ دەبێت.
وەك: دۆیە ترش بوو.

وەك:   بەرووەیان خوارد .

وەك:   چیایە بەسەریاندا ڕووخا.          (ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٩: ١٩٩).

٣- دوای خۆی بۆ مۆرفیمی جێناوەلکاوەکان بە کراوەیی جێ دەهێڵێت.

وەك:  کوڕەیان بەزۆر برد .

٤- تاکایەتی نیشان دەدات .

٥- ڕێگە بە مۆرفیمی کۆ /-ان/ نادات بچێتە سەری .

٦- دەچێتە کۆتای فرێزی ناویەوە.

وەك:     کوڕە ڕۆیشت  .     باوکی کوڕە ڕۆیشت.

٧- ئەگەر ناو بە ئاوەڵناو تەواوکرا بە پێچەوانەی /-ەکە/ ناچێتە کۆتایی ئاوەڵناوەکە لە شوێنی خۆی دەمێنێتەوە.

وەك:  کچەی زیرەك بەیەکەم دەرچوو .

**ب- جیاوازی مۆرفیمی ناسراوی /-ە/ و /-ەکە/  لە بەکارهێنانیاندا .**

١- /-ە/ لە داوی خۆی /-ان/ وەر ناگرێت، بەڵام /-ەکە/ وەری دەگرێت.

وەك:  * کوڕە ان هات.    کوڕەکان هاتن.

٢- /-ە/ کاتێك ناوەکە بە ئاوەڵناو تەواو دەکرێت، لە شوێنی خۆی دەمێنێتەوە. بەڵام /-ەکە/ دەچێتە کۆتایی ئاوەڵناوەکە، نووسەکەکان دەچنە کۆتایی فرێزەکە.

وەك: کوڕەی ژیر هات.  کوڕە ژیرەکە هات .

**دووەم/ ئەرکی مۆرفیمی بانگکردن دەبینێت:** ئەم مۆرفیمە بۆتاکی نێر لە باری بانگکردن و ئاگادارکردنەوە بەکاردێت.

وەك: کاکە ئەم کارە مەکە.    (ڕەفیق شوانی: ٢٠٠١: ٢٣٤-٢٣٥ ).

هەروەها لە باری کۆشدا بۆ هەردوو ڕەگەز بەکاردێت. کوڕینە، کچینە، لە ئێستای زماندا بۆ بانگکردنی ناوی مێی تاك بەکاردێت.(دایکە، خوشکە...) (ئومێد بەرزان برزۆ: ٢٠١٠: ٥٤). ئەمەش ئەم بۆچوونە ڕەتدەکاتەوە کە ئەم مۆرفیمە هەر بۆتاکی نێر بەکار بێت.

**سێیەم/ ئەرکی مۆڕفیمی خستنەسەر دەبینێت:** یەکێکە لە مۆرفیمەکانی خستنەسەر ئـــــــەرکـــــــی فــــراوانکـــــردنـی فــرێـــزە.((فـــــراوانـــــکــــردنـــــی فــرێـــــز: ژنــــەجــوانـەچـــاوڕەشــــە بــــاڵابــــەرزەکــــە))،(بکر عمر علی، هیدایت عبدالله محمد : ٢٠٠٩: ٤٠٢).

**چوارەم/ ئەرکی پاشبەندی نیشانە دەبینێت** (محەمەد مەعروف، سەباح ڕەشید:٢٠٠٦:٧٠).

وەك: ئەم گوڵەـ

**پێنجەم/ ئەرکی کاری ناتەواو دەبینێت:** کاتی ئێستایە ئەگەر کردار لە ڕستەدا نەبوو.

وەك: دانا زیرەکەـ .

**شەشەم/ ئەرکی مۆڕفیمی ئێستایی تەواودەبینیت:**

((ئێسـتای تەواوPresent Perfect ئەوکارەیە کە لەڕابردوودا ڕووی داو بڕایەوە، بەڵام تەئسـیری مایە ئێستا..))، (وریا عومەر ئەمین: ٢٠٠٩: ٤٤).

وەك: بردووتەـ

**حەوتەم/ ئەرکی پێشبەند دەبینێت .**

ئەرکی پێشـبەند دەبینێت، بەرامبەر پێشـبەندی (بۆ، بە)یە، لەگەڵ کرداری ڕابردوو، ڕانەبردوو دێت. ((هەر دەکەوێتە پاش کار))، (شێرکۆبابان : ٢٠٠٩ : ٢٧).

وەك: دارا دەڕواتەـ قوتابخانە. دارا گۆڤارەکەی دایەـ ئازاد.

**هەشتەم/ ئەرکی جێناوی لکاو دەبینێت:**

جێناوی لکاوە کـەســـــی دووەمی تاك لەگەڵ کاری داخوازی دێت، ئەرکی بکەر دەبینێت، لەو کاتەدا دەردەکەوێت، کە کۆتایی ڕەگەکە نەبزوێن بێت.

وەك: وانەکە بنووسەـ .

**ـ٢-/ـی/ـ**

**أ- ئەرکی مۆڕفۆلۆژییانە:**

**یەکەم/ ئەم مۆرفیمە /ـی/ ئەرکی پێکهێنانی ناوی واتایی دەبینێت**. لەم بارەشـــدا دەچێتە ســـەر ناو، ئاوەڵناو، ناوی واتایی، ناوی واتایی داڕێژراو دروستدەکات:

١- ناو+/-ی/= ناوی واتایی داڕێژراو/منداڵی، هەلاجی/(ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٩: ١١٢).
٢- ئاوەڵناو+/-ی/= ناوی واتایی داڕێژراو /جوانی، بەرزی/
٣- ناوی واتایی+/-ی/= ناوی واتایی داڕێژراو /خەیاڵی، پەنهانی /

**دووەم/ دەچێتە سەر ئاوەڵکردار و ناوی بەرجەستە پێکدەهێنێت.**

١- ئاوەڵکردار+/-ی/= ناوی داڕێژراوی بەرجەستە /پشتی/، (پشتی) بەواتای سەرین دێت.

**سێیەم/ دەچێتە سەر چاوگ، ناوی واتایی دروستدەکات.**

١- چاوگ+/-ی/= ناوی داڕێژراوی واتایی /هەبوونی، نەبوونی/

**چوارەم/ ئەرکی پێکهێنانی ئاوەڵناو دەبینێت.**

١- ناو+/-ی/= ئاوەڵناوی داڕێژراو / پایزی، هاوینی/

**پێنجەم/ لەگەڵ ڕەگی ڕانەبردووی کرداری دڕێژراو، لێکدراو، ناوی واتایی دروستدەکات.**

١- پێشگر+ڕەگی ڕانەبردووی کردار+/-ی/= ناوی واتایی /داخوازی، تێبینی،.../
٢- وشەیەکی واتادار+ڕەگی ڕانەبردووی کردار+/-ی/= ناوی واتایی /پێش بینی، دەمارگیری،.../

**شەشەم/ لەگەڵ ناوی لێکدراو ئەرکی پێکهێنانی ناوی واتایی دەبینێت .**

١- ناوی لێکدراو+/-ی/= ناوی واتایی /خۆشبەختی، داواکاری،.../

**ب- ئەرکی سینتاکسی:**

**یەکەم/ مۆڕفیمی دانەپاڵە و ئەرکی فراوانکردنی فرێز دەبینێت.**

وەك: دایکی بەنازی خوشکی هاوڕێکەت هات.

**دووەم/ جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاکی دەستەی (م-مان )ە، لەکردەی مۆرفۆسینتاکسیدا کۆمەڵێ ئەرکی جیاوازدەبینێت:**

١- ئەرکی بکەر/ وانەکەی خوێند .

٢- ئەرکی بەرکار/ دەی بینیت .

٣- بەرکاری ناڕاستەوخۆ/ بۆی دەبەم .

٤- دیارخەر/ کوڕەکەی هات

**سێیەم/ مۆرفیمی کاتی ڕابردووە، ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە هیچ کردارێك سادە نییە .**

وەك: کڕی، بڕی ... (محەمەد مەعروف ، سەباح رەشید: ٢٠٠٦: ٥٦).

**چوارەم/ مۆرفیمی جێناوی لکاوی کەسی دووەمی تاکە لە ئێستای قسەپێکەرانی زاری سلێمانی، لەجیاتی جێناوی لکاوی /-یت/ بەکاردێت.**

وەك: ئەکەی، ئەچی، ئەڕۆی

**پێنجەم/ وەك ناوبەند ئەرکی دەرکەوتنی بزوێنی دوومۆرفیم دەبینێت کە یەکەمیان بە بزوێن کۆتایی دێت وئەویتربە بزوێن دەست پێدەکات.**

وەك: ئێوە ئێمەتان هێنایەوە . دۆیەکە بخۆرەوە .

**<u>٣- /-ان/</u>**

**أ- ئەرکی مۆرفۆلۆژی:**

مۆرفیمی /-ان/ وەك پاشگرێکی وشەداڕێژ کاردەکات، لەگەڵ هەندێك لە بەشەئاخاوتنەکان دێت، ناوی داڕێژراو و ئاوەڵکرداری داڕێژراو دروستدەکات.

**یەکەم/ ئەرکی پێکهێنانی ناوی داڕێژراودەبینێت، ئەم مۆرفیمە ئەرکی پێکهێنانی ناوی تایبەتی مرۆڤ و شوێن، ناوی گشتی ناوی مانگەکوردییەکان، زۆرناوی تر دەبینێت.**

١- ناو+/-ان/= ناوی داڕێژراو /ڕێزان، خەندان،.../ ناوی تایبەتی مرۆڤن.

٢- ناو+/-ان/= ناوی داڕێژراو /چناران، نۆکان/ئەم مۆرفیمە لە پێکهێنانی ناوی لادێ و شـــارۆچکە، شـــارەدێکان زۆرچالاکە و تەنانەت ئەو دێهاتانەی کە ناوی تایبەتی مرۆڤیان لێنراوە ئەوانیش ئەم مۆرفیمە وەردەگرن. لە پێکهاتەی ناوی لێکدراو باسی لێدەکەین.

٣- ناو+/-ان/= ناوی داڕێژراو/گوڵان، خەرمانان/ ناوی تایبەتی مانگی کوردیین .

٤- ناو+/-ان/= ناوی داڕێژراو/سەیران، باخان/ ناوی گشتی داڕێژراو.

٥- ڕەگی کردار+/-ان/= ناوی داڕێژراو/باران/ (ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٩: ١٣١).

٦- ئاوەڵناو+/-ان/= ناوی داڕێژراو/شۆخان، شادان، مەندان/ ناوی تایبەتن بۆمرۆڤ.

ئەم مۆرفیمە هەروەك (ڕۆژان نوری) باسی لێکردووە، لەگەڵ ئاوەڵناودا ناوی شوێن پێکدێنێت .

٧- ئاوەڵناو+/-ان/= ناوی داڕێژراو ((نەرمان، وشکان))، (ڕۆژان نوری عبدالله: ٢٠٠٧: ١٠٠).

**دووەم/ ئەرکی پێکهێنانی ئاوەڵکرداری داڕێژراو دەبینێت، مۆرفیمی /-ان/ لەگەڵ ناو، ئاوەڵکردار ئەرکی پێکهێنانی ئاوەڵکرداری داڕێژراو دەبینێت:**

١- ناوی کات+/-ان/= ئاوەڵکرداری دڕێژراو/بەیانیان، ئێواران، بەهاران،.../

ناوی ئایینی (نوێژ) وەك ناوی کات بەکاردێت و لەگەڵ مۆرفیمی /-ان/ ئاوەڵکاری داڕێژراوی کات پێکدێنێت.

٢-/نوێژ+/-ان/= ئاوەڵکرداری دڕێژراو /نوێژان/

٣- ئاوەڵکاری شوێن+/-ان/= ئاوەڵکرداری دڕێژراو /پێشان، پاشان/

ئەم مۆرفیمە لەگەڵ هەندێك لە بەشەئاخاوتنەکان ئەرکی پێکهێنانی وشەی لێکدراو دەبینێت .

**سێیەم/ ئەرکی پێکهێنانی ناوی لێکدراودەبینێت:**

١- ناوی لێکدراو+/-ان/= ناوی لێکدراو /گەڵاڕێزان، جۆزەردان/ ناوی لێکدراون بۆمانگە کوردییەکان .

٢- ناوی لێکدراو+/-ان/= ناوی لێکدراو/ ، کانی ماران، کوڵاوسوران/

٣- ناوی تایبەتی لێکدراو+/-ان/= ناوی لێکدراو/سەیدئەحمەدان، حاجی ئۆمەران، شێخ وەسانان/ ناوی تایبەتی شوێنە بە ناوی تایبەتی مرۆڤەوە ناونراون بە یارمەتی/-ان/ پێکهاتوون.

٤- ئاوەڵکرداری لێکدراو+/-ان/= ناوی لێکدراو/ پشتئاشان/ ناوی شوێنە .

**چوارەم/ ئەرکی پێکهێنانی ئاوەڵکرداری لێکدراو دەبینێت، لەگەڵ ناودا دێت و دووئەرك دەبینێت ، ئەرکی لێکدان و گۆڕینی بەشەئاخاوتن دەبینێت و ناودەکاتە ئاوەڵکردار:**

١- ناو+/-ان/+ناو= ئاوەڵکرداری لێکدراو/سەرانسەر، بەرانبەر/

**پێنجەم/ گرنگی /-ان/ لەئاستی مۆرفۆلۆژیدا:**

ئەم مۆرفیمە لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا وەك پاشگرێکی چالاك دەردەکەوێت، ئەرکی پێکهێنانی وشەی داڕێژراو، لێکدراو دەبێنێت، ئەوەی جێگەی بایەخە ئەوەیە، ئەم مۆرفیمە لە بەشی هەرە زۆری مۆرفیمە پاشگرەکانی تر زیاتر ئەرك دەبینێت، لە دروستکردنی ناوی شوێن بە تایبەتی ناوی دێهات و شارۆچکە و شار وشوێنە گشتییەکان بەشی زۆریان ئەم مۆرفیمە /-ان/ وەردەگرن، بۆتە بەشێکی سەرەکی پێکهاتەکان، بە هیچ شێوەیەك ناتوانرێت لێی لابدرێت، چونکە بە لادانی پێکهاتەکە دەشێوێت. (بالیسان، سەرئەشکەوتان، سەرسیان، کانی وەتمان، سێبەردان، قەمتەران، سۆران، دیانان، چناران، دووگۆمان، گوڵان، سیدەکان، جوندیان، سکتان، چۆمان، حاجی ئۆمەران، بۆکریسکان، ئاشوران، توەسوران، ئەستریلان، سندۆلان، پڵینگان، شەکران، کانی ئاسکان، دۆڵی شەهیدان، دۆڵی ئەسحابان، دۆڵی سەرکەپکان، ماونان...) هاتنی ئەم مۆرفیمە بەم شێوەیە ئەوە دەگەیەنێت کە پاشگرێکی زۆرچالاکە .

**ب- ئەرکی سینتاکسی:**

**یەکەم/ مۆرفیمی سەرەکی کۆکردنەوەیە، دەچێتە سەر بەشەئاخاوتنی ناو، ئاوەڵناو، ژمارە ئەرك و واتای کۆ دەگەیەنێت:**

١- ناو+/-ان/ = ناوی کۆ /کوڕان، ژنان، خوێندنگایان/

٢- ئاوەڵناو+/-ان/= ناوی کۆ /جوانان، ژیران، زیرەکان/

٣- ژمارە+/-ان/=ناوی کۆ /یەکان، دەیان، سەدان/

**دووەم/ دەچێتە سەر جێناوی کەسی سەربەخۆی سێیەمی تاك /ئەو/ دەیکات بە هەمان کەسی کۆ.**

((ئەو+ ان ⟵ ئەوان ))، (محەمەد مەعروف، سەباح رەشید: ٢٠٠٦: ٨٣).

**سێیەم/ دەچێتە سەر کۆتایی جێناوی لکاو(م، ت، ی) دەیکات بە کۆ.**

١- م+ان ⟵ مان

٢- ت+ان ⟵ تان

٣- ی+ان ⟵ یان (محەمەد مەعروف، سەباح رەشید: ٢٠٠٦: ٨٣).

**چوارەم/ بە جۆرێکی نیشانەی چاوگ دادەنرێت** (ئەورەحمانی حاجی مارف: ٢٠٠٠: ١٢٩).

کە بە چاوگی ئەلفی ناســـراوە /کوڵان، هێنان، برژان/ هەرچەند لە بنەڕەتدا، لەم نمونانەدا/ا، ن/ هەریەکەیان مۆرفیمێکی ســـەربەخۆیە /-ا/ مۆرفیمی کاتە، /-ن/ مۆرفیمی نونی چاوگە، بەڵام بە هەردووکیان دەوترێت نیشانەی چاوگ، کە واتە هەردووکیان بەیەکەوە جۆری چاوگەکە دیاری دەکەن.

**پ- تایبەتییەکانی مۆرفیمی /-ان/:**

١- لە ئەرکی مۆرفۆلۆژیانەیدا پێش مۆرفۆفیمە وشەدارێژەکان دەکەوێت .


وشك +/-ان/ وشە دارێژ+/-ی/ وشەدارێژ ⟵ /وشکانی/

٢- پێش مۆرفیمە وشەگۆڕەکان دەکەوێت.

سەیر+/-ان/وشەدارێژ+/-ەکە/وشەگۆڕ ⟵ /سەیرانەکە/

٣- له ئەركی مۆرفۆلۆژیانەیدا، دوای خۆی بۆ مۆرفیمە وشەدارێژ، شەگۆڕەكان بە كراوەی جێدەهێڵێت.

/چۆم/+/-ان/+/-ی/+/-ی/+/-ەك/+/-ان/+ ⟵ <u>چۆمانییەكان</u>




٤- له ئەركی سینتاكسیدا لەدوای مۆرفیمی ناسراوی دێت .

كوڕ+/-ەكە/(ناسراوی)+/-ان/ (كۆ) ⟵ /كوڕەك<u>ان</u>/

٥- له ئەركی سینتاكسیدا له پێش مۆرفیمی نەناسراوی دێت.

خەڵك+/-ان/+/-ێك،ەك،ێ/ ⟵/خەڵك<u>ان</u>ێك، خەڵك<u>ان</u>ەك، خەڵك<u>ان</u>ێ/

٦- بە پێچەوانەی ئەلۆمۆرفەكانی تری ڕێگە نادات له داوی خۆی جارێكی ترئەم ئەلۆمۆرفانە ئەرك ببینن.

وەك: * كوڕ<u>ان</u>گەل، * باخ<u>ان</u>ات

**<u>٤-/-ین/</u>**

**أ- ئەركی مۆرفۆلۆژییانە:** دەچێتە سەر(ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵكردار) ئەركی داڕشتن، گۆڕینی بەشەئاخاوتن دەبینیت .

١- ناو+/-ین/= ناوی داڕێژراو /سەر<u>ین</u>، شەرم<u>ین</u>/

٢- ئاوەڵناو+/-ین/= ناوی دارێژراوی تایبەت /نەرمین، سەوزین، بەرزین/

٣- ناو+/-ین/= ئاوەڵناوی دارێژراو /زێڕین، زیوین/

٤- ئاوەڵکردار+/-ین/= ئاوەڵناوی دارێژراو /بەرین/ (ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٩: ١٠٣)

**ب- ئەرکی سینتاکسی :**

**یەکەم/ دەچێتە سەرمۆرفیمی ئاوەڵناوی پلەی بەراورد، پلەی باڵا پێکدەهێنێت.**

١- ئازاتر+/-ین/= /ئازاترین/

**دووەم/ مۆرفی جێناوی لکاوی کەسی یەکەمی کۆیە، لە کردەی مۆرفۆسینتاکسی دا بە پێی جۆر، کاتی کردارەکە ئەرکی جیاواز دەبینێت:**

١- دەخوێن+/-ین/ ⟵ دەخوێنین ( بکەر)

٢- ناردت+/-ین/ ⟵ ناردتین (بەرکار) (شێرکۆ بابان:٢٠١٢: ٧٥)

٣- پێتان کرد+/-ین/ ⟵ پێتانکردین (بەرکاری ناڕاستەوخۆ)

**سێیەم/ بە جۆرێکی نیشانەی چاوگ دادەنرێت، کە بریتییە لە نیشانەی چاوگی (ین)ی.**

وەك: کڕین، نووسین، ...

**٥- /-و،-وو/**

**أ- ئەرکی مۆرفۆلۆژییانە:** ئەرکی پێکهێنانی وشەی دارێژراو، لێکدراو دەبینێت، هەندێکجاریش بەشی ئاخاوتن دەگۆڕێت.

**یەکەم/ ئەرکی داڕشتن دەبینێت، لە ئەرکی داڕشتندا هەندێکجار بەشی ئاخاوتنیش دەگۆڕێت .**

١- ناو+/-و/= ناوی دارێژراو /ڕەنو، بازو، پوشو، کەژو/ (١)

---

**(١) (ڕەن) ناوی جۆرێکی زەوی کشتوکاڵی یە، کە خاکەکەی سیفەتی هەڵوەرینی تێدایە، کاتێك ئەم ناوە (ڕەن) پاشگری /-و/ وەردەگرێت، واتای وشەیەکی تازە دەدات، کە هەمان سیفەتی خاکەکەی هەیە .**

٢- ژماره+/-و/= ناوی دارێژراو /چلو، حەوتو/

٤- ڕەگی ڕانەبردوو+/-و/= ناوی دارێژراوی /ماڵو/ پاشـــگری/-وو/ لە هەموویان چالاكترە، لەگەڵ ڕەگی ڕابردووی تێنەپەری خوازەکی ناوی کارا، تێنەپەڕی ڕوودان ناوی بەرکار پێکدێنێت.

٥- ڕەگی ڕابردوو+/-وو/= ناوی بکەر/کەوتوو/ (ئەوڕەحمانی حاجی مارف:١١٢:٢٠٠٠: ١٧٦).

٦- ڕەگی ڕابردوو+/-وو/= ناوی بەرکار/مردوو/ (ئەوڕەحمانی حاجی مارف:٢٠٠٠: ١١٨).

٧- ئاوەڵکردار+/-و/= ناوی دارێژراو /پشتو/

٨- ئاوەڵکردار+/-وو/= ئاوەڵناوی دارێژراو/خواروو، سەروو/

٩- ئاوەڵناو+/-و/= ناوی دارێژراو /زەردو، ئاڵو/

**دووەم/ ئەركی لێكدان دەبینێت، ئەم مۆرفیمە /-و-/ توانای لێكدانی دوو وشە یان زیاتری هەیە.**

١- ناو+/-و-/+ناو= ناوی لێکدراو/دەنگودۆ، سەروپێ/

٢- نـــــــاو+/-و-/+ڕەگـــــــی ڕابـــــــردووی کـــــــــردار= نـــــــــاوی لێـــکـــــدراو /مشـــت ومـــاڵ، ((دەســـت وبـــرد)) / (ئەوڕەحمانی حاجی مارف:١٩٧٩: ١٣٥).

٣- ناو+/-و-/+ئاوەڵکردار= ناوی لێکدراو/دەشت و دەر/

٤- ناو+/-و-/+وشەیەکی بێ واتا= ناوی لێکدراو / تەختەومەختە، گوڵومڵ/

٥- ڕەگی ڕابردوو+/-و-/ڕەگی ڕانەبردوو= ناوی لێکدراو /هاتوچۆ، مشتومڕ /

٦- ڕەگـــــی ڕانـــــەبـــــردوو+/-و-/وشـــــــەیـــــەکـــــی بـــــێ واتـــــــا= نـــاوی لێـــکـــدراو ((کـــــولوکــــۆ))، (ئەوڕەحمانی حاجی مارف:١٩٧٩: ١٣٦)

٧- ئـــــاوەڵـــــناو+/-و-/+ئـــاوەڵـــناو= ئـاوەڵـــــناوی لـێـــکـــدراو/ســـوروســـپـــی، سـەوزوســـور، ((کەم وکوڕ)) /، (نوری عەلی ئەمین:٢٠١٢: ١٠٨).

٨- ئاوەڵناو+/-و-/+وشەی بێ واتا= ئاوەڵناوی لێکدراو/سپی وسۆڵ، گەرم وگوڕ/

(وریاعومەرئەمین)جۆرێکی وشەی لێکدراوی بەیاساوە خستۆتە ڕوو زاراوەی وشەی (ڤایرۆسی) بۆ بەکارهێناوە، بە بێ ئەوەی ئاماژە بکات، کە وشەپێکهاتووەکە سەر بەکام بەشی ئاخاوتنە، یاساکەی بەم جۆرەیە: ((وشـــــە دووبـــــارە ئـەکرێـــتـەوە بـە جـێگـیـرکـردنـــی دەنـــگـی یـــەکـــەم لـە وشـەی دووەمدا بە (م) و بە ئامرازی بەستن (و) وشـــــــــــــــەكـــــــــــــان لـــــــــێك ئەدرێن. چیا- چیا ومیا، هەژار- هەژارومەژار...))، (وریاعومەرئەمین:٢٠١١: ٤١).

**ب- ئەركی سینتاكسی:**

/-و/ چەندین ئەركی سینتاكسی دەبینێت.

١- ئەركی مۆرفیمی بەستنەوە دەبینێت. (( زۆربەی بەشەكانی ئاخاوتن بەیەكەوە دەبەسترێن بە مەرجێک هەردوو كەرتە بەستراوەكە لەیەك پۆلبن واتە هەر دووكیان ناوبن یان كار یان ئاوەڵناو یان ئاوەڵكار ...هتد))، (بەكرعومەرعەلی :١٩٩٢: ٨).

وەك: دارا و شیلان هاتن.

٢- ئەركی بەیەكەوە بەستنەوەی دوو گرێ دەبینێت.

وەك: كچێكی زیرەك و كورێكی ئازام بینی .

٣- ئەركی بەیەكەوە بەستنەوەی دوو ڕستە دەبینێت .

وەك: ئێوە ڕۆیشتن و ئەوان گەیشتنەجێ .

٤- نیشانەی جۆرێكی چاوگە.

وەك: چوون = چوو     دروون = دروو

**٦- /-ێ/**

**أ- ئەركی مۆرفۆلۆجیانە:**

ئەم مۆرفیمە /-ێ/ لە ڕەسەندا نیشانەی دۆخی تیانەو بووە بە پاشگر دەچێتە سەر ناو، ئاوەڵكردار وشەی داڕێژراو پێكدێنیت. (ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٩٨: ١٥٦). هەندێكجاریش دەچێتە سەر ئاوەڵناو ناوی داڕێژراو پێكدەهێنێت، ئەركی داڕشتن و گۆڕینی بەشەئاخاوتن دەبینێت.

١- ئاوەڵناو+/-ێ/= ناوی داڕێژراو /جوانێ، خانێ /

٢- ناو+/-ێ/= ناوی داڕێژراو /باوزێ، قولێ ، مێوژێ/ ناوی تایبەتی شوێن، بەشێكی ناوی شوێن و دێهاتەكان خۆیان ناوی سادەن و بەهۆی یەكێك لە مۆرفیمە پاشگرەكان بوونە بەناوی داڕێژراوی تایبەت، هەرسێ مۆرفیمی /-ە، -ان، -ێ/ لەم بوارەدا چالاكن.

٣- ناوی سادە+/-ێ/= ئاوەڵکرداری داڕێژراو /ڕۆژێ، هاوینێ /

٤- ئاوەڵکرداری سادە+/-ێ/= ئاوەڵکرداری داڕێژراو /ئێوارێ، مەغریبێ/

**ب- ئەرکی سینتاکسی:**

**یەکەم/ شـێوەیەکی مۆرفیمی تاکی نەناسـراوییە دەچێتە سـەر(ناو، ئاوەڵناو، چاوگ،... ) تاکایەتی و نەناسراوی پیشان دەدات.[1]**

١- ناو+/-ێ/ ⟵ /کوڕێ، ژنێ، ماڵێ/

٢- ئاوەڵناو+/-ێ/ ⟵/چاکێ، جوانێ، بەهێزێ/

٣- چاوگ+/-ێ/ ⟵ /نووسینێ، خوێندنێ/

**دووەم/ مۆرفیمی کاتی داهاتووە. (عەبدولواحید موشیر دزەیی: ٢٠١٢: ١٠٤).**

وەك: سوتێ، برژێ، خزێ

**سـێیەم/ مۆرفیمی بانگکردنە بۆ ڕەگەزی مێ، ڕەگەز لەم زارەدا تەنها لە بانگکردن، لە هەندێك ناوچەشدا لە دۆخی دانەپاڵدا ئاسەواری ماوە.**

وەك: کچێ ئەم کارە مەکە.

**چوارەم/ لە ناوچەی سۆران لە باری دانەپاڵدا بەکار دێت بە ناوی مێوە دەلکێت .**

وەك: کیژێ مامم، دایکێ کچان (محەمەد مەعروف ، سەباح ڕەشید: ٢٠٠٦: ٦٩).

**پێنجەم/ مۆرفیمی کاتی ڕانەبردووە لە بکەر نادیاردا:**

وەك: دەکرێ، دەچێنرێ (محەمەد مەعروف، سەباح ڕەشید: ٢٠٠٦: ٦٩).

---

**(١) ئەم مۆرفیمی تاکی نەناسراوییە /ێ/ زیاتر لەناو ئێستای زمانی ئاخاوتنی قسە پێکەرانی سلێمانی بەکاردێت .**

**شەشەم/ شێوەیەکی مۆرفیمی جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاکە، لەگەڵ کرداری ڕانەبردوو دەردەکەوێت، کە کۆتایی ڕەگەکانیان نەبزوێنە.**

وەك: دەچێ، دەبێ، دەنووسێ

**حەوتەم/ لە ئێستای قسەپێکەرانی سلێمانی دا دەوری ڕستەیەکی سادە دەبینێت. لە کردەی مۆرفۆسینتاکسدا.**

وەك: ئەو ێت ←—— ێ

**هەشتەم/ لەگەڵ کرداری (دان، گەیشتن...) ئەرکی پاشبەند دەبینێت، شێوەی گۆڕاوی پێشبەندی/بە/ یە** (وریا عومەر ئەمین :٢٠٠٩: ٤٠).

وەك: ڕۆژنامەکە بدەن بە من. ڕۆژنامەکەم بدەنێ.

## ٧- /-ۆ/

**أ- ئەرکی مۆرفۆلۆجیانە:** دەچێتە سەر ناو، ئاوەڵناو ئەرکی دارشتنی وشە و بچوككردنەوە دەبینێت.

١- ناوی گشتی+/-ۆ/= ناوی دارێژراو/گەلۆ،((شێرۆ))/ ( ئەورەحمانی حاجی مارف:١٩٧٩: ١٢٠).

٢- ناوی تایبەتی+/-ۆ/= ناوی دارێژراو((کوردۆ))، (عەبدولواحید موشیر دزەیی: ٢٠١١: ٥٥).

ئەم/-ۆ/ناوی تایبەتی مرۆڤ بچوك دەکاتەوە، زیاتر بۆ کەم نرخی و بە سووك زانینە، هەندێکجار بۆ خۆشەویستی بەکاردێت، مۆرفیمەکانی بچوككردنەوە لەم زارەدا بە پێی قسەپێکەرانی ناوچە جیاوازەکانە بەنمونە ئەم مۆرفیمە زیاتر لە ناو قسەپێکەرانی هەولێر بەکاردێت.

وەك: جەلال = جەلۆ، خەلیل = خەلۆ

٣- ئاوەڵناو+/-ۆ/= ئاوەڵناوی دارێژراو /پیسۆ، خرپۆ/

**ب - ئەركى سينتاكسى:**

١- بەشێكە لە ڕەگى ڕانەبردووى چاوگى /شوشتن، خواردن/ شۆ ، خۆ

**٨- /-ن/**

**أ- ئەركى مۆرفۆلۆجيانە:** ئەم مۆرفيمە /-ن/ لەگەڵ ناودا دێت ئاوەڵناوى دارێژراو پێكدێت.

١- ناو+/-ن/= ئاوەڵناوى دارێژراو /چڵمن، چڵكن، ليكن/

گرنگى ئەم مۆرفيمە /-ن/ لە ئاستى مۆرفۆلۆجيدا لەوەدا بە دەردەكەوێت، كە لەيەك كردەدا دوو ئەرك جێبەجێ دەكات.

وەك: ئەركى دارشتن بينيوە .

وەك: ئەركى گۆڕينى بەشەئاخاوتنى لەناوەوە بۆ ئاوەڵناو بينيوە.

٢- نيشانەى چاوگە. /خستن، بردن، بڕين/

**ب- ئەركى سينتاكسى:**

١- مۆرفيمى تێپەڕاندنە. /برژاندن، سوتاندن/

٢- مۆرفيمى جێناوى لكاوى كەسى دووەم و سێيەمى كۆيە.

وەك: ئێوە دەڕۆن .

وەك: ئەوان دەڕۆن .

٣- ئەم مۆرفيمە /-ن/ وەك جێناوئەركى جياواز دەبينێت، بە پێى كات و جۆرى كردارەكە.

وەك: وانەكە بنووسن . ناردمانن .

بكەر بەركار

٤- مۆرفيمى نەرێكردنە لە ناوهەندێك لە قسەپێكەرانى ئەم زارە بە تايبەت ناوچەى خۆشناوەتى لەگەڵ چاوگى (زانين) لە نەرێكردنى كردارى ڕانەبردوو بەكاردێت .

وەك: دەزانم ، نزانم

**٩- /-ەك/**

**أ- ئەركی مۆرفۆلۆژیانە:** ئەم مۆرفیمە /-ەك/ دەچێتە سەرناو، ئاوەڵناو، كردار، ئەركی پێیكهێنانی ناوی داڕێژراو دەبینێت. كاتێك دەچێتە سەر ناو تەنها ئەركی داڕشتن دەبینێت، بەڵام كە چووە سەر ئاوەڵناو، كردار، ئەركی گۆڕینی بەشەئاخاوتنیش دەبینێت.

١- ناو+/-ەك/= ناوی داڕێژراو /كەوشەك، كەڵەك،.../

٢- ئاوەڵناو+/-ەك/= ناوی داڕێژراو /كورتەك، بەرزەك .../

٣- ڕەگی ڕانەبردوو+/-ەك/= ناوی داڕێژراو /كوتەك، پەستەك، سوتەك، نووسەك/

**ب- ئەركی سینتاكسی:**

١- شێوەیەكی مۆرفیمی تاكی نەناسراویە، دەچێتە سەرناو، ئاوەڵناو، چاوگ و دەیانكات بە نەناسراو.

وەك: شارەك، جوانەك، نووسینەك

**١٠-/-مان/**

**أ- ئەركی مۆرفۆلۆجییانە:**

دەچێتە سەر ڕەگی ڕابردووی كردار، ئەركی داڕشتنی ناو دەبینێت.

١- ڕەگی ڕابردوو+/-مان/= ناوی داڕێژراو /نیشتمان/

٢- ناو+/-مان/= ناوی داڕێژراو ((خەرمان)) (مەسعود محەمەد: ١٩٨٨: ١٧٥).

٣- ئاوەڵناو+/-مان/= ناوی داڕێژراو /شادمان/

**ب- ئەركی سینتاكسی:**

ئەم مۆرفیمە دەچێتە سەر زۆربەی بەشەئاخاوتنەكان لەڕستەدا.

١- جێناوی لكاوی كەسی یەكەمی كۆیە، زۆربەی ئەركەكانی جێناوی /ئێمە/ دەبینێت .

ناردمان . دەمانبینێت . لێمان وەردەگرێت. پێمان بوو . كوڕەكەمان هات .

بكەر بەركار بەركاری ناڕاستەوخۆ تەواوكەری كاری ناتەواو دیارخەری ناو

٢- دەچێتە سەرجێناوی خۆیەتی .

وەك: خۆ<u>مانمان</u> (محەمەد مەعروف، سەباح رەشید: ٢٠٠٦: ٤٤).

**<u>١١-/-كە/</u>**

**أ- ئەركی مۆرفۆلۆژیانە:**

ئەم مۆرفیمە لەگەڵ ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵكردار، كردار، دێت، دووئەرك دەبینێت، ئەركی دارشـــتن، ئەركی گۆڕینی بەشەئاخاوتن .

١- ناو+/-كە/ = ناوی دارێژراو /لوتكە، شوشكە، دانكە/ (شوشكە) ناوی شوێنە .

٢- ئاوەڵناو+/-كە/= ناوی دارێژ /ڕەشكە، شینكە/ (شینكە)ناوە بۆگیای سەوزكە خواردنی ئاژەڵە


٣- ئاوەڵكردار+/-كە/= ناوی دارێژ /بنكە/

٤- ڕەگی ڕانەبردووی كردار+/-كە/= ناوی دارێژراو / بڕكە، شـــۆكە/ ئەم ڕەگانە لەم كردارەناویانە وەرگیراون /بڕین، شوشتن/ (بڕكە) بەواتای/چڵ، لق، كەڵ/ دێت .

**ب- تایبەتییەكانی ئەم مۆرفیمە /-كە/ لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا:**

١- لە ئاســتی مۆرفۆلۆژیدا لەگەڵ هەر بەشـــەئاخاوتنێك بێت زۆربەی كات ناوی دارێژراو دروســت دەكات.

٢- لە دوای خۆی ڕاستەوخۆ ڕێگە بە مۆرفیمی ڕێزمانی دەدات دۆخی ناوەكە بگۆڕێت.




**پ- ئەركی سینتاكسی:**

١- /كە/ مۆرفیمی ڕەگی ڕانەبردوو/كردن/ /كە/ یە، ئەم مۆرفیمە وەك ڕەگی ڕانەبردوو ئەركی پێكهێنانی كاری ڕانەبردوو، داخوازی، وشەی نوێ دەبینێت.

وەك: کاری ڕانەبردوو: کاردەکەین .

ڕەگی ڕانەبردوو

وەك: کاری داخوازی: کاربکەن

ڕەگی ڕانەبردوو

وەك: وشەی نوێ: بکەر

ڕەگی ڕانەبردوو

٢-/کە/ یەکێکە لەشـێوەکانی ئەلەمۆرفەکانی مۆرفیمی تاکی ناسـراوی، لەگەڵ ئەم ناوانەدا دەردەکەوێت کە کۆتاییەکانیان بزوێنە.

وەك: دێکە دۆکە ئەستێرەکە

م .تاکی ناسراو م .تاکی ناسراو م .تاکی ناسراو

٣-/-کە/ وەك مۆرفیمی ناسراوی لەگەڵ ئاوەڵکردار دێت.

وەك: ئەو ئێستاکە دەڕوات . /-کە/ کاتی ڕوودانی کردارەکەی کردووە بە ناسراو.

م تاکی ناسراوی

٤- لە ڕستەی ناسادەدا مۆرفیمی گەیەنەری کاتە.

وەك: کە ئەوهات، بەفر دەباری.(١)

م . گەیەنەری کات

٥- لە ڕستەی ناسادەدا مۆرفیمی مەرجە.

وەك: کە بخوێنیت ، دەردەچیت.

م. مەرج

٦- لە ڕستەی شوێنکەوتودا مۆرفیمی گەیەنەرو دیارخەرە.(٢)

وەك: ئەوپیاوەی کە چیرۆکەکەی خوێندەوە، هاوڕێتە.

م .گەیەنەرو دیارخەر

---

(١) لەوانەی خوێندنی باڵا (ماستەر) لەزانکۆی کۆیە (٢٠١٢-٢٠١٣) (پ.د.بکر عومەر عەلی) بە شێوەیەکی زانستی باسی لەم مۆرفیمە/کە/ی کردووە، وەك مۆرفیمی گەیەنەری کات ، مەرج ...هتد.

(٢) مۆرفیمی /کە/ لەڕستە ناسادەکاندا سەرەڕای ئەرکی خۆی (دیارخەر،مەرج،...) ئەرکی لێکدانی ڕستەکانیش دەبینێت .

٧-/-کە/ ((ئاوەڵناوی نادیاری جیاکەرەوەیە ))، (ئەورەحمانی حاجی مارف:١٩٩١: ٦٩).

وەك: کەسێکی کە هات.

ئاوەڵناوی دیارخەری جیاکەرەوە

**١٢-/-ا/**

**أ- ئەرکی مۆرفۆلۆژیانە:** دەچێتە ســەر ڕەگی ڕانەبردووی کردار، ئاوەڵناو، ژمارە، فۆرمی داڕێژراو پێکدینێت، لەم ئاستەدا دوو ئەرك دەبینێت، کاتێك لەگەڵ ڕەکردار دێت و ئەرکی گۆڕینی بەشەئاخاوتن، ئەرکی داڕشتن دەبینێت، لەگەڵ ناو و ئاوەڵناو و ژمارەدا ئەرکی داڕشتن دەبینێت.

١- ناو+/-ا/= ناوی داڕێژراو /کارا، شارا، تارا، باڵا،.../

٢- ڕەگی ڕانەبردوو+/-ا/= ئاوەڵناوی داڕێژراو /زانا،.../

٣- ئاوەڵناو+/-ا/= ناوی داڕێژراو /گەرما، ڕۆشنا،.../

٤- ژمارە+/-ا/= ژمارەی داڕێژراو /حەفتا، هەشتا،.../

**ب- ئەرکی سینتاکسی:**

١- ئەرکی سەرەکی ئەم مۆرفیمە، دیاری کردنی کاتە، لە چاوگە ئەلفییەکاندا مۆرفیمی کاتی ڕابردووە.

وەك: /کێڵا، برژا، سوتا/

٢- لە دۆخی نادیارییدا مۆرفیمی کاتی ڕابردووە (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ٢٠٠٠: ٣٢٩).

وەك: /کێڵرا، هێنرا، شێلرا/

**١٣-/-ش/**

**أ- ئەرکی مۆرفۆلۆژی:** (( لەڕووی مۆرفۆلۆجییەوە مۆرفیمی /ش/ یەکێکە لەو مۆرفیمانەی کە دەورێکی گرنگی هەیە لە زمانی کوردیدا بە شێوەیەکی بەربڵاو و ئاشکرا ڕۆژانە بەکاری دەهێنین.))، (ســاجیدە عەبدوڵلافەرهادی: ٢٠١٣: ٨٩ ). توێژەر لە درێژەی باســەکەیدا ئەوە دەخاتەڕوو کە ئەم مۆرفیمە دەچێتە سەر زۆربەی بەشەئاخاوتنەکان، بەڵام ئاماژە بەوە ناکات لە ڕووی مۆرفۆلۆجییەوە

ئایا ئەرکی دارشـــتن دەبینێت؟ یان ئەرکی گۆڕینی بەشـــەئاخاوتن دەبینێت. بە بۆچونی لێکۆڵەر دەچێتە ســەر هەندێك لە بەشـەئاخاوتنەکان هەم فۆڕمی داڕێژراو دروسـت دەکات، هەم ئەرکی گۆڕینی بەشەئاخاوتن دەبینێت، لە ئێستای زمانەکەدا و لەئاستی مۆڕفۆلۆژیدا زۆرچالاك نییە .

١- ناو+/-ش/= ناوی داڕێژراو /وەرزش، پۆزش/

٢- ڕەگـــی ڕانـــەبـــردوو کـــردار+/-ش/= نـــــاوی داڕێـــژراو / ســـازش، ((بـــەخـــشـــش، کۆشش ))/ (ڕەفیق شوانی: ٢٠١١: ٨٣).

**ب - ئەرکی سینتاکسی:**

مۆرفیمی /-ش/ ئەرکی ئەم مۆڕفیمە زیاتر لە ئاستی سینتاکسدا دەردەکەوێت. (( لە ئاستی سینتاکسدا دەورێکی سەرەکی دەگێڕێ. هەرچەندە ئەم مۆڕفیمە ئەرکی سەرەکی خۆی بەستنە، بـــەڵام بێجگە لەو ئەرکە دەتوانێت لە ناوڕستەدا بە پێی چۆنیەتی بەکارهێنان و مەبەست لـــە بــــەکـــارهـــێـنـانـــی چـــەند ئـــەرکێـکی تریــش ببـینێـت. بـەرانـبـەرکـردن، هەروەهـا، هـەمـیـشـــە...))، (ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی:٢٠١٣: ٩٢، ٩٣).

وەك: خانووەکە جوانیشە.

وەك: بخوێنن و بشنووسن .

وەك: چووشم لەگەڵمدا نەهات.

زمانەوان (ساجیدەعەبدوڵڵافەرهادی) زۆر بەوردی لە ئەرکی ئەم مۆڕفیمە دواوە، فرەئەرکی ئەم مۆڕفیمەی لەڕووی سینتاکسییەوە، دەرخستووە. (ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی: ٢٠١٣: ٩٢-٩٧).

**١٤- /-دە/**

**أ- ئەرکی مۆڕفۆلۆژی:** دەچێتە ســـەرناو، ئاوەڵناو، ڕەگی کردار، فۆڕمی جیاواز پێکدەهێنێت، ئەرکی گۆڕینی بەشەئاخاوتن دەبینێت:

١- ئاوەڵناو+/-دە/= ناوی داڕێژراو ((مەزندە))، (ڕۆژان نوری عبدالله: ٢٠٠٧: ٤٧).

٢- ڕەگی ڕانەبردوو+/-دە/= ئاوەڵناوی داڕێژراو /گەندە/

٣- ڕەگـــی ڕانـــەبـــردووی کـــــــردار+/-دە/= ئـــــاوەڵــــــنـــــاوی داڕێـــــــــژراو (( دیــــــدە)) ( ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٩: ١٣٢).

**ب- ئەرکی سینتاکسی:**

١- بنکەی بەندی مۆرفیمی ڕەگی ڕانەبردووی /دان/ ە .

وەك: ڕێگەدەدەن ، کارەکەبکەیت

م.کاتی ڕانەبردوو — م. ڕەگی ڕانەبردوو

٢- مۆرفیمی کاتی ڕانەبردووی کردارە . دەچم . دەوەرێنم .

٣- مۆرفیمی کاتی ڕابردووی بەردەوامە. دەهات . دەڕۆیشت.

٤- هەندێکجار وەك مۆرفیمی جەختکردن بەکاردێت ئەمەش بە پێی دەوروبەر دەگۆڕێت، لە ڕســتەدا دەچێتە ســەر جێناو، کردار، ناو... لە لایەکی تریشـــەوە لەلایەن هەندێك لە زمانەوانەکانەوە بە پارتیکەڵ دادەنرێت، زاراوەی (کرداری یارمەتیدەری) بۆ بەکاردێت، وای دەبینن کە تەنها دەچێتە سەر (کردار، چاوگ)، بەڵام لە ڕاستیدا دەچێتە سەر بەشەئاخاوتنی تریش .

وەك: دەتۆش وانەکە بنووسە.

م. جەخت کردن

وەك: دەبڕۆ

م.جەخت کردن

**١٥-/ات-/**

**أ- ئەرکی مۆرفۆلۆژی:** ئەرکی داڕشـــتن دەبینێت، لەگەڵ ئەو وشـــە بێگانانەی هاتوونەتە ناو زمانی کوردی .

١- وشەی بێگانە+/ات-/= وشەی داڕێژراو /ڕەسمیات، جدیات/

**ب- ئەركی سینتاكسی:**

١- مورفیمی كۆكردنەوەیە، ئەم مۆرفیمە ئەركی كۆكردنەوەی هەندێك ناو دەبینێت.

وەك: ناو+/-ات/= ناوی كۆ /ماڵات، باخات/

٢- مۆرفیمی جێناوی لكاوی كەسی سێیەمی تاكە لەگەڵ كاری ڕانەبردوو دەردەكەوێت.

وەك: /دەڕوات، دەشوات، دەخوات/

**١٦- /-ەوات، وات/**

١- شێوەیەكی مۆرفیمی كۆیە دەچێتە ناولەتاكەوە دەیكات بەكۆ.

وەك: ناو+/-ەوات،وات/= ناوی كۆ /سەوزەوات، ئاغاوات، شوشەوات/

٢- ئەم مۆرفیمە/-ەوات/ ((ئاوەڵناویش دروستدەكات وەك:پۆخلەوات))، (ڕەفیق شوانی:٢١:٢٠١١).

**١٧-/-گە/**

**أ- ئەركی مۆرفۆلۆژی:** ئەم مۆرفیمە لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا دەچیتە سەر ناو، چاوگ، ڕەگی كردار، ئاوەڵكردار ئەركی داڕشتن، ئەركی گۆڕینی بەشەئاخاوتن دەبینێت، ناوی شوێن پێكدەهێنێت.

١- ناو+/-گە/= ناوی داڕێژراوی شوێن /مۆڵگە، چۆڵگە، كۆمەڵگە، بازگە، سەربازگە،.../

٢- چاوگ+/-گە/= ناوی داڕێژراوی شوێن/خواردنگە، نووسینگە، خوێندنگە، نیشینگە/

٣- ڕەگی ڕانەبردووی كردار+/-گە/= ناوی داڕێژراوی شوێن /پرسگە، فڕگە/ هەندێكجاریش هەمان یاسا زاراوەی ڕێزمانی پێكدێنێت /بڕگە/ ئەم وشەیەش لە ئاستی واتادا فرەئەركە، وەك زاراوەی ڕێزمانی بەكاردێت، لە بواری كشتوكاڵیدا بەكاردێت.

٤- ئاوەڵكردار+/-گە/= ناوی داڕێژراوی شوێن /سەرگە/ سەرەتای دەسپێكردنی پارچە زەویەكی دیاری كراو، وشەی/بەرگە/ كە بە هەمان یاسا دروست بووە، بەمەبەستی /خۆڕاگری/ دێت.

**ب - ئەركی سینتاكسی:**

ئەم مۆرفیمە بنكەی بەندی ڕەگی ڕانەبردووی /گەیشـتن/ لە ئاسـتی سـینتاكسـدا، ئەركی پێكهێنانی كرداری ڕانەبردوو، داخوازی دەبینێت.

وەك: كرداری ڕانەبردوو دەگەن

م. ڕەگی ڕانەبردوو

وەك: كرداری داخوازی بگەن

م. ڕەگی ڕانەبردوو

**١٨-/-ەوە/**

بە یەكێك لە مۆرفیمە چالاك و فرەئەركەكان دادەنرێت، كۆمەڵێك ئەركی جیاواز دەبینێت، مۆرفیمی سەرەكی كردارە، لەگەڵ بەشەكانی تری ئاخاوتنیش دەردەكەوێت.

**أ- ئەركی ئەم مۆرفیمە:**

١- لەگەڵ هەندێك كرداردا بە بەردەوامی دەردەكەوێت، دەبێتە بەشێكی سەرەكی كردارەكە، بەبێ بوونی ئەم مۆرفیمە/-ەوە/ كردارەكە بوونێكی بێ بەكار هێنانی هەیە .

وەك: /دۆزینەوە، ڕشانەوە، حەسانەوە ، خولانەوە، بریسكانەوە /

٢- لەگەڵ هەموو چاوگەكاندا ئەركی داڕشتن دەبینێت .

وەك: چاوگ+/-ەوە/= چاوگی داڕێژراو/خوێندنەوە، شوشتنەوە/

٣- ئەركێی تری ئەوەیە واتای دووبارەبوونەوە دەگەیەنێت .

وەك: /كردنەوە، بردنەوە، هێنانەوە /

٤- ئەركی داڕشتنی ئاوەڵكردار دەبینێت.

وەك: /سەرەوە، ژێرەوە، خوارەوە/ (شێركۆ بابان: ٢٠٠١: ١٢)

٥- لەگەڵ پێشـــبەندە ســـادەکاندا(بە، لە، بۆ، تا، ە ) دێت و دەیانکات بە پێشـــبەندی ناســـادەی شـــوێن. (بە...ەوە، لە...ەوە، بۆ...ەوە، تا...ەوە، ە...ەوە) ئەرکی ئەم پێشبەندانەش لە ڕستەدا و لە بەکارهێنانیاندا دەردەکەوێت (شێرکۆ بابان: ٢٠٠١: ١١).

وەك: گەڵاکە بە درەختەکەوە بوو.

وەك: لە ئاسمانەوە کەوتەخوارەوە .

وەك: بۆماڵەوە ڕۆیشت .

وەك: تا ماڵەوە دەچم .

وەك: دەچێتە ناو ئاوەکەوە .

**ئەرکی سینتاکسی:**

١- ئەرکی گۆڕینی واتای وشە دەبینێت .

وەك: /خواردنەوە/

٢- ئەرکێکی تری لە ڕووی واتاییەوە، برتییە لەگەڕانەوە بۆشوێنی دەستپێکردن .

وەك: /هاتنەوە، سوڕانەوە /

**ب- تایبەتییەکانی مۆڕفیمی/-ەوە/**

١- یەکێ لە تـایبەتییە ســـەرەکییەکـانی ئەم مۆڕفیمە ئەوەیە کـاتێـك لەگەڵ کرداردا دێـت ڕێگە بە مۆڕفیمەکانی تر دەدات لە پێشیەوە بێن.

وەك: چاند/+/-م/+/-ن/+/-ەوە/= چاندمنەوە

٢- کاتێك لەگەڵ کردار دێت، لە دوای خۆی ڕێگە بە هیچ مۆڕفیمێکی تر نادات بچێتە سەری واتە دوای خۆی دادەخات .

وەك: نووسیباتانەوە .

٣- لەگەڵ هەر وشەیەکدا بیت هەمیشە وشەکە دەکات بە داڕێژراو.

## ١٩-/-اندن/

١- ئەركی سەرەكی تێپەڕاندنە، دەچێتە سەركرداری تێنەپەڕ دەیكات بە تێپەڕ.

وەك: كرداری تێنەپەڕ+/-اندن/= كرداری تێپەڕ /خزاندن، سوتاندن، برژاندن/

٢- دەچێتە سەرناوی دەنگە سروشتیەكان ودەیانكات بە كرداری تێنپەڕ.

وەك: ناوی دەنگی سروشتی+/-اندن/= كرداری تێنەپەڕ /قیژاندن، گرماندن، زیراندن/

٣- ئەم مۆرفیمە /-اندن/ چاوگی لێكدراو دەكات بە چاوگی داڕێژراو.

وەك: نەخش كردن ←—— نەخشاندن (نەسرین فەخری : ١٩٧٥: ٢٢٨) .

٤- دەچێتە سەرچاوگ، كرداری تێپەڕ لەزمانی عەرەبی وەرگیراو و بە تێپەڕی دەیان هێڵێتەوە.

وەك: شبە ←——— شوبهاندن (نەسرین فەخری : ١٩٧٥: ٢٢٣).

٥- ئەركی داڕشتن دەبینێت، كاتێك دەچێتە سەر ناوی دەنگەسروشتییەكان.

وەك: ناوی دەنگی سروشتی +/-اندن/= چاوگی تێنەپەڕی داڕێژراو / باڕاندن، میاواندن/

٦- دەچێتەسەر هەندێك كرداری تێپەڕ وەك / ناساندن ، كوتاندن/ دەیانكات بەداڕێژراو.

## ٢٠-/-تر/

١- مۆرفیمی سەرەكی جیاكردنەوەی ئاوەڵناوە لە بەشەئاخاوتنەكانی تر بۆ بەراورد كردن بەكاردێت، مۆرفیمی پلەی بەراوردە. ئەم مۆرفیمە دەچیتە سەر، ئاوەڵناو، ناو، ئاوەڵكردار، ((جێناوی خۆیی (خۆ) و جێناوی چەندێتی (چەند) و جێناوی نەفی (هیچ) ...یش دەتوانن ئەم نیشانەیە وەربگرن))، (ئەورەحمانی حاجی مارف:١٩٩١: ١١٣) .

وەك: ئاوەڵناو+/-تر/= ئاوەڵناوی پلەی بەراورد / پاكتر، جوانتر، ژیرتر/

وەك: ناو+/-تر/= ئاوەڵناوی پلەی بەراورد /پیاوتر، كەرتر، ژنتر/

وەك: ئاوەڵكردار+/-تر/= ئاوەڵناوی پلەی بەراورد /پێشتر، دواتر، سەرتر/

٢- /تر/ ئاوەڵناوی نادیاری جیاکەرەوەیە لە دۆخی خستنەسەردا دەبینرێت، دەوری دیارخەر دەبینێت، بە دوای دیارخراودا دێت.

وەك: جارێکی تر، ڕۆژێکی تر، گوڵێکی تر/ (ئەورەحمانی حاجی مارف:١٩٩١: ٦٩ ).

٣- هەندێکجار ئەم مۆرفیمە لەگەڵ ئەو وشە بیانیانەدا دەردەکەوێت کە هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە، بەوەرگرتنی ئەم مۆرفیمە دەبن بە ئاوەڵناوی پلەی بەراورد.

وەك: /خێرتر، قایمتر، بەلەزەتتر/

**٢٠-/-ترین/**

مۆرفیمی سەرەکی ئاوەڵناوی پلەی باڵایە، لەگەڵ ئاوەڵناودا دێت، هەندێکجاریش لەگەڵ ناو، ئاوەڵکردار دەردەکەوێت، پلەی باڵای ئەو وشەیە دەردەخات، کە دەچێتە سەری.

وەك: ئاوەڵناو+/-ترین/= ئاوەڵناوی پلەی باڵا /باشترین، ئازاترین، نازدارترین/

وەك: ناو+/-ترین/= ئاوەڵناوی پلەی باڵا /منداڵترین، کەرترین،.../ هەندێکجار ئەم مۆرفیمە لەگەڵ ئەو وشـــەبیانیانەدا دەردەکەوێت کە هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە، بە وەرگرتنی ئەم مۆرفیمە دەبن بە ئاوەڵناوی پلەی باڵا.

وەك: وشەی بێگانە+/-ترین/= ئاوەڵناوی پلەی باڵا /خێرترین، قایمترین،موسەقەفترین ،.../

**٢١-/-وا/**

**أ- ئەرکی مۆرفۆلۆژجییانە:** ئەم مۆرفیمە لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا لەگەڵ هەندێك ناودا ناوی داڕێژراو پێکدێنێت.

وەك: ناو+/-وا/= ناوی داڕێژراو /سەروا /

**ب- ئەركی سینتاكسی:** ئەم مۆرفیمە لــەڕستەدا وەك ئــاوەڵــنـــاو، ئـــــاوەڵكردار دەردەكەوێت، لــەڕستەدا ئـــــەرك دەبـــــینـــێــت.((ئـــــــــــاوەڵـــــنـــــاوی نـــــادیـــــاری دیــاری كــردن، ئـــــاوەڵــكــردار))، (ئەورەحمانی حاجی مارف:١٩٩١: ٧٤-٧٦).

وەك: گوڵێكی وا كە شایەنی تۆبێت .

ئاوەڵناوی نادیاری دیاری كردن ، دیارخەر

وەك: وا دەڕۆم .

ئاوەڵكرداری كاتی ،تەواوكەری كردار

## ٢٢-/-وە/

١- لەگەڵ ئاوەڵناودا ئەركی پێكهێنانی ناو دەبینیت.

وەك: ئاوەڵناو+/-وە/= ناوی داڕێژراو / شڵێوە/ ، (شل) ئاوەڵناوە، كاتێك پاشگری /-وە/ وەرگرتووە، ناوێكی پێكهێناوە، كە لە واتای بنجی وشەكەوە نزیكە.

٢- ئەركی گۆڕینی بەشەئاخاوتنی ئاوەڵناو بۆ ناو دەبینێت.

وەك: /شڵێوە/

٣- لەگەڵ پێشگری سادەی /پێ-، تێ، لێ ) پێشگری نسادە پێكدەهێنێت .

وەك: پێشگری سادە+/-وە/= پێشگری ناسادە / پێوە، تێوە، لێوە /

٤- لە هەندێك ناوچەی قسەپێكەرانی كرمانجی ناوەڕاست ئەم مۆرفیمە لەگەڵ هەندێك كرداردا شوێنی مۆرفیمی پێشگری /ب-/ كرداری داخوازی دەگریت.

وەك: بگەڕێوە = وەگەڕێوە، بدە = وەدە ، بیكوژێنەوە = وەیكوژێنەوە

٥- وەكو پێشگر ئەركی پێكهێنانی كرداری داڕێژراو دەبینێت.

وەك: /وە-/+چاوگ= چاوگی داڕێژراو ((وەكردن))، (عەلی ڕوخزادی: ١٣٨٩: ١١٤).

## ٢-٦/٢) فرەئەرکی مۆرفیمی پێشگر:

کۆمەڵێك مۆرفیمی پێشگرهەن لە هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆجی، سینتاکسدا ئەرك دەبینن، کە بریتین لە:
/-نە، -نا، -ب، -دا، -ڕۆ، -وەر،... /

**١-/نە-/**

**أ- ئەرکی مۆڕفۆلۆجیانە:** /نە-/ وەك مۆڕفیمێکی وشـەدارێژدەچێتە سـەر(ناو، ئاوەڵناو، کردار) ئەرکی دارشتن وگۆڕینی بەشەئاخاوتن دەبینێت، هەندێکجاریش نەرێ ودژواتایی دروست دەکات.

١- /نە-/+ناو= ئاوەڵناوی دارێژراو /نەدار/

٢- /نە-/+ئاوەڵناو= ئاوەڵناوی دارێژراو /نەخۆش، نەساخ/

٣- /-نە/+ڕەگی کردار= ئاوەڵناوی دارێژراو /نەزان، نەبەز/

**ب- ئەرکی سینتاکسی:** مۆڕفیمی نەرێکردنە لە ڕووی کاتەوە لەگەڵ کرداری ڕابردوو دێت.

وەك: /نەهات، نەدەڕۆیشت، بانگی نەکردبوو/

**پ- تایبەتیەکانی ئەم مۆڕفیمە/نە-/ لەئاستی سینتاکسدا:**

١ - لەگەڵ کاری ڕابردوو بەکاردێت بە هەموو جۆرەکانییەوە.(نزیك، تەواو، بەردەوام، دوور،...)

٢- دۆخی کردارەکە دەگۆڕێت و دەیکات بە نەرێ . چوو × نەچوو

٣- لە کردارەناسادەکاندا دوای مۆڕفیمەکانی داڕشتن و لێکدان دەکەوێت .

وەك: دەرنەکەوت.

م .داڕشتن م . نەرێکردن

٤- پێش مۆڕفیمی ڕێزمانی کاتی بەردەوامی دەکەوێت .

وەك: نە دەخست.

**٢-/نا-/**

**أ- ئەركی مۆرفۆلۆژی:** دەچێتە سەر ناوی سادە، داڕێژراو، ئاوەڵناو، ئاوەڵكردار، فۆرمی داڕێژراو، لێكدراو پێكدێنێت.

١- /نا-/+ناو= ئاوەڵناوی داڕێژراو /ناڕەوا، ناتەندروست، نابەجێ/

٢- /نا-/+ئاوەڵناو= ئاوەڵناوی داڕێژراو /ناپاك، ناڕۆشنبیر، ناتێگەیشتوو/

٣- هەندێكجاریش لەگەڵ وشەی بێگانەدا ئاوەڵناوپێكدەهێنێت، /ناجائیز، نامەسئول /

٤- ئاوەڵكردار+/-نا-/+ئاوەڵكردار= ئاوەڵكرداری لێكدراو/پارناپێرار، ڕۆژناڕۆژێ/

**ب- ئەركی سینتاكسی:** لە ئاستی سینتاكسدا كۆمەڵێك ئەرك دەبینێت:

١- ڕەگی ڕابردووی كرداری ناوی/نان/ ⟵ /نا/ زۆربەی كات ئەم كردارە بە داڕێژراوی بەكاردێت.

وەك: /ڕۆنا، دانا، لێنا/

٢- مۆرفیمی نەرێیە ئەركی نەرێكردنی كاری ڕانەبردوو دەبینێت.

وەك: ناچێت

**٣-/ب-/**

**أ- ئەركی مۆرفۆلۆژی:** لەگەڵ ڕەگی كرداردا ئاوەڵناو دروست دەكات.

/ب-/+ڕەگی ڕانەبردوو= ئاوەڵناوی داڕێژراو /بوێر/ (ئەوڕەحمانی حاجی مارف:١٩٩١: ٨٥)

**ب- ئەركی سینتاكسی:**

١- مۆرفیمی ڕەگی ڕانەبردووی كرداری ناوی/بوون/ ⟵ /ب/ یە.

ئەم مۆرفیمەش خۆی لە خۆیدا چەند ئەركێك دەبینێت.

وەك: بناغەی كاری داخوازی بین

وەك: بناغەی كاری ڕانەبردوو دەبین

٢- مۆڕفیمی فەرماندانە .

وەك: بنووسن .

٣- مۆڕفیمی کاری ڕانەبردووی ڕاگەیاندنە.

وەك: بڕوات

٤- مۆڕفیمی کاری ڕابردووی تەواوی دانانیە.

وەك: کەوتبم

٥- مۆڕفیمی پێشگری کاری ڕابردووی بەردەوامی دانانیە.

وەك: بگرتایە

**٤- /دا-/**

**أ- ئەرکی مۆڕفۆلۆژی:** ئەم مۆڕفیمیە ئەرکی داڕشــتن دەبینێت، لەگەڵ کرداردا زۆرچالاکە هەندێکجار لەگەڵ بەشەئاخاوتنی تریش دێت، فۆرمی داڕێژراو پێکدێنێت.

١- /دا-/+چاوگ= چاوگی داڕێژراو /داهێنان، داخوران /

٢- /دا-/+ڕەگی ڕابردووی کردار= کرداری داڕێژراو /دابەزی، داکەوت /

٣- /دا-/+ڕەگی ڕابردووی کردار+/-ی/= ناوی داڕێژراو /داخوازی/

٤- /دا-/+ڕەگـــــی ڕابــــــــردووی کـــــــردار+/-ە/= نـــــــاوی داڕێـــــــژراو ((دابــەســـتـــە))، (هــەژارمــوکــریــانــی: ١٣٦٨: ٢٧٤).

٥- /دا-/+ڕەگی ڕانەبردوو= ناوی داڕێژراو/دابەش، داهێن، دابین /

٦- /دا-/+ناو= ناوی داڕێژراو /دابان/

**ب- ئەركی سینتاكسی:**

١- ڕەگی چاوگی /دان/= / دا/ ئـەم مۆڕفیمی ڕەگی كرداره بنچینـەی پێكهێنـانی هـەمووجۆرەكـانی كرداری ڕابردووه .

| ك.ڕ. نزیك | ك ڕ. تەواو | ك.ڕ.بەردەوام | ك.ڕ.دوور | ك.ڕ.دانانی |
|---|---|---|---|---|
| دا | داوه | دەدا | دابوو | دابێت |

**٥-/ڕۆ-/**

**أ- ئـەركی مۆڕفۆلۆژییانە**: ئـەم مۆڕفیمیە لـەگـەڵ بـەشــــەئـاخـاوتنی كرداردا كرداری داڕێژراو، نـاوی داڕێژراو پێكدێنێت.

١- /ڕۆ-/+ڕەگی ڕابردووی كردار= كرداری داڕێژراو /ڕۆنا، ڕۆكرد/

٢- هـەندێكجـاریش ئـەم مۆڕفیمـە وەك ڕەگی ڕانەبردووی كردار دەردەكەوێت، ئەركی پێكهاتنی ناوی لێكدراو دەبینێت .

وەك: ناو+/-ە/+/-ڕۆ/ڕەگی ڕانەبردوو= ناوی لێكدراو /ئاوەڕۆ، دەستەڕۆ/

**ب- ئەركی سینتاكسی:**

١- ڕەگی ڕانەبردووی/ڕۆیشتن/ە. ڕۆیشتن ←—— ڕۆ ئەم مۆڕفیمەش بنچینەی دروستكردنی كرداری ڕانەبردوو، داخوازیە. دەڕۆن، بڕۆن .

**٦-/-وەر/**

**أ- ئەركی مۆڕفۆلۆژی:** ئەم مۆڕفیمه وەك پێشـــگر زۆربەی كات لەگەڵ بەشـــەئاخاوتنی كردار دێت ، ئەركی داڕشتنی كردار دەبینێت، وەك مۆڕفیمی پاشگریش لەگەڵ ناودێت، ئەركی داڕشتنی ناو دەبینێت، وەك ڕەگی كرداریش ئەركی پێكهێنانی ناوی لێكدراو دەبینێت.

١- /وەر-/+چاوگی داڕێژراو= چاوگی داڕێژراو /وەرگرتن، وەرچەرخان/

٢- ناو+/وەر/= ناوی داڕێژراو /سەروەر/

٣- ناو+ڕەگی ڕانەبردوو/وەر/= ناوی لێکدراو ((خەزەڵ وەر)) (هەژارموکریانی: ١٣٦٨: ٢٦٤).

**ب- ئەرکی سینتاکسی:** ئەم مۆرفیمە /وەر/ ڕەگی ڕانەبردووی /وەرین/ە. ئەم مۆرفیمی ڕەگە لە ئاستی سینتاکسدا ئەرکی پێکهێنانی کرداری ڕانەبردوو، داخوازی دەبینێت .

وەك: کرداری ڕانەبردوو دەوەرێت

ڕەگی ڕانەبردوو

وەك: کرداری داخوازی بوەرن

ڕەگی ڕانەبردوو

٢- ئەم مۆرفیمە لەگەڵ مۆرفیمی جێناوی لکاوی (ە، ن) ئەرکی پێکهێنانی کرداری داخوازی دەبینێت.

وەك: /وەر/+/-ە/ ⟵ وەرە، /وەر/+/-ن/ ⟵ /وەرن/، بە یەكێك لە کردارە (شازەکان)، لە یاسا دەرچووەکان دادەنرێت.

## ٧/٢) پێشبەندەکان:

پێشبەندەکان کۆمەڵك مۆرفیمن کە بە وشـەی ئەرکی ناسراون بەتەنیا واتایان نییە، بەڵام ئەرکیان هەیە. مۆرفیمە ئەرکییەکان هەروەك مۆرفیمە وشـەداڕێژەکان، سـەرەڕایی ئەرکە سـینتاکسـییەکەی خۆیان دەتوانن ئەرکی داڕشتنی وشەکانیش ببینن.

## ٧/٢-١) فرەئەرکی پێشبەندەکان:

هەندێك لە زمانەوانان پێشبەندەکان تەنها لە ئەرکە سینتاکسیەکاندا دەبیننەوە، هەندێکی تریشیان پێیان وایە فرە ئەرکن و لە ئاستە جیاوازەکانی زماندا ئەرکی جۆراوجۆر دەبینن.

(( ئەو مۆڕفیمەیە کە بە پێش وشـەوە دەلکێ و ڕواڵەت و ناوەرۆکی وشـە دەگۆڕێ و دەوری ڕۆنانی وشـەدەبینێ))، (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ٢٠٠٤: ١٠٦). لەبەرئەوەی دەوری ڕۆنانی وشـە دەبین، بۆیە دەکرێت وەك مۆڕفیمی وشەداڕێژ سەیربکرێن.

(( کۆمەڵێك ئەرکی جیاجیا دەبینن لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا کە بە هۆیانەوە وشەی نوێ دێتەکایەوە، فەرهەنگی زمان دەوڵەمەند دەبێت))، (عومەرئەحمەدعەبدولڕەحمان:٢٠٠٩: ٣٣). ئەم مۆرفیمە پێشبەندانە لەگەڵ ئەوەی ئەرکی سەرەکیان لە ئاستی سینتاکسدایە، لە ئاستی مۆرفۆلۆجیشدا وشەی نوێ دێننەکایەوە، ئەرکی زەنگین کردنی فەرهەنگی زمان دەبینن.

**١ -/- لە/**

**أ- ئەرکی مۆڕفۆلۆجیانە:** /-لە/ لەگەڵ بەشەئاخاوتنەکان فۆڕمی داڕێژراو، لێکدراو پێکدەهێنێت:

١- ناوی گشتی+ /-لە/= ناوی داڕێژراوی بچوککراو /مێرووله، براله، دەرزیله/ ئەو مۆڕفیمە ناوی تایبەت بچوك دەکاتەوە، هەندێك لە فۆنیمەکانی پێش خۆی لادەبات وەك لەم ناوانە بەدی دەکرێت /ساڵح، نادر، برایم، خدر، زولەیخا.../

٢- ناوی تایبەتی+/-لە/= ناوی بچوککراو /ساله، ناله، بله، خله، زوله/ ئەم مۆڕفیمە زیاترلەگەڵ ناوی ڕەگەزی نێرینەداچالاکە، هەروەک چۆن/-ە/ لەگەڵ ناوی ڕەگەزی مێ چالاکە .

٣- ناو+/-لە/= ناوی داڕێژراو((خەپله، تەپله))، (بەکرعومەرعەلی،هیدایەت عبدالله:٢٠٠٩: ٤٠٤)

مەرج نییەهەمووکات ئەم مۆڕفیمە ناوبچووك بکاتەوە لەم نمونانەدا /خەپله،تەپله/ ئەرکی داڕشتنی ناوی بینیوە، هەندێکجار لەگەڵ وشەی بێگانەدا ناوی بچووککراوەپێکدەهێنێت.

٤- ناوی بێگانە+/-لە/= ناوی بچووککراو /حاجیله/

٥- ئاوەڵناو+/-لە/= ئاوەڵناوی داڕێژراو /سپیله/ تاڕادەیەك بەکارهێنانی کەمە.

٦- /لە-/+ناو= ئاوەڵناوی داڕێژراو((لەبار))، (بەکرعومەرعەلی،هیدایەت عبدالله :٢٠٠٩: ٤٠٤)

٧- /لە-/+ڕەگی ڕانەبردووی کردار= ئاوەڵناوی داڕێژراو /لەکوڵ، لەجۆش/

٨- ناو+/-لە-/ناو= ئاوەڵناوی لێکدراو /چاولەدەر، قسەلەڕوو، گوێ لەمست، دەنگ لەدەر/

٩- ئەرکی دروست کردنی کرداری لێکدراودەبینێت.

وەك: /لەناوبرد، لەدەست چوو/

**ب- ئەرکی سینتاکسی:** بە یەکێك لە پێشبەندە چالاکەکان دادەنرێت، لەگەڵ زۆربەی بەشەئاخاوتنەکان دێت، لە ئاستی سینتاکیدا بە یارمەتی ئامرازەپەیوەندیەکان کە ڕاستەوخۆ دەچنە سەرناوێك، یان ئاوەڵکار، یان ئەوانەی جێی ناو دەگرنەوە، ئاوەڵناو، چاوگ، ڕاناوەکان دەتوانرێت گرێی بەند پێکبێت (ئاواز حەمە صدیق: ١٩٩٦: ٤٣).(( ئەو کەرەستە، یان بەشەئاخاوتنەی کە دوای پێشبەند (سەرە) دەکەوێت لە فرێزی بەند دا پێی دەوترێت تەواوکەری فرێزی بەند))، (عومەرئەحمەد عەبدولڕەحمان:٢٠٠٩: ٤٣). پێشبەندەکان بریتین لە سەرەی فرێزەبەندەکان، بوونی تەواوکەر لە فرێزی بەند دا پێویستیەکی بە خورتەکی یە.

وەك: هەڵم لەئاو پێکهاتووە .

وەك: گۆڤارەکەم لەئێوە وەرگرت.

وەك: کتێبەکە لەژێرمێزەکە بوو .

**پ- تایبەتییەکانی/لە-/ ئەرکی سینتاکسی:**

١- لە ڕیزی وشەی ئەرکیدا پۆل دەکرێت .

٢- تەنیا ئەرك دەبینێت، بە تەنیا واتا نابەخشێت.

٣- کاتێك لەبەردەم وشەکان دێت وشەکەی دوای خۆی دەکات بە تەواوکەر، فرێزی بەند پێکدەهێنێت.

٤- لە هەندێك باردا شێوەی خۆی دەگۆڕێت، ئەگەرناوەکەی، یان جێناوەکەی دوای ئەم مۆڕفیمە بە جێناوی لکاو جێگیرکرا ئەوا/لە/ دەگۆڕێت بۆ /لێ/ (وریا عومەر ئەمین:٢٠٠٩: ٤٢)

وەك: کتێبەکەم لەئێوە وەرگرت. کتێبەکەم لێ وەرگرتن . لێم وەرگرتن .

## ٢-/-بە/

**أ- ئەرکی مۆڕفۆلۆجی:** دەچێتە سەرناو، ئاوەڵناو، ژمارە، فۆڕمی داڕێژراو، لێکدراو، بەشەئاخاوتنی جیاواز پێکدێننت.

١-/بە-/+ناو= ناوی تایبەتی داڕێژراو /بەڕێز،((بەهەست)) (ڕۆژان نوری عبدالله:٢٠٠٧: ١١٧).

٢-/بە-/+ناو= ئاوەڵناوی دارِێژراو /بەتام، بەئابڕوو/

٣-/بە-/+ئاوەڵناو= ئاوەڵکرداری دارِێژراو / بەپەلە/

٤-/بە-/+ئاوەڵناو+/-یی/= ئاوەڵکرداری دارِێژراو /بەخێرایی، بەزوویی/

٥-/بە-/+ناوی واتایی = ئاوەڵکرداری دارِێژراو /بەجوانی، بەچاکی /

٦-/بە-/+ناو= ئاوەڵکرداری دارِێژراو ((بەگوڕ، بەتەنیا))، (ڕۆژان نوری عبدالله:٢٠٠٧: ١١٧).

٧-/بە-/+کرداری لێکدراو= کرداری لێکدراو /بەجێهێشت، بەخێرهات/

٨- ناو+/-بە-/+ناو= ناوی لێکدراو /کولێرەبەڕۆن، برنج بەشیر/

٩- ناو+/-بە-/+ناو= ئاوەڵناوی لێکدراو /گوڵ بەدەم، دەست بە سەر/

١٠- ناو+/-بە-/+ناو= ئاوەڵکرداری لێکدراو /سەربەسەر، ناوبەناو، دەست بەدەست/

١١- ژمارە+/-بە-/ژمارە= ئاوەڵکرداری لێکدراو /دووبەدوو، سفربەسفر، دەبەدە/

١٢- جێناو+/-بە-/جێناو/ = ئاوەڵکرداری لێکدراو /خۆبەخۆ، کەس بەکەس/

**ب- ئەرکی سینتاکسی:**

١- ئەرکی سەرەکی لە ئاستی سینتاکسدا پێکهێنانی فرێزی بەندە کە لە گەڵ زۆربەی بەشەئاخاوتنەکان دێت، بەیەکەوە فرێزی بەند پێکدەهێنێت:

وەك: ئەوان بەفڕۆکە گەشت دەکەن .

وەك: ئەو بەجوانترین شێوە وتارەکی خوێندەوە.

وەك: ((مردووبەشیوەن زیندوونابێتەوە))، (ئاواز حەمە صدیق:١٩٩٦: ٤٣).

وەك: کتێبەکەم بە ئەوان دا .

ئەم مۆڕفیمە /بە/ هەروەك مۆڕفیمی /لە/ لە بارێکدا کە تەواوکەرەکەی بە جێناوی لکاو دەربڕا ئەواشێوەی خۆی دەگۆڕێت بۆ /پێ/.

وەك: گۆڤارەکەم بەتۆ دا . پێم دایت.

**٣- /تا/**

زمانەوانان ڕۆڵ و گرنگی ئەم مۆرفیمەیان دەرخستووە، (ڕەفیق شوانی) لە ژێرناوی (دەوری ((تا)) لەزمانی کوردیدا) ئەرك و گرنگی ئەم مۆرفیمەی لەڕووی مۆرفۆلۆجی وەك وشـــەیەكی واتاداردەبێتە ناو،وەک ئامرازی پەیوەندی لەداڕشـتنی وشـەدا ،لەسـینتاكسـیشـدا ئامرازی پەیوەندی ڕسـتەی سـادە ،ئامرازی گەیەنەری ڕستەی ئاڵۆزە (ڕەفیق شوانی: ٢٠٠١: ١٤٩-١٥٥).

**أ- ئەركی مۆڕفۆلۆجی:**

١- /تـا/ نـاوە بۆجۆرێكی نـەخۆشـــی وەك بـەشـــەئاخـاوتنێك دەتوانێت، ببێتـە ئاوەڵناوێكی داڕێژراو، بە سەربەخۆیی وەك بەشەئاخاتنی ناو بە كاردێت.

وەك: ناوی/تا/+/-دار/= ئاوەڵناوی داڕێژراو /تادار/

وەك: نەخۆشەكە تایەكی زۆر گەرمی لێ بوو.

٢- ناو+/-تا-/+ناو= ناوی لێكدراو/سەرتاپا/

٣- ناو+/-تا-/+ناو= ئاوەڵكرداری لێكدراو /ڕۆژتاشەو، ڕۆژتائێوارە، شەوتابەیانی/

**ب- ئەركی سینتاكسی:**

١-/تا/ ئەركی ئامرازی پەیوەندی دەبینێت .

وەك: تا ناوباخەكە دەچین .

٢-/تا/ ئامرازی گەیەنەری ڕستەی ئاڵۆزە.

وەك: ((تادەڵێی بەرسیلەترێ پێدەگات))، (ڕەفیق شوانی:٢٠٠١: ١٥٥).

٣- /تا/ لە ڕستەی مەرجیدا وەك ئامرازی مەرج دەردەكەوێت.

وەك: تا ئێوە نەڕۆن، ئەوان كارەكە ناكەن .

**٤-/بێ/**

**أ- ئەرکی مۆرفۆلۆژجیانە:** ئەم مۆرفیمە لەگەڵ ناو، ڕەگی کرداردا، ئاوەڵکردار، ئاوەڵناوی داڕێژراو پێکدەهێنن.

١-/بێ-/+ناو= ئاوەڵکردا /بێگومان، بێچارە/ (ئەورەحمانی حاجی مارف:١٩٩٨: ١٥٥).

٢-/بێ-/+ناو= ئاوەڵناوی داڕێژراو /بێهۆش، بێناز، بێماڵ، بێهیوا/

٣-/بێ-/+ڕەگی ڕانەبردووی کردار= ئاوەڵناوی داڕێژراو /بێترس/

**ب- ئەرکی سینتاکسی:** لە ئاستی سینتاکسدا ئەرکی سەرەکی خۆی پێشبەندە، ئەو بەشەئاخاوتنەی کە لە دوایەوە دێت هەمووی بە یەکەوە دەبن بە فرێزی بەند.

١- ئەوان بێ تۆ گەشت ناکەن .

پێشبەند

٢- ئەو بێ پێگوتن کاری خۆی دەکات .

پێشبەند

**٥-/بۆ/**

**أ- ئەرکی مۆرفۆلۆجی:** ئەم مۆرفیمی پێشبەندە لە توانایدا هەیە، ئەرکی پێکهێنانی وشەی تازە ببینێت، بەڵام مەودای بەکارهێنانی کەمە.

**یەکەم:** بە بۆ چوونی زمانەوانانی کورد مەیدانی بەکارهێنانی ئەم مۆرفیمە تەنها لەگەڵ کردارە. ((پێشگری (بۆ) لەوشەی (بۆچوون) دا دوو واتای بۆ وشەکە دروستکردووە :-

بۆچوون:١- بەرەو کەسێك یان شتێك ڕۆیشتن .

٢- لێکدانەوەوگەیشتنە ئەنجام لەسەر مەسەلەیەك))، (ڕۆژان نووری عبدالله : ٢٠٠٧: ١٢٠ ).

**دووەم:** دەتوانێت لەگەڵ کرداردا، ناوی داڕێژراو پێکبهێنێت.

وەك: /بۆ/+ کردای ڕابردووی تەواو= ناوی داڕێژراو /بۆماوە/

**ب - ئەركی سینتاكسی:** ئەركی سەرەكی ئەم مۆرفیمە پێشبەندە، لەگەڵ زۆربەی بەشە ئاخاوتنەكاندا دەردەكەوێت، فرێزی بەند پێكدەهێنێت.

وەك: ژیان چووبۆسلێمانی .

وەك: نامەكەی بۆئێوە نارد.

وەك: بۆسەركەوتن هەوڵدەدەین .

## ٢-٧/٢) تایبەتمەندیی پێشبەندەكان:

١- بەشی زۆری پێشبەندەكان لە هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆژی و سینتاكسدا كاردەكەن .

٢- بەشێوەی سەربەخۆ بەكارنایەن.

٣- بەتەنیا واتایان نییە .

٤- ئەركیان هەیە، لە ئاستی وشەسازیدا وشەی نوێ پێكدەهێنن، بەشە ئاخاوتن دەگۆڕن، لەئاستی سینتاكسدا فرێزی بەند پێكدەهێنن .

٥- ئەو فرێزەی لە دوایانەوە دێت، ئەركی بەركاری ناڕاستەوخۆ دەبینێت.

٦- بەشێكی پێشبەندەكان ناسادەن، بەشێكیان سادەن.

٧- پێشبەندە ناسادەكان كاتێك فرێزی بەند پێكدەهێنن، وشەكە دەكەوێتە نێوان هەر دوو بەشی پێشبەندەكە .

وەك: ئاری بەكەركوكدا ڕۆیشت.

## ٨/٢) فرەئەركی مۆرفیمی هاوبەش:

مۆرفیمی هاوبەش بەو مۆرفیمانە دەوترێت، كە جارێك وەك مۆرفیمی سەربەخۆ دەردەكەون، جارێك وەك مۆرفیمی بەند خۆیان دەنوێنن، بەشداری لە پێكهێنانی پێكهاتەكانی تردا دەكەن. ئەم جۆرە مۆرفیمانە لە هەندێك لە بەشەكانی ئاخاوتندا بەدی دەكرێت .

### ٨/٢-١) ناو:

ئەم ناوانە جارێك بەسەربەخۆیی لە فەرهەنگ، جارێك وەك مۆرفیمێكی بەند لە پێكهاتەكاندا ئەرك دبینن. /یار، خانە، گا، كەر، كار، دار، ساز، گەڵ / مۆرفیمی سەربەخۆن ئەركی ناوی سادە و ناسادە دەبینن، لە شوێنی تردا دەبن بە مۆرفیمی بەندی وشە دارێژ و ئەركی پێكهێنانی وشەی داڕێژراو، لێكدراو دەبینن.

**یەكەم/ لەئەركی ناودا:** /یاران، خانەخوێ، گابەڵەك، كەرێتی، كاردانەوە، داردەست، سازگار، گەلان.../

**دووەم/ لەئەركی پاشگردا:** /فرۆشیار، كڕیار، چاپخانە، كتێبخانە، خوێندنگا، فرۆشگا، نانكەر، كارەكەر، خوێندكار، كرێكار، دووكاندار، ئەمیندار، ساماندار، تەنكەساز، زاراوەساز كوڕگەل.../

### ٨/٢-٢) ئاوەڵناو:

ئاوەڵناوی / مەند، (كەل–كەلە)، كە.../ (كەل،كەلە) بە واتای (خواری،قوپاو) دێت، بوار بەكارهێنانی كەمە، ئەمانە جۆرێكی ئاوەڵناون، وەك مۆرفیمی بەندی وشەداڕێژ ئەرك دەبینن.

**یەكەم/ لەئەركی ئاوەڵناودا:**

وەك: لەئاوی مەند بترسە.

وەك: دیوارەكە لایەكی كەل بوو.

وەك: كچێكی كە هات .

**دووەم/ لە ئەرکی مۆرفیمی وشەدارێژدا:** /سودمەند، هونەرمەند، سپیکەلە، بنکە، ڕەشکە، .../

### ٢/٨-٣) چاوگ:

چاوگی /دان، مان/ جۆرێکی چاوگی ئەلفین و کاتێك لەگەڵ ناودا دێن، وەك پاشـــگر ئەرکی مۆرفیمی بەندی وشەدارێژ، مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی دەبینن.

**یەکەم/ لە ئەرکی چاوگدا** /لێدان، پێدان، ڕامان، دامان، .../

**دووەم/ لە ئەرکی مۆرفیمی وشەدارێژدا** /شەکردان، ئاگردان، نیشتمان،.../

**سێیەم/ لە ئەرکی مۆرفیمی وشەگۆڕدا** /بردمان، دەماننناسی،.../

### ٢/٨-٤) ئاوەڵکردار:

ئاوەڵکرداریە شوێنیەکانی (سەر، لا، پێش، پاش، دوا... ) مۆرفیمی سەربەخۆن لە ئێستای زمانی کوردیدا هەندێك لە لێکۆڵەرەوەکان وەك مۆرفیمی پێشگرسەیریان دەکە (ڕۆژان نوری عبدالله) بۆچوونی وایە ((ئەم مۆرفیمانە بەر لە هەمووشـــتێك وشـــەی واتادارن، بەڵام دەتوانن وەك پێشـــگریش خۆیان بنوێنن))، (ڕۆژان نوری عبدالله : ٢٠٠٧: ١٢٠).
لێـــــــــکۆڵەر لە لێکۆڵینەوەکەیدا چەندان نمونەی ئاوەڵکردار وەك پێشـگری وشـەدارێژ دەهێنێتەوە . ((لاســـەنـــگ، دەرکـــــەوتـــن، ســـەربـــەخـــۆ، ژێــــرکـــــەوتـــن، بـنـبـــڕ، دواکـــەوتـن، پێــشــکـــار))، (هەمان سەرچاوەی پێشوو: ١٢٢،١٢١).

هـاتن و ئەرك بینینی مۆرفیمەکـان بەم شـــێوەیە بوونی ئەو بۆچوونە بەهێز دەکـات کە هەنـدێـك لە زمانەوانەکان پێیان وایە هەموومەرفیمێکی بەندی لێکسیکی و سینتاکسی لە بنەڕەتدا مۆرفیمی سەربەخۆ بوونە، بە تێپەڕبوونی کات بوونە بە مۆرفیمی بەند. ((زمانی کوردی زمانێکی زیندووە دەســـتووری زمانەوانی تایبەت بەخۆی هەیە، بەوێنە لە زمانی کوردیدا دیاریدەی گوێزانەوەی وشـــە لە بەشـــێکی ئاخاوتنەوە بۆ بەشێکی دیکەی ئاخاوتن، یان بوونی وشە بە ئافیکس و ئینتەرفێکس زۆر کاریگەرە ))، (ئەوڕەحمانی حاجی مارف:١٩٨٢: ٦٠-٦١). بەردەوامیی و گەشە و گۆڕان لەزماندا وادەکات دیاردەی گواستنەوە و پەڕینەوەی وشە لە بەشێکی ئاخاوتن بۆبەشێکی ترئاسایی بێت.

# بـــەشی سێیـەم

## فــرەئـــــەرکــی فــرێــز و ڕســتــەکــان

# فرەئەركی فرێز و ڕستەكان

**سەرەتا** :

سـینتاكس ئاسـتێكی گرنگی زمانە، ئەگەر لە ئاسـتەكانی تری زماندا كەلێنمان هەبێت ونەتوانین پڕیبكەینەوە ئەوا لە ئاستی سینتاكسدا دەتوانین ئەم كەلێنە پڕبكەینەوە، هیچ زمانێك لە ئاستی سینتاكسدا كەلێنی ڕستەی نییە. هەر فرێزێك لە ئاستی سینتاكسدا چەند ئەركێكی جیاوازی هەیە، كە بە فرەئەرك ناودەبرێت، ڕستەكان فرەئەركن چەندین ئەركی جیاواز بەجێ دەهێنن. (( لـــــە هــــەر پــــارچــە گــوتـنێـك یــان نــووســیـنێـك وردبـیـنــەوە دەبینین لــە ئــەركـێك زیاتر پیشان دەدات))، (محمد معروف فتاح : ١٩٨٤: ٣٣). فرەئەركی دانەكانی ئەم ئاستە پەیوەندیان بەو گەشە و گۆڕانەوە هەیە، كە بەردەوام لەزماندا ڕوودەدات، واتە تاكو زمان بەردەوام بێت لە گەشـەسـەندن و گۆڕان، ئەركی تازەش بۆ زمان دێتە ئاراوە.

## ١/٣) فرێز:

لە زمانی كوردیدا لە بەرامبەر زاراوەی فرێزدا زاراوەی (گرێ، دەسـتەواژە) بەكاردێت، كە هەر هەمان مەبەسـت دەگەیەنێت. دەربارەی پێناسـەی فرێز ڕاو بۆچوونی جیاواز هەیە، كە ئەوانیش دەكرێن بە دووبەشەوە بۆچوونی كۆن بۆ فرێز، بۆچوونی تازە بۆفرێز، لەكۆندا بەتایبەتیش لە پرۆگرامی خوێندندا فرێز بەم شـێوەیە پێناسـەكراوە. فرێز بریتییە لە كۆمەڵە وشـەیەك كە واتای تەواوی نییە، هیچ كردارێكی لەگەڵ دا نییە.[١] ئەگەر ئەم پێناسـەیە بخەینە بەر تیشكی لێكۆڵینەوە چەندین كەلەبەری تیدا دەدۆزینەوە، یاخود بە شـێوەیەكی تر ئەم پێناسـەیە بۆ ئەمڕۆی زمان دەسـت نادات، لەبەر ئەمانەی خوارەوە:

١- مەرج نییە فرێز لە كۆمەڵە وشەیەك پێكهاتبێت، چونكە زۆر جارفرێز لە تاكە وشەیەك پێكدێت، یان لەوەش بچوكتر فرێز دەتوانێت مۆرفیمێك بێت.

٢- مەرج نییە فرێز واتا نەبەخشێت، هەندێكجار فرێز واتا بەخشە لە هەندێك بواریشدا بێ واتایە.

---

**(١) ئەم پێناسەیە بەسود وەرگرتن لە كتێبە مەنهەجیەكانی بۆلی ( هەشت، دە، یانزە) كراوە .**

٣- ئەو بۆچونە بە تەواوەتی ڕەتدەکرێتەوە کە دەڵێت: فرێز نابێت کرداری لەگەڵ دابێت، چونکە جۆرێك لە جۆرەکانی فرێز بریتییە لە فرێزی کرداری، بۆچوونی تازە بۆ فرێز ئەوەیە کە هەرکەرەستەیەك لەڕستەدا بتوانێت ئەرکێك ببینێت، بۆخۆی فرێزێکە. (( هەردانەیێکی ڕێزمانی بتوانێ دەوری بەشێکی بنجیی ڕستە بگێڕێ (فرێز)ێك پێکدەهێنێ.))، (وریا عومەر ئەمین :٢٠٠٩: ١٩٩) . بە گوێرەی ئەم پێناسەیە ئەودانانەی کە ڕستە پێکدەهێنن هەریەکەیان فرێزێکە. فرێزەکان کەرەستەی پێکهێنەری ڕستەکانن. سادەترین ڕستە لە دوو فرێز پێکدێت، کە ئەوانیش بریتین لە فرێزی ناوی (Noun phrase)، فرێزی کرداری (Verb phrase) لە زمانی کوردیدا ڕیزبوونی فرێزەکان بەم شێوەیە، سادەترین فرێزی ناوی لە ناوێك، یان (جێناوێك) پێکدێت، سادەترین فرێزی کرداری لە ڕەگی کردار و پێویستیەکانی (جێناوێکی لکاو، مۆرفیمی کات) پێکدێت.

وەك: ئارام هات .
ف.ناوی ف.کرداری

وەك: ئەوان هاتن .
ف. جێناوی ف .کرداری

## ٢/٣) جۆرەکانی فرێز:

لەزمانی کوردیدا چەند جۆرێك فرێزمان هەیە، کە بریتین لە:

## ٢/٣-١) فرێزی ناوی:

بەو فرێزانە دەگوترێت، کە کەرەستەی سەرکییان ناوە (( گرێی ناوی کەرەسەیەك، یان زیاتری لەگەڵدا دەبێت، کە سروشتی هەندێکیان یەکەیەکی ناسادەیە، لە ئەنجامی ئەوەوە گرێی ناوی لە چاو گرێیەکانی تری پێکهاتەکە ی زۆر دەگۆڕێ))، (صلاح حوێز رسول : ٢٠٠٦: ٤١). سادەترین فرێزی ناوی لە سەرەیەك پێکدێت، کە ئەویش دەشێ ناوێکی تایبەتی، یان گشتی، یان کۆمەڵ بێت. ئەم سەرە ناوییە دەتوانرێت فراوان بکرێت بەهۆی دیارخەرەکانی ناوەوەی فرێزی ناوی (مۆرفیمەکانی ناسراوی،

نەناسراوی، کۆ)، دەرەوەی فرێزی ناوی (دیارخەرەکانی پێش سەرەو دوای سەرە) زۆربـــــەی کات دیـــــارخــــەرەکــــانــــی دوای ســـەرەی فـــرێـــزی نـــاوی پـێویستی بە(ی، ە) خستنەسەرهەیە (ئومێدبەرزان برزۆ: ٢٠١١: ١٩ – ٢٦) .

وەك: سارا چوو بۆقوتابخانە .

ف. ناوی سادە + تایبەتی

وەك: مامۆستا وانەکانی پشت گوێ ناخات .

ف. ناوی سادە + گشتی

وەك: میللەت چاوی لەسەرکەوتنی ئێوەیە .

ف. ناوی سادە + کۆمەڵ

وەك: خوێندکارەکان وانەکەیان خوێند .

ف. ناوی فراوانکراو + (ەکە + ان)

وەك: گوڵی سپی جوانە .

ف. ناوی فراوان کراو + دیارخەر

فراوانکردنی فرێزی ناوی بە ئارەزوە، دەشـــێ لە پێش فرێزەکە، لە دوای فرێزەکە لە یەك کاتدا فراوان بکرێت.(١)، کاتێك فراوانکردنەکە لە دوای فرێزەکەوە بوو، بە هۆی(ی) فروانکرابوو ئەوا پەیوەندییان لە سەربناغەی هەیی دەبێت (( ئەو ناوانەی بە (ی) لێکئەدرێن پەیوەندییان لەگەڵ یەکتردا لە سەر بناغەی هەیی دایە (Possessive) ))، (وریا عومەر ئەمین :٢٠٠٩: ١٤٢).

وەك: هەندێك پزیشکی نەخۆشخانەکە کەمتەرخەمی دەکەن .

ف. ناوی فراوانکراو لە هەردوو لاوە

---

(١) (صەلاح حەویز رسول) لە نامەی ماستەرەکەیدا ئەم جۆر فراوان کردنە بە (گرێی ناوی فراوانکراو لەهەردوولاوە ) ناودەبات و بە شێوەیەکی زانستی ڕوونی کردۆتەوە . بروانە : (صلاح حویز رسول : ٢٠٠٦: ٥٢).

## ٢-٢/٣) فرێزی کرداری(Verb phrase):

سادەترین فرێزی کرداری له ڕەگی کردار و پێویستییەکانی پێکدێت، کەرەستەی سەرەکی فرێزی کرداری، کردار خۆیەتی (( سادەترین گرێی کاری لەکوردیدا له ڕەگی کارێك و ڕاناوێکی کەسی لکاو دروست دەکرێت که به ناوکی گرێکه دادەنرێت))، (طالب حسین علی:١٩٩٨:٢١).چەند کەرەستەیەکی تر له فرێزی بەشەکردار به پێی پێویستی بەشەکردارەکه بوونیان هەیە، بەڵام هیچیان جێگرەوەی کردار نین، ئەم بەشە سەرەکییەی کردار(( پێویسته وەك ڕۆنانێکی بنجی چەسپاو(اجباری) له ناو چوارچێوەی ڕستەدا تەماشابکرێت (طالب حسین علی : ١٩٩٨ : ٢١). ناتوانرێت فرێزی کردار لابرێت، چونکه یەکێك له مەرجەکانی بوونی ڕسته کرداره (( ڕەگەزێکی سەرەکییه و بوونی له دروستەکەدا بەخورتییه و ناتوانرێت دەرنەبڕدرێت ))، (ئومێد بەرزان برزۆ: ٢٠١١: ٦٤). پێکهاتەی فرێزی کرداریش دوو جۆر فراوان کردنی هەیە، فراوانکردنی ناوەوەی فرێزەکه، که ئەمیش مۆرفیمی بەندی وشە داڕێژ و وشە گۆڕ دەگرێتەوە، فراوانکردنی دەرەوەی فرێزەکه به پێی جۆری کردارەکه تەواوکەر و سەربارەکان دەگرێته خۆ، کرداره ناتەواوەکان ناتوانن بەتەنیابن هەربۆیه ئەم جۆره کردارانه خۆیان به جۆرەکانی تری فرێزه تەواوکەرەکان هەڵدەواسن، که واته هەبوونی ئەو فرێزه تەواوکەرانه بەخورتییه (عەبدولجەبار مستەفا مەعروف : ٢٠٠٥: ٧٦).


وەك: ئەوان <u>چوون</u> بۆ قوتابخانه.

ف . کرداری

فرێزی کرداری لەم ڕستەیەی سەرەوەدا پێکهاتووه له ڕەگی کردار (چ)، مۆرفیمی کاتی ڕابردوو(وو)، مۆرفیمی جێناوی کەسی لکاو (ن) بۆ تەواوکردنی پێکهاتەی فرێزی کرداری مۆرفیمەکانی کەس و کات ڕۆڵێکی سەرەکیان له فراوانکردنی پێکهاتەی ناوەوەی فرێزی کرداریدا هەیە، سەرەڕای مۆرفیمەکانی داڕشتن که له پێشەوە و دوای کردارەکەدا دێن.

وەك:   ڕێگاكە هەڵنەكەنرایەوە .

ف . كرداری فراوان كراو




وەك:   ئێوە كێ بانگێشت دەكەن ؟

ف. كرداری فراوانكراو

وەك:   ئەوان ئێستا تۆیان دەوێت .

ف. كرداری فراوانكراو

وەك:   خواردنەكە خراپ دەبێت .

ف. كرداری فراوانكراو

فراوانكردن لەم دوو ڕستەی دواییدا بەخورتییە لەبەرئەوەی كردارەكە ناتەواوە.

## ٣-٢/٣) فرێزی ئاوەڵناوی (Adjective phrase):

لە فرێزی ئاوەڵناویدا (( دەبێت كەرتی بنەڕەتی ئاوەڵناو بێت، واتە بێ بوونی ئاوەڵناو گرێی ئاوەڵناوی دروست نابێت))، (ئاواز حەمە صدیق :١٩٩٦: ٤٠). واتە كەرەستەی سەرەكی ئاوەڵناوە، سەرەی فرێزی ئاوەڵناویش بە یەكێ لە كەرەستەكان دەتوانرێت فراوان بكرێت، ئەركی سەرەكی فرێزی ئاوەڵناوی دەرخستنی فرێزی ناویی و تەواوكردنی كرداری ناتەواوە ((ئەركی سەرەكی ئەم فرێزە فراوانكردن و دیاریكردنی فرێزی ناوییە، یان لەگەڵ جۆرەكانی كرداری (بون)دا بەشەكردارێك پێكدەهێنن))، (ئومێدبەرزان برزۆ: ٢٠١١: ٤١).

وەك: پیاوێكی ژیر كارەكەی ئەنجامدا .

**ف. ئاوەڵناوی سادە**

وەك: پیاوەكە ژیربوو .

**ف. ئاوەڵناوی**

وەك: لارا زیرەكترین قوتابییە .

**ف. ئاوەڵناوی فراوانكراو**

لەم دوو نمونانەی كۆتاییدا فرێزی ئاوەڵناوی فراوان كروە بە هۆی مۆرفیمەكانی پلەی بەراورد (تر)، پلەی باڵا (ترین) كە دەچنە دوای فرێزی ئاوەڵناوییەوە.

## ٤-٢/٣) فرێزی ئاوەڵكرداری(Adverbal phrase):

سادەترین فرێزی ئاوەڵكرداری لە ئاوەڵكردارێك پێكدێت، واتە كەرەستەی سەرەكی ئاوەڵكردارە، ئەركی فرێزی ئاوەڵكرداری تەواوكردنی كردارە، هەندێك لـــە ئــاوەڵكردارەكان بنجین وەك: ( هێشتا، هەرگیز، قەت ...) هەندێكجاریش ئاوەڵكردار بەهۆی فرێزی پێشناوی دەردەبڕێت.

وەك: نارین هێشتا نەڕۆیشتووە .

**ف. ئاوەڵكرداری بنجی**

وەك: منداڵەكە ئێستا نان دەخوات .


**ف . ئاوەڵكرداری**

## ٥-٢/٣) فرێزی بەند (Prepositionalphrase):


مـــــەبـــەست لە فرێزی بەند ئەو فرێزەیە، كە بەیارمەتی یەكێك لە پێشبەندەكان پـێـكـدێـــت ((ئـــەوگـــــرێـیـــەیـــە كــە بــەیــارمــەتـــی یـەكـێـك لــە پــریــــپـۆزشـنــەكــان دروست دەبێت))، (ئاواز حەمە صدیق :١٩٩٦: ٤٣). لە زمانی كوردیدا لەڕستەدا دەورێكی گرنگی هەیە، بەكارهێنانێكی زۆریشی هەیە، فرێزیش بـــە پێی ناوی سەرەكەوە ناودەنرێت.

(( فرێزی بەند لـــــــە ڕووی پـێکـهـاتــنـەوە هــەمــیــشە نــاسـادەیە، چـونـکــە سەرەی فرێزەکە بـــەتـــەنــــیا هیـــچ     دەربڕینێکی نییە))، (عومەرئەحمەد عەبدولڕەحمان : ۲۰۰۹: ٤۰). فرێزی بەند لە ڕووی پێکهاتنەوە ناسادەیە، چونکە سەرەی فرێزەکە بەتەنیا نەدەردەکەویت و نەبەکاریش دێت، ئـــەمـــــەش لـــەبــەرئــەوەیــە سەرەی فرێزەکە بریتییە لە پێشبەندێـك (preposition)، مەرج نییە کەرەســـتەی دوای فرێزەبەندەکە تەنها ناو بێت، لەوانەیە (ناو، جێناو، ئاوەڵکردار، چاوگ،...) بێت. فرێزی بەند یەکێکە لەو فرێزانەی کە چەند ئەرکێکی هەیە، واتە فرەئەرکە لە هەندێك ڕستەدا بوونی دەبێتە پێویست واتە بەخورتییە (( لە ڕووی ئەرکیشەوە، یان دەبێت بەسەربار، یان دەبێت بە تەواوکار، لە ئەرکی سەربارداد، تەواوکاری فرێزی بەند بریتی دەبێت لە ئاوەڵکار، لە ئەرکی تەواوکاریشدا دەبێت بە تەواوکاری گوزارەیی، ئەوکات بوونی پێویستە لـــــــەڕستەدا، هــــــــەروەهـــــا ئـــــەرکـــی بـــــەرکاری نـــــــــاڕاستەوخـــۆش دەبینێت و بــــــە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆش کاری ڕستەکە تەواودەکات))، (عومەرئەحمەد عەبدولڕەحمان : ۲۰۰۹: ٤۰).

ئێوە <u>لەئازاد</u> دەترسن .




گۆڤارەکە <u>بە ئارام</u>بوو .



ئەو پـاشــــبەنـدەی لەگەڵ فرێزی بەنـد دا دێـت کەکەدەکەوێتە دوای تەواوکەرەکە بەتەواوەتی دوای تەواوکەرەکە دادەخات بەواتایەکی تر لەدوای خۆی ڕێگە بە کەرەستەی ترنادات بچێتە سەر تەواوکەر، بەڵام دەشێ لەپێش پاشبەندەکە تەواوکەر بە کەرەستەی تر فراوان بکرێت .

وەك: قوتابییەکان لە باخەکەی ئێوەدا یاریان دەکرد .

ف. بەند تەواوکەرەکەی فراوان کراوە بە جێناوی (ئێوە)

لە دوای پاشبەندەکە دا دوای خۆی داخستووە .

## ٣/٣) فرەئەرکی هەندێك لە جۆرەکانی فرێز:

بەشـــــی زۆری جۆرە جیاوازەکـانی فرێز فرەئەرکن، واتە زیـاد لە ئەرکێـک دەبینن ((فرێز دەتوانێ لە نێوڕستەدا ئەرکەکانی خۆی ببینێت ( کـــــــارا، بــــــەرکـــــاری ڕاستەوخۆ، جێگری کارا، نـیهـاد..هتد).))، (سەلام ناوخۆش،نەریمان خۆشناو: ٢٠١٠: ٩٢ ). دیاری کردنی فرەئەرکی فرێزەکان هەریەکەیان بە پێی جۆری فرێزەکە دەسـنیشـان دەکرێت، فرەئەرکی جۆرەکانی فرێز لە بەکارهێنانیاندا دەردەکەوێت، فرەئەرکترینی فرێزەکانیش ناو، جێناوە، ئەرکی فرێزەکانی تر لە ڕووی فرییەوە لە پلەی خوار ناو، جێناوەوە دێت.

## ٣/٣-١) فرەئەرکی فرێزی ناوی:

هەنـدێك لە ئەرکەکـانی فرێزی نـاوی پەیوەنـدی بەجۆری کردارەکـانەوە هەیە، نـاو بە هەموو جۆرەکانیەوە (گشـــتی، تایبەتی، کۆمەڵ، ســـادە، داڕێژراو، لێکدراو، بەرجەســـتە، واتایی، ناســـراو، نەناسراو، تاک، کۆ، ناوی فراوانکراو بە هۆی دیارخەرەکان) دەتوانێت ئەم ئەرکانە ببینێت.

١- فرێزی ناوی لە ئەرکی بکەردا: فرێزی ناوی ئەرکی بکەر دەبینێت، لە کاتێکدا کە کرداری ڕستەکە کردارێکی تەواوبێت، بەڵام کردار لە ڕووی تێپەڕ و تێنەپەڕیەوە، لە ڕووی کاتەوە کاریگەری لە سەر بکەر نییە، چونکە بکەر دەشێ لەگەڵ هەریەك لەم جۆرەکردارانە دەربکەوێت.

وەك: زین لە ڤستیڤاڵەکە خەڵاتی وەرگرت .

**ف. ن تایبەتی، بکەر**

٢- فرێزی ناوی لە ئەركی بەركاری ڕاستەوخۆدا: لەم جۆرە ئەركەدا كە مەبەست لێی ئەركی (بەركاری ڕاستەوخۆیە) جۆری كردارەكە لە ڕووی تێپەڕ و تێنەپەڕییەوە حوكم دەكات، واتە دەبێت كرداری ئەم جۆرە ئەركە تێپەڕبێت، بە واتایەكی تر كرداری تێپەڕ جۆری ئەم بەركارە دیاریدەكات.

وەك: مامۆستا خوێندكارەكەی خەڵات كرد .

ف. ن گشتی ناسراو، تاك، بەركار

٣- فرێزی ناوی لە ئەركی بەركاری ناڕاستەوخۆدا: فرێزی ناوی لە ئەركی بەركاری ناڕاستەوخۆدا پێویستی بە پێشبەندێك (preposition) هەیە، بۆ ئەوەی ئەركی بەركاری ناڕاستەوخۆ ببینێت.

وەك: ڕۆژنامەكەم لەزین وەرگرت .

ف . ن . تایبەتی ، بەركاری ناڕاستەوخۆ

٤- فرێزی ناوی لە ئەركی نیهاد دا: فرێزی ناوی لە ئەركی نیهاد دا پێویستی بەوە هەیە، كردارەكە ناتەواو بێت، واتە ئەگەر فرێزی ناوی ئەركی نیهاد ببینێت، بوونی كرداری ناتەواو بەخورتیە، ئەگەر هەركردارێكی تر لە بری كرداری ناتەواو بەكاربێت، ئەركی فرێزی ناوی گۆڕانی بە سەردا دێت، بەڵام كرداری ناتەواو لە ڕووی كاتەوە هیچ كاریگەری لەسەرفرێزی ناوی نابێت، كە ببێتە هۆی گۆڕانی ئەركەكەی.

وەك: گوڵەباخەكە بۆنی خۆشە.

ف . ن لێكدراو،ناسراو،تاك ،نیهاد

٥- فرێزی ناوی لە ئەركی تەواوكەری كرداری ناتەواودا: فرێزی ناوی لە ئەركی تەواوكەری كرداری ناتەواودا هاتنی بەخورتییە واتە ناتوانرێت لاببرێت، چونكە ڕستەكە لەڕووی واتاوە نادروست دەبێت. كردارەناتەواوەكان پێویستیان بە كەرەستەیەك هەیە بۆ ئەوەی تەواویان بكات، چونكە خۆیان ڕۆڵێكی بابەتیانە ناگێڕن لەبەرئەوە هەر فرێزێك لەم شوێنە بێت ئەركەكەی دەبێت بەخورتیی.

وەك: ئەمە گوڵ بوو .

ف . ن . سادە، تەواوكەری كرداری ناتەواو

وەك: گۆڤارەكە بە مامۆستاكە یە .

ف . ن .تەواوكەری بەیاریدەی كرداری ناتەواو

٦- فرێزی ناوی لە ئەرکی جێگری بکەردا: فرێزی ناوی یەکێك لە ئەرکەکانی هاتنیەتی لە شوێنی بکەر لەو ڕستانەی کــــە کــــردارەکانیان لــــە دۆخــــی نــــادیــــاری دان ((کــــە ڕستــــەکــــە دەکــرێتــە ڕستــــەیــــەکــــی بــکــەرنــــادیــــار، بــەرکــاری نــاڕاسـتــەوخـۆ شـوێـنـی بکـەر دەگـرێتــەوە))، (خەسرۆئەحمەد خۆشناو: ٢٠٠٨: ٨٥). ئەم فرێزە ناویەش لە بنەڕەتدا خۆی بەرکاری ڕستە بووە، بە لابردنی بکەر بووە بە جێگرەوەی بکەری ڕستە. کرداری ڕستە لە ڕووی کاریگەریەوە دەبێت تێپەڕ بێت. (( چـونـکـە تـەنـیـا کـاری تـێـپـەڕ شـێـوەی نـادیـاری هـەیـە))، (١١٥: ١٩٧٩: Amin ).

وەك: ئاری بینرا .

ف. ناوی جێگری بکەر

وەك: نامەکان نووسران .

ف . ناوی جێگری بکەر

((بوونی سەربار لە شێوەی بەرکاری ناڕاستەوخۆ، یان ئاوەڵکاری کات و شوێن لەناو ڕستەی نادیاردا پلەی ڕێزمانی ڕستەکە زیاتر بەرز دەکاتەوە))، (فەرەیدون عەبدول محەمەد:٢٠٠٨: ١٢٨).

وەك: نامەیەك نوسرا .

ف . ناوی جێگری بکەر

وەك: نامەیەك لەسەرۆکایەتی زانکۆوە نوسرا .

ف. ناوی جێگری بکەر

وەك: ئەمڕۆ نامەیەك لەسەرۆکایەتی زانکۆوە نوسرا .

ف .ناوی جێگری بکەر

کرداری تێنەپەڕیش بەهۆی (اندن) کە دەکرێت بە تێپەڕ کرداری نادیاری لێدروست دەکرێت.[1]

---

(١) بۆزانیاری زیاتر دەربارەی نادیاری بڕوانە ئەم سەرچاوانە :

أ- (Amin ,w,o :١١٥:١٩٧٩)

ب- ( فەرەیدون عەبدول محەمەد : ٢٠٠٨: ١٢٣، ١٢٤، ١٢٥)

ج- ( وریا عومەر ئەمین : ٢٠٠٩: ١٧٢، ١٧٣)

٧- فرێزی ناوی لە ئەرکی دیارخەردا: فرێزی ناوی دەتوانێت ببێت بە دیارخەری (ناوێك، یان جێناوێك، یان چاوگێك، یان ئاوەڵناوێك) جا ئەم بەشەئاخاوتنانە لەڕستەدا لە هەرئەرکێکی ڕێزمانی دابن، ئەوەی لە ئەرکی دیارخەریدا گرنگە، ئەوەیە کە کردار ناتوانێت هیچ کۆت و زنجیرێك لەسەر بوونی دیارخەر دابنێت (( گرێی ناوی لەبەشی بنەدا ئەرکی بکەری و ئەرکی دیارخەری بکەری دەبێنێ ))، (صلاح حوێز رسول: ٢٠٠٦: ٥٨). دیارخەرەکان بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی دیارخراو دێن، زانیاری زیاتر دەگەیەنن.

وەك: بەفری چیاکان توایەوە.

**ف. ناوی دیارخەری بکەر**

## ٢-٣/٣) فرەئەرکی فرێزی جێناوی:

جێناوەکان لە بوونی ژمارەدا هەرچەندە کەمن، بەڵام بەکارهێنانێکی فرەیان هەیە (( جێناو بە ژمارە گرووپێکی بچووکە، بەڵام لەئاخاوتندا ئەرکێکی گەلێك گرنگ و گەورە دەبینێ و لەبەرئەوە زۆر بەکاردەهێنرێ. لە زۆریی بەکارهێنانـدا جێناو لە نێو وشەکانی بەشە ئاخاوتنەکانی زماندا لە پلەی یەکەمدا دێت. ئەو زۆر بەکارهێنانەشی بەتایبەتێتی زۆری ڕێزمانی یەوە بەستراوە))، (ئەوڕەحمانی حاجی مارف : ١٩٨٧: ٧٨). ئەوبەشەئاخاوتنانەی لە بری ناو بەکاردێن، دەتوانن لەڕستەدا هەمان ئەرکەسینتاکسییەکانی ناوببینن، لە هەمان شوێنی فرێزی ناویدا دەربکەون. فرێزی جێناوی وەك فرێزی ناوی ئەرك دەبینێت بە واتایەکی تر فرێزی ناوی چ ئەرکێك لەڕستەدا ببینێت، فرێزی جێناویش هەمان ئەرك دەبینێت. [1]، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە فرێزی جێناوی فرەئەرکە و زیاد لە ئەرکێك دەبینێت، هەرچەند لە بوونی ژمارەدا کەمن، بەڵام بەکارهێنانێکی فرەیان هەیە.

---

**(١) تەنها جێناوی کەسی سێیەم (تاک، کۆ) لە بری ناو بەکاردێن و دەتوانن شوێنی ناو بگرنەوە .**

**شڤان ڕۆیشت. ئەو ڕۆیشت . کوڕەکان ڕۆیشتن . ئەوان ڕۆیشتن . دارا هات . * من هات .**

١- فرێزی جێناوی لەئەرکی بکەردا: لە ڕستە کار تەواوەکاندا فرێزی جێناوی ئەرکی بکەر دەبینێت، کردارەکە (تێپەڕ، یان تێنەپە، ڕابردوو، یان ڕانەبردوو) بێت.

وەك: ئێمە گوڵمان ڕواند .

ف . جێناوی کەسی سەربەخۆ، بکەر

وەك: کێ بە پلەی نایاب دەردەچێت ؟

ف . جیناوی پرس، بکەر

وەك: ئەوان بەشداری پیشانگای نێودەوڵەتی کتێب دەکەن .

ف . جێناوی کەسی سەربەخۆ، بکەر

٢- فرێزی جێناوی لە ئەرکی بەرکاری ڕاستەوخۆدا: لە ڕستە کارتێپەڕەکان و ئەو ڕستانەش کە کردارەکانیان بەهۆی (اندن) لە تێنەپەڕەوە دەکرێت بە تێپەڕ، کردار جۆری بەرکاری ڕاستەوخۆ هەڵدەبژێرێت، فرێزی جێناویش بە پێی ویستی کردار لەڕستەدا ئەرکی بەرکاری ڕاستەوخۆ دەبینێت.

وەك: پاوان تۆی بینی .

ف . جێناوی کەسی سەربەخۆ بەرکار

وەك: (( من ئەمە دەکڕم . )) (خەسرۆئەحمەد خۆشناو: ٢٠٠٨: ٧٣).

ف . جێناوی نیشانە بەرکار

وەك: شیرین کێ دەنێرێت ؟

ف . جیناوی پرس بەرکار

٣- فرێزی جێناوی لە ئەرکی بەرکاری ناڕاستەوخۆ: یەکێکی تر لە ئەرکەکانی فرێزی جێناوی بەرکاری ناڕاستەوخۆیە ((بەرکاری ناڕاستەوخۆ یەکسەر کاری بکەرەکەی ناکەوێتە سەر و دەبێ ئامرازێکی پەیوەندی(پێشبەند یا پاشبەند)ی لەگەڵ هەبێ))، (عومەرمەحموودکەریم: ٢٠٠٤: ٣٤). فرێزی جێناوی بۆ بینینی ئەم ئەرکە پێویستی بە پێشبەندێک هەیە، کە لە پێش فرێزە جێناویەکەوە بێت، فرێزی جێناوی کە لە دوای سەرەی فرێزی بەند دێت ئامادەبوونی لەم شوێنەدا مەرجێکی سەرەکیە و بەخورتییە، بۆ ئەوەی ئەرکی بەرکاری ناڕاستەوخۆ ببینێت. لە ئەرکی بەرکاری ناڕاستەوخۆدا فرێزی ناوی، فرێزی جێناوی جگە لە بەجێهێنانی ئەرکی بەرکاری ناڕاستەوخۆ، لە لایەکی ترەوە دەبنەوە بە جۆرێکی تری فرێز ئەویش (فرێزی بەندە) بە هۆی ئەوەی یەکێکن لەو کەرەستانەی دەبنە تەواوکەری سەرەی فرێزی بەند.

وەك: گۆڤارەكەم بۆئێوە نارد .

ف . جێناوی كەسی سەربەخۆ لەئەركی بەركاری ناڕاستەوخۆدا

وەك: ئەوان لەكێ دەترسن .

ف . جێناوی پرس لەئەركی بەركاری ناڕاستەوخۆدا

٤- فرێزی جێناوی لە ئەركی نیهاد دا: لە كاتێكدا كە كرداری ڕستە ناتەواو بێت، فرێزی جێناوی دەتوانێت ئەركی نیهاد لەڕستەدا ببینێت، كە سیفەتێكی دەدرێتە پاڵ.

وەك: ئەوان زیرەك بوون .

ف . جێناوی كەسی سەربەخۆ، نیهاد

٥- فرێزی جێناوی لەئەركی تەواوكەری كرداری ناتەواودا: فرێزی جێناوی لە ئەركی تەواوكردنی كرداری ناتەواودا بەخورتییە، چونكە كرداری ناتەواو ناتوانێت بەبێ یارمەتی فرێزەكانی تر ئەرك ببینێت، ڕۆڵی بابەتیانە بگێڕێت، لەبەرئەوە پێویستی بە فرێزێك هەیە، بۆ تەواوكردنی ئەركی كرداری خۆی، فرێزی جێناوی یەكێكە لەو فرێزانەی ئەم ئەركە دەبینێت، دەشێ لە پێش فرێزە جێناویەكە پێشبەندێك (Preposition) هەبێت بە مەبەستی تەواوكردنی كردارە ناتەواوەكە.

وەك: ئەمە تۆ بوویت .

ف .جێناوی كەسی سەربەخۆ تەواوكەری كرداری ناتەواو

بۆتەواوكردنی كرداری ناتەواو دەشێ لە پێش جێناوەكە پێشبەندێك بێت.

وەك: ڕۆژنامەكە بەمن بوو .

ف . جێناوی كەسی سەربەخۆ بەركاری ناڕاستەوخۆ

٦- فرێزی جێناوی لە ئەركی جێگری بكەردا: لە ڕستە كردارنادیارەكاندا فرێزی جێناوی یەكێك لە ئەركەكانی هاتنیەتی لە شوێنی بكەردا، بەڵام بەرلەوەی كردارەكە بكرێتە كرداری نادیار فرێزە جێناویەكە ئەركی بەركاری لە ڕستەكە هەبووە.(( بەركارشوێنی بكەرئەگرێ...(بەڵام چەمكی بەركاری خۆی لەڕووی واتاوە نادۆڕێنێ) ))، (وریا عومەر ئەمین : ٢٠٠٩: ١٨٧). هەركات كردارەكە لە دۆخی دیارییەوە كرا بە نادیار فرێزی جێناویش ئەركی خۆی بەجێدەهێنێت. ئەمەش بوونی فرەئەركی فرێزی جێناوی لە ڕستەدا دیاردەخات، كە بە پێی گۆڕانی دۆخی كردارەكەوە ڕوودەدات.

وەك: ئێمە ئێوەمان بینی .

**ف . جێناوی کەسی سەربەخۆ بەرکار**

وەك: ئیوە بینران .

**ف . جێناوی کەسی سەربەخۆ جێگری بکەر**

٧- فرێزی جێناوی لەئەرکی دیارخەریدا: فرێزی جێناوی دەشێ لە ئەرکی دیارخەریدا دەرکەوێت. دەتوانێت جگە لە کردار هەموو بەشەکانی تری ڕستە دەربخات. فرێزی جێناوی لەم ئەرکەیدا ئەگەر بەسەربەخۆی دەرکەوێت پێویستی بە ئامرازی دانەپاڵە، بەڵام ئەگەر بەشێوەی لکاو دەرکەوێت پێویستی بە ئامرازی دانەپاڵ نییە.

وەك: خوێندکارەکەی ئێوە زیرەکە .

**ف. جێناوی کەسی سەربەخۆ دیارخەری ناوە**

وەك: خوێندکارەکەتان زیرەکە .

**ف. جێناوی کەسی لکاو دیارخەری ناوە**

## ٣-٣/٣) فرەئەرکی فرێزی ئاوەڵناوی:

فرێزی ئاوەڵناوی (( ئەرکی سەرەکی ئەم فرێزە فراوانکردن و دیاریکردنی فرێزی ناوییە، یان لەگەڵ جۆرەکانی کرداری(بون)دا بەشە کردارێك پێکدەهێنن))، (ئومێد بەرزان برزۆ: ٢٠١١: ٤١). ئاوەڵناو لە ئەرکی ڕاستەقینەی خۆیدا دەتوانێت ئەم ئەرکانە ببینێت، (دیارخەر، تەواوکەری کرداری ناتەواو) لە کاتێکدا کە ئەرکی دیارخەری دەبینێت، دەشێت بەشی زۆری کەرەستە پێکهێنەرەکانی ڕستە دەربخات، لە ئەرکی تەواوکەردا ئاوەڵناو وەك خۆی کردارەناتەواوەکان تەواودەکات. جۆرێك لە جۆرەکانی ئاوەڵناو کە (ئاوەڵناوی چۆنیەتییە) دەتوانێت وەك دیارخراو ئەرك ببینێت (( لە نێو هەرسێ جۆرەکانی ئاوەڵناودا تەنیا ئاوەڵناوی چۆنیەتی دەتوانێ وەك دیارخراو خۆی بنوێنێ))، (ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٩١: ١٢١،١٢٠).

١- فرێزی ئاوەڵناوی لە ئەرکی دیارخەرییدا: یەکێك لەئەرکەکانی ئاوەڵناو دیارخەرییە (( دیارخەری لە ئەرکە چالاکەکانی ئاوەڵناوە))، (محمد معروف فتاح : ١٩٩٠: ٨١). ئەرکی سەرەکی ئاوەڵناو

دەرخستن و وەسفکردنە لەڕستەدا دەتوانێت وەسفی ناو، جێناو،...هتد بکات . ئاوەڵناو بە پێی مۆرفیمەکانی خستنەسەر(ی، ە)، جۆری ئاوەڵناوەکان کە دەبن بە دیارخەر دەتوانن بگونجێن لەگەڵ ئەومۆرفیمانەی کە تاکایەتی، نەناسراوی، ناسراوی، کۆ(ێك، ەکە،ان).نیشان دەدەن، هەندێك لەوانە دەچنە سەر دەرخراو، هەندێکی تریان دەچنە سەر دەرخەر (ئەورەحمانی حاجی مارف : ١٩٩١: ١١٦، ١١٧، ١١٨) .

وەك: خوێندکاری زیرەك سەرکەوتوو دەبێت .

ف . ئاوەڵناوی دیارخەری ناوە

وەك: خوێندکارە زیرەکەکان سەرکەوتوودەبن .

ف . ئاوەڵناوی دیارخەری ناوە

وەك: ئێوەی ژیر لەکارەکەتاندا هەڵەناکەن .

ف . ئاوەڵناوی دیارخەری جێناوە

وەك: نووسینی باش زادەی بیری باشە .

ف . ئاوەڵناوی دیارخەری چاوگ

وەك: خوێندکارێکی زیرەکی ژیر هات .

ف . ئاوەڵناوی دیارخەری ئاوەڵناو

لەهەر یەك لەم سێ نمونەیەی سەرەوەدا ئاوەڵناوەکانی (زیرەك، ژیر، باش) بە یارمەتی مۆرفیمی (ی) خستنەسەر بوونە بە دیارخەری(ناو، جێناو، چاوگ، ئاوەڵناو) وەسفی فرێزی پێش خۆیان دەکەن .

٢- فرێزی ئاوەڵناوی لە ئەرکی تەواوکەری کرداری ناتەواودا: فرێزی ئاوەڵناوی هاتنی لەگەڵ کرداری ناتەواودا ئەرکێکی بەخورتییە، بەخورتیبوونی فرێزی ئاوەڵناوی لەم ئەرکەیدا پەیوەندی بە کردارەکەوە هەیە، نەك بە خودی فرێزە ئاوەڵناویەکەوە.

وەك: منداڵەکە ئازابوو.

ف . ئاوەڵناوی تەواوکەری کرداری ناتەواو

فرێزی ئاوەڵناوی دەتوانێت وەك دیارخراو دەرکەوێت هاتنی بەوشێوەیەی ئاوەڵناو لە کاتێکدایە کە پێشتر ناوێکی لەگەڵ بووە و ئێستا ناوەکەی لەگەڵدا نەماوە (( ئەم جۆرە ئاوەڵناوانە بە ئەسڵ ناوێکیان لەگەڵە و بە لابردنی ناوەکە ئەمانە بوونەتە دیارخراو، جگە لە نیشانەی (ێ)، دەتوانێ تێکڕای نیشانەکانی دی- وەك (ە، ەکە) و (ێك) و (ان) و (ەکە+ان) وەربگرێ))، (ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٩١: ١٢١) لەم بارەشدا (دیارخراو) بە پێی ئەرکی ئەو ناوەی کە پێشتر لەگەڵیدا هاتووە و ئێستا لابراوە، یان ( ناوەکە لە شوێنی خۆی نەماوە) ڕۆڵ دەگێڕێت، ئەرك دەبینێت.

وەك: زیرەکەکەی پۆل هات .

ف. ئاوەڵناوی دیارخراو (بکەر)

لێرەدا ئاوەڵناوی (زیرەك) لە ئەرکی ئاوەڵنای دەشۆراوە، بووە بە سەرەی فرێزی ناوی ئەرکی پێکهاتەی ناوی بینیوە.

## ٣/٣-٤) فرەئەرکی فرێزی ئاوەڵکرداری:

فرێزی ئاوەڵکرداری بە هەموو جۆرەکانییەوە، کات، شوێن، چۆنیەتی، چەندیەتی، نەرێ ...هتد ئەرکی سەرەکیان لە ڕستەدا تەواوکردنی کردار و پیشاندانی ڕوویەکی ڕوودانی کاری ڕستەیە.(( ئاوەڵکارلە ڕستەدا دۆخی ئاوەڵ کار دەبینێ ))، (عەلی روخزادی : ١٣٨٩: ١٢٧). فرێزی ئاوەڵکرداری لە ڕستەدا جگە لە ئەرکی سەرەکی خۆی کە دیارخستن و تەواوکردنی کردارە. ڕێزماننوسانی کوردی چەند ئەرکێکی تریشیان دەستنیشان کردووە .

١- فرێزی ئاوەڵکرداری لە ئەرکی تەواوکەری کرداری تەواودا: یەکێك لە ئەرکە سەرەکیەکانی فرێزی ئاوەڵکرداری تەواوکردنی کرداری تەواوە، بەڵام فرێزی ئاوەڵکرداری کەرەستەی سەرەکی ڕستە نییە، بە سەربار دادەنرێت، چونکە لابردنی نابێتە هۆی دروستبوونی ڕستەی ناڕێزمانی. فرێزی ئاوەڵکرداری بە هەموو جۆرەکانیەوە ئەرکی تەواوکەر، لەگەڵ هەمووجۆرەکانی کرداری تەواو بە هەموو کاتەکانییەوە، ڕابردوو، ڕانەبردوو، داخوازی، تێپەڕ، تێنەپەڕ، دانانی دەبینیت.

وەك: ئەو لێرە دانیشتووە .                ك. ڕابردووی تێنەپەڕ

ف. ئاوەڵکرداری شوێنی تەواوکەری کردار

وەك: ئەوان بەپەلە دەڕۆن .                ك. ڕانەبردووی تێنەپەڕ

ف . ئاوەڵکرداری چۆنیەتی تەواوکەری کردار

وەك: ئێوە ئەمڕۆ گەشت بکەن .                ك. داخوازی

ف . ئاوەڵکرداری کاتی تەواوکەری کردار

وەك: بریا دوێنێ کارەکەم کردبا .        ك. ڕابردووی دانانی

ف . ئاوەڵکرداری کاتی تەواوکەری کردار

وەك: ئەوان چەند ژیان .                ك. ڕابردووی تێنەپەڕ

ف . ئاوەڵکرداری چەندیەتی تەواوکەری کردار

٢ - فرێزی ئاوەڵکرداری لە ئەرکی بکەردا: یەکێك لە ئەرکەکانی فرێزی ئاوەڵکرداری بکەرە. ((بەزۆری ئاوەڵکاری(چەندێتی و شوێن و پلەی کاتی ) ڕۆڵی بکەردەبینن، کاتێ لەڕستەدا بۆشایی بکەر پڕبکەنەوە))، (صلاح حوێز رسول:٢٠٠٦: ٣٧). فرێزی ئاوەڵکرداری کاتێك لەڕستەدا ئەرکی بکەر دەبینێت، کە سەرەی فرێزی بکەری لەڕستەکەدا لادرابێت، ئەو ساکە فرێزە ئاوەڵکرداریەکە ئەرك و ڕۆڵی بکەر دەبینێت. فرێزە ئاوەڵکرداریەکە دەتوانێت لەگەڵ کاتی کاری ڕابردوو، ڕانەبردوو ئەرکی بکەر ببینێت.[١]

وەك: ئەمڕۆ لەگەڵ ئەمڕۆ ڕۆیشت.

ف. ئاوەڵکرداری کاتی بکەر

وەك: بەیانی لەگەڵ بەیانی دەڕوات .

ف. ئاوەڵکرداری کاتی بکەر

(١) مەبەست لە ئاوەڵکردار لە ئەرکی بکەردا وەك بکەرێکی ڕێزمانییە.

٣- فرێزی ئـاوەڵکرداری لەئەرکی نیهـاددا: یەکێـك لە ئەرکەکـانی تری فرێزی ئـاوەڵکرداری ئەرکی نیهادە، واتە دەشێت ببێت بە نیهادی ڕستە (( ئـــاوەڵکــردار دەبـێـتــە نـیـهـاد، ئــەگــەر هــاتــوو کــــاری ڕابــــردوو، ڕانـــەبردوو، فەرماندان) لە نێو ڕستەدا نەبوو ... واتە کاری ناتەواو لەڕستەدا هەبێت))، (نەریمان عەبدوڵڵا خۆشـــناو: ٢٠١٠: ١١٥). نووســـەر دەبوو گوتبای ئەگەر کاری تەواو لەڕستەدا نەبوو، فرێزی ئاوەڵکرداری دەبێتە نیهاد، چونکە ئەرکی نیـــــــــهـــادی پەیوەندی بەکاری ڕابردوو، ڕانەبردووە نییە، لەلایەکی تریشـــەوە کـاری نـاتەواویش ڕابردوو، ڕانەبردووی هەیە، کە فرێزی ئاوەڵکرداری ئەرکی نیهادی تێدا دەبینێت. زۆربەی جۆرەکانی ئاوەڵکردار دەشـــێت لە ئەرکی نیهادیدا دەربکەون و ڕۆڵبگێڕن.

وەك: پێرێ هەینی بوو .

**ف . ئاوەڵکرداری کاتی، نیهاد**

وەك: سبەینێ دەبێت بە باران .

**ف . ئاوەڵکرداری کاتی، نیهاد**

وەك: ئێرە زۆر خۆشە .

**ف . ئاوەڵکرداری شوێنی، نیهاد**

٤- فرێزی ئاوەڵکرداری لە ئەرکی تەواوکەری کرداری ناتەواودا: فرێزی ئاوەڵکرداری لەگەڵ کرداری ناتەواودا لە کاتی (ڕابردوو، ئێستا، داهاتوو)دا ئەرکی تەواوکردنی کردارە ناتەواوەکە دەبینێت، فرێزە ئاوەڵکردارییەکە ئەم ئەرکەی بەخورتیە، ئەمەش پەیوەندی بە جۆری کردارەکەوە هەیە، کردارەناتەواوەکە ناتوانێت دەست بەرداریان ببێت، چونکە ڕستەی ناڕێزمانی دێتە ئاراوە، لە بەرئەوەی کردارەناتەواوەکە ڕۆڵی بابەتیانە نابینێت.

وەك: ئێستا زوو بوو .

**ف. ئاوەڵکرداری تەواوکەری کرداری ناتەواو**

وەك: بەیانی درەنگ دەبێت بۆ ئەم کارە .

**ف. ئاوەڵکرداری تەواوکەری کرداری ناتەواو**

## ٤/٣) جۆرەکانی دیارخەر:

لەوەو پێش کە باس لە دیارخەر دەکرا تەنها دەگوترا دیارخەری ناو، یان جێناو، یان ئاوەڵناو باس لەوە نەدەکرا ئایا ئەم دیارخەرە چ کەرەستەیەکی ڕستەی دەرخستووە، یان چ جۆرە دیارخەرێکە. هەندێك لە بەشەئاخاوتنەکان ڕۆڵ و ئەرکی دیارخەر دەبینن کە بریتین لە:( ئاوەڵناو، ناو، جێناو،... ) هەریەك لەم بەشەئاخاوتنانە لە ئەرکی دیارخەریدا دەتوانن چەند کەرستەیەکی تر جگە لە کردار دەربخەن لەم ڕووەشەوە دەتوانین بڵێین دیارخەرەکان چەند جۆرێکن لەوانە دیارخەری (بکەر، نیهاد، بەرکاری ڕاستەوخۆ، بەرکاری ناڕاستەوخۆ، تەواوکەر، تەواوکەری کاری ناتەواو ).

### ٤/٣-١) دیارخەری بکەر:

جۆرێکە لە جۆرەکانی دیارخەر، ئەو بەشەئاخاوتنانەی لە ئەرکی دیارخەی دان دەتوانن بکەری ڕستەکە دەربخەن کاتێك بکەر بە شێوەی سەربەخۆ بێت.

وەك: تۆ هاتیت . تۆی ئازا هاتیت .

ج . س .بکەر ئا. چ . دیارخەری بکەر

وەك: کوڕەکە هات . کوڕەکەی ئازاد هات .

ن. گ . بکەر ن . ت . دیارخەری بکەر

وەك: کوڕەکە دەرچوو . کوڕەکەی ئەوان دەرچوو.

ن. گ . بکەر ج .س . دیاخەری بکەر

### ٤/٣-٢) دیارخەری نیهاد:

جۆرێکی تر لە دیارخەر بریتییە لە دیارخەری نیهاد، نیهادیش دەتوانرێت بە هۆی چەند بەشەئاخاوتنێکەوە دەربخرێت کە زۆربەی کات بۆ ئەم ئەرکە پێویستی بە مۆرفیمی خستنەسەری (ی، ە) دەبێت .

وەك: خوێندکارەکە زیرەکە . خوێندکارە ژیرەکە زیرەکە .

ن. گ . نیهاد م.دانەپاڵ نا.چ دیارخەری نیهاد

وەك:    كچەكە زیرەك بوو.                    كچەكەی نازەنین زیرەک بوو .
ن. گ . نیهاد                                   م.دانەپاڵ   ن . ت .دیارخەری نیهاد

وەك:    كورەكە زیرەك بوو .                   كوڕەكەی ئێوە زیرەک بوو.
ن. گ . نیهاد                                   ج . س. دیارخەری نیهاد

## ٣/٤-٣) دیارخەری بەركار:

یەكێك لە ئەركە سەرەكییەكانی ڕستەی كردار تێپەڕ بەركارە، بەركاریش بە هۆی بەشەئاخاوتنی ترەوە دەتوانرێت دەربخرێت، كە پێی دەگوترێت دیارخەری بەركار، واتە جۆرێك لە جۆرەكانی دیارخەر بریتییە لە دیارخەری بەركار.

وەك: ئەوان گۆڤارێكیان كڕی .            ئەوان گۆڤارێکی باشیان کڕی .
ن. گ .بەركار                                   م.دانەپاڵ   نا.چ . دیارخەری بەركار

وەك: تۆ كتێبخانەت بینیوە ؟                تۆ كتێبخانەی شارت بینیوە ؟
ن. گ .بەركار                                   م .دانەپاڵ   ن.گ . دیارخەری بەركار

وەك: دارا كوڕەكە دەناسێت .                 دارا كوڕەكەی ئەوان دەناسێت .
ن. گ .بەركار                                   م.دانەپاڵ   ج.س. دیارخەری بەركار

وەك: ئارام كتێبێكی وەرگرت .                ئارام كتێبێكی خوێندنەوەی وەرگرت .
ن. گ .بەركار                                   م.دانەپاڵ   ک .ن. دیارخەری بەركار

## ٣/٤-٤) دیارخەری بەركاری ناڕاستەوخۆ:

دیارخەری بەركاری ناڕاستەوخۆ جۆرێكە لە جۆرەكانی دیارخەر كە بەیارمەتی مۆرفیمی دانەپاڵ (ی، ە) بەركاری ناڕاستەوخۆ دەردەخات.

وەك:    ڕۆژنامەكانم لە سارا وەرگرت .
ن.ت .بەركاری ناڕاستەوخۆ

وەك: ڕۆژنامەکانم لە سارای ژێر وەرگرت .

م.دانەپاڵ نا. چ . دیارخەری بەرکاری ناڕاستەوخۆ

وەك: گۆڤارەکەم لە کتێبخانە وەرگرت .

ن.گ .بەرکاری ناڕاستەوخۆ

وەك: گۆڤارەکەم لە کتێبخانەی گشتی وەرگرت .

م.دانەپاڵ ن. گ. دیارخەری بەرکاری ناڕاستەوخۆ

وەك: جلەکانی لە مۆڵەکە کڕی

ن.گ. بەرکاری ناڕاستەوخۆ

وەك: جلەکانی لەمۆڵەکەی ئێوە کڕی .

م.دانەپاڵ ج.س.دیارخەری بەرکاری ناڕاستەوخۆ

## ٣/٤-٥) دیارخەری تەواوکەرە ئاوەڵکرداریەکان:

تەواوکەرە ئاوەڵکرداربیەکانیش وەك هەر بەشێکی تری کەرەستەکانی ڕستە دەتوانرێت دەربخرێن بە یارمەتی مۆرفیمی دانەپاڵ(ی، ە) ئەو بەشەئاخاوتنەی کە ئەم ئەرکە دەبینێت پێی دەگوترێت دیارخەری (تەواوکەرە ئاوەڵکرداریەکان )[١] .

وەك: منداڵەکە لەناوبێشکەکەدا خەوت .

نک .ش. تەواوکەری کردار

وەك: منداڵەکە لەناولانکە جوانەکەدا خەوت .

م . دانەپاڵ نا .چ . دیارخەری تەواوکەرە ئاوەڵکرداریەکان

وەك: منداڵەکە لەناوبێشکەکەی ئێوەدا خەوت .

م . دانەپاڵ ج . س. دیارخەری تەواوکەرە ئاوەڵکرداریەکان

---

(١) لەڕاستیدا ئاوەڵکردارەکان بەشێکی زۆریان بەهۆی بەشەکانی تری ئاخاوتنەوە پێکدێن وەك (ئاو،ئاوەڵئاو...) واتە ئاوەڵکردارە ڕەسەنەکان کەمن .

### ٣/٤-٦) دیارخەری تەواوکەری کرداری ناتەواو:

جۆرێکی تر لە دیـارخەر بریتییە لە دیـارخەری تەواوکەری کرداری نـاتەواو، تەواوکەری کرداری نـاتەواو کەرەســـتەیەکی بەخورتییە، بەڵام مەرج نییە دیـارخەرەکەی بەخورتی بێت، چونکە لابردنی دیارخەرەکە نابێتە هۆی دروست بوونی ڕستەی ناڕێزمانی .

- ئاوەڵناو لە ئەرکی دیارخەری تەواوکەری کرداری ناتەواو:

وەك: لارا خوێندکارێکی زیرەك بوو .

**م.دانەپاڵ ئا.چ. دیارخەری تەواوکەری کرداری ناتەواو**

- ناو لە ئەرکی دیارخەری تەواوکەری کرداری ناتەواودا:


وەك: ئەو زیرەکی پۆل بوو .

**م.دانەپاڵ ن.گ .دیارخەری تەواوکەری کرداری ناتەواو**

### ٣/٤-٧) دیارخەری دیارخەر:

جۆرێك لە جۆرەکـانی دیـارخەر بریتییە لە دیـارخەری دیـارخەر، هەرگیز نـاتوانرێت ســـنور بۆ دیارخەری دیارخەردابنرێت، چونکە دەشـێ بێ سـنور فرێز فراوان بکرێت، ئەگەرچی ژیانی کارەکی ڕۆژانە پێویســـتی بەم جۆرە ڕســـتانە نییە، کە فرێزەکان یەکجار زۆر فراوان بکرێن، بەڵام لەڕووی زانســـتیشـــەوە هیچ ڕێگریەك نییە بۆ فراوانکردنی فرێزەکان هەرکات چەند دیارخەرێك بەدوای یەکدا هـاتن ئەوا هەر دیـارخەرێك ئەرکی وشـــەی پێش خۆی دیـاری دەکات جگە لە یەکەم دیـارخەر واتە هەردیارخەرێك کە دیارخەرێکی تر بەدواد اهات خۆی دەبێ بە دیارخراو، وشەکان کە بەدوای یەکتردا دێن پەیوەندیان لەگەڵ یەکتردا لەسەر بناغەی هەییە (وریا عومەر ئەمین: ٢٠٠٩: ١٤٢ ).

وەك: من هاوڕێی خوشکی مامۆستاکەی ئێوە دەناسم .



لەم ڕستەیەدا (خوشك) ناوی (هاوڕێ ) ی دەرخستووە، لەهەمان کاتدا خۆشی دیارخراوە بە وشەی (مامۆستا) واتە لەیەک کاتدا هەم دیارخەرە، هەم دیار خراوە، بە هەمان شێوە وشەی (مامۆستا) دیارخەری ناوی (خوشك)ە، لە هەمانکاتدا خۆشی بەهۆی جێناوێکی کەسی سەربەخۆوە کە (ئێوە)یە، دیارخراوە کە واتە چەند ئارەزوو بکەین دەتوانین دیارخەری دیارخەر لە ڕستەدا بێ سنور زیاد بکەین.

## ٥/٣) پەیوەندی نێوان فرێز و ڕستە:

فرێزەکان کەرەستەی پێکهاتنی ڕستەن، واتە ڕستەکان دروستبوون و پێکهاتنیان بە هۆی فرێزەکانەوەیە، هەریەکە لە فرێزەکان بە پێی چۆنیەتی و شوێنی هاتنی ئەرکێکی دیاریکراوی خۆی هەیە، کاتێك فرێزەکان هەریەکەیان بە ئەرکی خۆیان هەڵدەستن بە هەموویان ڕستە پێکدەهێنن، بێ بوونی فرێز ڕستە پێکنایەت و هیچ بوونێکی ڕێزمانی و واتایی نابێت، فرێزەکانیش لە ناوخۆیاندا پەیوەندیان بە یەکتریەوە هەیە، هەندێکجاریش فرێزێك حوکم دەکات بە سەر فرێزێکی تردا بۆ ئەوەی ڕستەیەکی ڕێزمان دروستی واتادار بێتە ئاراوە، بۆ نمونە کاتێك فرێزی کرداری (خوارد) لەڕستەدا هەبێت ئەوا ئەم فرێزە دوو ڕۆڵی بابەتیانە دەگێڕێت:

١- دەبێت بکەرەکەی زیندوو بێت (مرۆڤ، ئاژەڵ ) واتە بخۆر بێت.

٢- دەبێت فرێزی بەرکاری لە ڕووی ماددیەوە ڕەق بێت و شیاو بێت بۆ خواردن .

- ______ ، ______ خوارد .
- کاروان سێوەکەی خوارد .

بە شێوەیەکی تریش دەتوانین بڵێین فرێزی کرداری (خوارد ) پێویستی بە دوو فرێزی تر هەیە، بۆ ئەوەی ڕستەیەکی ڕێزمانی و واتایی بەرهەم بهێنێت، هەموو فرێزەکان وەك یەك حوکم ناکەن بە تایبەت فرێزی ناوی بۆ نمونە ئەگەر فرێزی ناوی زیندوو بێت مەرج نیە داوای دووفرێزی تر بکات لە دوای خۆی، ئەو کات بە ئارەزوو دەتوانیت چۆنت بوێت ڕستە پێکبهێنیت.

وەك: ئاریان ______ .

وەك: ئاریان هات.

وەك: ئاریان ________ ، ________ .

وەك: ئاریان كتێبەكەی كڕی.

بەم شێوەیە فرێزەكان پەیوەندیان بە ڕستەوە هەیە، دروستی ونادروستی ڕستەكان دیاری دەكەن، ڕستەكان پێكدەهێنن.

## ٦/٣) ڕستە لەڕووی دروستییەوە:

ڕستەكانی زمان لە ڕووی ڕێزمانی و واتاییەوە، یان دروستن، یان نادروستن، بۆئەوەی ڕستە دروست بێت، دەبێت لەڕووی ڕێزمان و واتاییەوە تەواوبێت.

أ - **ڕستەی دروست:** ئەو ڕستەیەیە كە كەرەستەكان لە ناو خۆیاندا لە چوارچێوەی ڕستەدا گونجاون ڕستەی دروست ئەم دوو مەرجەی تێدایە.

(( (ڕێزمانی ڕستە )+(پەسەندی واتا) ))، (ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی : ٢٠١٣: ١٨ ).

وەك: خوێندكارەكە وانەكەی خوێند.

ب- **ڕستەی نادروست:** بەو ڕستەیە دەوترێت كە كەرەستەكان لە ڕستە لە ناوخۆیاندا نەگونجاون. ((ڕێزمان و واتا ئاوێتەی یەكتری دەبن ناتواندرێت لە یەك جیابكرێنەوە بۆ نمونە ڕستەیەكی وەك بەرخەكە وانەكەی نووسی؟ ئەم ڕستەیە لە ڕووی ڕێزمانییەوە پەسەندە ...(بەرخ) (بكەر)ە و (وانە) (بەركار)ە و (نووسی)یش كارە و لە ڕووی ڕێكەوتنی ڕێزمانیش تەواوە ئەوەی ئەم ڕستەیەی ناوێزەكردووە (واتا)یە، جا لەبەرئەوەی ئەم ڕستەیە لە ڕووی واتاییەوە تەواو نییە بە ڕستە ناژمێردرێت))، (عەبدولواحید موشیر دزەیی: ٢٠١٠: ١٣٥). واتا یەكێكە لەو بابەتە گرنگانەی كە ڕۆڵ دەگێڕێت لە دروستی ڕستەكاندا (( نادروستی واتای دەگەڕێتەوە بۆ بەزاندنی ئەو كۆتانەی كە كەرەستەیەكی ڕستە بە سەر كەرەستەیەكی تردا دەیسەپێنی ... كەرەستەكانی ڕستە دووجۆرن ١-هەڵبژێر -٢هەڵبژێراو ، هەڵبژێر (كارە) وهەڵبژێراو(بەشەكانی تری ڕستەیە وەک بكەر، بەركار، ئاوڵگوزارە...))، (ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی : ٢٠١٣: ١٨ ).

## ٧/٣) کەرەستە پێکهێنەرەکانی ڕستە:

بەو کەرەســتانە دەگوترێت  کە ڕســتە پێکدەهێنن، ئەم کەرەســتانەش لە ناوخۆیاندا دەبن بە دوو بەشـەوە، لە پلەی گرنگیدا جیاوازن هەندێکیان بوونیان لە ڕستەدا پێویستە بێ بوونیان ڕستە ناتەواوە، هەندێکیان نەبوونیان گاریگەری نەرێنی لە سەر ڕستە دروست ناکات.

**کەرەستە پێکهێنەرەکانی ڕستە**

کەرەستە سەرەکییەکان (بکەر، کردار، بەرکار، تەواوکەر)

کەرەستە لاوەکییەکان (دیارخەری بەشی بکەر،سەرباری بەشی کردار)

ڕوونکردنەوە و زانیاری زیاتر لەم خشتەیە دایە .

| کەرەستە | کەرەستەی سەرەکی | کەرەستەی لاوەکی |
|---|---|---|
| بەشی بکەر | بکەر، نیهاد | دیارخەر |
| بەشی کرداری تێپنەڕ | کردار | سەربار |
| بەشی کرداری تێپەڕ | بەرکار، کردار | سەربار |
| کاری ناتەواو | تەواوکەر،کردار | سەربار |

## ٣/٧-١) کەرەستە پێکهێنەرە سەرەکییەکان:

کەرەستەی پێکهێنەری سەرەکی ڕستە بوونیان پێویستە و بەخورتین (Obligatory) ئەگەر نەبن ڕستەپێك نایەت ((بەشە سەرەکییەکانی ڕستە کە بریتین لە:١- بکەر ٢- کار ٣- تەواوکەر (بەرکار) کە هەڵکەوتی هەندێ کاردەیسەپێنێ))، (فەرەیدون عەبدول محەمەد:٢٠٠٨: ١٢). کەرەستە سەرەکییەکانی ڕستە، ڕستەی ڕێزمان دروست و واتا ڕاست بەرهەم دەهێنن، بۆیە پێویستە هەریەکەیان لە جێگەی ڕاستی خۆیان دابن ((ئەو ئارگۆمێنتانە دەگرێتەوە، کە بونیان لە دروستەی ڕستەدا بەخورتییە، واتە بوونی ئەم جێکەوتانە چەسپاو ونەگۆڕن و بە پێی یاسا سینتاکسییەکانی زمانەکە ڕیزدەکرێن و دەخرێنە تەك یەك تا ڕستەیەکی ڕێزمان دروست و واتا ڕاست بەرهەمبهێنرێت. ... بە کرتاندنی، یان جێگۆڕکێ کردنی هەریەك لەو جێکەوتانە، یان دەبێتە هۆی ناڕێزمانی بوونی ڕستەکە، یان ناوەرۆك و واتای ڕستەکە دەگۆڕێت))، (ئومێدبەرزان برزۆ: ٢٠١١: ٧٩، ٨٠). بوونی کەرەستەسەرەکییەکان لەڕستەدا مەرجی سەرەکی پێکهاتنی ڕستەیە (( کەرەستە سەرەکیەکان، مەرجە لەڕستەدا هەبن و ناتوانین لایان ببەین واتە بەخورتییە 'Obligatory ''))، (دەروون عبدالرحمان سالْح:٢٠١٢: ١٥٣). واتە دەرکەوتنیان پێویستە لەڕستەدا (( ئەگەر لە ڕۆنانی سەرەوەشدا دەرنەکەون، ئەوە دەبێ لە ڕۆنانی ژێرەوەدا دەرکەون وبوونیان هەبێت ))، (نەریمان عەبدوڵلاخۆشناو: ٢٠١٢: ٥٥). لە زمانی کوردیدا کەرەستە سەرەکیەکان (بەخورتییەکان) کە لەڕستەدا بوونیان پێویستە بەم شێوەیە دێن.

١ - بکەر(Subject): لە ڕستە کردارتێنەپەڕ و تێپەڕەکاندا بکەر کەرەستەی سەرەکی ڕستەیە واتە بەخورتییە.

( بکەر + کرداری تێنەپەڕ) دەشێ کردارەکە ڕابردوو، یان ڕانەبردوو بێت.

وەك: <u>لارا</u> <u>خەوت</u> .

بکەر کرداری تێنەپەڕ

(بکەر+ بەرکار+ کرداری تێپەڕ) کرداری تێپەڕ پێویستی بە بکەر، بەرکاردەبێت.

وەك: <u>نارین</u> <u>گۆڤارەکەی</u> <u>خوێندەوە</u> .

بکەر بەرکار کرداری تێپەڕ

٢- کردار(Verb): ئەو کەرەستە بە خورتییەی ڕستەیە، کە باسێك دەربارەی بکەر دەگەیەنێت. کردار لە ڕووی هێزەوە چەند جۆرێکە (تەواو، ناتەواو) (( جێکەوتەی کردار هەمیشــە بە فرێزێکی کرداری پڕدەکرێتەوە ))، (ئومێد بەرزان برزۆ: ٢٠١١: ٨٧ ). کردار لە ڕووی کەس و ژمارەوە لەگەڵ بکەردا ڕێك دەکەوێت، بکەر لە چ کەس و ژمارەیەك بێت، کرداریش جێناوی لکاوی ســەر بە هەمان کەس و ژمارە وەردەگرێت.

وەك: ئەوان ڕۆیشتن .

کرداری تەواو

وەك: ئێوە مامۆستا بوون .

کرداری ناتەواو

٣-بەرکار(Object): بەرکار یەکێــکــە لـــە کــەرەستە بەخورتییەکان ((ئـــەو کـــەرەســـەیـــە، کە لە ژێـرگـــرێـــی کاری ڕستەدایـە و فـــراوانـی دەکات و کـــاری بـــکـــەرەکـــەی دەکەوێتە ســـەر ))، (خەســرۆئەحمەدخۆشــناو:٢٠٠٨: ٦٣). ئەو کەرەســتە ســەرەکییەی ڕســتەیە، کە لەڕســتەدا ئەرکی تەواوکردنی بەشــی کرداری دەکەوێتە سەر، فرێزی کرداری فراوان دەکات. بەرکار لە ڕستەی کردار تێپەڕدا بەخورتییە و کردارەکە دەیسەپێنێت.

وەك: سارا چیرۆکەکەی خوێندەوە .

بەرکار

٤- تەواوکەر(Complement): تــــــەواوکـــــەر یـــەکـێـــکـــە لـــە کـــەرەســـتـەپـێـــکهێنەرەکانی ڕســـتـــە. (( تـــەواوکـــەرکـــەرەستەی پـێـکـــهـــێـنـانی ڕستەیـە کـــە پـــەیـــوەنـدی بـە کردارەوە هـــەیـــــــە))، (Crystal: 1992: 75). بەو کەرەستانە دەگوترێت کە لەگەڵ کرداردا دێن و ئەرکی تەواوکردن و دروستی ڕستەکە لە ڕووی ڕێزمانی و واتاییەوە دەگرنە ئەستۆ. تەواوکەرەکانیش بە پێی هێزی کردارەکە دەبن بە دوو بەشەوە، تەواوکەری کرداری تەواو، تەواوکەری کرداری ناتەواو.

**أ- تەواوکەری کرداری تەواو:** بەو کەرەستانە دەگوترێت کە ئەرکی تەواوکردنی کرداری ڕستە دەبینن. هەندێك لە کردارەکان تەواوکەر وەك کەرەســتەیەکی بەخورتی لە پێکهاتەی ڕســتەدا داوادەکەن، وەك کردارەکانی (پێدان، زانین، هەڵگەڕان، کەوتن تێگرتن،... ).

وەك:   گۆڤارەكەی بەئێمە دا .

وەك:   ئەومان بە باش زانی .

وەك: گەڵاكان زەرد هەڵگەڕان .

نـاتوانین هیچ یەك لەو تەواوكەرانەی هێڵیـان بە ژێرداهـاتووە لە ڕســـتەكەدا لایـان بەرین، چونكە كەرەسـتەی بەخورتین و جۆری كردارەكان دەی سـەپێنن، ئەگەر لابرێن ڕسـتەكە دەبێتە ڕسـتەیەكی ناڕێزمانی واتا نادروست.

**ب- تەواوكەری كرداری ناتەواو**: مەبەست لە كرداری ناتەواو (بێهێز) ئەوكردارەیە كە بەیارمەتی

كەرەســتەیەكی تر ســیفەتێك، یان هەواڵێك دەداتە پاڵ نیهادەكەی. (( ئەو كەرەســتانەی كە جێكەوتەی تەواوكەری كرداری ناتەواو پڕ دەكەنەوە كەرەستەی سـەرەكی و گرنگن بونیان لە دروستەی ڕستەدا بەخورتین ))، (ئومێدبەرزان برزۆ: ٢٠١١ : ٨٥). فرێزی (ناوی، جێناوی ، ئاوەڵناوی،...) دەتوانن ئەركی تەواوكەری كرداری ناتەواو ببینن، دەبن بە كەرەستەی بەخورتی و ناتوانین لایان ببەین، چونكە بە لابردنیان ڕستەی ناڕێزمانی، واتا نادروست دێتە ئاراوە.

وەك:   زانا ئەندازیار بوو .

**ف . ن . تەواوكەر**

وەك:    ئاریان زیرەك بوو .

**ف . ئاوەڵناوی . تەواوكەر**

## ٢-٧/٣ ) كەرەستە پێكهێنەرە لاوەكییەكان:

ئەوكەرەستانەن كە لەڕستەدا دەشێ دەركەون، دەشێ دەریش نەكەون، بەلابردنیان واتای ڕستە تێك ناچێت، واتە ئەگەر لەڕستەدا لایان بدەین ڕستەكە لە ڕووی ڕێزمانی و واتاییەوە ناشێوێت، ڕۆڵیان فراوانكردنی ڕســتە و زیاتر ڕوونكردنەوەی كەرەســتەكانی ترە ((جێكەوتەی ســـەرباریش بە هۆی فـرێزەكانی ئاوەڵكرداری و پێشناوی و ڕادەوە دەنوێرێ))، (ئومێدبەرزان برزۆ:٢٠١١: ٨٨).

وەك: باخەكەی ئێمە ئاودەدات.

**كەرەستەی لاوەكی (دیارخەر)**

وەك: باخەكە ئاودەدات

لەم ڕستەیەدا دەتوانرێت (ی) خستنە سەرو، (ئێمە) جێناویكەسی سەربەخۆ لە ئەركی دیارخەر لاببەین، وەك كەرەستەی لاوەكی سەیر بكرێن .

وەك: ئەوان بەیانی دەڕۆن .

وەك: ئەوان دەڕۆن .

ئەگەر لە ڕستەكەدا فرێزی ئاوەڵكرداری (بەیانی) لاببەین، ڕستەكە ناڕێزمانی نابێت، چونكە كەرەستەی لاوەكییە.

## ٨/٣) جۆرەكانی ڕستە لە ڕووی پێكهاتنەوە:

ئەولێكۆڵینەوانەی كە دەربارەی ڕستەكراون بەشی زۆریان ڕستەیان دابەشكردووە بۆ دوو بەشی سەرەكی ئەویش ڕستەی سادە، ڕستەی ناسادە، لەگەڵ ئەمەشدا ڕستە سادە و ناسادەكان بۆ چەند جۆرێكی تر دابەشكراون چەند لقێكی تریان لێ بۆتەوە.

### ٨/٣-١) ڕستەی سادە:

بەو ڕستانە دەگوترێت كە تەنها یەك كرداریان تێدایە، لە ڕستەی سادەدا مەرجە یەك كردار هەبێت، ڕستەی سادەش خۆی لەخۆیدا چەند جۆر پێكهاتنی هەیە. (عەبدوڵلا حسێن ڕەسوڵ ) لە (پوختەیەكی وردی ڕستەسازی كوردی) دا سێ جۆر ڕستەی دەستنیشان كردووە كە بریتین لە:

١- ((سادەترین ڕستە: سادەترین ڕستەی كوردی ئەو ڕستەیە، كە لە تاكە وشەیەك پێكهاتبێ. ئەو تاكە وشەیە لە ئاستی وشەسازیدا وشەیە، بەڵام لە ئاستی ڕستەسازیدا دەبێتە ڕستە))، (عەبدوڵلا حسێن ڕەسوڵ: ٢٠٠٦: ٦ ).

مەبەست لەم تاکە وشەیە کردارە کە هەڵگری هەموو پێویستییەکانی ڕستەیە، لە کردارە تێپەڕەکاندا مۆرفیمی جێناوی لکاوی(بکەر و بەرکار) پێویستی ڕستەیە، لە کردارە تێنەپەڕەکانیشدا تەنها مۆرفیمی جێناوی لکاوی(بکەر) پێویستی سەرەکی ڕستەیە.

وەك: کرداری تێپەڕ: ناردمانیت. ئەم ڕستەیە پێکهاتووە لە(نارد. کردار، مان. بکەر، یت. بەرکار)

وەك: کرداری تێنەپەڕ: هاتم . ئەم ڕستەیە پێکهاتووە لە ( هات. کردار، م. بکەر)

کەواتە سادەترین ڕستەی زمانی کوردی پێکهاتووە لە تاکە وشەیەك، کە هەموو پێویستیەکانی ڕستەی تێدایە، بەڵام دەشێ بگوترێت لەلایەن قسەپێکەرانی هەندێك ناوچەی کرمانجی ناوەڕاست بەتایبەت (سلێمانی) تاکە مۆرفیمێك هەڵگری واتای ڕستەیەکە. بۆ نمونە سادەترین ڕستە (دێت.)

لە ناوچەی (سلێمانی) بە مۆرفیمێك دێتە گۆکردن ( ∅ێ∅ ) واتە (ئەو دێت ) ئەمەش لایەنێکی زمانەکە نیشان دەدات کە بەرەو ئاسانی دەڕوات .

٢- ((ڕستەی سادەی ئاسایی: ئەو ڕستانەن کە جگە لە ڕاناوی ڕێکەوتن، بکەر و بەرکارەکانیان بە ئاشکرا، واتە: وەك مۆرفیمی سەربەخۆ و بە بێ هیچ وشەیەکی دیارخەردەردەکەون))، (عەبدوڵڵا حسێن ڕەسوڵ: ٢٠٠٦: ٢١). ڕستەی سادەی ئاسایی بە هۆی ئەوەی ڕستەی سادەیە، ئەویش تەنها یەك کرداری لەگەڵ دایە، لەگەڵ کەرەستە پێویستەکانی ڕستە ((بەو ڕستانە دەوترێ کە تەنیا کارێکیان تێدایە، لە هەمان کاتیشدا ئەم ڕستانە تەنیا کەرەستە سەرەکییەکانی ڕستە دەگرێتەخۆ))، (نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو: ٢٠١٢: ٤١).لە ڕستەی سادەی ئاسایی دا جۆری کردار ڕۆڵ دەگێڕێت لە دەست نیشانکردنی پێویستییەکانی ڕستە، کە بەم شێوەیەیە:

ڕستەی کردار تێپەڕ : (بکەر+بەرکار+ کردار) ئەوان ئێوەیان نارد .

ڕستەی کردار تێنەپەڕ : (بکەر+کردار) ئاریان نووست .

ڕستەی کردار ناتەواو : (نیهاد+گوزارە) سارا زیرەکە .

٣- ڕستەی سادەی فراوانکراو: بەو ڕستەیە دەگوترێت کە جگە لە کەرەستە سەرەکییەکانی ڕستە کەرەستەی لاوەکیش بەشداری پێکهاتنی ئەم جۆرەڕستەیە دەکات. واتە فراوانکردن بە ئارەزووە هەر چەند بتەوێت دەتوانیت ڕستەکە بە سەربار و دیارخەرەکان و تەواوکەرەکان فراوان بکەیت. کردارەکە لە هەرجۆر و کاتێکدا بێت دەتوانرێت ڕستەکە فراوان بکەین. فراونکردنەکەش، یان لە فرێزی ناویدا دەکریت، یان لە فرێزی کرداریدا، لە یەك کاتدا دەتوانین فراونکردنەکە لە هەر دوو فرێزەکەدا بکەین .

ڕستەی کردار تێپەڕ: من نازداری هاوڕێی تۆم لە ڤیستڤاڵەکەی دوێنێ ئێوارە بینی .

ڕستەی کردار تێنەپەڕ: هیوای هاوڕێی تۆ ئێستا بەپەلە ڕۆیشت .

ڕستەی کردار ناتەواو: قوتابییەکانی گرووپی ئێوە زۆر زیرەك بوون .

هەموو کەرەستە هێڵ بەژێرداهاتووەکان کەرەستەی زیادکراون و ڕستەکەیان فراوانکردووە .

## ٢-٨/٣) ڕستەی ناسادە:

ئەو ڕستانە دەگرێتەوە کە زیاتر لە کردارێکیان تێدایە. ڕستە ناسادەکان دەکرێن بە دوو بەشەوە (ڕستەی لێکدراو، ڕستەی ئاڵۆز).

## ٢-٨/٣-١) ڕستەی لێکدراو:

ئەو ڕستەیەیە کە لە دوو ڕستە، یان زیاتر پێکدێت، ئامرازەکان ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە ،لە پێکهێنانی ڕستە لێکدراوەکاندا. ((پیشەی ئامرازی لێکدەر لە ڕستەی لێکدراودا تەنێ پێشان دانی پێوەست و پێوەندی نێوان ڕستە لێکدراوەکانە، ئامرازی لێکدەر ناچێتە نێو دارشتنی ڕستەکانەوە))، ( کوردستان موکریانی :١٩٨٦: ٧١). ئامرازەکان دەتوانن جۆری ڕستەکان دیاری بکەن (( لە زمانی کوردیدا کۆمەڵێ ئامرازمان هەیە بۆ پێکهێنانی ڕستەی لێکدراو))، (بەکرعومەرعەلی: ٢٠١٤: ١٦٠). زمانەوانانی کورد چەند جۆرێك ڕستەی لێکدراویان دیاری کردووە:

١- ڕستەی لیکدراوی پەیوەست: ڕاپەڕاندنی ئەم جۆرە کردارانە پەیوەستن بەیەکتریەوە.

وەك: وانەکە بخوێنە و پشوو وەربگرە .

٢- ڕستەی لیکدراوی جیاکەرەوە: لەم جۆرە ڕستە لێکدراوانەدا ئامرازەکان ڕۆڵیان هەیە لە جیاکردنەوەدا:

وەك: ((بانگیان نەکردیت یان خۆت نەهاتیت ))، (بەکرعومەرعەلی : ٢٠١٤: ٨٢).

٣- ڕستەی لیکدراوی پێچەوانەیی: ئەم جۆرە ڕستەیە کردارەکانیان پێچەوانەی یەکترین .

وەك: گەشت دەکات بۆ دەرەوە ، بەڵام تۆنابات .

چەند جۆرێکی تریش لە ڕستەی لێکدراو هەیە، کەزمانەوانەکان لێکۆڵینەوەیان لە سەرکردووە.[١]

## ٣/٨-٢-٢) ڕستەی ئاڵۆز:

جۆرێکی ڕستەی ناسادەیە (( ئەو ڕستەیەیە، کە لە ڕستەیەکی سەرەکی و ڕستەیەك، یان چەند ڕستەیەکی شوێن کەوتوو پێکدیت))، (محمد علی الخولی : ١٩٨٢: ٥٠). جگە لەم زاراوەیە زاراوەی (ڕستەی ئاوێتە، ڕستەی تێکەڵ) یش بۆ بەکاردێت. ڕستەی ئاڵۆز لە دوو جۆر ڕستە پێکدێت کە پێیان دەگوترێت (شاڕستە، پاڕستە) دەشێ چەند پاڕستەیەك لە ڕستەی ئاڵۆزدا هەبێت، بەڵام تەنها یەك ڕستەی سەرەکی تێدایە، ڕستە شوێنکەوتووەکان بەندن بە ڕستەی سەرەکی، ڕستەی سەرەکی سەربەخۆیە و واتایەکی تەواوی هەیە. لە ڕستەی ئاڵۆزدا (( ڕستەی سەرەکی بەخورتییە و دەبێ هەبێ، بەڵام ڕستەی شوێنکەوتوو بە ئارەزووە و دەشێ لابرێ، بە بێ ئەوەی ببێتە هۆی دروست بوونی ڕستەی ناڕێزمانی))، (خەسرۆئەحمەدخۆشناو:٢٠٠٨: ١٠٩، ١١٠). لە ڕستەی ئاڵۆزداهاتنی هەر پاڕستەیەك مەبەستێکی لە پشتە ((هەر پاڕستەیەك کەرەسەیەکی ڕستەی سەرەکی ڕوونتر دەکاتەوە و دیاری دەخات، بۆیە سەرجەم پاڕستەکان دیارخەرین))، (عەبدوڵلا حسێن ڕەسوڵ:٢٠٠٦: ٣٦، ٣٧).

وەك: ئەویاریزانەی <u>کە مەدالیای ئاڵتوونی بەدەست هێنا</u>، کورد بوو.

ڕستەی سەرەکی: ئەویاریزانە کورد بوو .

ڕستەی شوێنکەوتوو: ی کە مەدالیای ئاڵتوونی بەدەست هێنا.

---

**(١) (عەبدوڵلا حسین ڕەسوڵ) چوار جۆر ڕستەی لێکدراوی بەپێی جۆری ئامرازە لێکدەرەکان دیاری کردووە کە بریتین لە ڕستەی لێکدراوی(هاوڕێک، پێچەوانە، هەڵبژاردە، نەفی)**

**بۆزانیاری زیاتر بڕوانە: (عەبدوڵلا حسێن ڕەسوڵ: پوختەیەکی وردی ڕستەسازی کوردی ٢٠٠٦: ٣٢،٣٣،٣٤)**

وەك: کە سارا هات، بەناز ڕۆیشتبوو .

ڕستەی سەرەکی : بەناز ڕۆیشتبوو.

ڕستەی شوێنکەوتوو: کە سارا هات.

## ٣/٨-٢-٢-١) تایبەتمەندییەکانی ڕستەی ئاڵۆز:

ڕستەی ئاڵۆز چەند تایبەتمەندییەکی هەیە، کە دەتوانرێت بەم تایبەتییانە لە ڕستەی لێکدراوی جیابکەیتەوە.

١- (( لە تایبەتییە هەرە گرنگەکانی ڕستەی ئاڵۆز ئەوەیە کە ئەتوانین هەر دوو ڕستەکە واتە ڕستەی سەرەکی و ڕستەی شوێن کەوتوو بە ئامرازەکەوە جێگۆرکێ پێبکەین))، (بەکرعومەرعەلی : ٢٠١٤: ١٦٦). واتە دەتوانین ڕستەی سەرەکی و ڕستەی شوێنکەوتوو لە شوێن یەکتری بێن و جێگەکەیان ئاڵوگۆڕ بکەین.

وەك: باخەوانەکە باخی ئاو دەدا، کە تۆ هاتیت .

ڕستەی سەرەکی ڕستەی شوێنکەوتوو

وەك: کەتۆهاتیت ، باخەوانەکە باخی ئاودەدا .

ڕستەی شوێنکەوتوو ڕستەی سەرەکی

٢- تاییبەتمەندییەکی دیکەی ڕستەی ئاڵۆز ئەوەیە کە چەند ئامرازێك بەشداری پێکهێنانی دەکەن کە پەیوەندیان بە ڕستەی سەرەکیەوە نییە.

٣- یەکێکی تر لە تایبەتییەکانی ڕستەی ئاڵۆز ئەوەیە کە ئامرازی لێکدەر لەگەڵ ڕستەی شوێن کەوتوودا دێت. (( ئامرازەلێکدەرەکەش لەڕستەدا دەچێتە پاڵ پاڕستەکەوە))، (نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو:٢٠١٢: ٤٥)

وەك: کەرکوك کە ئەمرۆ کێشەی لەسەرە، شارێکی کوردستانە .

ڕستەی سەرەکی: کەرکوک شارێکی کوردستانە. ڕستەی شوێنکەوتوو: کەئەمرۆ کێشەی لەسەرە .

## ٣/٨-٢-٢-٢) فرەئەرکی لەڕستەی ئاڵۆزدا:

بە هۆی ئەوەی کە سەرجەمی ڕستەکان لە بەشی بکەر و کردار پێکهاتوون بۆیە ڕستە شوێن کەوتووەکان (پاڕستەکان) فرەئەرکن یان بەشی ناو دەردەخەن یان بەشی کردار، واتە ڕستە شوێن کەوتووەکان دەرخەری بەشی ناو، یان کرداری ڕستە سەرەکیەکەی ڕستەی ئاڵۆزن .

**یەکەم:** (( پاڕستەی دیارخەری ناو: ئەو جۆرە ڕستە لاوەکیانە دەگرێتەوە، کە ناوێك لە ناوەکانی ڕستەی سەرەکی (شاڕستە) پتر ڕوون دەکەنەوە و دیاری دەخەن))، (عەبدوڵلاحسێن ڕەسوڵ: ٢٠٠٦ : ٣٧). بەوپێیەی کە ناو لەڕستەدا فرەئەرکە و چەندین ئەرکی جیاواز دەبینێت لەڕستەدا بۆیە بە پێی گرنگی ئەرکی ناو لەڕستەدا پاڕستەکانیش فرەئەرکن بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- ئەرکی دیارخەری بکەر: یەکێك لە ئەرکەکانی پاڕستە دیارخستنی بکەری ڕستەی سەرکییە لە ڕستەی ئاڵۆزدا، واتە دیارخستنی لایەنێکی بکەری شاڕستەیە.

وەك: مامۆستاکە، کە ئێستا لە ئەوروپایە، پێشتر لە کوردستان دەژیا .

ف .ن بکەرە پاڕستە، دیارخەری بکەر

٢- ئەرکی دیارخەری بەرکار: ئەرکێکی تر لە ئەرکەکانی پاڕستە دەرخستنی لایەنێکی بەرکاری ڕستەی سەرەکیە (شاڕستە)یە، (عەبدوڵلاحسێن ڕەسوڵ: ٢٠٠٦ :٣٧).

وەك: ڕژێم کەرکوکی بەعەرەب کرد، کە شارێکی کوردستانە .

ف،ن بەرکار پاڕستە دیارخەری بەرکار

٣- دیارخەری بەرکاری ناڕاستەوخۆ: ئەرکی پاڕستە دیارخستنی ناوی بەرکاری ناڕاستەوخۆی شاڕستەکەیە. واتە لایەنێکی بەرکاری ناڕاستەوخۆ دەردەخات (نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو: ٢٠١٢: ٤٧) .

وەك: ئاری بە ئۆتومبێلەکەی کە دوێنێ کڕیبووی، هات.

ب . ناڕاستەوخۆ پاڕستە دیارخەری ب . ناڕاستەوخۆ

٤- دیارخەری نیهاد : لەو ڕستە ئاڵۆزانەی کە کرداری ڕستەکانیان ناتەواوە، پاڕستە دەشێت ئەرکی دیارخەری نیهادی شاڕستە ببینێت:

وەك: سلێمانی کە پایتەختی ڕۆشنبیریە ، شارێکی جوانە .

**ف.ن نیهاد پاڕستە دیارخەری نیهاد**

**دووەم:** پاڕستەی دیارخەری کردار:(( ئەو جۆرە ڕستە لاوەکیانە دەگرێتەوە، کە کاری ڕستەی سەرەکی(شاڕستە) پتر ڕووندەکەنەوە و دیاری دەخەن))، (عەبدوڵڵا حسێن ڕەسوڵ: ٢٠٠٦ :٤٠). زمانەوانەکان چەند جۆرێك لە ڕستەی شوێن کەوتوویان دیارکردووە، لەگەڵ تەواوی ئەو ئامرازانە و ئەو کردارانەی کە لەگەڵ ئەم جۆرە ڕستانەدا دەردەکەون.

١- شوێن کەوتووی کات (دیارخەری کات): یەکێك لە ئەرکەکانی ڕستەی شوێن کەوتوو ڕوونکردنەوەی کاتی ڕوودانی کاری ڕستەی سەرەکیە هەر بۆیە بە ڕستەی شوێن کەوتووی کاتی ناسراوە (( کاتی ڕوودانی کاری پاڕستە زانراوە و بە هۆی ئەوەوە کاتی ڕوودانی کاری شاڕستەش دەزانرێ))، (عەبدوڵڵا حسێن ڕەسوڵ: ٢٠٠٦ :٤١).

وەك: کە تۆ هاتیت ، ئەوان خەوتبوون .

**ڕ. شوێن کەوتوویی کات**

دەربارەی کرداری ئەم جۆرە ڕستە ئاڵۆزانە زمانەوان (بەکر عومەر عەلی) زۆر بەوردی باسی لێوەکردووە کە بەشی هەرەزۆری کردارەکان بە کاتە جیاوازەکانیانەوە، (ڕانەبردوو، داخوازی ،دانانی، ڕابردووی سادە تەواو بەردەوام دوور ...) لە ڕستەی ئاڵۆزدا بەکاردێن و گونجانیان لەبارە (بەکرعومەرعەلی: ٢٠١٤: ١٦٥).

٢- شوێن کەوتووی هۆیی: ئەرکێکی تری ڕستەی شوێن کەوتوو نیشان دانی هۆی ڕوودانی کاری ڕستەی سەرەکییە، ئەم جۆرە ڕستە شوێن کەوتووانە بەڕستەی شوێنکەوتووی هۆیی ناسراون. ئامرازەکانی (چونکە، لەبەرئەوەی، بەهۆی ئەوەی...) لەم جۆرە ڕستانەدا بەکاردێن.

وەك: یاری لەگەڵ ناکەم، چونکە زوو تورە دەبێت .

**ڕ. شوێن کەوتووی هۆی**

٣- شـوێن کەوتووی ئەنجام: ڕسـتەی شـوێن کەوتووی ئەنجام، ئەرکی دەرخسـتنی ئەنجامی کرداری ڕسـتەی سـەرەکی دەبینێت. ((ئەنجامی ڕوودانی کاری شـاڕسـتە دەردەخەن و بەزۆری ئامرازە لێکدەرەکانی (بۆیە، لەبەرئەوە) تیایاندا بەکاردێن ))، (عەبدوڵڵا حسێن ڕەسوڵ: ٢٠٠٦ :٤١).جگە لەم ئامرازانە( ئامرازەکانی (بۆیە، تومەز)، (بۆیە، چونکە) لە ڕستەی ئاڵۆزدا زۆربەی کات بەیەکەوەدێن.

وەك: بۆیە نەخۆش کەوتووە، تومەز زۆر هەڵپەریوە .

ڕستەی شوێنکەوتووی ئەنجام

وەك: بناغەکەی بێ هێزبوو، بۆیە ڕووخا . (بەکرعومەرعەلی :٢٠١٤: ٨٦، ١٦٩ ).

ڕستەی شوێنکەوتووی ئەنجام

٤- شـوێن کەوتووی ئامانج: بەو ڕسـە شـوێن کەوتووانە دەگوترێت، کە ئەرکیان دەرخسـتنی ئامانجی ڕوودانی کاری ڕستەی سەرەکیە ((ئـامـانـجـی ڕوودانـی کـاری شـاڕسـتـە دەردەخـەن و بـە زۆری ئـامـرازەلـێـکـدەرەکـانی (بـۆئـەوەی، تـا، هـەتـا...) تـیـایـانـدابـەکـاردێـن.))، (عەبدوڵڵا حسێن ڕەسوڵ: ٢٠٠٦ :٤٢) .

وەك: ئاریان تێدەکۆشێت، هەتا لەخوێندن دەربچێت .

ڕ . شوێن کەوتووی ئامانج

٥ - شوێن کەوتووی پێوانە: یەکێکی تر لە ئەرکەکانی ڕستەی شوێن کەوتوو دەرخستنی ڕادە و بڕ و پێوانەی کرداری ڕسـتەی سـەرکییە، ئامرازە لێکدەرەکانی (کە، تا، تاکو...) بەشـداری پێکهێنانی ئەم جۆر ڕستەیە دەکەن. (( لە شاڕستەدا دیارخەرێکی پێوانە نادیاری وەك (بـەڕادەیەك، هێندە، ئەوەندە...) لە پێش ئاوەڵناوی شـاڕستەکە هاتووە و ئەرکی پاڕستە دەرخستن و سنوور دارکردنی ئەو دیارخەرەیە، هەر ئەم دیارخەرانە دەبنە خاڵی سـەرەکی جیاکردنەوەی پاڕسـتەی دیارخەری پێوانە لە پاڕسـتەی دیارخەری ئامانج))، (عەبدوڵڵا حسێن ڕەسوڵ:٤٢:٢٠٠٦).

وەك: دارا ئەوەندە زیرەکە، کەهەر باس ناکرێت .

ڕ . شوێن کەوتووی ڕادە

ڕســـتەی شـــوێن کەوتووی ڕادە دەتوانرێت بەبێ ئـامرازیش ئەرکی خۆی بینێت، بەبێ ئەوەی کارلە لایەنی ڕێزمـانی و واتـایی ڕســـتە بکـات، بەڵام ئەوەی گرنگە دیـارخەری ڕادەی نـادیاری ڕســـتەی سەرەکیەکە دەبێت لەڕستەدا هەبێت.

وەك: ((ئەوەندە بەفر باریوە، دنیای داپۆشیوە))، (بەکرعومەرعەلی :٢٠١٤: ١٧٠).

٦- شووێنکەوتووی مەرج: بەو ڕستەشوێن کەوتووانە دەگوترێت کە مەرجی ڕوودانی کاری ڕستەی سەرەکی دەردەخەن، چەند ئامرازێك لەم جۆرەڕستانەدا ئەرك دەبینن. (ئەگەر، مەگەر، ئەگینا) .

وەك: ئەگەر ئەو بڕیاری خۆی گۆڕی، منیش لەگەڵتان دێم.

ڕ. شوێن کەوتووی مەرج

(( دەمێکە کڕیوومە ئەگینا ئێستا دەست ناکەوێ))، (بەکرعومەرعەلی : ٢٠١٤: ١٦٨).

٧- شـوێن کەوتووی مەبەسـت: ئەرکی ڕسـتەی شـوێن کەوتوو دیاری کردن و ئاشـکراکردنی نیازو مەبەستی کرداری ڕستەی سەرەکیە، ئامرازەکانی (بەڵکو، بەشکو ...) بەکاردێن .

وەك: ئەو بۆلای تۆ هات، بەشکو یارمەتیەکی بدەیت .

دەشێ لەم جۆرە ڕستانەدا ئامرازی (کە) بەکاربهێنین .

وەك: ئاکام ڕووی لە تۆ نا، کە یارمەتییەکی بدەیت .

شارستە پارستە

٨- ڕسـتەی شـوێن کەوتووی ئاگادار کردنەوە: ئەم جۆرە ڕسـتەیە تەنها لە کارە زمانەوانیەکانی (بەکر عومەرعەلی ) خراوەتە بەر تیشــکی لێکۆڵینەوە، نووســەر زۆر بەوردی باســی ئەم جۆرە ڕســتەیەی کردووە لەگەڵ ئەم کردار و ئەو ئـامرازانەی کە لەگەڵی بەکـاردێن هۆی نـاونـانیشـــی ڕوونکردۆتەوە کەپشــت بە واتا دەبەســترێت (( ئامرازەکانی (نەوەك، نەوەکو، با) چالاکانە ڕســتەی شــوێنکەوتووی ئاگادارکردنەوە دەگەیەنن بە ڕستەی سەرەکی))، (بەکرعومەرعەلی : ٢٠١٤:٩٠).جگە لەو ئامرازانە ئامرازێکی تریشمان هەیە، کە لە ئەرکی ئاگادارکردنەوەدا زۆر چالاکە ئەویش ئامرازی (نەبادا) دەشێ بڵێین ئامرازێکی ناسادەیە، ئەرکی ئاگادار کردنەوە دەبینێت.

وەك: مەڕۆنە سەردارەكە، با بەرنەبنەوە .

ڕ. سەرەكی ڕ. شوێن كەوتووی ئاگاداركردنەوە

وەك: بخوێنە، نەبادا دەرنەچیت .

ڕ. سەرەكی ڕ. شوێن كەوتووی ئاگاداركردنەوە

وەك: میوەكە مەخۆ، نەوەكو نەشۆرابێتەوە . (بەكر عومەر عەلی: ٢٠١٤: ٩٠).

ڕ. سەرەكی ڕ. شوێن كەوتووی ئاگاداركردنەوە

٩- ڕستەی شوێن كەوتووی سكاڵا: جۆرێكی ڕستەی شوێن كەوتووە، ئەم جۆرە ڕستەیە زیاتر بە هۆی ئامرازەكە و جۆری كردارەكە لە ڕووی كاتەوە لە ڕستەی شوێن كەوتووی ئاگاداركردنەوە جیادەكرێتەوە، ئامرازی سەرەكی ڕستەی شوێن كەوتووی سكاڵا (نەبادا، نەبا)یە. كە دەتوانرێت لە جیاتی یەكتر بەكار بهێنرێن. كرداری ڕابردووی دانانی لەم جۆرە ڕستەیەدا بەكاردێت.

وەك: بمردبایت باشتربوو، نەبادا ئەم كارەت كردبا .


ڕ. سەرەكی ڕ. شوێن كەوتووی سكاڵا

## ٩/٣) كەرەستەی قرتاو و كاریگەری لەسەرلایەنی ڕیزمانی ڕستە:

ئەوكەرەستانەی كە توانای لاچوونیان هەیە، بە پێی جۆری ڕستەكان لە ڕووی پێكهاتنیانەوە و ئەو فرێزانەی كە ڕستە پێكدەهێنن دەگۆڕێن.

## ٩/٣-١) قرتاندن لە ڕستەی سادەدا:

لە ڕستەی سادەدا دەشێت ئەم كەرەستانە لابدرێن (بەركاری ناڕاستەوخۆ، سەربارەكان، ئامرازەكان، دیارخەرەكان).




ئەو ڕستەیەی سەرەوە دەتوانرێت هەموو کەرستە لاوەکیەکانی لاببەین، بەم شێوەیەی لێبکەین.

وەك: ئێوە ناوتان تۆمارکرد .

بکەر بەرکار کردار

کەرستە لاوەکییەکان بریتین لە:

ی: مۆرفیمی خستنەسەر

تێکۆشەر: ئاوەڵناو، دیارخەر

ئەمڕۆ: ئاوەڵکرداری کات، سەبار

لەمێژوودا: تەواو کەری بەیاریدە

ی : مۆرفیمی خستنەسەر

خۆ: جێناوی خۆیی دیارخەر

لەم ڕستەدا دەتوانین هەر بە ئارەزوو (دیارخراو، دیارخەر) لابەرین، بەڵام بەجیا و هەرجارە و یەکێکیان لەڕستەدا لاببرێت (( ئەگەر فرێزێکمان هەبێت لە (دەرخراو، دەرخەرێك) پێکهاتبێ، ئەگەر (دەرخەر)ەکە ناوێکی ناسراو بوو ئەوا پێویست بە (دەرخراو) ناکات و لادەبرێت ،چونکە دەرخەرەکە شوێنی دەگرێتەوە و ڕۆڵەکەی دەگێڕێ. ئەو فرێزە ڕەنگە لە جێگای (بکەر، بەرکار، تەواوکەری بەیاریدە ...) بێت ))، (دەروون عبدالرحمان ساڵح :٢٠١٢: ١٧٦).

(بناری قەندیل = قەندیل ) دیارخراو+دیارخەر= دیارخەر
وەك: ئاهەنگی نەورۆز  لە بناری قەندیل سازکرا .
دیارخراو                    دیارخراو

لەم ڕستەیەی سەرەوەدا لە بەرئەوەی هەر دوو دیارخەرەکە ناوی تایبەتن یان بەواتایەکی تر هەر دوو ناوی (نەورۆز، قەندیل) ناسراون بۆیە دەتوانن لە جێگەی دیارخراوەکاندا ڕۆڵبگێڕن.
وەك: نەورۆز  لە قەندیل  سازکرا .
لەبەرئەوەی ئەمانە خۆیان لەبنەڕەتدا کەرەستەی لاوەکین بۆیە هیچ کات کاریگەری تێکچوون لە سەرلایەنی ڕێزمانی ڕستە دروست ناکەن، بە واتایەکی تر بە لاچوونیان ڕستە لە ڕێزمان ناکەوێت، ناپەسەندی ڕێزمانی دروست نابێت .

## ٢-٩/٣) قرتاندن لە ڕستەی سادە:

لە ڕستە ناسادەکاندا دەتوانین ئەم کەرەستانە لابدەین (( بە پێی ئەرکی کەرەسە لەڕستەدا ئەم پۆلە کەرەسانە لەکوردیدا فرێدەدرێن لەکاتێکدا کە دووبارە یان هاوبەش بن لە دوو ڕستەی بەستراودا واتە لە کەڵەڕستەیەکدا، کار، بکەر، بەرکار، ئاوەڵگوزارە))، (بەکرعومەرعەلی: ١٩٩٢: ٥٥ ، ٥٦). زۆربەی کات کەرەستەی دووەم لادەچێت (( بۆ لابردنی کەرەسە لێکچووەکان بە زۆری کەرەسەی دووەم لادەچێت، ئەمەش یاسایەکی بەخورتییە))، (یوسف شەریف سەعید: ٢٠٠٩: ٨٦). تەنها کەرەستە ناوکۆکان دەکرتێن لە ڕستە ناسادەکاندا.
١- لابردنی کردار: لە زمانی کوردیدا کاتێك کردار لادەبەین مۆرفیمی جێناوی لکاوی بکەریش لەگەڵ خۆیدا دەبات، جۆری کردارلە ڕووی تێپەڕ و تینەپەڕییەوە، ڕابردوو، ڕانەبردووە لەم کردەیەشدا بەرپرسی یەکەمە، لە کاتێکدا، کە کردار ڕابردووی تێپەڕە مۆرفیمی جێناوی لکاوی بکەر لەسەر بەرکارە، بەڵام هەر کردار بڕیاردەرە و لەگەڵ خۆیدا لایدەبات.

وەك: ڕابردووی تێنەپەڕ: من ڕۆیشتم و ئەوانیش بەدوامدا Ø
وەك: ڕانەبردووی تێنەپەڕ: من دەڕۆم و ئەوانیش بەدوامدا Ø

وەك: ڕابردووی تێپەڕ : ئێمە گۆڤارمان خوێندەوە  و  ئەوان ڕۆژنامە Ø

وەك: ڕانەبردووی تێپەڕ:   ئێمە گۆڤار دەخوێنینەوە و ئەوان ڕۆژنامە Ø

٢- لابردنی بکەر: بکەر یەکێکە لەو کەرەستانەی کە لە ڕستەی ناسادەدا دەتوانین لایببەین ((بکەر بەنیا ناکرتێ، هەرکاتێ بکەر دووبارە نەکرێتەوە ئـــەوا (کـــار)ی ڕســـــتـــــەکـــەش لـــەگـــەڵـــیـدا فڕێ دەدرێ))، (بەکرعومەرعەلی : ١٩٩٢: ٥٦). بکەری ئەم جۆرە ڕســـتـانە وا پێویســـت دەکات کە کردارەکانیان تێپەڕ بێت، بۆ ئەوەی کە (بکەر، کردار) لابران لە ڕستەکەدا کەرەستەیەکی تر هەبێت واتای ئەوەبدات کە بکەر و کردار کرتاون، ئەم کەرەستەیەش زیاتر بەرکارە.

وەك: گۆڤارەکە بخوێنمەوە  یان ڕۆژنامەکە Ø

٣- لابردنی بەرکار: لەلابردنی بەرکاریشـــدا ئەوەی کە دەســـەڵاتی یەکەمی ڕســـتەی بە دەســـتە و فرمانڕەوایی دەکات، کرداری ڕســـتەکەیە، واپێویســـت دەکات کردار تێپەڕبێت (( بەرکاریش بەتەنیا ناکرتێ بەڵکو هەمیشە دەبێ لەگەڵ (کار) دا پێکەوە بکرتێن))، (بەکرعومەرعەلی : ١٩٩٢: ٥٦).

وەك: شیرین نامەکەی نووسی  یان تۆ  Ø   Ø   ؟

لەبارێکی تردا، کە کرداری هەر دوو ڕستەکە ناوکۆ نەبوو  ناتوانرێت کرداری ڕستەی دووەم لەگەڵ بەرکاردا بکرتێنین.

وەك:  تۆ باسوق دەکڕیت، بەڵام ئەو  Ø  ناکڕێت .

٤- لابردنی بەرکاری ناڕاستەوخۆ: بەلابردنی بەرکاری ناڕاسەو خۆ کردار، بەرکاری ڕاستەو خۆش دەکرتێن. (( دەشـێ بەرکاری ناڕاسـتەوخۆ لەڕسـتەدا لاببەین، بەبێ ئەوەی ببێتە هۆی دروسـت بوونی ڕستەی ناڕێزمانی)).(خەسرۆ ئەحمەد خۆشناو: ٢٠٠٨: ١١٤) بەشی زۆری زمانەوانەکان لە سەرئەم بۆچوونە کۆکن کە بەرکاری ناڕاستەوخۆ لاببرێت ((ئـــــەو ڕســـــتـــــە لـــێـــکـــدراوانـــــەی بـــــەیـــــاریـــــدەی جـــــووتـــەئـــامـــراز ســـازکـــــراون دەشـــــێ بـــــەرکـــــاری نـــاڕاســتـــەوخـــۆلابـــبـــرێـــت.))، (دەروون عبدالرحمان ساڵح :٢٠١٢: ١٧٦).

وەك:    ئێوە ڕۆژنامەکەتان بە سارا دا یان ئەوان Ø   Ø   Ø   ؟

٥- لابردنی ئاوەڵگوزارە: ئاوەڵکردار بە کەرەستەی ناسەرەکی دادەنرێت لەڕستەدا، دەشێ لەڕستەدا زیاد لە ئاوەڵگوزارەیەك هەبێت. ((ئاوەڵگوزارە کەرەسەیەکی ناسەرەکی ڕستەیە و بەسەربار دادەنرێ ،چونکە لابردنی نابێتە هۆی دروستبوونی ڕستەی ناڕێزمانی و بەشێکە لە گرێی کاریی ڕستە وفراوانی دەکات))، (خەسرۆ ئەحمەد خۆشناو: ٢٠٠٨: ٥٨). چەند ئاوەڵگوزارەیەك دەتوانن لەڕستەدا لەیەك کاتدا بەیەکەوە دەربکەون، دەشێت هەموو ئاوەڵگوزارەکان بەیەکەوە لاببەین. (( لابردنی سەرباری کات و شوێن چۆنیەتی لە واتا و نرخی ڕستە کەم سسناکاتەوە))، (فەرەیدون عەبدول محەمەد: ٢٠٠٨: ١٣٠).ئاوەڵگوزارەش وەك هەرکەرەستەیەکی تری لابراو کردار لەگەڵیدا لادەبرێت .((تێبینی ئەوە دەکەین کە ئاوەڵگوزارەکەش هەردەم لەگەڵ (کار)ەکەدا دەکرتێ، هەر بۆیەشە دەڵێین کە (کار) لەگەڵ هەموو کەرەستەکانی تردا لە کرتاندنا بەشدار دەبێ))، (بەکرعومەرعەلی : ١٩٩٢: ٥٧ ). ئاوەڵگوزارەکان لەڕستەدا زیاتر ئەرکی سەربار دەبینن(( یەکێك لەو ئەرکانەی کە فرێزە ئەدڤێربەڵییەکان بەجێی دەهێنن بریتییە لە(سەربار)،))، (دەروون عبدالرحمان ساڵح :٢٠١٢: ١٧٨). سەربار لەڕستەدا (( بە ئارەزوو بە ئاسانی فڕێ دەدرێ، بێ ئەوەی کاربکاتە سەر ڕستەکە لە ڕووی واتاوە))، (ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی : ٢٠١٠: ١٣٠).

وەك: ئێوە دوێنێ بەفڕۆکە هاتن یان ئەوان Ø Ø Ø ؟

هەندێکجار کرتاندن و لابردن بە تاقیکردنەوەیەکی سینتاکسی دادەنرێت بۆ جیاکردنەوەی هەندێك لە کەرەستە پێکهێنەرەکانی ڕستە بە تایبەتی تەواوکەر و سەربار، کە هەردەم ئەم دوو کەرەستەیە جیاکردنەوەیان تاڕادەیەك ئاریشە بووە، (( زمان کەرەسەیەك فڕێنادات کە کاربکاتە سەر توانستی دەربرینەکان، بەڵام بۆ ئاسانی و بۆ کەم سەرفکردنی وزە، دیاردەی لابردن و فڕێدانی کەرەسە ،بە فراوانی لەزماندا دەردەکەوێت و کارێکی ئاساییە و لەهەموو ئاستەکاندا ڕوودەدات))، (بەکرعومەرعەلی: ٢٠١٤: ١٢٩). لە ڕستە سادە و ناسادەکاندا ئەم کەرەستانەی لەڕستەدا لادران هیچ کاریگەری نەرێنی لە سەرلایەنی واتایی و ڕێزمانی ڕستە دروست ناکات، ئەمەش وادەکات لە ڕستەدا هیچ ڕێگریەك نەبێت لە بەردەم فروانکردنی فرێزەکان واتا بە ئارەزوو دەتوانیت هەرچەند بتەوێت ڕستەکان فراوان بکەیت، ئەو کەرەستانەش کە باسکران کە زۆربەی زمانەوانەکان لە سەرلابردنیان کۆکن، بە لابردنیان ڕستەی ناڕێزمانی نایەتە ئاراوە .

## ١٠/٣) گۆڕینی ئەرکی ڕێزمانی بەهۆی جێگۆڕکێی کەرەستەکان:

هەر جێگۆڕکێیەك بە مۆرفیمەکان بکرێت لەڕستەدا ئەوا دەبێتە هۆی گۆڕینی ئەرکی ڕێزمانی کەرەستەکانی ڕستە (( گۆڕان و پاش وپێشکردنی کەرەستە دەبێتە هۆی گۆڕانی واتای ڕستەکە...ئەرکی ڕێزمانیشیان دەگۆڕێت))، (عەبەلواحید موشیردزەیی: ٢٠١٣: ٥٧). ئەم جێگۆڕکێیە تەنها مۆرفیمە ئازادەکان ناگرێتەوە بەڵکو هەندێکجار مۆرفیمە بەندەکانیش دەگریتەوە (( زمانی کوردیش یەکێکە لەو زمانانەی کە بە گۆڕینی شوێنی وشەکان واتای ڕستەکان دەگۆڕێت.))، (دەروون عبدالرحمان سالْح :٢٠١٢: ١٧٦). بە جێگۆڕکێکردنی هەر کەرستەیەکی ناو ڕستە واتا، ئەرك دەگۆڕێت، بۆنمونە لەم دوو ڕستەیەدا:

١- ئاریان لە ئامانجی دا .

٢- ئامانج لە ئاریانی دا .

لەڕستەی یەکەمدا :

ئاریان/ بکەرە

لە / پێشبەندە

ئامانج/ بەرکاری ناڕاستەوخۆ

ی / مۆرفیمی جێناوی لکاو (نیشانەی بکەرە)

دا / کردار، ڕابردووە

لەڕستەی دووەمدا :

ئامانج/ بکەرە

لە / پێشبەندە

ئاریان/ بەرکاری ناڕاستەوخۆ

ی / مۆرفیمی جێناوی لکاو (یشانەی بکەرە)

دا / کردار، ڕابردوو

ڕیزبوونی کەرەستەکانی کاردەکاتە سەرئەرکی ڕێزمانی بە لە شوێندانانی هەر کەرەستەیەك لە شوێنی کەرەستەیەکی ترگۆڕانی ئەرکی دێتەکایەوە، دەشێ هەندێك لەم گۆڕانانە بخرێتە بەرباس.

١- گۆڕانی ئەرکی بکەر بۆ بەرکار:

وەك: شیرین لەفیستفاڵەکەدا مامۆستاکەی خەڵاتکرد .

بەرکار بکەر

هەرجێگۆڕکێ یەك بەو وشە و مۆرفیمانە بکرێت، کە ڕستەکەیان پێکهێناوە ئەرك، واتای ڕستەکە دەگۆڕێت ((ڕیزکردنی وشەکان واتای ڕستەکان دەگۆڕێت))، (ئاواز حەمە صدیق : ١٩٩٦: ٥٣). ئەگەر جارێکی تر ئەم کەرەستانەی کە ڕستەکەیان پێکهێناوە بە شێوەیەکی تر ڕیزبکەینەوە بەم شێوەیەی لێدێت.

وەك: مامۆستاکە لەفیستفاڵەکەدا شیرینی خەڵات کرد .

بەرکار بکەر

٢- گۆڕانی ئەرکی بکەر بۆبەرکاری ناڕاستەوخۆ:

وەك: ئەوان گۆڤارەکەیان لە مامۆستاکە وەرگرت .

بەرکاری ناڕاستەوخۆ بکەر

بە ڕیزکردنەوەی ئەم ڕستەیەی سەرەوە بە هەمان کەرەستە جارێکی تر ئەرکەکان دەگۆڕێن .

وەك: مامۆستاکە گۆڤارەکەی لەئەوان وەرگرت .

بەرکاری ناڕاستەوخۆ بکەر

٣- گۆڕانی ئەرکی بەرکار بۆبەرکاری ناڕاستەوخۆ:

وەك: ئەوان دارایان لەگەڵ ئاریان نارد .

بەرکاری ناڕاستەوخۆ بەرکار

وەك: ئەوان ئاریانیان لەگەڵ دارا نارد .

بەرکاری ناڕاستەوخۆ بەرکار

٤- گۆڕانی ئەرکی نیهاد بۆ تەواوکەری کاری ناتەواو: ئەگەر کاری ناتەواو لەڕستەدا هەبوو دەشێت بە دووبارە ڕیزکردنەوەی مۆرفیمەکان ئەرکەکان بگۆڕدرێن .

وەك: نازدار زۆر جوان بوو .

نیهاد تەواوكەری كاری ناتەواو

وەك: جوان زۆر نازدار بوو.

نیهاد تەواوكەری كاری ناتەواو

## ١١/٣) فرەئەركی ڕستەكان:

زمانەوانەكان چەندین ئەركی جیاوازیان بۆ ڕستە دیاری كردووە، زاراوەی جیاوازیان بۆ بەكارهێناوە وەك:( جۆرەكانی ڕستە، ئەركەكانی زمان، ئەركەكانی ڕستە) لە ناوەرۆكدا یەك ئامانجیان هەبووە ئەویش لێكۆڵینەوە بووە، لە ئەركەكانی ڕستە، ڕستەكانی زمان فرەئەركن چەندین ئەركی جیاواز دەبینن، لەگەڵ ئەوەشدا چەند فرەئەرك بن، بەڵام ناتوانین سنورێك بۆ ئەركەكانی زمان دابنێین (( دیاری كردنی ئەركەكانی زمان ئەوەندە ئاسان نییە كە بتواندرێ دەستی بەسەردا بگیرێ ، چونكە زمان ئەركێكی یەكجار فراوانی هەیە))، (قەیس كاكل توفیق : ١٩٩٥: ٢). یەكێك لە تایبەتییەكانی زمان ئەوەیە، زمان بەردەوام لە گۆڕان و گەشەسەندن دایە، هەركات گۆڕان لە زماندا ڕووی دا ئەوا ئەركی زیاتر بۆ زمان پەیدا دەبێت. واتە فرەئەركی لەزماندا پەیوەندی بەو گۆڕان و گەشەسەندنەوە هەیە كە لە خودی زماندا ڕوودەدات. ڕستەكانی زمان لەڕووی ئەرك و واتاوە فرەئەركن، زۆرجاریش فرەئەركی ڕستەكان پەیوەندیان بە دەوروبەری گوتنەوە هەیە، كە لەم ناوەندەشدا چەندین ئەركی تر دێتە ئاراوە. جیاكردنەوەی ئەركەكان لە یەكتری پەیوەندی بە مانەوە هەیە .

١- ئەو بەشەئاخاوتنانەی كە ڕستەكە پێكدەهێنن .

٢- ڕەچاوكردنی خاڵبەندی لە كۆتایی ڕستەكاندا، بێگومان ئەمەش لە نووسیندا ڕەچاودەكرێت.

٣- ئەو كەرەستانەی كە ڕستەكە پێكدەهێنن، بەتایبەتی هەندێك جۆری كردار.

٤- هێزو ئاواز.

٥- دەوروبەرەكۆمەڵایەتیەكە، ئەمە پەیوەندی بە زانستی پراگماتیكەوە هەیە.

## ٣/١١-١) ئەركی هەواڵ گەیاندن:

بە یەكێك لە ئەركە هەرسەرەكییەكانی زمان دادەنرێت، كە تێیدا هەواڵ، یان زانیاری دەربارەی شتێك دەدات (( ئـــەوڕستـــەیـــەی هـــەواڵ گـــەیـــەنـــە دەبـێـت لـــەهـــەڵـكــەوتدا یان ڕاست یان هەڵە بێت ))، (محمد معروف فتاح : ١٩٨٤: ٢٦ ). واتە ڕســتە لە ئەركی هەواڵ گەیاندندا، هەواڵەكە، یان ڕاســتە یان ناڕاســتە، لە ئەركی هەواڵ گەیاندندا بەلای قســەكەر(هەواڵگەیەن) گرنگ گەیاندنی هەواڵ و زانیاریە، نەك دروســـتی و نادروســـتی، چونكە مەرج نییە هەموو كات هەواڵ دروســـت، یان نادروســـت بێت، هەندێكجار دروســـتە هەندێكجاریش نادروســـتە، ڕســتە لە ئەركی هەواڵگەیاندنیدا چەند جۆرێكە.

## ٣/١١-١-١) جۆرەكانی هەواڵگەیاندن:

١- ڕستەی ئەرێ ئەو ڕستەیەیە كە هەواڵەكە بە ئەرێی دەگەیەنێت.

وەك: منداڵەكە لەبێشكەدا خەوت .

٢- ڕستەی نەرێ ئەو ڕستەیەیە كە هەواڵەكە بەنەرێی دەگەیەنێت.

وەك: كۆترەكە لەسەردارەكە هەڵنەفڕیوە.

## ٣/١١-١-٢) تایبەتمەندیەكانی هەواڵگەیاندن:

١- قسەكەر (هەواڵگەیەن) سەرچاوەی گەیاندنی هەواڵ و زانیارییە.

٢- دەشێ ڕستەی هەواڵی لە ڕووی فۆڕمەوە لە ڕستەیەك زیاتر بێت (( ڕستەی خەبەردان لە ڕووی فۆڕمەوە لەوانەیە سادە یان ناسادە بێت))، (كوردستان موكریانی :١٩٨٦: ٦١).

٣- هەواڵەكە یان دروســـتە یان نادروســـتە.(( ڕاســـتی و ناڕاســـتی تەنها لە ڕســـتەی هەواڵ گەیەنداسەر هەڵدەدات))، (محمد معروف فتاح : ١٩٨٤: ٢٧ ). هەواڵگەیاندن دەربارەی هەندێك بابەتی چەسپاو بە ناڕاستی دەبێتە هۆی دروست بوونی هەواڵێكی ناڕاست.

وەك: هەنگوین تاڵە. لێرەدا هەوڵی گۆڕینی ڕاستیەك دراوە بۆیە هەواڵەكە نادروستە.

٤- یەكێك لە تایبەتییەكانی ڕستەی هەواڵی ئەوەیە زۆر بەكاردێت. (( ڕۆژانە زمان بەشێوەیەكی فراون لەم ئەركەدا بەكاردێت))، (بەكرعومەرعەلی، شـــیركۆ حەمە ئەمین : ٢٠٠٧: ٤٤). هەواڵگەیاندن پانتاییەكی فراوانی داگیركردووە هەم لە قســـەی ڕۆژانەی خەڵكی و هەم لە گۆشـــەی ڕاگەیاندنی تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و ڕۆژنامە و پێگە ئەلكترۆنیەكان .

٥- تایبەتییەكی تری هەواڵگەیاندن ئەوەیە هەواڵەكان فرە جۆرن (كۆمەڵایەتی، ڕامیاری، ئابوری، وەرزشی، زانستی ...هتد ).

٦- هەندێكجارلە ڕستەی هەواڵیدا كەرەستەكانی ڕستە ئاڵوگۆڕ دەكرێن بە بێ ئەوەی هەواڵەكە بشێوێت.

وەك: ئادەم دەچێت بۆ دهۆك.

وەك: ئادەم بۆ دهۆك دەچێت.

بەڵام هەندێكجار هەرجێگۆڕكێیەك بە كەرەستەیەك بكرێت دەبێتە هۆی شێواندنی هەواڵەكە .

وەك: ئاریان ئارامی بینی .

وەك: ئارام ئاریانی بینی .

٧- لە نووسینی ڕستەی هەواڵیدا هێمای خاڵ (.) لە كۆتایی ڕستەكەدا دادەنرێت .

٨- هەواڵ هەندێكجار بۆ مەبەستی چەواشەكاری، ئامانجی تایبەتی، وروژاندنی هەست و سۆز بۆ مەبەستێكی تایبەتی بەكاردێت.

### ٣/١١-٢) ئەركی پرسیاركردن:

لە پلەی گرنگیدا لە دوای هەواڵگەیاندن دێت، كاتێك پرسیاركردن دێتە ئاراوە كە بەرامبەر بابەتێك زانیاریمان لەلا نەبێت، یان لێی بێ ئاگابین و بمانەوێت زانیاری بە دەســـت بێنین (( مەبەســـت لە پرسیاركردن دەست خستنی زانیاری یە))، (محمد معروف فتاح : ١٩٨٤: ٢٧ ). ئەركی پرسیاركردن پێچەوانەی هەواڵگەیاندنە قســـەكەر زانیاری لانییە، ئەوەی ســـەرچاوەی زانیارییە گوێگرە، بە پێی ئەو زانیاریانەی لەلایەتی وەڵام دەداتەوە ((وەڵامی ئەركی پرسیاری بە ئەركی یەكەم (زانیاری و هەواڵدان) دەدرێتەوە.))، (عەبدوڵلاحسێن ڕەسوڵ: ٢٠٠٦: ٤٩).

وەك:  ئێوە ڕۆژانە چەند کاتژمێر کاردەکەن ؟

وەك:  ئێمە ڕۆژانە هەشت کاتژمێر کاردەکەین .

پرسیارکردن پێویستی بە وەڵامدانەوە هەیە، وەڵامدانەوەش چەند جۆرێکە.

ئێوە کەی دەچن بۆ گەشت ؟

١- ئێمە ناچین بۆ گەشت .

٢-. ناچین بۆ گەشت .

٣- ئێمە ناچین .

٤- ناچین .

٥- ئێمە بەیانی دەچین بۆ گەشت .

٦- بەیانی دەچین بۆ گەشت .

٧- بەیانی دەچین .

٨- بەیانی .

## ٣/١١-٢-١) شێوازی پرسیارکردن:

ڕستەی پرسیاری بە چەند ڕێگایەك دەکرێت، کە هەندێکیان بە هۆی فۆڕمی ڕستەوە دەبێت هەندێکیان بە هۆی ئاوازی ڕستەوە دەبێت.

١- پرسیارکردن بەهۆی وشە پرسەکانەوە (( بوونی وشەی پرسیار لە زۆربەی ئەو ڕستە پرسیارانەی لە زمانی کوردیدا هەن کردەی دەست خستنی زانیارییەك پێ بە ئەنجام دەگەیەنرێت))، (ئاڤێستا کەمال مەحمود : ٢٠٠٩: ٥٣). وشە پرسەکان بریتین لە (چۆن، چەند، لەکوێ، کام، کێ، کوا ...هتد)

وەك:   باران چەند  بارى ؟

وەك:  كام قوتابى  بەيەكەم  دەرچوو؟

وەك:   منداڵەكان لەكوێ دەخەون ؟

٢- پرسياركردن بە هۆى هێماى تايبەتى پرسەوە(؟) كە لە كۆتايى ڕستە پرسەكە دادەنرێت.

وەك:  سارا چووبۆ قوتابخانە ؟

٣- پرسياركردن بە هۆى ئاوازى تايبەتى دروست دەبێت كە هەرجارە و هێز لە سەر بەشێكى ڕستە دادەنرێت، ئەم جۆرە ڕستانە لەنووسيندا دەرناكەون بە بێ نيشانەى پرسيار(؟) چوونكە بە ئاخاوتن دەردەبڕێن.

## ٣/١١-٢-٢) تايبەتمەنديەكانى ڕستەى پرسيارى:

١- گوێگر سەرچاوەى زانيارييە، لەوێشەوە دەگوازرێتەوە بۆ قسەكەر.

٢- (( ڕستەى پرسيارى لە سەربنەماى نەزانين دامەزراوە، بۆيە ڕاستى و هەڵەيى تێدانيە ))، (قيس كاكل توفيق: ١٩٩٥: ٢٥).

٣- يەكێك لە تايبەتمەندييەكانى تر ئەوەيە دەبێت وشەى پرس، نيشانەى پرسيار(؟) لە كۆتايى ڕستە دابنرێت.

٤- مەرجى پرسيار ئەوەيە چاوەڕێى وەڵامى هەبێت، ئەگەرنا بە ڕستەى پرسيار دانانرێت، چونكە مەبەستى پرسيار نەبووە، بابەتى هەواڵ پرسينى ڕۆژانە (چۆنى، چاكى ) بە پرسيار دانانرێت، لە پرسياركردندا، زۆربەى زمانەوانەكان پێيان وايە كەلێنى زانياريەكان پڕدەبێتەوە، بەڵام بەڕاى لێكۆڵەر مەرج نييە هەموو كات ئەو پرسيارەى كە دەيكەين وەڵامەكەمان دەست بكەوێت، بە

تەواوەتى كەلێنى زانيارەيەكانمان پڕبێتەوە، چونكە زۆرجار سەرچاوەى زانياريەكە(گوێگرەكە) مەبەست ئەو كەسەى پرسيارەكەى لێ دەكرێت، لەوانەيە وەڵامى تەواوەتى نەداتەوە، ئەمەش پەيوەندى بە چەند هۆكارێكەوە هەيە.

١ - زانیاری تەواوەتی لە سەر بابەتەپرسیارلێکراوەکە لەلا نەبێت.

٢- حەزنەکات وەڵامت بداتەوە.

٣- حەزنەکات زانیاریەکانی خۆی بەکەسی بەرامبەر بدات.

## ٣-١١/٣) ئەرکی فەرماندان:

لە ڕووی گرنگیەوە بە سـێیەم ئەرکی زمان دادەنرێت، ئەو ئەرکەیە کە قسـەکەر داوا لە گوێگر دەکات هەستێ بە ئەنجامدانی، یان ئەنجام نەدانی کارێك (( کەسی قسەکەر چاوەڕێی وەڵامێك (کارێ) لە گوێگر دەکات))، (بەکرعومەرعەلی،شـیرکۆ حەمەئەمین: ٢٠٠٧: ٤٥). واتە هەمیشـە بکەری ئەم جۆرە ڕستەیە کەسی دووەمی تاك، یان دووەمی کۆیە، ئەرکی فەرماندان بەوە لە ئەرکی داخوازی جیا دەکرێتەوە کە هیچ وشـەیەکی ڕێزی تێدانیە، یان لە دەربڕیندا شـێوازێکی فەرماندانییە، ئەمەش زیاتر لە نێوان خاوەن دەسـەڵات و بێ دەسـەڵاتدا دەردەکەوێت . لەم جۆرە ڕسـتەیەدا کرداری ڕسـتە لە ڕووی دارشتنەوە دەبێت لە شێوازی فەرماندان بێت.

**(ب، مە+ڕەگی ڕانەبردووی کردار+جێناوی لکاوی کەسی دووەمی تاك، کۆ(ە،ن) ).**

وەك: هەر ئێستا لێرە بڕۆ .

وەك: بەیانی وانەکە بنووسن .

وەك: ئەم کارە ئەنجام مەدەن .

### ٣/١١-٣-١) تایبەتمەندییەکانی ئەرکی فەرماندان:

١- کەسی یەکەم فەرمان دەکات و داوای جێبەجێکردنی کارێك دەکات جا ئەم کارە بە قسەکردن بێت یان بە کردارەکی بێت.

٢- بکەر هەمیشە کەسی دووەمە.

٢- لە کۆتایی ئەم جۆرە ڕستەیە هێمای (.) دادەنرێت.

### ٣/ ١١-٤) ئەرکی داخوازی:

ئەمەش ئەرکێکی تری زمانە لە ڕووی دارشـــتنی کردارەکەیەوە وەك فەرمـانـدان وایە، واتە یەك دارشتنیان هەیە، بەڵام جیاوازی لەگەڵ فەرماندان ئەوەیە کە وشەی ڕێزی تێدایە وەك (بێزەحمەت، بەیارمەتیت، فەرموو، بەڕێز، جەناب ...هتد)،هەروەها خاڵێکی تریش پەیوەندی بە ئاست و پلە وپایەی کۆمەڵایەتی نێوان قسـەکەر و گوێگرەوە هەیە، لەم جۆرەڕسـتەیەشـدا قسـەکەر کەسـی یەکەمە، بکەر کەسی دووەمی تاك و کۆیە.

وەك: بێزەحمەت پێنووسەکەم بۆ بهێنە.

وەك: فەرموو لێرە دابنیشە.

وەك: بەڕێز دەرگاکە دامەخە.

### ٣/١١-٤-١) تایبەتمەندییەکانی ئەرکی داخوازی:

١- وشەی ڕێزی تێدا بەکاردێت.

٢- قسەکەر کەسی یەکەمە.

٣- بکەر کەسی دووەمی تاك، کۆیە.

٤- لە کۆتاییدا هێمای (.) دادەنرێت.

## ٥-١١/٣) ئەركی هەست دەربڕین (سەرسوڕمان ):

(( یەكێكە لەو ئەركانەی كە بە شێوەی خۆشی، یان ناخۆشی ڕۆژانە دەریدەبڕین))، (بەكرعومەرعەلی، شیركۆ حەمەئەمین : ٢٠٠٧: ٤٤). ئەو هەستە جیاوازانەی كە ڕۆژانە دەری دەبڕین وەك ( ستایش و پێداهەڵدان و زەم و جنێو هەستەخۆش و ناخۆشەكان ) هەمووی دەچێتە ئەم چوارچێوەیە، لە ڕستەی سەرسوڕماندا ئەمانە (ئۆخەی، ئافەرین، بژی، ئاخ ئۆف، وەی ...) بۆ دەربڕینی سەرسوڕمان بەكاردێن.

وەك: ئۆخەی بەیەكەم دەرچویت !

وەك: وەی ئەم كارە وانابێت !

هەندێكجار لەگەڵ سەرسوڕماندا وشەی پرسیش بەكاردێت، وەك (چەند، چۆن ...) بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت كە ڕستەكە ڕستەیەكی پرسبێت بەڵكو ڕستەیەكی سەرسوڕمانە.

وەك: ئای ئەم باخە چەند جوانە !

وەك: ئۆی چۆن یاریەك دەكەن !

لە ڕستەی سەرسوڕماندا هێمای (!) دادەنرێت، سەبارەت بە شوێنی ئەم هێمایە دووبۆچوون هەیە هەندێكیان پێیان وایە لە دوای وشەی سەرسوڕمان ڕاستەوخۆ ئەم هێمایە (!) دادەنرێت، هەندێكیشیان پێیان وایە لە كۆتای ڕستەكە دادەنرێت، بە ڕای لێكۆڵەر واباشترە لە كۆتایی ڕستەكەدا نیشانەكە دابنرێت.

وەك: ئافەرین بەیەكەم دەرچویت !

## ١-٥-١١/٣) تایبەتمەندییەكانی ڕستەی هەست دەربڕین (سەرسوڕما):

١- لە ڕستەی سەرسوڕماندا هێمای سەرسوڕمان (!) هەیە .

وەك: ئافەرین دەرچوویت !

٢- دەشێ وشەی پرس و سەرسوڕمان لە یەك ڕستەدا بۆ مەبەستی سەرسوڕمان هەبێت.

وەك: <u>ئۆی</u> ئەم باڵەخانەیە <u>چەند</u> بەرزە !

٣- دەشێ تەنها هێمای سەرسوڕمان (!) دابنرێت، ڕستەکە ڕستەیەکی سەرسوڕمان بێت.
وەك: منداڵێکی بزێوبوو !
٤- دەشێ بە هۆی وشەی پرس ڕستەی سەرسوڕمان دەرببڕێت.
وەك: ئەم گوڵە بۆنی چەندخۆشە !
٥- لە ڕستەی سەرسوڕمان هەستی خۆشی و ناخۆشی هەیە .
أ- لەهەستی خۆشیدا ((قسەکەر هەستی خۆی بەڕاستی و بەبێ دەستکاری وەك چۆن لە دەروونیدا هەیە دەریدەبڕێت))، (نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو: ٢٠١٢: ٣٨). واتە قسەکەرهەرچی لە ناخیدا هەیە دەری دەبڕێت .
وەك: ئۆخەی ئەمجارەش سەرکەوتین !
ب- لە هەستی ناخۆشیدا ئەو وشانە بە کاردێن کە بۆ دەربڕینی هەستی ناخۆشی دانراون وەك (ئۆف، ئاخ، بەداخەوە) قسەکەر هەستی ناخۆشی خۆی کە بەرامبەر دیاریدەیەك هەیەتی دەردەبڕێت.
وەك: بەداخەوە پێشمەرگە ئازاکە شەهید کرا!

## ٣/١١-٦) ئەرکی هەست ورووژاندن:

ئەرکێکی تری زمانە کە قسەکەر هەستی بەرامبەرەکەی بۆ مەبەستێك دەجوڵێنێت، هەست وروژاندن هەندێکجار بۆ کاری باشە هەندێکجاریش بۆ مەبەستی چەواشەکاری و بێزاری توڕە بوون بە کاردێت، وتارە ئایینی و سیاسییەکان زیاتر بۆ مەبەستی هەست ورووژاندن بە کاردێن . ڕاگەیاندنەکان و پێگە ئەلکترۆنیەکان ڕۆڵی کاریگەر و بەرچاویان هەیە لە ورووژاندنی هەستی بەرامبەر.
وەك: برا لە پشت برابێت مەگەر قەزا لەلای خودابێت. (پەندی پێشینان )
(عەبدوڵڵا حسێن ڕەسوڵ ) دووجۆر هەست وروژاندنی جیاکردۆتەوە کە بریتین لە :
١- هەست وروژاندن بۆ سودی گشتی: مەبەستی قسەکەر بە شێوەیەکی گشتی هاندانە بۆ کردەوەی باش وتارە ئایینی و نیشتیمانیەکان لەم چوارچێوەیە دان .
٢- هەست ورووژاندن بۆسودی تایبەتی: ئەم جۆرە ورووژاندنە بۆ مەبەستی تایبەتی و بەرژەوەندی تاکایەتی و گروپ و لایەنێك بەکاردێت کە قسەکەر بە شێوەی ناڕاستەوخۆ هەوڵ دەدات

هەستی بەرامبەرەکەی بۆ لای خۆی، یان گروپەکەی بوروژێنێت (عەبدڵلا حسێن ڕەسوڵ: ٢٠٠٦: ٥٦، ٥٧). جیاوازی ئەرکی هەست وروژاندن لەگەڵ ئەرکی فەرماندان لەوەدایە کە لە ئەرکی هەست وروژاندندا قسەکەر هەستێك لەگوێگردا دروستدەکات بە ڕاپەڕاندنی کارێك، هەرچی ئەرکی فەرماندانە قسەکەر داوای ئەنجامدانی، یان ئەنجام نەدانی کارێك لە گوێگر دەکات بە بێ هەست ورووژاندن .

## ٣/١١-٦-١) تایبەتمەندییەکانی هەست وروژاندن:

١- قسەکەر بۆ ورووژاندنی هەستی بەرامبەر بەڵێنی زۆر دەدات، بەڵام مەرج نییە جێبەجێی بکات ، یان هەندێکجار پەنا دەباتە بەرهەڕەشە و تۆقاندن.

٢- بڵاوکردنەوەی ئەم ئەرکە زیاتر لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکانەوەیە.

٣- قسەکەر بەشێوەی ناڕاستەوخۆ هەستی بەرامبەر دەورووژێنێت.

## ٣/١١-٧) ئەرکی جێبەجێ کردن(ڕاپەڕاندن):

((لەوگوتنانەدا دەردەکەوی کە خۆیان بریتین لە ڕاپەڕاندنی کارێك، بە واتای ئەوەی لە جیاتی ئەوەی قسەکەر کارێك بە گوێگر ڕاپەڕێنێ خۆی کارەکە ڕادەپەڕێنی و گوتنەکەشی ڕاپەڕاندنی کارەکەیە.))، (محمد معروف فتاح : ١٩٨٤:٣٠). نمونەی ئەم جۆرە کارە لە زمانی کوردیدا زۆر بەرچاو دەکەوێت وەك ناونانی منداڵێک لەلایەن مەلایەکەوە بۆنمونە دەڵێت: ئەم منداڵەمان ناونا (بەختیار ) ناونانەکە خۆی ڕاپەڕاندنی کارەکەیە. کردارەکانی ئەم جۆرە ڕستانە بە زۆری کۆمەڵەیەکی داخراون و سنوریان دیاری کراوە وەك (سوێند دەخۆم، بەڵێن دەدەم، ناودەنێم ...).

## ١١/٣-٧-١) تایبەتمەندییەکانی ئەرکی ڕاپەڕاندن:

١- (( بکەری کارەکە ئاسایی کەسی یەکەمی تاک وکۆیە))، (محمد معروف فتاح : ١٩٨٤: ٣٠).
٢- کرداری ئەم جۆرە ئەرکە دیاری کراون وەك ( بەڵێندان، ناونان، سوێندخواردن ...).
٣- کرداری ئەم جۆرەڕستەیە لە کاتی ڕانەبردوودایە ((زۆربەی ڕستەکان لەکاتی ڕانەبردوودان، ئەگەر کران بە ڕابردوو دەبن بە ڕستەی هەواڵدان))، (عەبدڵڵا حسێن ڕەسوڵ : ٢٠٠٦: ٦٠).
٤- قسەکەر کارەکە ڕادەپەڕێنێت.

## ١١/٣-٨ ) ئەرکی کۆمەڵایەتی:

ئەرکێکی ڕۆژانەیە و بەردەوام دووبارەدەبێتەوە، زیاتر بۆ خۆ بردنەپێش و جێخۆشکردن بەکاردێت. (( لە ڕوانگەی زانستی زمانی کۆمەڵایەتییەوە یا زارەکۆمەڵایەتییەکانەوە بە یەکێك لە ئەرکە سەرەکییەکانی زمان دادەنرێت))، (بەکرعومەرعەلی، شیرکۆ حەمەئەمین : ٢٠٠٧: ٤٦). ئەم ئەرکە زیاتر لە ناو ئەوکۆمەڵانە بەکاردێت کە کەسانی ئاسایی و ئاستی ڕۆشنبیریان زۆر بەرزنییە، بابەتی هەواڵ پرسینی ڕۆژانە کە زۆر دووبارە دەبێتەوە وەکو (چۆنی، چاکی، بەیانی باش، بەخێربچیت، سەرچاوم هاتیت ...) دەچنە ناو ئەرکی کۆمەڵایەتییەوە، هەواڵپرسین چۆنی چاکی ناچێتە خانەی ڕستەی پرسیاری، چونکە کەسی پرسیارکەر چاوەڕێی وەڵام ناکات، مەبەستی سەرەکی لەم جۆرە ڕستانەدا زیاتر(( نیشاندان و پتەوکردنی پەیوەندی نێوان خۆی و گوێگرە))، (عەبدڵڵا حسێن ڕەسوڵ : ٢٠٠٦: ٦٠). ئەرکی کۆمەڵایەتی زمان زیاتر و بەگەرم وگوڕی لە بۆنە ئایینی و کۆمەڵایەتیەکاندا دەردەکەوێت (( ئەرکی کۆمەڵایەتی زمان بۆپتەوکردنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە، بە تایبەتی لە بۆنەکۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا ڕۆڵی سەرەکی و گرنگی هەیە))، (ئارام عەبدولواحید حەمەڕەش : ٢٠١٣: ٩٩). ئەم ئەرکەی زمان کارگەریەکی زۆری لەسەر پتەوکردنی پەیوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەڵ هەیە .

## ۳/۱۱-۸-۱) تایبەتمەندییەکانی ئەرکی کۆمەڵایەتی:

۱- یەکێك لە تایبەتییەکانی ڕستە لە ئەرکی کۆمەڵایەتیدا ئەوەیە کردار هەموو کات دەرناکەوێت ((هەندێ جار لە ڕستەکاندا کار سواوە و لە ئاستی سەرەوەدا دەرناکەوێ، وەك لە ( بەیانیت باش!) لە بنەڕەتا (بەیانیت باش بێ!)، یان (تەندروستیتان؟!) لە بنجدا (تەندروستیتان چۆنە؟!) ))، (عەبدڵڵا حسێن رەسوڵ : ۲۰۰٦: ٦۱).

۲- زیاتر بۆ خۆبردنەپێش و جێخۆشکردنە بە کاردێت.

۳- لە ڕوانگەی زانستی زمانی کۆمەڵایەتیەوە، بە ئەرکێکی سەرەکی دادەنرێت، چونکە ڕۆژانە زۆر بەکاردێت.

٤- چۆنی چاکی و هەواڵپرسین هەر چەند لە شێوەی پرسە بەڵام ناچێتە چوارچێوەی ڕستەی پرسەوە.

٥- هۆکاری سەرەکی بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەیە .

## ۳/۱۱-۹) ئەرکی پاڕانەوە:

پاڕانەوە ئەرکێکی تری زمانە کە ڕۆژانە زۆر بەکاردێت وە دەشێ بە ئەرکی سەرەکی دابنرێت، چونکە ڕۆژانە چەندان جار دووبارە دەبێتەوە لەم ئەرکەدا بە شێوەیەکی گشتی (( پایەی قسەکەر نزمترە لە گوێگر))، (بەکرعومەرعەلی، شێرکۆ حەمەئەمین : ۲۰۰۷: ٤۹). لەم ئەرکەدا دەوروبەر و ئەو وشانەی کە لە ڕستەکەدا بۆ مەبەستی پاڕانەوە دێن ڕۆڵ و گرنگی خۆیان هەیە لە پیشاندانی ئەرکی پاڕانەوە.[۱].

وەك: تکایە یارمەتیم بدەن .

وەك: لێتان دەپاڕێمەوە هاوڕێکەم ڕزگار بکەن.

---

**(۱) جاوگی ( پاڕانەوە) کاتێک وەک کردار بەکاردێت ڕۆڵ و گرنگی خۆی هەیە لەناسینەوەی ئەم ئەرکەدا .**

**لێتان دەپارێینەوە با کوڕەکەیان ئازاد بکرێت .**

### ٣/١١-٩-١) تایبەتمەندییەکانی ئەرکی پاڕانەوە:

١- (( لـــــە ڕووی کـــۆمـــەڵایـــەتـــیـــەوە مـــــاوەی نـــێـــوان قـــســـەکـــەر و گـــوێـگـر دوورە لــە یــەکتــرەوە.))، (بەکرعومەرعەلی،شیرکۆحەمەئەمین : ٢٠٠٧: ٥.).

٢- لە کۆتایی ڕستەدا هێمای (.) دادەنرێت.

٣- هەندێك وشە هەیە ڕاستەوخۆ لەڕستەدا ئەرکی ئەم جۆرە ڕستەیە دەست نیشان دەکات، وەك ( تکایە، لێت دەپاڕێمەوە، ...)

٤- هەمیشە قسەکەر ڕێز لە گوێگر دەگرێت.

### ٣/١١-١٠) ئەرکی دوعاکردن (نزاکردن ):

بە ئەرکێکی هەمیشـــەیی دادەنرێت، بەردەوامی هەیە، ئەم ئەرکە لە دڵەوە دەکرێت، دووری لە نێوان قسەکەر و گوێگر زۆرە هەندێکجار مەزەندەناکرێت. هەمیشە کەسی دوعاکەر چاوەڕوانی وەڵامی دەم و دەست ناکات، تەنها نزای خۆی دەگەیەنێت، لە ئەرکی نزاکردندا (( لە دوعاکردندا قسەکەر زیاتر ڕووی دەمی دەکاتە هێزێکی لە خۆی گەورەتر))، (قیس کاکل توفیق: ١٩٩٥:٦٧ ). هەردەم کەســـی دوعــاکەر ڕووی دەمی لە هێزێکی لە خۆی گەورەترە، کە پەیوەنـدی بە ئـایین و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی تاکەکانەوە هەیە.

وەك: خوایە هاوار کار ئاسانیم بکە.

#### ٣/١١-١٠-١) جۆرەکانی ئەرکی دوعاکردن:

١- دوعاکردن بۆ مەبەستی باش: کەسی دوعاکەر ڕووی دەمی دەکاتە خوای گەورە هەرچ شتێك خۆی مەبەسـتیەتی دەپاڕێتەوە و داوای دەکات، هەندێکجاریش مرۆڤەکان لە کەسـانی ئاسـایی و شـتی بێگیان دەپاڕێنەوە ئەمەش پاشماوەی کلتورێکی نەزانی و نەفامییە .

وەك: خوایە بۆخاتری گەورەیی خۆت لێمان خۆش بیت.

وەك: خوایە مناڵەکان تەمەن درێژ بکەیت.

وەك: خوای گەورە بۆ خاتری ناوە جوانەکانت ڕاستگۆیان سەربخەیت.

٢- دوعاکردن بۆ مەبەستی خراپ (توککردن): ئەم جۆرە دوعاکردنە بە (توککردن) ناودەبرێت لێرەدا قسەکەر نزاکانی بۆ مەبەستێکی خراپ دەکات، کە لەوانەشە بەلای خودی قسەکەر لایەنی حەقیانەت و باشە بگەیەنێت.

وەك: خوای گەورە خێر و چاکە نەیەتە ڕێگەیان.

وەك: خوایە خێر لە خۆیان نەبینن .

وەك: خوایە بە دەستی من نەبن بە دڵی من بن.

هەندێکجاریش دوعاکردن پەیوەندی بە داب و نەریت و کەلچەرەوە هەیە، لە ژێر ناوی ئایینی پەردەپۆش دەکرێت، وەك ئەو دوعاکردنانەی کە کەسی قسەکەر ڕووی دەمی دەکاتە کەسی مردوو یان هاواری شێخ و سەید و... دەکات، یان دوعاکردن لە بەردەم شتێکی بێگیان ...هتد هەمووئەمانە پەیوەندیان بەداب و نەریتەوە هەیە، کە لە ئەنجامی نەفامی و نەزانیەوە سەریان هەڵداوە، هیچ پەیوەندیەکیان بە ڕاستەقینەی ئایینەکانەوە نییە.

## ٣/١١-١٠١-٢) تایبەتمەندییەکانی ئەرکی دوعاکردن:

١- (( پایەی کۆمەڵایەتی نێوان قسەکەر و گوێگر زۆر دوورە لە یەکەوە لە هەندێ حاڵەتدا هەر بەراورد ناکرێ))، (بەکرعومەرعەلی، شیرکۆ حەمەئەمین : ٢٠٠٧: .٥ ).

٢- کرداری سەرەکی ڕستە (داخوازی، دانانی )یە .

٣- دوعاکردنەکە هەندێکجار لە ناخەوەیە و خاڵیکردنەوەی دەروونی قسەکەرە.

٤- زۆربەی کات ناوی پەرستراو لە سەرەتایی ڕستە بەکاردێت کە دەمی دوعا لە ئەو کراوە.

## ۳/۱۱-۱۱) ئەرکی داوای لێبووردنکردن:

یەکێکی تر لە ئەرکەکـان داوای لێبووردن کردنە لە هەڵەیەك کە لە بەرامبەر کەســێك کراوە، قسەکەر داوای لێبووردن لە کەسی بەرامبەری دەکات و پۆزشی بۆدەهێنێتەوە. (( لەم جۆرەدا قسەکەر ئەو پــــــەڕی ڕێــــــز بەکاردێنێ، چونکە هەڵەیەکی کردووە، یان بـە هــەڵـە لــە شـتێك گەیشتووە ))، (سەلام ناوخۆش، نەریمان خۆشناو : ۲۰۱۰: ۱٤٦ ). هەر کات کردار ڕانەبردوو بوو، پێویستە وشەی (داوا) بەکاربێت. لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە کەسەکان (قسەکەر و گوێگر) دەکرێت لە هەر پلەیەکی کۆمەڵایەتی دابن.

وەك: ببوورە ڕۆژنامەکەتم ونکرد .

وەك: داوای لێبووردن دەکەم من هەڵە بووم.

## ۱/۱۱-۱۱-۱) تایبەتمەندییەکانی ئەرکی داوای لێبووردن کردن:

۱- لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە جیاوازی ئاستی قسەکەر و گوێگر نییە.

۲- هەمیشە قسەکەر داوای لێبووردن دەکات.

۳- داوای لێبووردن لە گوێگر دەکرێت .

٤- ئەم وشانە لەڕستەی لێبووردندا بەکاردێن (داوای لێبووردن، ببورە، ببەخشە، هەڵەبووم ،...)(۱)

٥- لەڕستەی لێبووردندا قسەکەر هەست بە هەڵەی خۆی دەکات.

---

**(۱) ئەم وشانە (ببورە، ببەخشە، داوای لێبووردن دەکەم ...) لە ئاستی ڕستەسازیدا هەموویان ڕستەیەکی تەواون.**

# ئـــەنـــجـــام

لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتین :

١- دیاریدەی فرەئەرکی لە زمانی کوردی دا، ڕۆڵێکی گرنگی و ســـەرەکی لە بەرەوپێش چوون و ئاسانکردنی زماندا هەیە.

٢- لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا بەشــەئاخاوتنەکان لە پێکهاتندا هاوبەشـــی یەکتر دەکەن، ئەرکی پێکهێنانی پێکهاتە ناسادەکان دەبینن.

٣- زۆربەی بەشــەئاخاوتنەکان لە بەکارهێنانیاندا فرەئەرکن، چەندین ئەرکی جیاواز دەبینن،وەك (بکەر بەرکار دیارخەر...) .

٤- لە ناو بەشەئاخاوتنەکاندا و لە ئێستای زمانی کوردیدا ناو، کردار زۆرچالاکن.

٥- لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا نمونەکان ئەوە دەردەخەن کە زمانی کوردی بەو ئاراستەیە کاردەکات، کە ئەرکێك زیاتر بسپێرێت بە مۆرفیمەکان بۆیە، زۆربەی مۆرفیمەکان ئەرکی ڕێزمانی و ئەرکی داڕشتن، گۆڕینی بەشـــەکانی ئاخاوتن دەبینن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت فرەئەرکی وا دەکات، بە کەرەســـتەیەك چەندین ئەرکی جیاواز لە ئاستە جیاوازەکانی زماندا دەرببڕین.

٦- لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا ژمارە نەیتوانیوە ڕۆڵێکی چالاك لە پێکهاتەی چاوگدا ببینێت.

٧- دیســـانەوە مۆرفیمەکان لە ناو ڕســـتەکانیشــدا ڕۆڵی بەســـتن و لێکدانی فرێز و ڕســـتەکان دەبینن، مۆرفیمەکانی مەرج و کات، بەســـتنەوە لەو بابەتەن ئەگەر چی مۆرفیمی دیاری کردنی واتای کات و مەرجن، لە هەمان کاتدا ئەرکی لێکدانی ڕستەکانیش دەبینن .

٨- فرەئەرکی لەزمانی کوردیدا زۆربەی ئاستەکانی زمان دەگرێتەوە لە هەر ئاستە و یاسای تایبەت بە خۆی هەیە کە ئەرکەکانی پێ دیاری دەکرێت.

٩- ڕســـتە شـــووێن کەوتووەکان دەتوانن ببنە دیارخەری بکەر، بەرکار،...هتد ، دیارخەرەکانیش لە ناوخۆیاندا دەتوانن ئەرکی دەرخستنی ئەرکە جیاوازەکانی ڕستە ببینن وەك بکەر، بەرکار...هتد

١٠- هیچ کات ناتوانین سـنوری ئەرکەکانی زمان دیاری بکەین، چونکە یەکێك لە تایبەتییەکانی زمان ئەوەیە، زمان بەردەوام لە گۆڕان و گەشـەسـەندن دایە، تاکو ئەم گەشـەسـەندنە بەردەوام بێت، ئەوا ئەرکەکانی زمانیش فرەتر دەبن.

١١- یاسای ئەرکەکان لە هەر ئاستێکدا بە پێی ئەو کەرەستەیەی کە لەو ئاستەدا ئەرکەکە دەبینێت دیاری دەکرێت.

# سەرچاوەکان

## ١- سەرچاوەکان بە زمانی کوردی

### أ- کتێب


١- ئارام عەبدولواحید حەمەڕەشید (٢٠١٣)، **ڕێزگرتن لە زمانی کوردیدا**، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.

٢- ئاڤێستا کەمال مەحمود (٢٠٠٩)، **پراگماتیکی ڕستەی پرسیار و فەرمان لە زمانی کوردیدا**، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی .

٣- ئەورەحمانی حاجی مارف (١٩٧٩)، **ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشەسازی)، بەشی یەکەم - ناو-**، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا.

٤- ئەورەحمانی حاجی مارف (١٩٨٢)، **گیروگرفتەکانی ڕێنووسی کوردی بە ئەلف و بێی عەرەبی**، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا.

٥- ئەورەحمانی حاجی مارف (A١٩٨٧)، **ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشەسازی)، بەشی دووەم - جێناو-**، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا.

٦- ئەورەحمانی حاجی مارف (B١٩٨٧)، **وشە ڕۆنان لە زمانی کوردیدا**، چاپی دووەم، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد.

٧- ئەورەحمانی حاجی مارف (١٩٩١)، **ڕێزمانی کوردی بەرگی یەکەم (وشەسازی)، بەشی سێیەم- ئاوەڵناو-**، کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا.

٨- ئەورەحمانی حاجی مارف (١٩٩٨)، **ڕێزمانی کوردی بەرگی یەکەم (وشەسازی)، بەشی چوارەم - ژمارە و ئاوەڵکردار-**، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا.

٩- ئەورەحمانی حاجی مارف (٢٠٠٠)، **ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشەسازی)، بەشی پێنجەم - کردار -**، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی .

١٠- ئومێد بەرزان برزۆ (٢٠١١)، **دروستەی فرێز و ڕستە لە زمانی کوردیدا**، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

١١- ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم (١٩٨٠)، **رستەی لێکدراوی شوێنکەوتووخواز لەگەڵ رستەی شوێنکەوتووی دیارخەری لە دیالێکتە ناوەندیەکانی زمانی کوردیدا**، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا.

١٢- بابارسول نوری رسول (٢٠١٢)، **پێکهاتەی ژمارە لە زمانی کوردیدا**، چاپخانەی حاجی هاشم هەولێر.

١٣- بازیان یونس محێددین (٢٠١٣)، **پەیوەندیی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی فۆنۆلۆژی و سینتاکس**، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.

١٤- بەکرعومەرعەلی، شێرکۆ حەمەئەمین (٢٠٠٧)، **زار و شێوەزار**، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی

١٥- بەکرعومەرعەلی (٢٠١٤)، **چەند لایەنێکی زمانەوانی**، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

١٦- بێستون حەسەن ئەحمەد (٢٠١٢)، **کۆمەڵە وشە و پێکەوەهاتن لەزمانی کوردیدا**، چاپخانەی لەریا، سلێمانی .

١٧- تاڵیب حوسێن عەلی (٢٠١١)، **چەند بابەتێکی لێکدانەوەی واتای وشە**، چاپی یەکەم ،چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

١٨- جەمال عەبدول (٢٠٠٨)، **بەرکولێکی زاراوەسازی کوردی**، چاپی دووەم، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی خانی، دهۆك.

١٩- حاتەم ولیا محەمەد (٢٠٠٩)، **پەیوەندییە رۆنانییەکانی نواندنە سینتاکسییەکان**، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی، دهۆك.

٢٠- خەسرەو ئەحمەد خۆشناو (٢٠٠٨)، **بەرکار لە زمانی کوردیدا**، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.

٢١- دەروون عەبدالرحمنساڵح (٢٠١٢)، **ئیکۆنۆمی لە ئاستەکانی زمانی کوردیدا**، ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٢٢- ڕەفیق محەمەد شوانی (٢٠٠٨)، **ئەو وشانەی لە چاوگەوە وەردەگیرێن**، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك.

٢٣- / ڕەفیق محەمەد دشوانی (A٢٠١١)، **وشەسازی زمانی کوردی**، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.

٢٤- / ڕەفیق محەمەد شـــوانی (B٢٠١١)، **چەند بابەتێکی زمان و ڕێزمانی کوردی**، چاپی یەکەم ،چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.

٢٥- ڕۆژان نوری عبداللە (٢٠٠٧)، **فەرهەنگی زمان و زاراوەســـازی کوردی**، چاپی یەکەم، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی.

٢٦- ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی (٢٠١٠)، **ڕێزمانی بەندێتی و هەندێ لایەنی ڕستەی کوردی**،

چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.

٢٧- ســاجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی (٢٠١٣)، **چاند لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی**، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٢٨- سـەباح رەشـید قادر (٢٠٠٩)، هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسـەڵات و بەسـتنەوەی (GB) لە زمانی کوردیدا، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٢٩- سـەلام ناوخۆش، نەریمان خۆشناو **(٢٠١٠)**، **زمانەوانی بەرگەکانی (چوارەم، پێنجەم، شەشەم، حەوتەم**، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.

٣٠- شەهاب شێخ تەیب تاهیر (٢٠١٢)، **بنەماو پێکهاتەکانی زاراوە لە زمانی کوردیدا**، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.

٣١- شێرکۆ بابان (٢٠٠١)،**ڕێزمانی دووپاتی (ەوە)**، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر.

٣٢- شێرکۆ بابان (٢٠١٢)، **سێ میکانیزمی ڕێزمانی**، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی هەولێر.

٣٣- شـیلان عومەر حسـێن (٢٠٠٩)، **ئیدیۆم چەشــن و پێکهاتنی لە زمانی کوردیدا**، کوردۆلۆجی سلێمانی.

٣٤- شــيلان عومەر حســێن (٢٠١٢)، **<u>پەیوەندی ســینتاکســی و ســیمانتیکی لە ڕێزمانی کوردیدا</u>**، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی .

٣٥- عەبدوڵڵا حسێن ڕەسوڵ (٢٠٠٦)، **<u>پوختەیەکی وردی ڕستەسازی کوردی</u>**، چاپی دووەم، هەولێر.

٣٦- / عەبدولواحید موشـیر دزەیی (٢٠١٠)، **<u>واتاســازی وشــە و ڕســتە</u>**، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٣٧- / عەبدولواحید موشیر دزەیی (A٢٠١١)، **<u>زارەکوردییەکان</u>**، چاپی یەکەم، چاپخانەی پاك، هەولێر.

٣٨- عەبدولواحید موشــیر دزەیی (B٢٠١١)، **<u>لێکســیکۆلۆجی</u>**، چاپی یەکەم، چاپخانەی ماردین، هەولێر.

٣٩- عەبدولواحید موشـیر دزەیی (٢٠١٢)، **<u>وشــەســازی زمانی کوردی</u>**، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ئاوێر، هەولێر.

٤٠- عەبدولواحید موشـیر دزەیی (٢٠١٣)، **<u>ڕســتەســازی ڕۆنانکاری و گوێزانەوە</u>**، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

٤١- أ/ عەبدولوەهاب شــێخانی (A٢٠٠٩)، **<u>فەرهەنگی شــێخانی (کوردی- کوردی)</u>**، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی، دهۆك.

٤٢- ب/ عەبدولوەهاب شــێخانی (B٢٠٠٩)، **<u>فەرهەنگی ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا</u>**، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی، دهۆك.

٤٣- عەبدولوەهاب شـێخانی (٢٠١٣)، **<u>فەرهەنگی دەنگ</u>**، چاپی یەکەم، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.

٤٤- عەلی روخزادی (١٣٨٩)، **<u>ڕێزمانی کوردی سـۆرانی</u>**، چاپی یەکەم، بڵاوکردنەوەی کوردسـتان، سنە.

٤٥- غازی عەلی خورشید (٢٠١٣)، **<u>ڕێزمانا فەرمی</u>**، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٤٦- غازی عەلی خورشـــید (٢٠١١)، **زمانی فەرمی بۆ کوردســـتان**، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٤٧- فەرەیدون عەبدول محەمەد (٢٠٠٨)، **نادیاری**، چاپخانەی ڕۆمان، سلێمانی.

٤٨- فەرهاد شاکەلی (٢٠١١)، **زمانی کوردی لە ئاستانەی سەردەمێکی تازەدا**، چاپی دووەم چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

٤٩- کاروان عومەر قادر (٢٠٠٨)، **رســـتەی باســـمەند لە زمانی کوردیدا**، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشك، سلێمانی .

٥٠- کاروان عومەر قادر (٢٠١٢)، فۆرمی لۆژیکی لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی بینایی، سلێمانی .

٥١- کەمال جەلال غەریب (٢٠١٢)، **پرۆژەی زاراوەی زانســـتی کوردی**، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

٥٢- کوردستان موکریانی (١٩٨٦)، **سینتاکسی رستەی سادە لە زمانی کوردیدا**، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغداد.

٥٣- گۆران کوردی (٢٠١٣)، **کلتور و زمان**، چاپی یەکەم، چاپخانەی گرافیك، سلێمانی.

٥٤- لیژنەی (زمان و زانســـتەکان ) (٢٠١١)، **ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی**، کۆڕی زانیاری کورد، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

٥٥- لویس جان کالفی ، (٢٠١٢)، **شـــەری زمان و ســـیاســـەتی زمانەوان**،(و) بەهادین جەلال، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی، دهۆك.

٥٦- محەمەد رەزا باتنی ، (٢٠١١)، **چەند بابەتێکی زمانەوانی نوێ**، (و) هێرش کەریم، چاپی یەکەم، چاپخانەی کەنج، سلێمانی .

٥٧- محمد معروف فتاح (١٩٨٤)، **زمانەوانی**، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٥٨- محمد معروف فتاح (٢٠١٠)، **<u>لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان</u>**، کۆکردنەوەی شێروان حسێن خۆشناو، شـــێروان میرزا قـادر، چـاپی یەکەم، دەزگـای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریـانی، چـاپخـانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٥٩- محمد معروف فتاح، سەباح رەشید قادر (٢٠٠٦)، **<u>چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجیی کوردی</u>**، دەزگای بڵاوکەرەوە بەشی ڕووناکبیری، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی.

٦٠- محەمەد محەمەد یونس عەلی، (٢٠١٠)، **<u>دەروازەیەك بۆ زمـانەوانی</u>**، (و) نەریمـان عەبـدوڵڵا خۆشناو، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٦١- مەسـعود محەمەد (١٩٨٨)، **<u>زاراوەسـازیی پێوانە</u>**، بەغدا، بڵاوکردنەوەی لە ئینتەرنێتدا، (٢٠٠٤) ستۆکهۆڵم.

٦٢- مەسـعود محەمەد (٢٠١١)، **<u>هەندێ بابەتی زمان و ڕێنووسـی کوردی</u>**، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

٦٣- نەریمـان عەبدوڵڵا خۆشـــناو (٢٠١٠)، **<u>ڕێزمـانی کوردی بەشـــەکانی ئـاخـاوتن</u>**، چاپی دووەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.

٦٤- نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو (٢٠١٢)، **<u>ڕستەسازی</u>**، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٦٥- نەسرین فەخری، کوردستان موکریانی (١٩٨٢)، **<u>ڕێزمانی کوردی</u>**، زانکۆی سەلاحەدین ،هەولێر.

٦٦- نوری عەلی ئەمین (١٩٥٨)، **<u>گرتنی کەلێنێکی تر لە ڕێزمانی کوردی</u>**، بەغدا .

٦٧- نوری عەلی ئەمین (٢٠١٢)، **<u>ڕێزمانی کوردی</u>**، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٦٨- هەژار موکریانی (١٣٦٨)، **<u>هەنبانە بۆرینە فرهنگ کردی- فارسـی (ئ، تا ، س)</u>**، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی سروش، تهران .

٦٩- هەژار موکریانی (١٣٦٩)، **<u>هەنبانە بۆرینە فرهنگ کردی- فارسـی (ش ،تا، ی )</u>**، چاپی یەکەم بڵاوکراوەی سروش، تهران .

٧٠- وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٩)، **<u>ئاسـۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم</u>**، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

٧١- وریا عومەر ئەمین (٢٠١١)، **<u>پیتۆکەکانی زمانەوانی</u>**، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

٧٢- یوسف شەریف سەعید (٢٠٠٩)، **<u>دۆخەکانی ژێرەوە لای فیلمۆر و هەندێ لایەنی رستەسازی کوردی</u>**، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٧٣- یوسف شەریف سەعید (٢٠١١)، **<u>زمانەوانی</u>**، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

## <u>ب- نامەی ئەکادیمی</u>

٧٤- ئاواز حەمە صدیق بەگیخانی (١٩٩٦)، **<u>ریزبوونی کەرەستە لە زمانی کوردیدا</u>**، نامەی ماجستێر، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٧٥- ئەبوبەکر عومەر قادر (٢٠٠٣) **<u>بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکسی لە زمانی کوردی و فارسی دا</u>**، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٧٦- بەهزاد موحسین ڕەئوف (٢٠٠٨)، **<u>تێنس لە نێوان زاری ناوەراستی زمانی کوردی و زمانی فارسی ستاندارد دا</u>**، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٧٧- چیا عەلی مستەفا (٢٠٠٨)، **<u>رادە و ئەرکی سینتاکسی و سیمانتیکی لەزمانی کوردیدا</u>**، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان، زانکۆی کۆیە.

٧٨- شێرزاد سعید صدیق (٢٠٠٨)، **<u>رستەی زمانی کوردی بە پێی تیۆری (کاتیگۆری و پێوانە)ی هاڵیدەی</u>**، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٧٩- صەلاح حویز رسول (٢٠٠٦)، **<u>رستەسازی و واتاسازیی (بوون)</u>**، نامەی ماستەر، کۆلیژی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.

٨٠- طالب حسین علی (١٩٩٨)، **<u>هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان رستە و واتا لە کوردیدا</u>**، نامەی دکتۆرا کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٨١- عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠٠٥)، **دروستەی فرێز لە زمانی کوردیدا**، نامەی ماجستێر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٨٢ عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠٠٩)، **دروستەی رستەی ئاڵۆز لە زمانی کوردییدا**، نامەی دکتورا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٨٣- عومەر ئەحمەد عەبدولڕەحمان (٢٠٠٩)، **فرێزی بەند لە زمانی کوردیدا**، نامەی ماجستێر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٨٤- عومەر مەحموود کەریم (٢٠٠٤)، **کاری تێپەر و تێنەپەر لە زمانی کوردیدا**، نامەی ماجستێر کۆلێژی پەروەردە (ئیبن ڕوشد)، زانکۆی بەغدا.

٨٥- قیس کاکل توفیق (١٩٩٥)، **جۆرەکانی رستە و تیۆری کردە قسەییەکان**، نامەی ماجستێر، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٨٦- مصطفی محمد زەنگەنە (١٩٨٩)، کار و ئەرکی لە سینتاکسدا، نامەی ماجستێر، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٨٧- نەرمین عومەر ئەحمەد (٢٠١٠)، **بە بەرهەمی لە مۆرفۆلۆژیی کوردیدا**، نامەی ماجستێر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٨٨- یارا قادر حمد (٢٠٠٨)، **مۆرفۆسینتاکس لە زاری کۆیە**، نامەی ماجستێر، کۆلێجی زمان، زانکۆی کۆیە.

## ت - گۆڤار

٨٩- ئومێد بەرزان برزۆ (٢٠١٠)، **مۆرفیمی /- ە/ لە رێزمانی کوردیدا**، گۆڤاری زمانناسی، ژمارە (١٠)، هەولێر.

٩٠- بەکرعمر علی، هیدایت عبدالله محمد (٢٠٠٩)، **فرەئەرکی مۆرفیمە بەندەکان**، مجلة الأستاذ، كلية التربية، ابن رشد ، جامعة بغداد، العدد(٩٣) بغداد.

٩١- سـەباح موسـا (٢٠١٠)، **رۆڵی ژمارە لە پێکهاتەی وشـەی کوردیدا ناو بە وێنە**، گۆڤاری زمانناسی، ژمارە (٨)، هەولێر.

٩٢- شەهاب شێخ تەیب (٢٠١٢)، **لە وێستگەکانی وشەسازی کوردیی**، گۆڤاری زمانناسی، ژمارە (١٤)، هەولێر.

٩٣- شێرکۆ بابان (٢٠٠٩)، **ئامرازی پەیوەندی (ە) وەك پاشگر لە رێزمانی کاری ناسادەدا**، گۆڤاری زمانناسی، ژمارە (١)، هەولێر.

٩٤- شێرکۆ بابان (٢٠١٠)، **رێزمانی ئامرازی (ە) لەبەر زوومی پرسیاردا**، گۆڤاری زمانناسی، ژمارە (٦)، هەولێر.

٩٥- عبدالرحمان حاجی معروف (١٩٩٠)، **ئاوەڵکردار لە رووی واتاوە**، گۆڤاری ڕۆشـنبیری نوێ، ژمارە (١٢٥) بغداد.

٩٦- کوردستان موکریانی (١٩٩٠)، **رستەی شوێن کەوتووی مەرج**، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٢٥) بغداد.

٩٧- محمد معروف فتاح (١٩٩٠)، **هەندێ تێبینی دەربارەی ئاوەڵناو لە کوردیدا**، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٢٥) بغداد.

٩٨- نەسرین فەخری (١٩٧٥)، **پاشگری (اندن) لە زمانی کوردیدا**، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی سێ یەم، بەشی یەکەم، بەغدا.

٩٨- وریا عومەر ئەمین (٢٠١٣)، **بکەرنادیاری مۆرفۆسینتاکسی**، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی ، ژمارە (٢٦) ،هەولێر.

**ج- وانەی زانکۆ (خوێندنی باڵا، ماستەر)**

٩٩- بەکر عومەرعەلی (٢٠١٢-١٠١٣)، **مۆرفۆلۆژی**، خوێندنی باڵا، ماستەر، کۆیە.

١٠٠- بەکر عومەرعەلی (٢٠١٢-١٠١٣)، **زاراوەسازی**، خوێندنی باڵا، ماستەر، کۆیە.

١٠١- بەکر عومەرعەلی (٢٠١٢-١٠١٣)، **زمانەوانی کارەکی**، خوێندنی باڵا، ماستەر، کۆیە.

١٠٢- وریا عومەر ئەمین (٢٠١٢-١٠١٣)، **رستەسازی**، خوێندنی باڵا، ماستەر، کۆیە.

**٢- سەرچاوەکان بە زمانی فارسیی**

١٠٣- احمد ابومحبوب (١٣٨٣)، **ساختار زبان فارسی**، چاپ سوم، نشرمیترا، تهران.

١٠٤- محمد رضا باطنی (١٣٦٤)، **توصیف ساختمان دستوری زبان فارسی**، چاپ سوم، مؤسسە انتشارات امیر کبیر، تهران.

**٣- سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی**

١٠٥- أحمد المتوكل (١٩٨٧)، **اللسانيات الوظيفية**، الطبعة الثانية، دار الكتاب الجديد، بيروت، لبنان..

١٠٦- عبدالقادرعبدالجليل (٢٠٠٢)، **علم اللسانيات الحديث** ، دار الصفاء للنشروالتوزيع ،عمان.

١٠٧- محمد على الخولى (١٩٨٢)، **معجم علم اللغة، انكليزى – عربى**، مكتبة لبنان، بيروت.

١٠٨- يحيى أحمد (١٩٨٩)، **الاتجاه الوضيفى و دوره فى تحليل اللغة**، مجلةعالم الفكر، العدد الثالث.

## ٤- سەرچاوەکان بەزمانی ئینگلیزی


109- Amin,w.o(1979) **Aspects of the verbal construction in Kurdish** .M.phil, Thesis presented to the university of london .

110- Crystal, D. (2003) **A dictionary of linguistic and phonetics** ,Blackwell publishing .

111-Katamba,F.& Stonman,J(2006) , **Morphology**, Second Edition, Palgrave Macmillan.

112- STEKAUER, P(2005) , **Handbook of Word Formation** , Published by Springer.

113- Bloomfield,D.(1993) , **Languages**, HENRYHOLT.NewYork.

## ملخص البحث

**هـــــــــذا البـــحـــث عـنـوانـــه (الـتـعـــــدد الـــــوظـيـفـــي فـــى الـلـــغـة الـكـرديـة) بـــاسـتـطـاعــة اللغة إغـنـاء التعابـيـر وتوسيع آفاقها اللغوي بطرق عـديدة، منها أساليب وأقسام الكلام (Category) وعن طريق المورفيمـات التي تلعب أكثر من دور من الأدوار الملقـاة على عـاتقهـا.**
**وهذا البحث يتكون من ثلاثة فصول.**
**الـــفـصـل الأول: التعدد الوظيفي لأجزاء ومكونات المحادثة في توكينها واستخداماتها و خصوصياتها و قوانينها وكل هذا ذكر بصورة عامة .**
**الـفـصـــل الـــثـــانـــي: التعدد الوظيفي للمورفيمات(Boundmorpheme)، وهوعرض الوظائف المختلفة لمورفيم الكلمات المركبـة والكلمات المتغيرة مع خصوصياتها.**
**الـفـصل الـثـالـث: التعدد الوظيفي للجمل (Sentence) والعقد وأنواع العقد و وظيفتها فى الجملة، والأقســام الرئيســة وغير الرئيســة (الفروع) للجملة، وأنواع الجملة من حيث تركيبها وفى الختام ذكر أهم النتائج وقائمة المصادر وملخص البحپ بلغتي الكردية والعربية والإنكلزية .**

جمهورية العراق الفدرالى
حكومة أقليم كردستان
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
جامعة - كۆيه

# الـتـعــدد الـوظـيـفـي فــــى الـلـغـة الـكـرديـة

رسالة مقدمة الى مجلس فاكلتى التربيه فى جامعة كۆيه، كجزء من متطلبات نيل شهادة الماجستير في اللغة الكرديه.

من قبل
شنۆ عەوڵا حەمەدئەمین

حصل على شهادة البكالوريوس في (اللغةالكردية)
سنة(٢٠٠٥) في كليةالتربيه/ كۆيه- جامعة السليمانية

بأشراف: أ.د. بكرعمرعلى

٢٧١٤ كردية ٢٠١٤ ميلادى

# *Abstract*

**This research deals with "Multi functions in kurddish language" In this respect,language can enrich experience and lexical terms in many different ways. One of those ways is thrugh the use of parts of speech or via prepositions that have more than one function in language.**

**This research consists of three main chapters:**

**Chapter One: This chapter in cludes the multi functions of parts of speech,in terms of parts of speech,in terms of the formation,and their usage in general and also their features are discussed.**

**Chapter Two: The multi functions of band morphemes in this section the importance of linked morphmes, derivation morpheme and inflectional morpheme and their features are explained.**

**Chapter Three: This capter focuses on the multi functions of the phrases and sentences, here the types of phrases and their functions in the sentences in terms of their main functions as dependent and independent phrases like wise, the sentences formation and their mian functions are illustrated .**

**The thesis ends with the conclusions,and alist of references and abstract in kurdish and Arabic language.**

deral Republic of Iraq
Kurdistan Regional Government
Ministry of HigherEducatioandScientificResear
Koya University

# *Mullti functions in Kurdish language*

A Thesis submitted to the council of the Feculty of education-Koya University in partial fulfillment of the requirements for the degree of master in Kurish Language.

**By**
**Shno Aulla Hamdamin**

In(2005), He was awarded B.A. in Kurdish Language
In College of Education /Koya- University Sulaimani

Supervised: Prof. Dr. Bekr Aumar

**2014(AD)** **2714(K)**